# زمانەوانیی کارەکی

## بەرگی چوارەم

نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو

* ناوی کتێب: زمانەوانیی کارەکی

* نووسینی: نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو

* تایپێست: کۆچەر ئەنوەر نایف

* دیزاینی بەرگ: ئیبراهیم ساڵح

* دیزاینی ناوەوە: نووسەر

* بەرگ: چوارەم

* نۆرەی چاپ: یەکەم ٢٠٢٣

* شوێنی چاپ: چاپخانەی هێڤی/ هەولێر

* تیراژ: ١٠٠٠ دانە

* نرخ: (٦٠٠٠) دینار

* لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی( )ی ساڵی ٢٠٢٣ی پێدراوە.

مافی لە چاپدانەوەی بۆ نووسەر پارێزراوە

لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

ژمارەی بڵاوکراوە( ٧٥٤)

## ناوەرۆک

**سیاسەتی زمان**........................................................................۱۲
پێشەکی.................................................................................۱۳
١ـ چەمک و پێناسەی سیاسەت و زمان............................................۱۷
١ــ١: چەمک و پێناسەی سیاسەت............................................۱۷
١ــ٢: چەمک و پێناسەی زمان...................................................۲٦
٢ـ سیاسەتی زمان لە بواری زاراوەی کۆزمانەوانیدا...........................۳۰
٢ـ١: چەمک و پێناسەی سیاسەتی زمان...........................................۳۰
٢ـ٢: سەرهەڵدانی زاراوەی سیاسەتی زمان.....................................۳۳
٢ـ٣: پەیوەندی سیاسەتی زمان بە کۆزمانەوانی.................................۳٤
٣ـ ڕێکارەکانی دارشتنی سیاسەتی زمانی........................................۳۹
ئەنجام...................................................................................٥۱
سەرچاوەکان..........................................................................٥۲
**دارِشتن**
**چەمک و جۆر و هەنگاوەکانی وتنەوەی**.............................................٥۷
پێشەکی.................................................................................٥۸
١ـ چەمک و پێناسەی دارِشتن..........................................................٦۲
١ـ١ : چەمکی دارِشتن...................................................................٦۲
١ـ٢:پێناسەی دارِشتن...................................................................٦۳
٢ـ جۆرەکانی دارِشتن...................................................................٦٥
٢ـ١: جۆرەکانی دارِشتن لەڕووی تواناوە ..............................................٦٥
١ـ دارِشتنی زارەکی.....................................................................٦٥
٢ـ دارِشتنی نووسراو....................................................................٦٦

٢.٢:جۆرەکانی دارشتن لەرووی بەکارهێنانەوە.......................٦٧
١ـ دارشتنی ئەرکی.............................................٦٧
٢ـ دارشتنی داهێنەرانە...........................................٦٧
٣ـ کارامەیی و گرنگی دارشتن....................................٦٩
١.٣: کارامەییەکانی دارشتن......................................٦٩
٢.٣: گرنگی دارشتن...............................................٧٠
٤ـ وتنەوە و ئامانج و بنەماکانی دارشتن.............................٧١
١.٤: هەنگاوەکانی وتنەوەی دارشتن..................................٧١
أـ هەنگاوەکانی وتنەوەی دارشتنی زارەکی............................٧١
١ـ پێشەکی یان بەرایی............................................٧١
٢ـ پێشکەشکردنی بابەتەکە........................................٧٢
٣ـ ئاخاوتنی قوتابی...............................................٧٢
ب ـ هەنگاوەکانی وتنەوەی دارشتنی نووسراو.........................٧٣
١ـ پێشەکی.......................................................٧٣
٢ـ گفتوگۆ.......................................................٧٣
٣ـ هەڵسەنگاندن..................................................٧٤
٢.٤: ئامانجەکانی فێربوونی دارشتن.................................٧٤
٣.٤: بنەماکانی دارشتن...........................................٧٥
١ـ بنەما دەروونییەکانی دارشتن...................................٧٦
ب ـ بنەما پەروەردەییەکانی دارشتن................................٧٧
ج ـ بنەما زمانەوانییەکانی دارشتن..................................٧٧
٤ـ٤: هۆکارەکانی لاوازی قوتابییان لە دارشتن.........................٧٨
ئەنجام..........................................................٨١
سەرچاوەکان.....................................................٨٢

**توندوتیژی زمانیی له زمانی کوردیدا.........................٨٤**
پێشەکی..................................................٨٦
١ـ توندوتیژی و توندوتیژیی زمانیی............................٨٩
١ـ١: زمانەوانی و دەروونناسی..................................٨٩
١ـ٢: چەمکی توندوتیژی و توندوتیژیی زمانیی.....................٩١
١ـ٣: ڕەوشتەکانی توندوتیژی زمانی لە زمانی کوردیدا...............٩٦
٢ـ شوێنەواری دەرونی و جەستەیی توندوتیژی زمانی
لەسەر تاک و کۆمەڵگە.......................................١٠٦
٣ـ شێوە و هۆکارەکانی توندوتیژی زمانیی........................١٠٩
٣ـ١: شێوەکانی توندوتیژی زمانیی.................................١٠٩
٣ـ٢: هۆکارەکانی توندوتیژی زمانی.................................١١٢
٣ـ٢ـ١: هۆکارە ئەلکترۆنییەکان.....................................١١٣
٣ـ٢ـ٢: هۆکارە دەرونییەکان........................................١١٤
٣ـ٢ـ٣:هۆکارە ڕامیارییەکان.........................................١١٤
٣ـ٢ـ ٤: هۆکارە ئاینییەکان........................................١١٦
٣ـ٢ـ ٥: هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان...................................١١٧
ئەنجام....................................................١٢٠
سەرچاوەکان................................................١٢١
**جۆرەکانی فەرهەنگ لە زمانی کوردیدا.......................١٢٨**
پێشەکی...................................................١٣٠
١ـ فەرهەنگ................................................١٣٢
١ـ١:چەمک و پێناسەی فەرهەنگسازی..............................١٣٢
١ـ٢:چەمکی فەرهەنگ............................................١٣٣
١ـ٣:پێناسەی فەرهەنگ...........................................١٣٤

٤.١:سوودەکانی فەرهەنگ........................١٣٦
٥.١: بنچینەی ڕیزبوونی پیتەکانی فەرهەنگ.................١٣٧
٢. جۆرەکانی فەرهەنگ............................١٣٩
١.٢: جۆرەکانی فەرهەنگ لە ڕووی ڕوخسارەوە..................١٣٩
١. فەرهەنگی نەتەوەیی............................١٣٩
٢. فەرهەنگی نەتەوەیی و زمانانی بێگانە....................١٤٠
٣. فەرهەنگی زمانانی بێگانە و زمانی نەتەوەیی..................١٤١
٢.٢: جۆرەکانی فەرهەنگ لەڕووی ناوەرۆکەوە..................١٤٣
١. فەرهەنگی ئینسکلۆپیدیا..........................١٤٣
٢. فەرهەنگی ئیتمۆلۆژیا............................١٤٤
٣. فەرهەنگی پسپۆڕیی.............................١٤٦
٤. فەرهەنگی فیلۆلۆژیی............................١٤٧
٥. فەرهەنگی وێنەیی.............................١٤٨
٣.٢: جۆرەکانی فەرهەنگ لە ڕووی قەبارەوە..................١٤٩
١. فەرهەنگی تەسەل.............................١٤٩
٢. فەرهەنگی سەرمێز.............................١٤٩
٣. فەرهەنگی گیرفانی.............................١٥٠
٤.٢: جۆرەکانی فەرهەنگ لە ڕووی شێوازەوە..................١٥٠
١. فەرهەنگی وشەیی.............................١٥٠
٢. فەرهەنگی ڕستەیی.............................١٥٠
٣. فەرهەنگی چەمک و ناساندن........................١٥١
٤. فەرهەنگی وێنەیی.............................١٥١
٥.٢: جۆرەکانی فەرهەنگ لە ڕووی ژمارەی زمانەکان.............١٥١
١. فەرهەنگی یەک زمانی...........................١٥١

٢. فەرهەنگی جوتزمانی.................................١٥٢
٣. فەرهەنگی فرەزمانی.................................١٥٢
٦.٢: جۆرەکانی فەرهەنگ لە ڕووی چییەتییەوە..............١٥٣
١. فەرهەنگی ئاوەزی...................................١٥٣
٢. فەرهەنگی دانراو....................................١٥٣
٧.٢: جۆرەکانی فەرهەنگ لە ڕووی بابەتییەوە...............١٥٣
١. فەرهەنگی گشتی.....................................١٥٣
٢. فەرهەنگی تایبەتی...................................١٥٣
ئەنجام..................................................١٥٥
سەرچاوەکان.............................................١٥٦
**لادان لە بنەمای هاریکاری**
**"کتێبی ڕشتەی مرواری بە نموونە.......................١٥٨**
پێشەکی.................................................١٥٩
١. بنەمای هاریکاری....................................١٦٢
١.١: بنەمای چەندێتی....................................١٦٦
٢.١: بنەمای چۆنیەتی....................................١٦٦
٣.١: بنەمای پەیوەندی/ گونجان...........................١٦٧
٤.١: بنەمای شێواز.......................................١٦٩
٢. لادان لە بنەمای هاریکاری............................١٧٠
١.٢: لادان لە بنەمای چەندێتی............................١٧٢
٢.٢: لادان لە بنەمای چۆنیەتی............................١٧٣
٣.٢: لادان لە بنەمای پەیوەندی...........................١٧٦
٤.٢: لادان لە بنەمای شێواز..............................١٧٧
٣. لادان لە بنەمای هاریکاری(کتێبی ڕشتەی مرواری بە نموونە).....١٧٨

١.٣: لادان له بنەمای چەندێتی له(کتێبی ڕشتەی مرواری)............١٧٩
٣.٣٣: لادان له بنەمای پەیوەندی له(کتێبی ڕشتەی مرواری)..........١٨٢
٢.٣: لادان له بنەمای چۆنیەتی له (کتێبی ڕشتەی مرواری)............١٨٧
٤.٣: لادان له بنەمای شێواز له(کتێبی ڕشتەی مرواری)................١٩٠
ئەنجام........................................................................١٩٥
سەرچاوەکان.................................................................١٩٦
**زمانەوانیی دادوەریی له هەرێمی کوردستاندا**
**(بەشێک له گوتراو و نووسراوەکان به نموونه)........................١٩٩**
پێشەکی......................................................................٢٠٠
بەشی یەکەم.................................................................٢٠٤
١.١: چەمک و پێناسەی زمانەوانیی کارەکی..................................٢٠٤
**٢.١:** چەمک و پێناسەی زمانەوانیی دادوەری...............................٢٠٦
٣.١: مێژوو و گۆڕانکاری زمانەوانیی تاوانکاری...............................٢٠٨
بەشی دووەم.................................................................٢١٢
١.٢: زمانی یاسایی..............................................................٢١٢
٢.٢: گرنگی زمانی یاسایی......................................................٢١٣
٣.٢: بەشەکانی زمانەوانی یاسایی...............................................٢١٤
١ـ زمانی فقهی.................................................................. ٢١٤
٢ـ زمانی دادوەری............................................................... ٢١٤
٣ـ زمانی یاسادانان...............................................................٢١٥
٤.٢: جۆرەکانی زمان له زمانەوانی دادوەریدا..................................٢١٦
١ـ زمانی نوسراو..................................................................٢١٦
٢ـ زمانی قسەکردن و گفتوگۆ................................................... ٢١٦
٥.٢: زمان و کاری دادوەر.........................................................٢١٨

١ـ شیكردنەوەی دەقی یاسایی........................................٢١٨
٢ـ دارشتنی دەقی یاسایی............................................٢١٩
٦.٢: بوارەكانی زمانەوانیی دادەوەری...................................٢١٩
١ ـ ساغكردنەوەی ناسنامەی قسەكەر ...................................٢١٩
٢ ـ ساغكردنەوەی ناسنامەی دانەر.....................................٢٢٠
٣ـ شیكردنەوەی گوتار................................................٢٢٠
٤ـ شیكردنەوەی(زمانی دایک)ی قسەكەر..................................٢٢١
٧.٢:گرافۆلۆجی و زمانەوانیی دادوەری...................................٢٢١
٨.٢: خەت و بەڵگە زمانییەكان...........................................٢٢٢
٩.٢: رێنوس و بەڵگە زمانییەكان.........................................٢٢٣
٢ـ١٠: قۆناغەكانی نووسینی سكالاكردن....................................٢٢٤
١١.٢: بوارەكانی زمانەوانیی دادوەری لە هەرێمی كوردستاندا.........٢٢٥
١٢.٢: راپرسی..........................................................٢٢٩
ئەنجام...............................................................٢٣٢
سەرچاوەكان..........................................................٢٣٣
پاشكۆ................................................................٢٣٦
**زمانەوانیی بەراوردی و زمانەوانیی بەرانبەری......................٢٤٥**
زمانەوانیی بەراوردی..................................................٢٤٦
زمانەوانیی بەرانبەری.................................................٢٤٦
رێبازی بەرانبەریی....................................................٢٤٧
پێناسە و مێژووی سەرهەڵدانی.........................................٢٤٧
جیاوازی نێوان رێبازی بەرانبەریی و رێبازی بەراوردی...................٢٤٩
رێباز و ئاراستەكانی زمانەوانی بەرانبەریی...............................٢٥١
گرنگی رێبازی بەرانبەریی..............................................٢٥٢

سەرچاوەکان........................................................٢٥٦
**وەرگێڕان........................................................٢٥٧**
پێناسەی وەرگێڕان........................................................٢٥٨
ڕێگەکانی وەرگێڕان........................................................٢٦٢
١ـ وەرگێڕانی وشەیی(حەرفی ـ پیتی)........................................................٢٦٢
٢ـ وەرگێڕانی واتایی........................................................٢٦٣
٣ـ وەرگێڕانی لاساییکردنەوە و گواستنەوە........................................................٢٦٣
٤ـ وەرگێڕانی لێکدانەوەیی یان شرۆڤەیی........................................................٢٦٤
٥ـ وەرگێڕانی کورت یان پوخت........................................................٢٦٤
گرنگی و سوودەکانی وەرگێڕان........................................................٢٦٤
گرفت و ئاستەنگەکانی پرۆسەی وەرگێڕان........................................................٢٦٧
١ـ ئەو گرفتانەی پەیوەستن بە ڕێزمانەوە........................................................٢٦٧
٢ـ ئەو گرفتانەی پەیوەستن بە وشە و واژەکانەوە........................................................٢٦٨
٣ـ ئەو گرفتانەی پەیوەستن بە لایەنی ژیارییەوە........................................................٢٧٣
ئامۆژگاری و ڕێنمایی گشتی........................................................٢٧٦
تیۆرەکانی ئێستای وەرگێڕان........................................................٢٨٥
ویلبور مارشاڵ ئۆربان ........................................................٢٨٧
یۆجین ئە. نیدا........................................................٢٨٩
ڤینیە و داربلنیت........................................................٢٩٠
فیدۆرۆڤ و کاری........................................................٢٩٤
جۆن ک. کاتفۆرد........................................................٢٩٥

# سیاسەتی زمان

## پێشەکی

### ناونیشان و بواری لێکۆڵینەوەکە:

ناونیشـــانی لێکـــۆڵینەوەکە **(سیاســـەتی زمـــان ـــ چەمـــک و ڕێکارەکانی)**یە، بۆ باسکردنی چەمک و لایەنە گرنگەکانی سیاسـەتی زمان تەرخانکراوە.

کۆزمانـــەوانی وەک لقێکـــی گرنگـــی زمانـــەوانیی کـــارەکی، گرنگییەکـــی زۆری بەو یاســـایانە داوە، کە جـــووڵەی زمـــان لەکـــاتی ئـــاوێتەبوونی لەگـــەڵ بونیـــادە کۆمەڵایەتییەکانـــدا کـــۆنترۆڵ دەکەن، ئەمەش بێگومـان ئامـانجی بەکارهێنـانی بونیـادە کۆمەڵایەتییەکـانە، لە کـاتی پلانـدان و داڕشـتنی سیاسـەتە زمانییەکـان، تـاکو ئەم سیاسـەتە زمانییە زانستی و کردەیی بێت و تـەنیا ڕواڵەتـی و کلێشـەیی نەبێت، لێـــرەدا کۆزمانـــەوانان درکیـــان بەوە کـــردووە، کە ئەوان بـــەرانبەر زانســـتێکی تـــازەن، کە میتـــۆد و بـــابەتی تـــایبەت بە خـــۆی هەیە، کە ئەویش زانستی سیاسەتی زمانە.

تـــوێژەران زوو گرنگییـــان بە زمـــان داوە و درکیـــان بەوە کـردووە، کە زمـان دیـاردەیەکە، چـونکە تـوێژینەوەی زمـانەوانی لای زمانەوانان و فەیلەسوفان و زانایان زۆر بوون و چەندەها توێژینەوە دەربـــارەی زمـــان لەلایەن زانایـــانی سروشـــت و فیزیـــا و هتـــد.......ئەنجـــام دراون، زانایـــان لە ئەنجامـــدانی ئـــەم جـــۆرە توێژینەوانـەدا بەردەوامبـوون و تـا ئێسـتاش ئەو جـۆرە تـوێژینەوانە هەر بەردەوامن، بەتایبەتی ئەو توێژینەوە زمانەوانیانەی پەیوەندییان

به کۆمەڵگەوە هەیە، ئەو توێژینەوە نوێیانەی لەم بوارەدا سازدراون، بە سیاسەتی زمان ناودەبرێن.

**هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە:**

بەداخەوە ئێمەی کورد زۆر کەم ئاوڕمان لەم بابەتەوە داوەتەوە، بەجۆرێک کە چەند لێکۆڵینەوەیەکی کورت و ناگشتگیری لەسەر کراوە، بۆیە ئێمە ئەم هەلەمان قۆستەوە بە تەرخانکردنی کاتمان بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر ئەم لقە گرنگەی کۆزمانەوانیی، بۆ ئەوەی ببێتە سەرچاوەیەکی یاریدەدەر بۆ کتێبخانەی کوردی و لە ئاییندەدا ببێتە کلیلێک و دەروازەیەک، بۆ ئەوەی چەندەها لێکۆڵینەوەی فراوانتر و گشتگیرتری لەسەر بکرێت.

**ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە:**

ڕێبازی لێکۆڵینەوەکەمان، ڕێبازێکی وەسفیی شیکارییە، کە بەهۆیەوە باسی چەمک و پێناسینی سیاسەت و زمان و سیاسەتی زمان و ڕێکارەکانی داڕشتنی سیاسەتی زمانی دەکات، بە وەرگرتن و پشتبەستن بە سەرچاوەی ڕەسەن و شرۆڤەکردنی ئەو دەقانەی پەیوەستن بەم بابەتەوە.

**گیروگرفتی لێکۆڵینەوەکە:**

گەورەترین گیروگرفت، کە لەکاتی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەکەدا تووشمان هاتبێت، وەرگێڕانی ئەو هەموو دەقە عەرەبی و ئینگلیزیانە بوون، کە پەیوەستبوون بە بابەتی سیاسەتی زمان بۆ سەر زمانی کوردی، چونکە بەڕاستی کتێبخانەی کوردی لەم بابەتە زمانەوانییە زۆر هەژارە، بەجۆرێ دەیان سەرچاوە هەن، کە تێیدا باسی

زمانەوانیی کارەکی بەگشتی و کۆزمانەوانی بەتایبەتی دەکەن، کەچی بەداخەوە نەخـــراوەتە ســـەر زمـــانی کـــوردی، کە ئەمەش هەژاری کتێبخـانەی کـوردی و ناوەنـدە زانسـتیی و زانیارییەکـانی کـوردی دەگەیەنێت.

**پرسیاری لێکۆڵینەوەکە:**

ئایا سیاسەت چ پەیوەندییەکی بە زمانەوە هەیە ؟ ئایا لە زماندا سیاسـەت هەیە؟ ئایـا چەمکـی سیاسـەتی زمـانیی مانـای چییە؟ ئایـا سروشتەکەی چییە؟ و ئەو ڕێکارانە چین، کە بەهۆیەوە زمان جووڵە دەکـات و دەبزوێـت؟ ئایـا زمـانی سیاسـەت و سیاسـەتی زمـان جیاوازییـان لەنێوانـدا هەیـە؟ ئەمانـە و چەنـدین پرسـیاری تـر لـە لێکۆڵینەوەکەماندا هەن، هەوڵمانداوە وەڵامیان بدەینەوە.

**ناوەڕۆکی لێکۆڵینەوەکە:**

لێکۆڵینەوەکەمان لە پێشەکییەک و سێ بەش پێکهاتووە:

**بەشی یەکەم،** کە بە ناونیشانی (چەمک و پێناسەی سیاسەت و زمان)ە، دوو تەوەرە لەخۆ دەگرێت، تێیدا باسی(چەمک و پێناسەی سیاسەت، چەمک و پێناسەی زمان) کراوە.

**بەشـی دووەم،** کە بـە ناونیشـانی (سیاسـەتی زمـان لە بـواری زاراوەی کۆزمانەوانیـدا)ە، سـێ تەوەرە لەخـۆ دەگرێـت، پێکـدێن لـە (چـــەمک و پێناســـەی سیاســـەتی زمـــان، ســـەرهەڵدانی زاراوەی سیاسەتی زمان، پەیوەندی سیاسەتی زمان بە کۆزمانەوانی).

**بەشـــی ســێیەم**، کە بـــە ناونیشـــانی (ڕێکارەکـــانی دارشـــتنی سیاسـەتی زمـانی)ە، تێیـدا بـاس لـە گرنگتـرین ڕێکـار و ئالیاتـەکانی چۆنیەتی دارشتنی سیاسەتی زمانی کراوە.

لە کۆتاییدا ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان خراونەتەڕوو.

## ١. چەمک و پێناسەی سیاسەت و زمان

پـــێش ئەوەی پێناســـەی سیاســـەتی زمـــان لە دووتـــۆیی کۆزمانەوانیدا بکەین، پێویستە ئاماژە و ماناکانی هەموو زاراوەیەک لە بواری پسپۆڕەتییەکەیدا بزانین، ئایا پێناسەی سیاسەت و زمان لای پسپۆڕەکانی چییە؟ ئایا پێناسەی سیاسەتی زمان لە ڕووی زاراوەی کۆزمانەوانیدا چییە؟

بۆ زانینی چەمکی سیاسەتی زمان، پێویستە لە سەرەتادا باس لە هەردوو زاراوەی (سیاسەت) و (زمان) بە جودا بکەین، و بزانین لە فەرهەنگە کوردی و عەرەبی و ڕۆژئاواییەکاندا چ مانایەکیان دراوەتێ، پاشان پشت بە چەمک و مانا فەرهەنگییەکانیان دەبەستین، وەک دەروازەیەکی زمانەوانی، تاکو بتوانین زاراوەکە بە تێروتەسەلی پێناسە بکەین.

### ١ـ١: چەمک و پێناسەی سیاسەت

سیاسەت هەموو بنج و بنەوانی ژیانی گرتۆتەوە، بۆیە بۆ پلاندانان و بەدواداچوون و بەخۆداچوونەوە، ئەوا وشەی (سیاسەت) لە بەردەم بوارەکەدا دادەنرێ.(تاریق جامباز: ٢٠١٤، ل ٨٠)، یان سیاسەت زاراوەیەکە ئاماژە بەو پرۆسەیە دەکات، کە ڕەفتاری مرۆڤایەتی بەخۆوە دەگرێت، کە ئەویش بەڕێگەی سیاسەت ململانێ لەنێوان گروپەکان کۆتایی دێت(شێرزاد سەبری و عەبدولسەلام نەجمەددین:٢٠١١، ل٢٦).

زاراوەی سیاسەت بۆ وشەی (politics) دەگەڕێتەوە و لە وشەی(polis) داتاشراوە، کە بە ( شاری دەوڵەت) دەگوترا، دواتر

ئەم وشەیە پەرەی سەند و بوو بە زاراوەیەک بۆ هونەری کارگێڕیی و حوکمکردنی دەوڵەت چ لە ناوەوە و چ لە دەرەوە.(عەبدولواحید دزەیی و شێرزاد سەبری: ٢٠١٣، ل ١٥).

لە فەرهەنگەکانی زمانی عەرەبیدا سەرچاوەی زمانەوانی **(ساس یسوس سیاسة)**یە، کە ماددە سەرەکییەکەی (سوس)یە، کە لە (لسان العرب)دا هاتووە، سیاسەت لە کاری (السائس) وەرگیراوە، عەرەب دەڵێن (یسوس الدواب)، واتە ئاژەڵەکان دەئاژوویێ، ئەویش لە حاڵەتێکدا شوانەکە چاودێریانی دەکرد و دەیانی بردە بەر لەوەڕ(لەوەڕگە). (السیاسة) لە زمانی عەرەبیدا مانای هەڵسوڕاندن و بەڕێوەبردنی کارێکە، یان شتێکە بە مەبەستی چاککردن و باشترکردنی، واتە ژێردەستانی خۆی (یسوسی) بەڕێوە دەبات.(ابن منظور: ٢٠١٤، ص٢١٤٩ ـ ٢١٥٠).

هەروەها (ئەلزوبەیدی) دەڵێت:**((فەرمانم پێیاندا و نەهیم لێکردن))** (الزبیدي:٢٠١٠، ص ١٦٩).

هەروەها فەیرۆز ئابادی لە فەرهەنگی (المحیط)دا دەڵێت: **((فلان کەس تاقیکراوەتەوە و سیاسەت بووە و سیاسەتکراوە، ئەمەش مانای (تەمێ بووە و تەمبێ کراوە) دەگەیەنێت))**(الفیروز آبادي:٢٠٠٥، ص ٥٥١). هەروەک بڵێی ماناکەی ئەوەیە مرۆڤ پاش ئەوەی ئاژەڵانی ئیدارە داوە و بەڕێیانی بردووە، ئینجا دەستی بە بەڕێوەبردن و چاودێریکردنی مرۆڤ کردووە، کە ئەمەش مانای سیاسەت دەگەیەنێت، بە واتایەکی تر لە سیاسەتکردنی ئاژەڵانەوە بۆ سیاسەتکردنی مرۆڤ پەرەی سەندووە، واش پێدەچێت کە ئەم

مانایەی یەکەم بەشێوەیەکی خوازەیی بازی دابێتە سەر سیاسەتی بەڕێوەبردنی خەڵکی.

لە فەرهەنــگە ڕۆژئاواییەکانیشــدا زاراوەی (سیاســەت) بــۆ زاراوەی (پۆلــەتیــک) گەڕێنــراوەتەوە، کە لەم وشــە یۆنانیــانەوە وەرگیراوە:

١ــ بــولیس: شــارۆچکە، شــار، کەرت، یــان کۆبــوونەوەی دانیشتوانی شارێک.

٢ــ پۆلیتایــا (Politeia): دەوڵەت، دەســتوور، سیســتەمی سیاسی، کۆمار، هاوڵاتیبوون، واتە مافی هاووڵاتیان.

٣ــ پۆلــەتیکــا: تــاکە و کــۆیەکەی (پۆلــەتیکــۆس): مەســەلە سیاسییەکان، مەسەلە مەدەنییەکان، هەموو ئەو شتانەی پەیوەندییان بە دەوڵەت و دەســتوور و سیســتەمی سیاســی و بە ســەروەرییەوە هەیە.

٤. پۆلەتیک(politike): زانستی سیاسی.(خلف الجراد: ٢٠٠٧، ص ٢٤ ).

سیاســەت لای ئیــبن ســینا ( ٩٨٠ ــ ١٠٣٧ز) بریتییــە **((لــە بەڕێــوەبردنی خــودی و کــۆمەڵایەتی و چاکســازی گەنــدەڵیی، کە ئەویش ڕێگەی خۆشی و شادمانییە))**( علي عباس مراد:١٩٩٩، ص ٥٧).

سیاسەت بەشێکە لە کۆی سیستەمی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەی مرۆییدا و چالاکییە سیاسییەکانیش بەشێکن لە چالاکییەکانی ژیانی کۆمەڵگە.(ڕەفیق سابیر: ٢٠٠٨، ل ١١٢).

هەمدیسان سیاسەت هونەری پیادەکردنی سەرکردە و دەسەڵاتە، لەگەڵ شێوەکانی پەیوەندی نێوان دەسەڵات و جەماوەرە.(عەبدولواحید دزەیی و شێرزاد سەبری: ٢٠١٣، ل ١٥).

کەواتە ئەم زاراوەیە تەنیا موڵکی پاشا و بەرپرسان نییە، هەرچەندە پاشا و بەرپرسەکان دەبێ لە خەڵکانی دی زیاتر مانا و چەمکی زاراوەکە بزانن و لەوانی دی باشتر پیادەی بکەن، هەموو کەسێکیش لە خەڵکی پێویستە سیاسەتێک لە کاروبارەکانی خۆیدا بەکاربێنێت و بگرە هەموو تاکێکی کۆمەڵگە بە ڕێژەی پێویستی پاشا یان بەرپرس، پێویستییان بە سیاسەتکردن هەیە، هەروەها نووسەر بەردەوام دەبێت و باس لە سیاسەتی پیاو دەکات، واتە سیاسەتی داهات و خەرجییەکانی پیاو، سیاسەتی پیاو لەگەڵ خانەوادەی خۆیدا، و سیاسەتی پیاو لەگەڵ منداڵی خۆی و سیاسەتی پیاو لەگەڵ خزمەتکارەکەیدا، واتە زانستی سیاسەت (سیاسەتناسی) لای (ئیبن سینا) زانستی ڕاستکردنەوەیە، ڕاستکردنەوەی یەک دەروون، کە بە (ڕەوشت) ناوزەدی کردووە، هەروەها ڕاستکردنەوەی چەندەها دەروون، کە بە ڕێکخستنی پێگەکان (ماڵەکان) ناوزەدی کردووە، یان ڕاستکردنەوەی چەندەها دەروون، کە لەناو یەک شاردا بن و ناوی نا ڕێکخستنی شار، ڕاستکردنەوەش بە ڕێکخستنی شارستانی و زانستی شەرعی دەبێت.(علي عباس مراد:١٩٩٩، ص ٥٤- ٥٨).

هەروەها سیاسەت لای (ئیبن بادیس)((**دابینکردن و هەڵسوڕانی کاروباری کۆمەڵگەیە، کە ئەویش بە گوێرەی بنەماکانی باشە و دادپەروەریی**))(عبدالقادر فضیل و محمد صالح

رمضـــان:٢٠٠٧، ص ٧٨). له فەرهەنگـــی فەلسەفیشـــدا هـــاتووە: **((سیاســەت لقـێکە لە زانسـتی شارسـتانی و بـاس لە بنەماکـانی فەرمـانڕەوایەتی و ڕێکخسـتنی کاروبـاری دەوڵەت دەکـات))**(مجمع اللغة العربية: ١٩٨٣، ص ٩٩).

چەندەها پێناسـە بۆ سیاسـەت لای ڕۆژئاواییەکان هەیە، لەوانە عەبـدولوەهاب کیـالی لە فەرهەنـگە سیاسـیەکەی خۆیـدا زۆربەیـانی باسـکردووە، وا پێـدەچێت جیـاوازیی لە پێناسـەکردنیدا، بـۆ ئەو جیاوازییە دەگەڕێتەوە، کە لە ئاراستەکاندا دەربارەی زاراوەکە هەیە، تەنانەت (دیزرایلی Disraeli) (١٨٠٤ ـ ١٨٨١ز)، سەرۆک وەزیرانی ئەوکـاتەی ئینگلتـرا، بەشـێوەیەک پێناسـەی دەکـات، کە شـێوازی گاڵتەجاڕیی و ڕاشکاوانەی بەخۆوە وەرگرتووە و دەڵێت:**((سیاسەت هـونەری فەرمـانڕەوایەتیکردنی مـرۆڤە لەڕێگای هەڵخەڵەتاندنیان)).** یەکێکی دیکەش دەڵێت:((**سیاسـەت هـونەری دواخسـتنی ئاڵۆزبوونی گرفـت و کێشــەکانە**))(عبـدالوهاب الكيـالي: ٢٠١٠، ص ٣٦٢). لەو پێناسـانەی بـۆ سیاسـەت هـاتوون، وتـراوە، کە سیاسـەت هـونەری سەرکردایەتی و فەرمانڕەوایەتییە، هەروەهـا چـالاکییەکی کۆمەڵایەتی ئەوتـۆیە، کە نـاوازەیە و ژیـانی گشـتی ڕێکـدەخات و هاوسـەنگی و سـازان لەڕێگـەی هێـزی شـەرعیەت و سـەروەرییەوە دەپارێزێـت، ئەویش لەنێوان تاکەکان و گروپەکان و ئەو کۆمەڵانەی پێشبڕکێ و ململانێ دەکەن لەسـەر یەکێتـی فەرمـانڕەوایەتی سـەربەخۆ، لەسـەر بنەمـای پەیوەنـدییەکانی هێز، کە ڕووی بەشـداریکردن لە دەسـتەڵاتدا بە ڕێـژەی هاوبەشـی دیـاری دەکـات و گـرنگییەکەی لە بـواری

بەجێهێنانی پرۆسەی پاراستنی سیستەمی کۆمەڵایەتی و ڕەوشی کۆمەڵگە دیاری دەکات.

لە پێناسەیەکی دیکەشدا هاتووە سیاسەت زانستی توێژینەوەی بەرژەوەندییە هاودژەکان و ڕەنگدانەوەیان لەسەر پێکهێنانی دەسەڵات و پاراستنی جیاکارییەکانی توێژی فەرمانڕەوا. لەبەر ئەوەی وا پێدەچێت ئەم وشەیە پاش لێکدانەوەی زۆر لە پێناسەکان ـ چەمکەکەی ئەوەندە وردە بەرەو تەماوی بوون هەنگاو دەنێت، لەوەش دەچێت زاراوەکە ڕواڵەتێکی بێت، کە زاراوە و ماناگەلی دی خۆیان لەپشتییەوە حەشار دابێت، کە گرنگترینیان ئەمانەن (عبدالوهاب الكيالي: ٢٠١٠، ص ٣٦٢ ـ ٣٩٧):

١. **بەڕێوەبردن:** سیاسەتی گواستنەوە و سیاسەتی دروستکردنی ئۆتۆمبێل، کە وەک سیاسەتێک بەڕێوەدەبرێن.

٢. **ستراتیژ:** ئەو کۆمەڵە نەخشە و پلان و ڕێکارانەی جێبەجێ دەکرێن، وەک سیاسەتی حزب یان سەندیکا.

٣ــ **بەهای کەمزانین:** هەروەها زاراوەی سیاسەت بەهای بەکەمزانین لەخۆ دەگرێت، ئەویش لە کاتی دنەدان بۆ ئەنجامدانی کاری هەڵخەڵەتێنەر و فریودەر ـ بەگوێرەی قسەکەی دیزرایل ــ کە قسەیەکی بێزەوەرە، وەک گوزارشتەکانی نیگەرانی و بێزرای، کە دەڵێن: ((**فلانە کەس سیاسییە و بە سیاسەت مامەڵەمان لەگەڵدا دەکات**))، وەک بڵێی پیادەکردنی سیاسەت تەنیا بۆ ئەو کەسانەیە، زیرەک و زرنگن و بووتە ئامرازێک بۆ تاراندنی پیادەکردنی مافەکانی

هاوڵاتیبوون، بۆیە خەڵکانی بێئاگا ئەو هەستەیان بۆ دروستبووە، کە لە سیاسەت سڵ بکەنەوە و ڕقیان لێ ببێتەوە.

**٤ـ دانوستان و ئەنجامگەیاندن:** مانای دانوستان و بەئەنجامگەیاندنیش لەخۆ دەگرێت، وەک سیاسەتی ئاشتەوایی و دراوسێیەتی و سیاسەتی ئارامکردنەوە و ڕاوێژکاریی نێوان دەوڵەتان و سیاسەتی خێرا.

**٥ـ واقیعیبوون و ڕازیبوون بە واقیعیەت:** سیاسەت واقیعیبوون و ڕازیبوون بە واقیعیەت دەگرێتەوە، لە حاڵەتی یاساغبوونی گۆڕانکاری لەو واقیعە، بۆیە دەڵێن (سیاسەتی بارودۆخی چەسپیو) و سیاسەتی هەژماری پێچەوانە.

**٦. ئاراستە و میتۆد و هەڵوێست وەرگرتن:** لە مەسەلەیەکی دیاریکراو دەڵێین سیاسەتی نێوانیان تێکبدە، تا ببێتە سەروەریان و سیاسەتی بەکاربردن.

لە ڕووی تیۆرییەوە ئەمەیە مانای سیاسەت، بەڵام لە ڕووی کردەییەوە سیاسەت بەگوێرەی ئارەزووی تیۆریزەکاران بەڕێوە ناچێت، چونکە سیاسەت لای زۆر لە سیاسییەکان بەپێی بەرژەوەندی ڕەها بەڕێوە دەچێت و یەک پرەنسیپ دەگرێتەوە، کە ئەمەیە: **(ئامانج پاساوە بۆ بەکارهێنانی هەر ئامرازێک)**، ئەویش بەگوێرەی نووسەر و سیاسەتمەداری ئیتالی میکیاڤیلی machavelli (١٤٦٩ـ ١٥٢٧ز)، لەبەر ئەوە وشەی سیاسەت لەگەڵ درۆ و هەڵخەڵەتاندن و فریودان بووەتە هاوواتا، هەروەکو (مالیک ئیبن نەبی) ناوی لێدەنێت (پۆلەتیک)، بۆ ئەوەی لە سیاسەتێک جودای بکاتەوە، کە لەسەر

بنەمـــايەكی زانســـتی و تیـــۆری بونیادنرابێـــت، مالیـــك ئیـــبن نـــەبی دەڵێت:((**ململانێی نێوان سیاسـەت و پۆلـەتیك زۆر كـۆنە و ئەگەر خوازیـاری ئەوە ببین، كە لە ڕووی دەروونییەوە دیارییـان بكەیـن، ئەوە دەتـوانین بڵێین، كە یەكەمیـان مانـای هەڵهێنجـانی بەهاكانـە، و دووەمیشیان تەنیا قسە تێگرتن دەگەیەنێت، یەكەمیان كۆششێكە بۆ بیركردنەوە لە باشترین شێواز بۆ خزمەتكردنی گەل، دووەمیشیان هـــاوار و بـــزاوتێكە بـــۆ هەڵخەڵەتانـــدنی گەل و فریـــودان و بەكارهێنانیان**))(مالك بن نبي: ١٩٨٥، ص٨٥ ).

بەكـــورتی دەڵێـــین مانـــای زاراوەی (سیاســـەت) هەروەكـــو هاوواتاكـەی (پۆلـەتیـك)، كە لە زمـانی یۆنانیـدا هەیە، پێشـڤەچوونی بەخـۆیەوە بینیـوە، بەڵام توێژینەوەكـانی زمـان لەمەڕ ئەم زاراوەیە لە هەمـوو وردتـر و گشـتگیرترن، چـونكە لە بـواری ئەو تـوێژینەوە دەنگیانەدا باسكراون، كە لە پەیوەندی ستوونی نێوان فەرمانڕەوا و فەرمـانپێكراودا (خەڵكیـدا)هەن، زۆر بەوردی لێـی كـۆڵراوەتەوە و تـوێژینەوەی لەســەر كـراوە، تـاكو بـگەنە بـنجەكەی خۆیـان، كە پـرەنسـیپی هاریكـارییە، نەك ململانـێ و بەرژەوەنـدی بژاردەیەك لە خەڵك، هەروەهـا لە ڕووی ئاسـۆییەوە باس لە بواری درێژەكێشـانی سیاسـەت كـراوە، تـا لە سیاسـەتی خـودی تـاكی پیـاو و داهـات و ژیـانییەوە دەسـتپێبكات و بگـاتە بـاڵاترین ئاسـتەكانی سیاسـەت، كە ئەمـڕۆ ناسـراوە، هەروەهـا سیاسـەتی شـەرعی لە بـوارێكی دیكەی گرنگدا باسكراوە و توێژینەوەی لەسەر كراوە، كە ئەویش سـەنتەری هێـزی فەرمـانڕەوایەتییە، واتە تـوێژینەوە عەرەبییەكـان لە بـواری

شەرعدا باسیان کردووە(مصطفى ديب البغا:١٩٩٨، ص٢٧٤)، کەچی ڕۆژئاواییەکان لە بواری (گەل)دا باسیان کردووە.

هەروەهـــا چەمکـــی سیاســـەت لە ماناکـــانی کـــارگێڕیی و چـــاودێریکردنی کاروبـــاری دەوڵەت لە هەردوو ڕووی دەرەکـــی و نـاوخۆییەوە قەڵـبەزەی بـۆ تـوێژینەوەی کاروبارەکـانی پەیوەسـت بە دەوڵەتەوە هاویشـتووە، وەک دەسـتوور و سیسـتەمی حـوکمڕانی. کەواتە سـەیر و سـەمەرە نییە بڵێین سیاسـەت هـونەرێکە لە بـوارە پـراکتیکیەکەی خۆیـدا، کەچـی لە لایەنەکەی دیـدا، کە تیـۆرییە، بە زانسـتێکی سـەربەخۆ هەژمـار دەکرێـت، پاشـان زاراوەی سیاسـەت بەرەو بـواری دی پەلـی هاویشـت، کە پەیوەنـدییان بە حـوکمڕانی و کاروبـاری دەوڵەتەوە نـیـیە، بەڵکـو چەنـد بەکارهێنـانێکە، زۆرجـاران سیاسـەتوانان بەکاریـدەهێنن، وەکـو ئەم گوزارشـت و دەربڕینـانە: سیاســـەتی بەرگریـــی، سیاســـەتی نەوت، سیاســـەتی ڕۆشـــنبیری، سیاسەتی زمانی...هتد.

هەروەهـا پێناسـەکردنەکەی (ئەرسـتۆ ٣٨٤ ــ ٣٢٢ پ.ز) بـۆ سیاسەت ڕەنگدانەوەی هەژموونی سیاسەتە لەسەر بوارەکانی ژیان، بـۆیە لەبـارەی سیاسـەتەوە دەڵێـت:((**زانسـتی سـەروەرییە و سـەروەری زانسـتەکانە**))(عبـدالوهاب الكيـالي:٢٠١٠، ص ٣٧٣)، سـەروەری زانسـتەکانە، چـونکە هەمـوو ئەو کـارانەی پێـی نـاوزەد دەکرێـت، پێشـوەخت پلانـی بـۆ دادەڕێژێـت، بـۆ نمـوونە دەوترێـت سیاســـەتی ئـــابووری، کە مەبەســـت لێـــی پلانـــی گەشـــەپێدانی

ئابوورییە(خلف الجراد:٢٠٠٧، ص ١٦)، بە هەمان شێوەش سیاسەتی زمانی لەم چوارچێوەیەدا جێی دەبێتەوە.

بێگومان زانستی سیاسەت یان سیاسەتناسی لە بواری توێژینەوە و تیۆریزەکانییەوە لە هەموو چەرخەکاندا چەندەها سوود لە پیادەکردنی سیاسییەکانەوە دەستەبەر دەکات، ئەمەش (ئیبن خەلدوون) دەستی پێگەیشتووە، ئەویش وەکو تیۆریزەکار و خاوەن ئەزموون لە بواری کاری سیاسیدا، هەروەها جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە، کە بابەتەکانی سیاسەت لە چوارچێوەی کۆمەڵناسیدا باسدەکرێت، کە ئەمەش لەگەڵ سیاسەتی زمانەوانیدا یەکدەگرێتەوە، ئەویش لە بواری سوود وەرگرتن لە ئەزموونی زمانەوانی کۆمەڵ و گروپ و دەوڵەتان.

**١ـ٢: چەمک و پێناسەی زمان**

زمان یەکێکە لەو کۆڵەکانەی کە نەتەوە و گەلی ڕاگرتووە.(یووسف شەریف:٢٠١٣، ل٩٧)، هەروەها زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە و لە هەناوی کۆمەڵگەدا هەڵقوڵاوە و پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە سیاسەتەوە هەیە، چونکە زمان وەک هەڵگری ئەزموونی نەتەوە، کار لە سیاسەت دەکات.(ڕەفیق سابیر: ٢٠٠٨، ل ١١٢).

- لە (لسان العرب) داهاتووە:((**خووتە خووتێی لێکرد لێدەکات(وڕێنە)** ))، لە فەرموودەشدا هاتووە ((**ئەگەر لە گوتاری ڕۆژی هەینیدا یەکێک وتی (سە)، مانای ئەوەیە (لەغوەی "خوتەی" کردووە)، واتە قسەی کردووە**))(ابن منظور: ٢٠١٤، ص٤٠٥٠) .

ئەم زاراوەیە پێناسەی زۆر و بێشوماری بۆ کراوە، بەڵام ئەوەی توێژینەوەکان جەختی لەسەر دەکەنەوە ئەوەیە، کە پێناسە زمانییە هاوچەرخەکان لە گوزارشتەکەی (ئیبن جنی) (٣٣٢ ـ ٣٩٢ ک) کۆکراوەتەوە، کە لە ڕووی ناوەرۆکەوە هیچ جیاوازییەکی لەگەڵدا نییە(أحمد شامية:٢٠٠٢، ص ١١).

ئیبنی جنی لە پەرتووکی (**الخصائص**)دا دەڵێت:((**سنوورەکانی پێناسەکردنی زاراوەی (زمان)، لەوەدا بەرجەستە دەبێت، کە لە چەند دەنگێک پێکدێت، کە هەر نەتەوەیەک بۆ گوزارشتکردن لە مەرام و مەبەستەکانیان بەکاری دێنن**))( ابن جني: ١٩٥٧، ص٣٣).(ئیبن جنی) جەختی لەسەر دەنگبوون و ئەرکی پەیوەندی زمان لە کۆمەڵگەدا کردووەتەوە، لەم بۆچوونەشیدا زمانەوانان لەگەڵیدا کۆک و هاوڕابوون، وەکو دادوەر عەبدولجەبار (ساڵی٤١٥ی کۆچی مردووە) و فیروزبادی (ساڵی٧٢٩ی کۆچی مردووە) و سیوتی (ساڵی٩١١ی کۆچی مردووە)(نعمان بوقرة:٢٠٠٩، ص٣).

هەروەها چۆمسکی وا پێناسەی زمان دەکات و دەڵێت:((زمان بریتییە لە تێکەڵکردنی ڕستە و واتا لە چوارچێوەیەکی بێ کۆتایی))(نعوم جومسکی: ١٩٩٣، ل ٧٨). هەروەها (ئیبن خلدون ساڵی٨٠٨ی کۆچی مردووە)، زمان بەوە پێناسە دەکات، کە **((گوزارشتکردنی قسەکەرانە لە مەرام و مەبەستەکانی خۆیان، گوزارشتەکەش پەیوەندی بە مرۆڤەوە هەیە، واتە مرۆڤ ئەنجامی دەدات و پێویستە ببێتە توانایەکی جێگرەوەیی ئەو ئەندامەی، ئەم کارە ئەنجامی دەدات، کە ئەویش(زمان)ە، کە لای هەر نەتەوەیەک**

**زاراوەی خـۆی هەیە))**(عبـدالرحمن بـن خلـدون:١٩٩٠، ص ٦٠٣).
ئەمەش گوزارشت لە ئەرکی پەیوەندی دەکات، کە یەکێکە لە ئەرکە سـەرەکییەکانی زمـان، چـونکە لێـرەدا زمـان بە سیسـتەمێک بـۆ پەیوەندی کۆمەڵایەتی هەژماردەکرێت، ئەمەش بێگومان مەسەلەیەکی مەبەستدار و ئامانجدارە، هەروەهـا (ئیبن جنی) بڕیار لەسەر ئەوە دەدات، کە زمـان توانسـتێکە لە نـاخی مرۆڤـدا ڕەگـی داکوتـاوە و پەیوەندی بە ئامـادەگی هزریـی و فیکری و زگمـاکی مـرۆڤەوە هەیە، هەروەهـا ئەم زانـایە لە هەمـان کاتـدا ئامـاژە بە فرەیـی سیسـتەمی زمـانەوانی و سروشـتە عـورفیەکەی دەکـات(نعمـان بـوقرة:٢٠٠٩، ص٤).

ئەمە ئەو زمـــانەیە، کە لە زمانەوانیـــدا بەدرێـــژی و وردی باسکراوە و ڕوونکراوەتەوە، زمان وەکو باسکرا سروشتێکی دەنگی هەیە و ئەرکێکی پەیوەندی ئەوتۆی هەیە، کە لە بنەڕەتەوە مەرامدارە و ئەندامێکی جەستەی مرۆڤ جێبەجێی دەکات و ئەنجامی دەدات، کە ئـــەویش زمـــانە، و خـــودا بە مرۆڤـــی بەخشـــیوە و وردە وردە بە تێپەڕبوونی کات لە زمان و جەستەی مرۆڤ تواناکانی جێگیر دەبێت و ڕەگ دادەکوتێت و فرەیی وەردەگرێت، و لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە دەبێتە بەشێک لە کەسایەتی مـرۆڤ، کە لەژێر کاریگەری بارودۆخی کۆمەڵایەتیدا دەبێت و کار لە بارودۆخە کۆمەڵایەتییەکە دەکات.

ئینجـا ئەم تەوەرەیە و تەوەرەکـانی دی، تـا ئێسـتا تـوێژەرە ڕۆژئاواییەکـــان ســـەرقاڵن پێیـــان، و هەر جـــارەی بە پرســـێک دەیـانخەنەڕوو، لەبەر ئەم هۆکـارەیە نـاتوانین پێناسـەیەکی فـراوان و

گشتگیر و دیاریکراومان بۆ زاراوەی زمان لە بواری زمانەوانی لای توێژەرە ڕۆژئاواییەکان دەستبکەوێت، چونکە هەر چەمکی زمان تا ئێستا مشتومڕی لەسەرە و لە ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکەیەوە یەکلانەبووەتەوە.

ئەم هەموو وردەکارییە زمانەوانی و زاراوەییانەی هەردوو وشەی (سیاسەت) و (زمان)مان هێنایەوە، چونکە ڕەنگدانەوەی ئاشکرا و ڕوونیان لەسەر چەمک و شێوەی سیاسەتی زمانی لای کۆزمانەوانان هەیە.

## ٢. سیاسەتی زمان لە بواری زاراوەی کۆزمانەوانیدا

### ٢-١: چەمک و پێناسەی سیاسەتی زمان

زاراوەی سیاسەتی زمان پێکهاتەیەکی وەسفی سادەیە، کە لە پێکهاتەیەکی بیانی سادەوە وەرگیراوە، دواتر بۆ زمانی کوردی وەرگێڕدراوە، ئەم زاراوەیە بەرانبەر بەم زاراوەیە لە زمانی فەڕەنسیدا (Politicue Linguisticue)، لە زمانی ئینگلیزیشدا بەم زاراوەیە گوزارشتی لێدەکرێت: (Language Policy)، هەروەها زمان بە ڕێکوپێکی لە بەکارهێنانی دەسەڵاتی سیاسیدا بەکاردێت.(ڕەحیم سورخی: ٢٠١٣، ل٣١).

یاخود سیاسەتی زمان بریتییە لە سەراپای ئەو ڕێگایانەی دەگیرێنە بەر لە بواری پەیوەندییەکانی نێوان زمان و ژیانی کۆمەڵایەتی، بەتایبەتی لەنێوان زمان و ژیان لە وڵاتدا.(ئازاد عەزیز سلێمان: ٢٠١٤، ل ١٩).

لویس جان کالفی (Louis – Jean calvet) بەم شێوەیە زاراوەکە پێناسە دەکات: ((**ئێمە سیاسەتی زمانی بە کۆی ئەو بژاردە هۆشیارانە هەژمار دەکەین، کە لە بواری پەیوەندییەکانی نێوان زمان و ژیانی کۆمەڵایەتیدا کاریان پێدەکرێت، بەتایبەتی لەنێوان زمان و ژیان لە سایەی نیشتماندا**))(لویس جان کالفی:٢٠٠٦، ص١١١).

دەکرێ سیاسەت ڕامانی هەبوونی دامودەزگای مەدەنی و قەوارەی سیاسی دەدات و چەمکی سیاسەتی زمان و کلتوورێکی نوێ دەخولقێنێ، هەروەها سیاسەتی زمان کار لەسەر دیراسەکردنی خودی زمان نەک سیاسەت دەکات.(سەلام ناوخۆش: ٢٠١٠، ل ٥).

لێرەدا دەتوانین چەندەها تێبینی دەربارەی ئەم پێناسەیە بخەینەڕوو:

١. سیاسەتی زمانی لە ڕوانگەی ئەم پێناسەیەوە لە وەرگرتنی چەند بڕیارێک پێکدێت، دەربارەی ژمارەیەک لەو بژاردانەی لەئارادا هەن، کە بۆیان هەیە جێبەجێ بکرێن، یان جێبەجی نەکرێن، لێرەدا ئەو پرسیارانە دەمێننەوە، کە پێناسەکە وەڵام دەربارەیان پێشکەش ناکەن، کە لەمانە پێکهاتوون: ئایا کێ بڕیاری جێبەجێکردنی ئەم بژاردە هۆشیارانە وەردەگرێت؟ ئایا کێ لە تواناکانی جێبەجێکردنیان وردەبێتەوە؟ ئایا ئەگەر دەزگا بێت چ سروشتێکی هەیە؟ ئایا ئەگەر لە چەند تاکێک پێکهاتبوون، شوناسیان چی دەبێت؟.

٢. بڕیارەکانی بەشێوەیەکی هۆشیار و مەرامدار وەردەگیرێن، نەک بەشێوەیەکی هەڕەمەکی، چونکە ئەمە دوورە لە سیاسەت و پلاندانان، کە مانای ئامادەکردن و ئامادەسازیی پێشوەختە دەگەیەنێت، بۆیە پێویستە بە شێوازێکی زانستیی ئەنجام بدرێت، هەروەها ئەو پرسیارانەش دەمێنن، کە پەیوەستن بە شوناسی ئەو کەسەی پرۆژەکە ئامادە دەکات؟ ئایا ئەو کەسەی ئامادەکردن دەکات، هەر ئەو کەسەیە، کە خودی پرۆژەکە جێبەجێ دەکات؟ ئایا ئەو بنەما زانستییانە چین، کە بڕیار لەسەر ڕەشنووسی دەستوورەکە دەدەین؟ بەداخەوە ئەمیش شتێکە لە پێناسەکەدا وەڵامی نەدراوەتەوە.

٣ـ پێناسەکە بابەتی سیاسەتی زمانی دەکاتە بنەمایەک بۆ پەیوەندی زمان بە ژیانی کۆمەڵایەتییەوە، بە تایبەتی پەیوەندی زمان

بە نیشتمانەوە، لێرەدا پێناسـەکە بەکورتی و بەبێ درێژەدان و بەبێ وردەکاریی دەمێنێتەوە، دەربارەی ئەو پەیوەندییەی لەنێوان زمان یان زمانەکان و ژیانی کۆمەڵایەتیاندا هەن، کە ئایا پەیوەندییەکی پێکەوەییانەیە، یان پەیوەندییەکە ململانێ لەخۆ دەگرێت؟ جگە لە هەموو ئەمانەش پێناسەکە پەیوەندی نێوان زمان و سیاسەت بە تەومژاوی جێدەهێڵێتەوە، چونکە ڕۆشنایی ناخەنە سەری.

٤ـ سیاسەتی زمانەوانی وا دەخوازێ، کۆمەڵە دەستپێکێک لە ئارادا هەبن، کە ئەمانە گرنگترینیانن:

أ/ گروپی زمانی، یان چەند گروپێکی زمانی.

ب/ زمان یان زمانەکان.

ج/ خواستی ڕێکخستنی پەیوەندییەکی سەرنجڕاکێش بۆ شتەکان، لەنێوان زمان و ژیانی کۆمەڵایەتی، وەک خواست و ویستی ژیاندنەوەی زمانێک لە زمانەکان، یان ئارەزووی وەرگرتن، یان وەلانان، یان هاوچەرخکردنی زمانێک، یان چەند زمانێک.

د/ ئەو بژاردانەی بە شێوازێکی زانستی داڕێژراون، بە مەبەستی ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی نێوان یەک زمان، یان چەند زمانێک لەگەڵ کۆمەڵگەدا.

هـ/ بوونی دەستەڵاتێک، کە ژیان لەناو نیشتماندا ڕێکبخات، بە ڕێکخستنی بارودۆخە زمانەوانییەکەشەوە.

ئەم تێبینیانە و چەند تێبینییەکی دی، هەموو بە شێوەیەکی کردەیی بوونەتە بابەتی چەند توێژینەوەیەکی فراوان و قووڵ، کە دەربارەیان چەندەها ڕوونناما و بەدواداچوون و ئامار سازدراوە،

ئەویش لەپێناو بەرەسەنکردنی زیاتری ئەم زانستە تازەیە، کە ناوی (سیاسەتی زمانی)یە، چونکە ئەم وێنایە هیچ بەرچاوڕوونییەک دەربارەی بنەما ئایدۆلۆژییەکە، یان بونیادییەکەی سیاسەتی پلانڕێژی زمانی پێشکەش ناکات، بە هەمان شێوەش هیچ بەرچاوڕوونییەک بۆ پەیوەندییەکانی لەگەڵ دەستەڵات و هەژموون، یان دەربارەی ڕۆڵی لە قۆرخکردن و ململانێ پێشکەش ناکات(جیمس و طولیفصون:٢٠٠٧، ص ٢٥).

وا پێدەچێ ئەو تەمومژییەی کە پێناسەی (کالفی) بۆ سیاسەتی زمان تێیدا نغرۆبووە، زیاتر بۆ تازەیی ئەم لقەی کۆزمانەوانی دەگەڕێتەوە.

**٢-٢: سەرهەڵدانی زاراوەی سیاسەتی زمان**

لەگەڵ سەرهەڵدانی ئەم زاراوەیە، چەندەها زاراوەی دی سەریان هەڵدا، کە بووە هۆی ئەوەی تێکەڵ و پێکەڵی یەکدی بن، لەو زاراوانەی تێکەڵی زاراوەی سیاسەتی زمان بوون، زاراوەی پلانی زمانییە، ئەم زاراوەیە لە هەموو ئەوانی دی زیاتر بەکاردەهێنرێت، هەر چەندە ئەم زاراوەیە لە نووسینەکانی بەراییدا زۆر بەکارنەدەهێنرا، کە باسیان لەم بابەتە دەکرد، یەکەم جار زاراوەی ئەندازەسازی زمان لە بواری توێژینەوەکانی لەمەڕ کۆزمانەوانی بەکاردەهێنرا، ئەویش لەکاتی باسکردنی چالاکییەکانی پلانی زمان، ئەمە یەکەم زاراوەیە لە بواری توێژینەوەی کۆزمانەوانیدا بەکارهێنرابێت، ئەویش لەکاتی قسەکردن لەسەر پلانی زمانیدا، لە ڕاستیدا ئەم زاراوەیە لە زاراوەی سیاسەتی زمانەوانی زیاتر

بەکــاردەبرا، هەروەهــا زاراوەی دی هەبــوون، وەکــو (**پێشــڤەچوونی زمــان**)، یــان (**گەشــەپێدانی زمــان**) و (**فێرکردنــی زمــان**)(روبــرت ل کــوبر:٢٠٠٦، ص٦٧)، هەروەهــا هەنــدێک جــار زاراوەی سیاســەتی زمان وەک هاوواتای زاراوەی پلانی زمانی و ئامادەسازی زمانەوانی بەکارهێنراوە.(لویس جان کالفي:٢٠٠٩، ص ١١).

**٢-٣: پەیوەندی سیاسەتی زمان بە کۆزمانەوانی**

دەستوەردانی مرۆڤ لە بارودۆخە زمانەوانییەکاندا، ئاکارێکی تــازە نیــیە، کۆششــەکانی خەڵکــی لە کــۆنەوە بــۆ یاســارێژکردنی بەکارهێنــانە زمانەوانییەکانیــان کۆششــگەلێک بــوون، کە نــاتوانین نکۆڵییــان لــێ بکەیــن، هەروەهــا دەستنیشــانکردنی دەســتەڵاتی فەرمانڕەوا بۆ زمان و دیاریکردنی لە نێوان چەند زمانێکی دیکە، بۆ بەڕێــوەبردنی بەشــەکانی دەوڵەت، مەســەلەیەکی دووبــارەیە و لە مێژوودا زۆر ڕوویداوە.

کەچی هەموو ئەم دەستوەردانانە لە بزاوت و جووڵەی زمان لەسەر بنەمای تیۆریی و تویژینەوەی مەیدانی دانەمەزرا بوو، تاکو لێی بکۆڵرێتەوە و پەیوەندی زمان بە کۆمەڵگە چارەسەر بکات، بەتــایبەتی ئەگەر بەهــۆی بڕیــاری سیاســییەوە دروســتبووبێت و سیاســییەکانیش خودیەتیــان زۆرە، هەروەهــا ئەم دەســتوەردانانە لەلایەن کەســانی پســپۆڕەوە ئەنجــام نەدراوە، کە پســپۆڕی کۆزمانەوانی بن(لویس جان کالفي:٢٠٠٩، ص٢٦).

ئەم تویژینەوانە گرنگی بە داڕشتنی میتۆدە زانستییەکانی ئەو دەستوەردانانە دەدەن، لە بەڕێوەبردنی ئەو فرەجۆرییەی لە زمانێکدا

هەن، لەم چەرخەدا پەیدابوون، نەخاسمە گرنگیدانی بازنەی (پراگ) بۆ پێوانەکردنی زمانی (چیکی) بە شێوەیەکی زانستی، لە بواری سیاسەت و پلانی زمانیدا پێشەنگ بوو، لێرەدا دەبینین (ئەنتوان میلیت – Antoine meillet) بەوپەڕی لێهاتووییەوە لەو یاسایانەی کۆڵیوەتەوە، کە بارودۆخی زمان لە کۆمەڵگەیەکی فرەزمان کۆنترۆڵ دەکەن و بەڕێوەیان دەبەن، هەروەها زمانەوانەکانی بەرەو دۆزینەوەی ئەم یاسایانە ئاراستە کرد، هەر لە ساڵی (١٩٠٦) میتۆدێکی بۆیان دارشت، کە تێیدا وتی:((**پێویستە دەستنیشانی ئەوە بکەین، کە لەگەڵ چ بونیادێکی کۆمەڵایەتیدا، بونیادێکی زمانی دیاریکراو کۆک دەبێت، هەروەها پێویستە دەستنیشانی ئەوە بکەین، کە گۆڕانکاری لە بونیادە کۆمەڵایەتییەکاندا بەشێوەیەکی گشتی چۆن دەردەکەون لە گۆڕانکارییەکانی پەیوەست بە بونیادە زمانەوانییەکان**))(محمود السعران: ١٩٦٣، ص٦٢)، لەبەر ئەوە نامۆ نییە، کاتێ دەبینین (ئەنتوان میلیت) باس لە ئەوروپای زمانەوانی دەکات(لویس جان کالفي:٢٠٠٩، ص ١٣).

کەچی زاراوەی پلانی زمان تەنیا لەسەر زاری **ڤاندش ــVrielweinreich**) دەرکەوت، بەڵام (ئینار هۆگن – Haugen)، کە پسپۆڕی کۆزمانەوانی بوو، توانی ساڵی ١٩٥٧ زاراوەکە بخزێنێتە ناو بواری کۆزمانەوانییەوە، ئەویش لەڕێگەی وتارێکییەوە دەربارەی بارودۆخی زمانی نەرویجی نووسیبووی، هەروەها (فیشمان) گوزارشتی **(سیاسەتی زمان)**ی لە پەرتوکێکی خۆیدا باسکرد، کە لە ساڵی (١٩٧٠)دا بڵاوی کردەوە، بەمشێوەیە ئیدی دووانەیی

**(سیاسـەت/ پـلان)** زیـاتر بڵاوبـوونەوە، بەبـێ ئەوەی ماناکانیـان بەوردی بزانرێـت، چـونکە هەردوو زاراوەکە لەنـاو دوو زانسـتدا سـەریان هەڵداوە و تـازە پەیـدابووبوون، لەبەر ئەوە ئەوکـاتە زاناکـان لەسـەر دەستنیشـانکردنی ناوەکانیـان ڕێکنەکەوتبـوون، ئەو دوو زانسـتەش بریتـی بـوون لـە: **یەکـەمیان: زمانـەوانیی کـارەکی** **Linguistice Appliue**((زمـانەوانیی کـارەکی، ئەم زاراوەیە لە ساڵی ١٩٤٦ەوە سـەریهەڵداوە و بووەتە لقێک لە لقەکانی زمانەوایی گشتی، تاکو ئەوکاتەی لێی جودابوویەوە، پاشانیش بۆ نزیکەی سی سـاڵ هاوبەشـی بـووە، چـونکە لە ڕاسـتیدا زانسـتێکە لـە ئەنجـامی زانسـتەکانی دیـکە بەرهەمـدێنێت، کە پەیوەنـدییان بە زمـانەوە هەیە، ئەم زانستەش بۆ چارەسەرکردنی کێشـەکانی زمـان بەکاردێت، کە لە بوارەکانی دی نازمانی ڕووبەڕووی دەبنەوە، وەک بـواری فێربـوونی زمانی یەکەم و فێربوونی زمانی دووەم و فرەیی زمان و پلانی زمان و چارەسـەرکردنی کێشـەکانی ئاخـاوتن و وەرگێڕان و ئامـادەکردنی فەرهەنـگ و سیسـتەمەکانی نووسـین، ئەم زانسـتە بـۆ چەنـد لقێکـی زانسـتی دیـکە دابەش بوو(زمانـەوانیی فێرکـاریی، کۆزمانـەوانی، زمانـەوانی دەروونـی)))(محمـد فتـیح:١٩٨٩،ص١٢ــ ١٥) و(صـالح لعیــــد:١٩٩٩، ص١١ــــ١٩) و دووەمیــــان: **کۆزمانـــــەوانی Socialinguisticue**((زۆربـەی سـەرچاوەکان لەسـەر ئەوە کـۆکن، کە زاراوەی بیـانی Socialinguisticue، بە زمـانی کـوردی پێـی دەوترێت: (کۆزمانەوانی ـ زمانەوانی کۆمەڵایەتی)، فیشـمان پێی وایە کۆزمـانەوانی ئـاوێتەبوونی دوو ڕواڵەتـی ئاکـاری مرۆیـی لەخـۆ

دەگرێت، کە لەم دووانە پێکهاتوون: بەکارهێنانی زمان و ڕێکخستنی ئاکاری کۆمەڵایەتی، کەواتە ئاماجی کۆزمانەوانی گەڕانە بە دوای فرەجۆری پەیوەندی ڕواڵەتە زمانەوانییە کۆمەڵایەتییەکان، چونکە فرەجۆری دوو بەشن: فرەجۆرییەکی زمانەوانی و فرەجۆرییەکی کۆمەڵایەتی و لەنێوانیشیاندا جۆرە پەیوەندییەک هەیە، کە لەوانەیە لە ڕواڵەتدا بێت، یان لە ناوەرۆکدا بێت، یان لە هەردووکیان پێکەوە بن.))(سلطان ناصر المجیول:١٩٩١، ص ٦٦)، بەمشێوەیە توێژینەوەکانی بەڕێوەبردنی فرەجۆری زمان بووە لقێک لە لقەکانی سیاسەتی زمانی، کە توێژینەوەکانیان لەژێر سایەی هەردوو ئەم زانستە تازەیە جێیان بووەوە.

بونیادگەریی لەسەر بنەمای ڕەتکردنەوەی لایەنە کۆمەڵایەتییەکانی زمان دروستبوون، کەچی کۆزمانەوانی وەکو زانستێک گرنگی بە لایەنە کۆمەڵایەتییەکانی زمان دەدات، ئەم دوو تەوژمەش هەردووکیان بە شێوەیەکی سەربەخۆ پێشڤەچوونیان بەخۆوە بینی(عبدالحمید دباش:٢٠٠٤، ص ١٤).

ئەو شتە نوێیەی لە شەستەکانی سەدەی پێشوو سەری هەڵدا، لەو گرنگیدانە فراوانە بەرجەستە بوو، کە کۆزمانەوانی توانای دۆزینەوەی زۆر لەو شتانەی هەیە، کە لە سروشتی زمان و سروشتی کۆمەڵگەدا شاردراوە بوون(هدسون:١٩٩٠، ص١٢)، ئینجا لەبەر ئەوەی سیاسەتی زمان چالاکییەکی ڕاشکاوانەیە و ئاراستەی زمان دەبێت، ئەوا توێژینەوەی سیاسەت و پلانی زمانی لە بواری کۆزمانەوانیدا جێی دەبێتەوە، هەروەکو (فیشمان) ئاماژەی بۆ

دەکات، تەنانەت وای لێهات پلانی زمانی بە (کۆزمانەوانیی کارەکی) ناوزەد دەکرا(روبرت ل کوبر: ٢٠٠٦، ص ٩١)، بگرە (لویس جان کافی) ئەوەی تێبینیکرد، کە پێشڤەچوونی کۆزمانەوانی بە پێشڤەچوونی سیاسەتی زمانییەوە پەیوەندی هەیە و توندبوونی ئەم زانستەش دەرەنجامی گرنگیدانە بەراییەکانی بوو بە سیاسەتی زمانی(لویس جان کافي:٢٠٠٩، ص ٣١).

### ٣. ڕێکارەکانی داڕشتنی سیاسەتی زمانی

بەرزکردنەوە و گەشەکردنی زمان پێویستی بە ئامادەکردنی پلان و سیاسەتێکی زمانی لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا هەیە.(عبدالقادر الفهري: ٢٠١٠، ص٦٣)، میتۆدی داڕشتنی سیاسەتی زمان لە میتۆدی کۆزمانەوانی دوور نییە، چونکە زادەی ئەم زانستەیە، (میشال زەکەریا) دەڵێت:((**باشترین و باڵاترین داڕشتن ئەوەیە، کە توێژینەوەی نیازمەندیی و ئامانج و ئامراز و دانانی نەخشەکانی کارکردن و هەڵسەنگاندنیان ئەنجام بدەین، کەواتە پێویستە لەسەر ئەو کەسەی نەخشە دادەڕێژێت، گرنگی بە پرسەکانی زمان لە کۆمەڵگەدا بدات، پێش ئەوەی دەست بەم کارە بکات، هەروەها پێویستیشە لەسەری بەدوای گرفتەکانی زماندا بگەڕێت و لەو فاکتەرە کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و سیاسی و ئابووری و پەروەردەییانە بکۆڵێتەوە، کە لەگەڵ مەسەلە زمانییەکانی کۆمەڵگەدا تێکەڵ دەبن**)). (أحمد بوکوس:٢٠٠٣، ص٢٠).

ئینجا ڕێکاری داڕشتنی سیاسەتێکی زمانی بە سێ قۆناغی سەرەکیدا تێپەڕ دەبێت، کە ئەمانەن:

**یەکەم: وەسفکردنی بارودۆخی کۆزمانەوانی**، خوازیاری ئەوەین بۆ بەڕێوەبردنی، وەسفێکی زانستی وردی بدەینێ، تا بگەینە حاڵەتی تێربوون لە وەسفکردن و شیکردنەوەی، ئەمەش تەنیا بە هەژمارکردنی کێشەکان دەستەبەر دەبێت، پاشان پێویستە لە ڕووی کۆزمانەوانییەوە شیانبکەینەوە.

ئەگەر شـــێوازەکەی (لـــویس جـــان کـــالفی) لە بـــواری چـــاودێریکردنی دیـــاردە زمانەوانییەکـــان و شـــوێنەوارە سیاســـییە کۆمەڵایەتییەکـان لێکبـدەینەوە، ئـەوا دەبینـین شـێوازەکەی جەخـت لەسەر دوو توخم دەکاتەوە، کە ئەمانەن(p79،Calvet:2009 ):

**أ/ تـــوێژینەوەیەکی مەیـــدانی،** کە قوتابییەکـــانی ئەم زانـــایە ئەنجامیان داون، ئەم توێژینەوەیە لەسەر بنەمای تێبینی ڕاستەوخۆ و کۆکردنەوە و بەدواداچوون و ڕوونخوازی و دەرخستنی ئەنجامەکان لە خشـتە و ئامارەکانـدا ئەنـجام دەدرێت، هەروەهـا ئەم تـوێژینەوەیە پشت بە هەڵبژاردنی مەیدانی توێژینەوەکانی دەبەستێت. (لویس جان کـالفی) جەختـی لەسـەر بازاڕەکان کـردووەتەوە، چـونکە باشـترین و گونجاوترین شوێنە بۆ ئاڵوگۆڕی زمـانەوانی، ئەم تـوێژینەوەیەش ئەم کاتە بە **(توێژینەوەی جەستەی زیندوو)** ناوزەد دەکرا.

ئامرازەکـانی تـوێژینەوەی مەیـدانی پشـت بە هەمـوو جۆرەکـانی تێبینیکـردن و تـوێژینەوەی حاڵەتەکـان و پرۆسـەکانی ڕوومـاڵکردنی گشـتی و ڕوومـاڵکردنی نموونەکـان دەبەسـتێت، هەروەهـا پشـت بە دیدار و نووسـینی ڕاپـۆرت و بەکارهێنـانی ئامێرەکـانی تۆمـارکردن و وێنەگرتن دەبەستێت(عبدالفتاح عفیفي:١٩٩٥، ص ١٨٤).

هەروەها (میشال زەکەریا) چەند هەنگاوێک بۆ چۆنیەتی پێوانەی بارستایی بەکارهێنانی زمانی فەڕەنسی لە وڵاتی لوبنان پێشنیاز دەکات، کە نەخشەیەکە دەکرێ پشتی پێببەسترێت، ئەو دەڵێت:

**((١- قسه به زمانی فەڕەنسی دەکەین (قوتابخانه، ژینگەی کۆمەڵایەتی، دەوروبەر، گوێگرەکان، بابەتەکانی ئاخاوتن، شوێنی کارکردن...).**

**٢- گوێ له زمانی فەڕەنسی دەگرین (وانەکان، ڕادیۆ، تەلەڤزیۆن، شانۆ، سینەما، وانەبێژیی، تۆمارەکان...).**

**٣- به زمانی فەڕەنسی دەخوێنینەوە:(ڕۆمان، گۆڤار، ڕۆژنامه، بڵاوکراوە...).**

**٤- به زمانی فەڕەنسی دەنووسین(ڕاپۆڕت، وتار، نووسین، یاداشتنامه، نامەی تایبەت، نامەی کارکردن...).**

**٥- زمانی فەڕەنسی وەک زمانی دووەم هەڵدەبژێرین(ئەرکی زمانی فەڕەنسی، کەمەندکێشبوون بۆی، پۆلێنکردنی ئابووری و پیشەیی، سروشتی مامەڵەکردن و پلەکانی، کاردانەوەکانی ژینگه، هەڵوێست وەرگرتن دەربارەی، فاکتەر، ئایدۆلۆژییەکان...).**

**٦- بۆ مانەوەی زمانی فەڕەنسی له لوبناندا کار دەکەین (دووانەیی و پلەکانی زمانەوانی، زانینی زمانی دووەم، دنەدان بۆ فێربوونی بابەته پەروەردەیی و فێرخوازییەکان، بەرنامه بینراوەکان...) )).** (میشیال زکریا:١٩٩٣، ص ٤٥).

**ب - توێژینەوه له سەنتەری بڕیاردان و سەرکردایەتی ئەرکان،** واته توێژینەوەیەک له دەرەوەی مەیدان، بۆ هەموو ئەو شتانەی له مەیداندا کۆکراونەتەوە.

**دووەم: دەستنیشانکردنی ئامانجه** مەزن و قۆناغبەندییەکان و ئاراسته گشتییەکان، ئەمەش تەنیا به زانینی ئەو ئەنجامانه دەستەبەر

دەبێت، کە خوازیاری گەیشتنین پێیان، لێرەدا دەبینین (لویس جان کالفی) هەوڵدەدات سوود لە ئەزموونە زمانەوانییە هاوچەرخەکانی بواری سیاسەتی زمان ببینێت، تا ئامانجەکانی سیاسەتی زمان و چارەسەری گرفتەکانی فراوانتر بکات، تاکو چارەسەرکردنی هەموو ئەو گرفتانەی دێنە پێش زمان بگرێتەوە، وەکو دەستوەردان لە وێنەی زمانەوانی بە داهێنانی نووسین، یان بە بەرهەمهێنانی فەرهەنگی، یان دەستوەردان لە پلە و پایەی زمان و باسکردنی ئەرکەکانی زمان و پایە کۆمەڵایەتییەکانی و پەیوەندییەکانی خودی ئەو زمانە بە زمانەکانی دیکەوە. بەم سیاسەتە زمانییە دەتوانین وشە بگۆڕین و دروستیان بکەین، واتە وشەی تازە دروست بکەین و دژ بە خواستنی وشەی دی بوەستینەوە، هەروەها دەتوانین پێگەی زمان لەڕێگەی بەرەوپێشبردنیان و گەیاندنیان بۆ ئاستی زمانە ڕەسمییەکان بگۆڕین (لویس جان کالفي: ٢٠٠٩، ص ٢٣). ئەمە ناسراوترین ئەو گرفتانەیە، کە لە کاتی دارشتنیاندا سیاسەتە زمانییەکان بە ئامانجیان دەگرن، ئەمانەش میشال زەکەریا بەمشێوەیە پوختیان دەکاتەوە:

١. دارشتنی پێوەری نووسینی ڕاست و دروست و قسەکردنی باش.

٢. گونجاندنی زمان، وەک ئامرازێک بۆ گوزارشتکردن لەلایەن تاکەکانی ئەو گەلەی بەکاریدەهێنن.

٣. توانای زمان لەسەر ئەوەی ببێتە ئامرازێک بۆ داهێنانی هزریی و زانستیی.

٤- بێتوانایی لەسەر تێگەیشتنی ئەندامانی کۆمەڵگە زمانییەکان لەناو یەک دەوڵەتدا.
٥- هەڵبژاردنی زمانی فێرکردن.
٦- وەرگێڕانی بەرهەمە ئەدەبییەکان.
٧- پشتبەستن بە زمانێکی گونجاو بۆ ئاڵوگۆڕکردنی بەرهەمە زانستییەکان.
٨- ئەو کۆت و بەندانەی لەسەر بەکارهێنانی زمانییدا لە هەندێک کۆمەڵگە دانراون.
٩- ململانێی نێوان زارەکان و هەوڵدان بۆ باڵاکردنی یەکێک لەو زارانە و گەیاندنیان بە ئاستی زمانی فەرمی.
١٠- پارێزگاریکردن لە هاوسەنگی نێوان بەرژەوەندی دەوڵەت و بەرژەوەندی تاکەکان لە بواری زمانییدا. (میشیال زکریا: ١٩٩٣، ص ١١).

پاش تێڕوانین لەم شتانەی وتومانن، دەتوانین تێبینی ئەوە بکەین، کە سیاسەتی زمانی لەسەر دوو تەوەر ئامانج دەگرێت، کە ئەمانەن: کارتێکردن لە زمان، یان کارتێکردن لە زمانەکان.
کارتێکردن لەسەر زمان لەوانەیە پەیوەندی بە ڕێنووس، یان فەرهەنگ، یان شێوەی زارەکان هەبێت، لەوانەیە پێویستیمان بەوە هەبێت پیتێکی تازەی نووسین بۆ زمانێک دابهێنین، کە خاوەن ڕێنووس نەبێت، یان ئەلفوبێیەکەی سادە بکرێتەوە، یان سەرتاپا گۆڕانکارییان بەسەردا بێت، لەوانەشە پێویستی داهێنانی چەند یەکەیەکی فەرهەنگی تازە بین، بۆ پڕکردنەوەی کەلێنەکان لە بواری

وشـــەکاندا، بەرانــبەر پێشــڤەچوونی لایەنەکــانی ژیــانی سیاســی و زانستی، لە هەمان کاتدا لەوانەیە زارێک لەنێو زارەکانی دیکەدا بالاتر بچێــت و بگــاتە ئاســتی زمــانی نیشــتمانی، لەم حــاڵەتەدا ئەم زارە پێویســتی بە پــوختکردن و یەکخســتنی بەکارهێنانەکــانی لە هەمــوو خاکی نیشتماندا دەبێت.( لویس جان کالفی: ٢٠٠٦، ص ١١٢ ـ ١١٧).

بەڵام کارتێکردن لەسەر هەموو زمانەکان، بە فێرکردنی فرەیی زمانی دروست دەبێت، پاشان پێویستە زمانێک لەناو ئەو زمانانە هەڵبژێردرێت، بۆ ڕاپەڕاندنی چەند ئەرکێکی دیاریکراو(لویس جان کــالفی:٢٠٠٦، ص ١٥٧ ـــ ١٥٨)، بــۆ نمــوونە ئەگەر گۆڕانکــارییە کۆمەڵایەتییەکان بۆ سەر چینی بژاردە هەڕەشە و مەترسی بوون، ئەوا ئەم ئاگادارییە بەوەی پێویســتە سیاســەتێکی زمــانی هەبێت و دروست بکرێت، ئەگەر بژاردەی بەرانبەریش ئەم گۆڕانکارییانەیان داواکرد، ئەوا هەمان حاڵەت پەیڕەو دەکرێت، زۆرجار پرۆسەی کێشانی نەخشەی سیاسەتی زمانی لە هەوڵدان بووە، بۆ ئەنجامدانی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی تایبەت، لەم حاڵەتەدا پێویستییەکە بۆ ئەم زمانە زیاتر و چڕتر دەبێت، کاتێک کۆمەڵگە ئارەزووی گۆڕانکاری لە بواری ئەرکەکانی زماندا دەکات، لەبەر ئەوە ئەوانەی سیاسەتی زمــــانی دادەڕێـــژن، پێویســــتە لەســــەریان توانــــای گــــۆڕینی هەڵسەنگاندنەکانی خۆیان بۆ زمان بۆ نموونە لە زمانی (أ) بۆ زمانی (ب) هەبێت، پێش ئەوەی گۆڕانکاری لە کۆمەڵگەدا بکەن. (روبرت ل کوبر:٢٠٠٦، ص ٢١٩ ـ ٢٢٠).

هەرچەندە بارودۆخە زمانییەکان لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە دەگۆڕێت، کەچی زانایان هەوڵیانداوە ئامانجەکانی داڕشتنی پلانی سیاسەتە زمانیەکان دەستنیشان بکەن، لەم پرۆسەیەدا گەیشتنە سێ ئامانجی سەرەکی، کە (میشال زەکەریا) بەم شێوەیە کورتیان دەکاتەوە(میشیال زکریا: ١٩٩٣، ص ١٦):

**١. هەڵگرتنی فرەیی زمانی و دەستگرتن بە یەک زمانەوە**، کە ببێتە زمانی نەتەوەیی فەرمی، ئەمەش تەنیا بەم هەنگاوانەی خوارەوە دەستەبەر دەبێت:

أـ هەڵبژاردنی نموونەیەکی پێوەر لەنێوان ئەم زمانانەدا (قۆناغی هەڵبژاردن و نموونەگەریی).

ب ـ داڕشتنی شێوەی ئەو زمانەی خوازیاری باڵاکردنین.

ج ـ داڕشتنی یاسا و دەقی یاسایی، کە ئەرکەکانی زمان لەخۆ بگرێت (قۆناغی یاساڕێژی و فراوانکردنی ئەرکەکان).

د ــ وەرگرتن و پەسەندکردنی ئەم زمانە لەلایەن کۆمەڵگەوە (قۆناغی جێگیرکردنی جۆرەکەی).(میشیال زکریا: ١٩٩٣، ص ١٦).

هەروەک دەردەکەوێت ئەم ئاراستەیە ئاوێتەکردنی کەمینە ئەتنیکەکان لە بۆتەیەکی ڕۆشنبیریی نیشتمانیدا بە ئامانج دەگرێت. (ڕۆشنبیری)ش وەکو زاراوە و چەمک لە دواهەمین پێناسەکانیدا، کە لە کۆنگرەی جیهانی وەزیرانی ڕۆشنبیری لە (مەکسیکۆ) ساڵی (١٩٨٢) گرێدرا، بریتییە لە: کۆی ئەو ئادگارە ڕوحی و ماددی و هزری و سۆزدارانەیە، کە کۆمەڵگەیەک لەیەکتری جیادەکەنەوە، هەروەها گروپێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراوە، هونەر و ئەدەب و

شێوازەکانی ژیان دەگرێتەوە، بە هەمان شێوەش مافە بنەڕەتییەکانی مـــرۆڤ و سیســـتەمەکانی بەهـــا و داب و نەریـــت و بـــاوەڕیش دەگرێتەوە، هەروەها ڕۆشنبیری توانای بیرکردنەوە لە خودی مرۆڤ بە مرۆڤ دەبەخشێت، ئەو توانایانەی وامان لێدەکەن ببینە کائینێکی وا، کە خەسڵەتی مرۆیی لەخۆبگرین، کە لە عەقڵانیـیەت و توانـای ئاراستەکردنی ڕەخنە و پابەندبوونی ئاکاری پێکدێن.(أحمد بن نعمان:١٩٩٧، ص ١٣٦).

**٢ـ پەیڕەوکردنی فرەیی زمان و داننان پێی**، ئەویش لەپێناو پارێزگاریکردن لە زمانە سەرەکییەکان لەناو دەوڵەتدا و هەڵبژاردنی زمانێک یان زیاتر، تاکو ببێتە زمانی فەرمی. ئەم ئاراستەیە هەنگاو دەنێت بۆ جێبەجێکردنی پرۆسەی پێکەوەژیانی پرسە ڕۆشنبیرییەکانی نـاو یەک دەوڵەت و بـواردان بە فرەجـۆری، لەجیـاتی گونجـانی ڕەگەزی و ئەنجامدانی گۆڕانکاری لەجیاتی چەسپاندن و جێگیربوون.

**٣ـ پەیڕەوکردنی دوو زمانی فەرمی و داننان پێیان**، چونکە هەردووکیـان لەگـەڵ پێکهـاتەی زمـانەوانی نیشـتمانیدا دەگـونجێن، ئامانجی ئەم ئاراستەیە ئەوەیە، دادپەروەرانە مامەڵە لەگەڵ هەردوو ئەم گروپە زمانییە بکرێت، کە لەناو یەک دەوڵەتدا بەکاردەهێنرێن.

ئامانجەکـــانی سیاســـەتی زمـــانی وا پێـــدەچێت تەنیـــا چارەســەرکردنی گـرفتە ڕەهاکـانی زمـانەوانی بێـت، ئەمەش خـاڵێکە (ئینار هۆگن) بەم وتەیە جەختی لەسەر دەکاتەوە:((**لە کاتێکدا پلانی زمـانی دەبێـتە پێویسـتییەک، ئەگەر چەنـد گرفتێـک لە زمانـدا سەرهەڵبدەن، کە تێبینی ئەوەش دەکەین زمانێک لەبەر هەر هۆکارێک**

**بێت، ببێته شتێکی وا، که مەرامە خوازراوەکه بەدی ناهێنێت، لەم حاڵەتەدا بوار بەرانبەر بە بەرنامەی پلانی زمانی والا دەبێت))**(روبرت ل کوبر:٢٠٠٦، ص٧٥)، بەڵام مەسەلەکه وا نییه، چونکه تەنیا پەیوەندی بە چارەسەرکردنی گرفتەکانی پەیوەست بە کەموکووڕی زمانێک، یان چەند زمانێکەوە نییه، چونکه مەبەست و مەرامی سیاسەتی زمانی تەنیا هەر خودی زمانەکه نییه، بەڵکو کاریگەری لەسەر ئاکاری زمانەوانی تاکەکانی کۆمەڵگەش هەیه، لێرەوە ئیدی پلانی زمانی بەرەو جێبەجێکردنی ئامانجێک ئاراسته دەکرێت، که پەیوەندی بە زمانەوە نییه(روبرت ل کوبر:٢٠٠٦، ص ٧٧). بەجۆرێک پەیوەندییەکانی نێوان زمان(زمانەکان) و ژیانی کۆمەڵایەتی له یەک کاتدا له ڕووی شوناسی ڕۆشنبیری و ئابووری و گەشەکردنیشەوە گرفتن، ئیدی بەمشێوەیه شارەزای سیاسەتی زمانی (فرانکۆفۆنی) و (ئەنگلۆفۆنی) و هتد... دەبین.(لویس جان کالفي:٢٠٠٩، ص١٤).

لەوانەیه ئامانجەکانی سیاسەتی زمانی ڕاگەیەنراو و ڕانەگەیەنراو گوزارشت له قەڵبەزەیەکی جۆری تویژینەوە زمانەوانییەکان بکەن، چونکه سیاسەتی زمانی لەسەر چارەسەرکردنی پرسەکانی شێوازی زمانەوانی (بونیادی) بازیدا و چووە بواری چارەسەرکردنی پرسەکانی پێگه (Staut)، ئەم پێشقەچوونەی تویژینەوە کۆزمانەوانییەکانیش پێشقەچوونێکی هاوتەریبە لەگەڵ پێشقەچوونی تویژینەوە زمانەوانییە گشتییەکان، که دەستی بەوە کردووە بەرەو گێڕانەوەی گرنگ بۆ لایەنە

کۆمەڵایەتییەکەی زمان کەمەندکێش ببێت. (لویس جان کالفي:٢٠٠٩، ص٢٢).

**سێیەم: دارشتنی ستراتیژییەت و دەستنیشانکردنی** ئەو ئامرازانەی دەتوانێت پراکتیزەیان بکات و ئامانجەکانیان جێبەجێ بکات و سیاسەتی زمانی بەجێ بهێنێت. ستراتیژییەتیش مانای زانست و هونەر و دارشتنی ئەو هێڵە گشتییانەیە، کە تێبینیکراون و بەوردی توێژینەیان لەبارەوە کراوە و بەشێوەیەک دارێژراون، کە بەدوایەکدا دێن و ئاوێتە بن و بۆ بەکارهێنانی داهاتەکان هەماهەنگ بن(هەموو جۆرەکانی سامان و هێز) بۆ بەجێهێنانی ئامانجە مەزنەکانن، ئەم زاراوەیە لەم چەند دەیەی دواییدا بەکارهێنانی تەشەنەی سەند، زاراوەکە لە بنەڕەتدا یۆنانییە و مانای هونەری شتەکان، یان پلانە گشتییەکان دەگەیەنێت(عبدالوهاب الكيالي: ٢٠١٠، ص ١٦٩).

ڕوونترین نموونەش لەسەر ئەمە، ستراتیژیەتی دوژمنکارانەی فەڕەنسایە لەکاتی داگیرکردنی جەزائیر لە بواری سیاسەتی زمانیدا، کە لەم خاڵانەدا بەرجەستە بوو:

١ـ کۆگەیەکی یاسایی سیاسەتکراو، کە ئامانج لێی سەپاندنی واقیعێکی زمانەوانی کۆمەڵایەتی دیاریکراوی تازە بوو.

٢ـ کۆگەیەکی پڕی داهاتە نەختییەکان (بە داراییکردنی ئاراستەکراوی سیاسیانە)، ئەویش لەڕێگەی سەپاندنی بودجەیەک، بۆ زامنکردنی داراییکردنی ئەم پرۆژە زمانەوانییە.

٣ـ دامەزراندنی دەزگـا بە سیاسـەتکراوەکانی پەروەردەیـی و ڕۆژنـامەوانی و ئـایینی و گەشـتیاریی، لە سـەرووی هەمووشـیانەوە ڕێکخراوی فرانکۆفۆنی و کەنیسەکان.

٤. کاریگەرییە دەروونی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان، ئەمەش بووە هۆی دەرکەوتنی کۆمەڵەیەک، کە بە **(کۆمەڵەی بژاردە)** ناوزەد دەکران، کە جەختیان لەسەر ڕواڵەتەکانی ژیان و ژیاری فەڕەنسی دەکرد.

فەڕەنسا لەپێناو ئەم کاریگەرییانەدا پەنای بردە بەر چەند ئامرازێک لەوانە:

١ـ قۆرخکردنی ڕاگەیاندنێکی پەرچەکردار و ئاراستەکراو، بۆ دروستکردنی ڕایەکی گشتی، تەنانەت بەهەڵە و چەواشەکاریش بێت، چونکە تا ئێستاکەش کەسانێک لە ئێمە هەن، وا گومان دەبەن فەڕەنسا هەڵگری ئاڵای ژیار و شارستانیەت و دادپەروەریی کۆمەڵایەتییە.

٢ـ بەهێزکردنی هەستکردن بە کەمی، و مەدهۆشبوون بە شارستانێتی فەڕەنسی لەلای جەزائیرییەکان، ئەویش لەڕێگەی سیاسەتی شووشتنەوەی مێشک، بە ڕێکخستنی سەردان و ناچارکردنیان بۆ فەڕەنسا، تا وای لێهات بژاردەیەکی خەڵکی دروستبوون، کە بۆچوونێکی فرانکۆفۆنیان لە ژیاندا بۆ دروستبوو، کە بە کۆمەڵەیەکی لادەر لە کۆمەڵگە لە ڕووی زمانی و هزری و فیکرییەوە هەژماردەکران.

٣ـ پشتبەستن بە ئافرەت، بۆ بڵاوکردنەوەی زمانی فەڕەنسی لەناو ئافرەتانی جەزائیر، ئەویش لەژێر چەتری کۆمەڵە و دەزگا خێرخوازییەکان.

قۆناغی یەکەم لای (ڕۆبیر) بە ئاستی هەڵسەنگاندنی بارودۆخەکە هەژماردەکرێت، بەڵام دوو قۆناغەکەی دوایی گوزارشت لە ئاستی سیاسەتی زمانی دەکەن(دباش عبدالحمید:٢٠٠٩، ص ٢١٠).

کەواتە وا پێدەچێت بەپێی قسەکانی (لویس جان کالفی) لەڕێگەی سیاسەتی زمانی فەڕەنسی لە سەردەمی کۆلۆنیالیدا تەنیا ڕووی مەدەنی و شارستانی جەنگی زمانەکان بێت.

## ئەنجام

لێرەدا دەتوانین ئەم ئەنجامانە بخەینەڕوو:

١ـ سیاسەتی زمانی لقێکە لە لقەکانی زانستێکی تازە، کە کۆزمانەوانییە و بابەت و میتۆدی تایبەت بە خۆی هەیە.

٢ـ بۆ دارشتنی سیاسەتی زمانی، پێویستە ئەم قۆناغانە پەیرەوبکرێن:

أـ وەسفکردنی بارودۆخی کۆزمانەوانی، کە خوازیاری دەستوەردانین لێی.

ب ـ دەستنیشانکردنی ئامانجەکانی ئەم سیاسەتە زمانییە.

ج ـ لە کۆتایشدا دارشتنی ڕێکار و ستراتیژی ئەوتۆ، بۆ جێبەجێکردنی ئەم سیاسەتە زمانییە.

٣ـ سیاسەتی زمانی ڕووی شارستانی پێشکەوتووی جەنگی زمانەکانە، ئەمەش بۆ شەڕێکە، کە جەنگی ڕۆشنبیریی و ئابووریی و سیاسیی پێ دادەپۆشرێت، کە لەژێرەوە بەڕێوەدەچێت.

٤ـ سیاسەتی زمان جیاوازە لە زمانی سیاسەت، سیاسەتی زمان کار لەسەر دیراسەکردنی خودی زمان(نەک سیاسەت) دەکات، بەڵام زمانی سیاسەت کار لەسەر سیاسەت دەکات.

# سەرچاوەکان

## بە زمانی کوردی

١ـ ئازاد عەزیز سلێمان(٢٠١٤)، ململانێی زمان ـ زمانی کوردی لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بە نموونە، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە/ زانکۆی سەلاحەددین.

٢ـ تاریق جامباز(٢٠١٤)، بوونی نەتەوە و سیاسەتی زمان، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

٣ـ ڕەحیم قادر سورخی(د)(٢٠١٣)، مەترسییەکانی سەر زمانی کوردی وەک (زمانی زگماکی)، یادکردنەوەی ڕۆژی جیهانی زمانی زگماک، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

٤ـ ڕەفیق سابیر(د)(٢٠٠٨)، کولتوور و ناسیۆنالیزم، چاپی سێیەم، چاپخانەی تیشک، سلێمانی.

٥ـ سەلام ناوخۆش بەکر(٢٠١٠)، ستاندەربوونی زمانی کوردی لەنێوان زمانی سیاسەت و سیاسەتی زمان، لە بڵاوکراوەکانی ڕێکخراوی زمانناسی، چاپخانەی منارە، هەولێر.

٦ـ شێرزاد سەبری عەلی و عەبدولسەلام نەجمەدین عەبدوللا(٢٠١١)، زمانڤانییا کارەکی، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای سپیرێز بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپخانەی خانی، دهۆک.

٧ـ عەبدولواحید موشیر دزەیی(د) و شێرزاد سەبری(د)(٢٠١٣)، زمانەوانی سیاسی، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.

٨ـ یوسف شەریف سەعید(د)(٢٠١٣)، فێربوونی زمانی دایک و ناسنامەی نەتەوە، یادکردنەوەی ڕۆژی جیهانی زمانی زگماک، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

**بە زمانی عەرەبی**

٩ـ ابن جني(١٩٥٧)، الخصائص، تحقيق محمد علي النجار، المكتبة العلمية، دار الكتب المصرية، ج١.

١٠ـ ابن منظور(٢٠١٤)، لسان العرب، تحقيق عبدالله علي الكبير و آخرون، دار المعارف، مصر، ط١، ج١.

١١ـ أحمد بن نعمان(١٩٩٧)، فرنسا و الأطروحة البربرية: ، ط٢، دار الأمة، الجزائر.

١٢ـ أحمد بوكوس(٢٠٠٣)، الأمازيغية والسياسة اللغوية والثقافية بالمغرب، مركز طارق بن زياد، الرباط، ط١.

١٣ـ أحمد شامية(٢٠٠٢)، في اللغة، دار البلاغ للنشر، ط١.

١٤ـ جيمس و طوليفصون(٢٠٠٧)، السياسة اللغوية ـ خلفياتها و مقاصدها، ترجمة محمد الخطابي، مؤسسة العنى، الرباط، المغرب، ط١.

١٥ـ خلف الجراد(٢٠٠٧)، علم السياسة و مقدماته اليونانية، مجلة الفكر السياسي، العدد ٣١، السنة العاشرة، اتحاد الكتاب العرب، دمشق.

١٦ـ دباش عبدالحميد(٢٠٠٩)، مقياس التهيئة اللغوية، بيروت.

١٧ــ روبــرت ل كــوبر(٢٠٠٦)، التخطــيط اللغــوي والتغييــر الاجتماعي، ترجمة خليفة أبوبكر الأسـود، اصدار مجلس الثقافة العام، ليبيا.
١٨ـ الزبيدي(٢٠١٠)، تاج العروس، المطبعة الخيرية، مصر، ط١، ج٤.
١٩ـ سلطان ناصر المجيول(١٩٩١)، نقل مصطلحات اللسانيات الاجتماعية الى العربية.
٢٠ـ صـالح لعيـد(١٩٩٩)، دروس فـي اللسـانيات التطبيقيـة، دار هومه، الجزائر، ط٣.
٢١ـ عبدالقادر الفاسي الفهري(د)(٢٠١٠)، أزمة اللغة العربيـة في المغرب ـ بين اختلالات التعددية و تعثرات(الترجمة)،دار الكتاب الجديد المتحدة، بنغازي، ليبيا.
٢٢ـ عبدالحميد دباش(٢٠٠٤)، اللغويات الاجتماعيـة، مجلـة الأثـر، عدد ٣، مجلة الآداب و اللغات، كليـة الآداب والعلوم الأنسانية، جامعة ورقلة، الجزائر .
٢٣ـ عبـدالرحمن بـن خلـدون(١٩٩٠)، مقدمـة ابـن خلـدون، دار الجيل، بيروت.
٢٤ـ عبـدالفتاح عفيفـي(١٩٩٥)، علـم الاجتمـاع اللغـوي، دار الفكـر العربي، القاهرة، مصر.
٢٥ــ عبـدالقادر فضـيل و محمـد صـالح رمضـان(٢٠٠٧)، امــام الجزائـر عبدالحميـد بـن باديس، دار الأمـة للطباعـة والنشـر والتوزيـع، ط١.

٢٦ـ عبدالوهاب الكيالي(٢٠١٠)، موسوعة السياسة، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، دار الهدى، بيروت، ج١.

٢٧ـ عبدالوهاب الكيالي(٢٠١٠)، موسوعة السياسة، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، دار الهدى، بيروت، ج٣.

٢٨. عبدة الراجحي(١٩٩٥)، علم اللغة التطبيقي وتعليم العربية، دار المعرفة الجامعية الاسكندرية، مصر.

٢٩. علي عباس مراد(١٩٩٩)، دولة الشريعة ــ قراءة في جدلية الدين والسياسة عند ابن سينا، دار الطليعة، بيروت، لبنان، ط١.

٣٠. على علواش(٢٠١٠)، حركة ابن باديس التربوية و أهدافها الأصلاحية، رسالة غير منشورة.

٣١ـ الفيروز آبادي(٢٠٠٥)، القاموس المحيط، تحقيق مكتب تحقيق التراث في مؤسسة الرسالة، اشراف محمد نعيم العرقسوسي، مؤسسة الرسالة، بيروت، لبنان، ط٨.

٣٢. لويس جان كالفى(٢٠٠٦)، علم الاجتماعي اللغوي، ترجمة محمد يحياتن، دار القصبة للنشر، الجزائر.

٣٣. لويس جان كالفي(٢٠٠٩)، السياسات اللغوية، ترجمة محمد يحياتن، منشورات الاختلاف، الجزائر، ط١.

٣٤. مالك بن نبي(١٩٨٥)، بين التيه والرشاد، دار الفكر، دمشق.

٣٥. مجمع اللغة العربية(١٩٨٣)، المعجم الفلسفي، الهيئة العامة لشؤون المطابع الأميرية بالقاهرة، مصر.

٣٦ـ محمد فتيح(١٩٨٩)، في علم اللغه التطبيقي، دار الفكر العربي، القاهرة، مصر، ط١.

٣٧ـ محمـود السـعران(١٩٦٣)، اللغـة والمجتمـع، دار المعـارف، مصر، ط٢.
٣٨ـ مصـطفى ديـب البغـا(١٩٩٨)، نظـام الاسـلام فـي العقيـدة والأخلاق والتشريع، دار الفكر، بيروت، لبنان، ط٢.
٣٩ـ ميشال زكريا(١٩٩٣)، قضايا ألسنية تطبيقيـة، ط١، دار العلم للملايين، بيروت، لبنان.
٤٠ـ نعمـان بـوقرة(٢٠٠٩)، اللسـانيات ــ اتجاهاتهـا وقضـاياها الراهنة، عالم الكتب الحديث، الأردن، ط١.
٤١ـ نعوم جومسكي(١٩٩٣)، المعرفـة اللغويـة(طبيعتها و اصـولها و استخدامها)، ترجمة: محمد فتيح، الطبعـة الاولـى، دار الفكـر العربـي، القاهرة.
٤٢ـ هدسون(١٩٩٠)، علم اللغة الاجتماعي، ترجمة محمـود عيـاد، عالم الكتب، مصر، ط ٢.

**به زمانی ئینگلیزی**

43-Calvet: La Guerre des Langues, 2eme parte ((Le champ de bataille)), 3eme parte ((Dans Les etas – majors)), 2009 .

44-Louis - Jean Calvet: La Guerre des Langues et Les politiques Linguistques, Hachette Litteratures, France, 1999.

# دارِشتن
# چەمک و جۆر و هەنگاوەکانی وتنەوەی

## پێشەکی

### ١. ناونیشان و بواری لێکۆڵینەوەکە

ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە **(دارشتن ـــ چەمک و جۆر و هەنگاوەکانی وتنەوەی)**یە، بۆ باسکردنی چەمک و لایەنە گرنگەکانی دارشتن تەرخانکراوە، ئامانجی سەرەکی لە بابەتی دارشتن، فێرکردنی زمان بەگشتی و زمانی کوردییە بەتایبەتی، تا فێرخواز بگاتە ڕادەی ئەوەی، بتوانێت لە ڕووی زمانەوانییەوە بەشێوەیەکی ڕوون و ڕاست و دروست پەیوەندی بەوانی دیکەوە بکات، جا چ پەیوەندییەکە زارەکی بێت، یان نووسین بێت. هەموو هەوڵ و کۆششەکانی فێربوونی زمانی کوردیش پێویستە بۆ بەجێهێنانی ئەم مەرامانە بێت، کە ئاماژەمان پێدان، هەروەها پەیوەندی زمانەوانی لە بنەڕەتدا بە دوو شێواز دەبێت، یەکەمیان پەیوەندییەکە لەنێوان قسەکەر و گوێگردا دەبێت، یان لەنێوان نووسەر و خوێنەردا دەبێت، لەسەر ئەم بنەمایەش زمان چوار هونەر لەخۆ دەگرێت، کە لەمانە پێکهاتوون: گوێگرتن، ئاخاوتن، خوێندنەوە و نووسین.

ئەم چوار هونەرە بە کۆڵەکە و بنەمای سەرەکی پەیوەندی زمانەوانی هەژمار دەکرێن و هەمووشیان پەیوەندییان بەیەکدییەوە هەیە، جگە لەمەش هەر یەکێکیان کاریگەری لەسەر ئەوی دیکەیان هەیە، بۆیە دەبینین لە هەندێ باردا گوێگری باش بە هەمان شێوە ئاخێوەر و خوێنەر و نووسەرێکی باشیشە، هەروەها خوێنەری باش، ئاخێوەر و نووسەرێکی باشیشە.

**٢. هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە**

بەداخەوە ئـێمەی کـورد زۆر کەم ئاوڕمـان لـەم بابەتـەوە داوەتـەوە، بـەجۆرێک ئـەم بابەتـە چەنـد لێکـۆڵینەوەیەکی کـورت و ناگشـتگیری لەسـەر کـراوە، بـۆیە ئـێمە ئەم هەلەمـان قۆسـتەوە بە تەرخـانکردنی کاتمـان بـۆ لێکـۆڵینەوە لەسـەر ئەم لـقە گـرنگەی زمانەوانیی، بۆ ئەوەی ببێتە سەرچاوەیەکی یاریدەدەر بۆ کتێبخانەی کوردی.

تێڕوانین بۆ زمان لەسەر بنەمای تەواوکاریی دەوەستێت، کە لەنێوان هونەرەکانیدا دروست دەبێت، ئەم تەواوکارییە لەجیاتی ئەو پەرتبوون و پارچەبوونەیە، کە لە پرۆسـەکانی وتنـەوەی وانـەکانی پەیوەست بە لقەکانی زمانەوانییەوە سەری هەڵداوە، کە شتێک یان بۆتەیـەک نییـە هـەموویان بـە یەکـەوە ببەسـتێتەوە، زمـان وەکـو بوونـەوەرێکی زینـدوو وایـە، کـە لایەنـەکانی کـار لەیەکدی دەکـەن و کاریگەرییان بەسەر یەکدییەوە هەیە، ئێمە لە هەموو حاڵەتەکاندا و لە هـەموو قۆناغەکانـدا دەتـوانین فێـری ئـەوە بین، چـۆن بـە خوێندنـەوە گوزارشـت دەکـەین و دەشـتوانین فێـری ئـەوە بـین چـۆن داڕشـتن و ڕێزمان بەیەکەوە ببەستینەوە، هەروەها چۆنیش داڕشـتن و ڕێنووس بەیەکەوە گرێ بدەین...هتد.

**٣. ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە**

ڕێبـازی لێکۆڵینەوەکەمـان، ڕێبـازێکی وەسـفیی شـیکارییە، کە بەهۆیەوە باسی چەمک و پێناسین و جۆر و ئەنجام و هـەنگاوەکانی

دارِشتن دەکات، بە وەرگرتن و پشتبەستن بە سەرچاوەی ڕەسەن و شرۆڤەکردنی ئەو دەقانەی بەم بابەتەوە پەیوەستن.

**٤. گیروگرفتی لێکۆڵینەوەکە**

گەورەترین گیروگرفت لەکاتی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەکەدا تووشمان هاتبێت، وەرگێڕانی ئەو هەموو دەقە عەرەبییە بوون، کە پەیوەستبوون بە بابەتی دارِشتن بۆ سەر زمانی کوردی، چونکە بەڕاستی کتێبخانەی کوردی لەم بابەتە زمانەوانییە زۆر هەژارە، بەجۆرێ چەندین سەرچاوە هەن، کە تێیدا باسی زمانەوانیی دەکەن، کەچی بەداخەوە نەخراونەتە سەر زمانی کوردی، کە ئەمەش هەژاری کتێبخانەی کوردی و ناوەندە زانستیی و زانیارییەکانی کوردی دەگەیەنێت.

**٥. ناوەرۆکی لێکۆڵینەوەکە**

لێکۆڵینەوەکە لە پێشەکییەک و چوار بەش پێکهاتووە:

**بەشی یەکەم،** کە بە ناونیشانی (چەمک و پێناسەی دارِشتن)ە، دوو تەوەرە لەخۆدەگرێت، تێیدا باسی(چەمکی دارِشتن، پێناسەی دارِشتن) کراوە.

**بەشی دووەم،** کە بە ناونیشانی (جۆرەکانی دارِشتن)ە، دوو تەوەرە لەخۆدەگرێت، تەوەرەی یەکەم بە ناونیشانی (جۆرەکانی دارِشتن لە ڕووی تواناوە)یە، لە (دارِشتنی زارەکی، دارِشتنی نووسراو) پێکدێت، تەوەرەی دووەم بە ناونیشانی (جۆرەکانی دارِشتن لە ڕووی بەکارهێنانەوە)یە، لە (دارِشتنی ئەرکی، دارِشتنی داهێنەرانە) پێکدێت.

**بەشی سێیەم،** کە بە ناونیشانی (کارامەیی و گرنگی داڕشتن)ە، دوو تەوەرە لەخـۆ دەگرێـت، تێیـدا باسـی(کارامەییەکانی داڕشـتن، گرنگی داڕشتن) کراوە.

**بەشی چوارەم،** کە بە ناونیشانی (وتنەوە و ئامانج و بنەماکانی داڕشـتن)ە، چـوار تەوەرە لەخـۆ دەگرێـت، تـەوەرەی یەکـەم بـە ناونیشـانی (هـەنگاوەکانی وتنـەوەی داڕشـتن)ە، لـە (هـەنگاوەکانی وتنـەوەی داڕشـتنی زارەکـی، هـەنگاوەکانی وتنـەوەی داڕشـتنی نووسـراو) پێکـدێت, تـەوەرەی دووەم بـە ناونیشـانی (ئامانجـەکانی فێربـوونی داڕشـتن)ە، تـەوەرەی سـێیەم بـە ناونیشـانی (بنـەماکانی داڕشتن)ە، لە (بنەما دەروونییەکانی داڕشتن، بنەما پەروەردەییەکانی داڕشتن، بنەما زمانەوانییەکانی داڕشتن) پێکدێت، تەوەرەی چوارەم بە ناونیشانی (هۆکارەکانی لاوازی قوتابییان لە داڕشتن)ە.

لە کۆتاییدا ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان خراونەتەڕوو.

## ١. چەمک و پێناسەی داڕشتن

### ١.١: چەمکی داڕشتن

زمان ئەو ئامرازەیە، بەهۆیەوە مرۆڤ دەتوانێت لە هەموو ئەو شتانەی لە مێشک و لە دڵ و دەروون و هەست و نەستیدان، گوزارشت لە بیر و سۆز و هەستە جۆراوجۆرەکانی بکات، ئەم پرۆسەیەش بە بەکارهێنانی ئامرازەکانی دیکەی داڕشتن بەڕێوە دەچێت، وەک هێما و ئاماژە و وێنە و جووڵە و...هتد، هەموو ئەم ئامرازانەش مرۆڤ پەنایان بۆ دەبات، تاکو بەهۆیانەوە بتوانێت کاری جەختکردنەوە و ڕوونکردنەوە و چەسپاندن، بۆ هەموو ئەو شتانە ئەنجام بدات، کە وەک واژە گۆیان دەکات، جاری واش هەیە ئەو هێمایانە لەجیاتی واژەیەک بەکاردەبرێت، کە گۆنەکراوە، یان ناتوانێت مرۆڤ ئەو کاتە لە یادیدا ئامادەی بکات و بیخاتە سەر زاری، ئینجا چ گۆکردنی واژەیەک بێت، یان هەر گۆڕانێکی دیکە بێت. واتە مرۆڤ بیرۆکەی بۆ دێت، باشتر وایە ئەو بیرۆکەیە تۆمار بکات، بەڵام کاتێک دێتە سەر ئەوەی تۆماری بکات، تووشی شڵەژان و ڕاڕایی دەبێت، لە کاتێکدا ڕۆژانە بەو زمانی نووسینە قسە دەکات و کارەکانی خۆی پێ ڕادەپەڕێنێ، لە هەمان کاتدا فەرهەنگێکی باشی لە وشەی زمانەکەی لە مێشکدایە، یاساکان بەکاردەهێنێ، بەڵام کە دێتە سەر ئەوەی ئەو فەرهەنگ و یاسایانە پراکتیزە بکات و بۆ مەبەستێکی بابەتی دیاریکراو بیخاتە گەڕ، ئەوا گرفتەکە لێرەوە سەرهەڵدەدەن. (مستەفا زەنگەنە و ئیسماعیل قەرەداغی: ٢٠٠١، ل٥).

بێگومان زمانی کوردی چەندەها لقی هەیە، وەک خوێندنەوە ماددەیەکی زمانەوانی بە خوێنەر پێشکەش دەکات، ڕێزمانیش ئامرازێکن بۆ پاراستنی زمان لە هەڵە و هەڵەکاری، دەقە ئەدەبییەکانیش جێگای داهێنانی ئەدەبین، واتە هەر لقێک لەم لقانەی زمان، ئەرکێک و فەرمانێک جێبەجێ دەکەن، کەچی داڕشتن بە ئامانجی سەرەکی هەموو ئەم لقانە هەژمار دەکرێت، داڕشتنیش پێناسەکانی هەمەجۆرن، کەچی هەموو بیروبۆچوونەکان لەسەر ئەوە کۆکن، کە داڕشتن پرۆسەیەکە بۆ دەرخستنی هزر و بیر و ئەندێشە و بۆچوونەکانی ناخی مرۆڤ.

**٢.١: پێناسەی داڕشتن**

تا ئێستا چەندین پێناسەی جیاجیا لەبارەی داڕشتنەوە کراون، ئەو پێناسانەش چ لە ڕووی زاراوەییەوە بێت یان لە ڕووی زمانەوانییەوە بێت، لێردا هەندێک لەو پێناسانە دەخەینەڕوو:

ـــ داڕشتن گوزارشت لەو شتانە دەکات، کە لە ویژداندایە.(أبوبكر عبدالقادر الغازي: ٢٠٠٧، ص٢٤٢).

ـ داڕشتن ڕا و بۆچوونی تاکەکەسە بەرانبەر بە شتێک یان بابەتێک، کە پشت بە سەرمایەی زانیاری نووسەرەکەی دەبەستێ.(مستەفا زەنگەنە و ئیسماعیل قەرەداغی: ٢٠٠١، ل٧).

ـ هەروەها داڕشتن بە قسەکردن، یان بە هەر شێوازێکی دیکە بێت، کە بەهۆیەوە گوزارشت لە شتەکانی ناخی خۆی کردووە.(مجموعة من كبار اللغويين العرب: ١٩٨٩، ص ٨١٧).

ــ داڕشـــتن مانـــای گـــۆکردن بـــه زمـــان، یـــاخود بـــه نووســـین دەگەیـەنێت، لـەو شـتانەی لـە نـاخی مرۆڤـدان، ئینجـا چ بیروبۆچـوون، یان مانا بن، بەو مەرجەی داڕشتنەکە بە زمانێکی ڕاست و دروست بێـت و بـە شـێوازێکی جـوان و ڕێکوپێـک بێـت و دڵـی مـرۆڤ شـاد بکات.(علي أحمد مذكور: ١٩٩٧، ص ٢٢٦).

ـ داڕشـتن زانسـتێکە، شـارەزابوون لێـی، توانـای ڕەوانبێژیـی و دەربڕینـی مانـا لای مـرۆڤ زیاددەکـات، ئەمـەش تـەنیا بـە بژارکردنـی واژەی گونجاو دەستەبەر دەبێت (فراس السليتي: ٢٠٠٨، ص ٧٧).

ـ داڕشـتن لـە بـواری قوتابخانـە و فێربووندا کـارێکی میتۆدییـە، کە پێویستە بە گوێرەی نەخشە و پلانێکی تەواو بەڕێوە بچێت، تـاکو قوتابی بگاتە ئاستێک، کـە بەهۆیـەوە بتوانێت بیروبۆچوون و هەسـت و بینینەکانی خۆی، بە زمان و لێوەکان و بە نووسـینەوە بگوازێتـەوە، ئـــەویش بـــە زمـــانێکی ســـادە و ســـاکار و بـــە شـــێوازێکی هزریـــی دیاریکراو. (سعاد عبدالكريم الوائلي: ٢٠٠٤، ص ٧٧).

ــ داڕشـتن بـە ئـەنجامی کۆتـایی بـۆ فێربـوونی زمانێـک هـەژمار دەکرێت، واتە ئامانجی گشتگیر و گشتی فێربوونی زمانەکەیە، هەموو هونـەرەکانی زمـان و لقـەکانی لـە چوارچێـوەی داڕشـتن کۆدەبنـەوە (علي أحمد مذكور: ١٩٩٧، ص ٢٢٦).

کەواتـە داڕشـتن توانـایی و کارامـەیی قوتـابی یـان فێرخـواز لـە ڕووی زارەکی یان نووسراوەوە دەگەیەنێت، کە بەجۆرێک ئـەوەی لـە ناخیدایـە، هەوڵـدەدات دەریانببڕێت و لـەم ڕێگەیـەوە بیانگەیـەنێت بـە خوێنەران و وەرگران.

## ٢. جۆرەکانی داڕشتن

### ١.٢: جۆرەکانی داڕشتن لەڕووی تواناوە

جۆرەکانی داڕشتن لە ڕووی تواناوە، دابەش دەبێتە سەر دوو جۆر، ئەوانیش بریتین لە: داڕشتنی زارەکی و داڕشتنی نووسراو.

### ١. داڕشتنی زارەکی

ئەم جۆرە داڕشتنە بە هەمان شێوە پێشی دەوترێت داڕشتنی گفتوگۆ، ئەم پرۆسەیە لەلایەن تاکەکانی مرۆڤەوە لەوانی دی زیاتر بەکاردەهێنرێت، چونکە ئامرازێکە بۆ پەیوەندییەکی خێرا لەنێوان تاکەکاندا، هەروەها بۆ ئاوێتەبوون و تێکەڵبوونی نێوان تاکەکان بەکاردەهێنرێت. داڕشتنی زارەکی پشت بە ئاخاوتن دەبەستێت، بەتایبەتی لە قۆناغەکانی یەکەمی سەرەتاییدا، ئەم داڕشتنە بە ئاوێنەی دەروون هەژمار دەکرێت، ئەویش لەبەر ئەوەی گوزارشت لە سۆزی مرۆڤ دەکات، وەک بیرۆکە و هزری ئەوتۆ، کە مرۆڤ بە شێوەیەکی زارەکی گوزارشتی لێدەکات و باشترین مانا و جوانترین واژەیان تێدا بەکاردەهێنێت.(راتب قاسم عاشور و محمد فؤاد الحوامدة: ٢٠٠٣، ص ٢٠٢ ـ ٢٠٣).

شێوازەکانی داڕشتنی زارەکی زۆرن، کە ئەمانە هەندێکیانن:

١ـ داڕشتن لە وێنەی هەمەجۆر، چ ئەو وێنانەی قوتابییان، یان مامۆستایان ئامادەیان کردووە، بە هەمان شێوە ئەو وێنانەی لە سەرەتای هەر وانەیەکی خوێندنەوەدا، بوونیان هەیە.

٢ـ گێڕانەوەی چیرۆک و کورتکردنەوە و تەواوکردنیان، یان فراوانکردنیان.

٣ـ باسـكردنی ئـەو چالاكییانـەی قوتابییـان ئـەنجامیان دەدەن، وەک: سەردانیکردن، گەشتکردن و کاروبارەکانیان.

٤. ناساندنی ئاژەڵان و ڕووەکی ژینگەیی...

٥ــ باســكردنی بابەتــەکانی ئــایینی، نیشــتمانی، نەتــەوەیی و دڵداریی،...هتد.

**٢ . دارِشتنی نووسراو**

ئەم جۆرە دارِشتنە، شێوازێکە بۆ پەیوەندی نێوان مرۆڤەکان، کە مەودای شوێن یان کات لەنێوانیاندا هەیە، ئەمانەش هەندێکیانن لەم شێوازەی دارِشتن:

١. نووسینی هەواڵی سیاسی، وەرزشی و کۆمەڵایەتی...هتد.

٢ـ دارِشـتنی نووسـینی ئـەو وێنانـەی قوتابییـان و مامۆسـتایان کۆیان دەکەنەوە.

٣. کورتکردنـەوەی بابـەتێک، یـان چیرۆکێـک، پـاش خوێندنـەوەی یان پاش گوێگرتن لێی.

٤ـ نووسـینی نامـە و بروسـکە و ڕاپـۆرت لـەبارەی بابـەتێکی هەمەجۆرەوە.(راتب قاسم عاشور و محمد فؤاد الحوامدة: ٢٠٠٣، ص ٢٠٣).

هــەروەها دارِشــتنی نووســراو ئــەو بوارەیــە، کــە بەهۆیــەوە مامۆســتاکان هەڵــەی قوتابییانیــان لــە ڕووی زمانــەوانی و لــە ڕووی شـێوازەوە بـۆ دەردەکـەوێت، ئـەویش لـە کـاتی باسـکردنی هـزر و بیروبۆچوونـەکان، لـە هـەمان کاتیشـدا هەوڵدانـە بـۆ چارەسـەرکردنی ئــەم هەڵانــە. (فــراس الســليتي: ٢٠٠٨، ص ٨٠)، واتــە لــە کۆتاییــدا

قوتابییان بتوانن لە ڕووی ڕێنووس و خاڵبەندی و ڕێکخستنەوە بە نووسینێکی دروست بنووسن.(سميح أبو مغلي:١٩٩٩، ص٤).

کەواتە نووسین هۆکار و ئامرازێکی گرنگە بۆ گواستنەوەی بیر و هەستمان بۆ کەسانی تر، یان تۆمارکردنی بۆ خۆمان، بۆ ئەوەی هەر کاتێک ویستمان بگەڕێینەوە سەری، بۆیە ئەم ئامرازە گرنگییەکی گەورەی لە مێژوودا بەدەستهێناوە(عبدالله علي مصطفى: ٢٠٠٢، ص ١٦١).

**٢.٢:جۆرەکانی داڕشتن لەڕووی بەکارهێنانەوە**

جۆرەکانی داڕشتن لە ڕووی بەکارهێنانەوە دوو جۆرە، ئەوانیش بریتین لە داڕشتنی ئەرکی و داڕشتنی داهێنەرانە.

**١. داڕشتنی ئەرکی**

ئەم داڕشتنە ئەرکێکی تایبەت لە ژیانی تاک و کۆمەڵگە جێبەجێ دەکات، وەک تێگەیشتن، ئەمەش بوارەکانی بەکارهێنانی زۆرە، وەک ئاخاوتن لەنێوان خەڵکی و نووسینی نامە و بروسکە و بانگهێشتە هەمەچەشنەکان و نووسینی تێبینی و ڕاپۆرت و یاداشت و...هتد، چ ڕاگەیەنراو بێت، یان ڕاسپاردە، وەک مەرامێک ئاراستەی خەڵک دەکرێت، کە بەهۆیەوە داڕشتنی ئەرکی لە ڕووی زارەکی، یان نووسراو جێبەجێ دەکات.

**٢. داڕشتنی داهێنەرانە**

ئەم جۆرە داڕشتن لە هزر و بۆچوونەکان بە مەرام دەگرێت و بە شێوازێکی ئەدەبی بۆ ئەوانی دی دەگوازێتەوە، لەپێناو کارتێکردن

لـه دەروونـی خوێنـەران و گـوێگران، بەشـێوەیەک  بیانوروژێنێت، بـه هەمان ڕادەی وروژاندنی خاوەن بەرهەمەکان.

ئینجـا ئـەگـەر دارشـتنی ئـەرکی پێداویسـتییەکانی ژیـان و کاروبـارە مـاددی و کۆمەڵایەتییـەکان دابـین بکـات، ئـەوا دارشـتنی داهێنەرانه دەبێته هاریکارێک بۆ قوتـابی، تـاکو گوزارشت لـه خـۆی و هەست و نەستی بکات، بەشێوەیەک ڕەنگدانـەوەی خـودی خـۆی بێت و کەسـایەتییەکەی دەربخـات. (راتـب قاسـم عاشـور و محمـد فـؤاد الحوامدة: ٢٠٠٣، ص ٢٠٤).

## ٣. کارامەیی و گرنگی داڕشتن

### ١.٣: کارامەییەکانی داڕشتن

داڕشتن پرۆسەیەکە هەمیشە لەگەڵ قوتابیدایە، هەر لە سەرەتای چوونی بۆ ناو بواری پەروەردە و فێرکردن، تاکو کۆتایی قۆناغەکانی ژیانی، و هەمیشەش لە هەوڵی گەشەکردنی تواناکانی خۆیەتی، کە ئەمانە هەندێکیانن:

١. بەکارهێنانی هێماکانی خاڵبەندی لە شوێنەکانی خۆیاندا.

٢. بەکارهێنانی زمانێکی پەتی.

٣ـ توانای هێنانەوەی بەڵگە بە ئایەتەکانی قورئان، یان فەرموودەکانی پێغەمبەر، یان دەقە شیعرییەکان، یان دەقی پەخشان لە شوێنی گونجاوی خۆیاندا.

٤. توانای بەکارهێنانی ڕستە و گوزارشتی پتەو.

٥ـ توانای نووسینی نامە، یان وەسفکردنی دیاردەیەک، یان ڕووداوێک، یان وێنەیەک بەشێوەیەکی گشتگیر بە مامۆستا دەبەخشێت. (فهد خليل زايد: ٢٠٠٦، ص ١٥١).

٦ـ کورتبڕیی بکات، واتە نابێ زیادەڕۆیی لە ڕستە و بیرۆکەکانیدا بکات.

٧. بایەخ بە ڕاستی ڕووداوەکان دەدات و پشت بە تاقیکردنەوە و شارەزایی بە کردار دەبەستێ و خۆی لە قەرەی شتی بیردۆزیی نادات، ئەگەر نەبێتە کردار. (مستەفا زەنگەنە و ئیسماعیل قەرەداغی: ٢٠٠١، ل١٥).

٨. نووسەر و لێکۆڵەر مکوورِ دەبێت لە ئەنجامدانی تێبینییەکانی مامۆستاکەی یان سەرپەرشتەکەی.(فخري خليل النجار:٢٠١١، ص ٢٢١).

**٢.٣: گرنگی دارِشتن**

دارِشتن بە بەشێکی زیندووی ژیانی خەڵکی هەژمار دەکرێت، چونکە گرنگترین ئامرازەکانی پەیوەندییە و لە هەمووش زیاتر خەڵک تێکەڵ بە یەکدی دەکات، بەهۆی دارِشتنەوە تاک دەتوانێت ناخی دڵی خۆی دەربخات و بیروراکانی خۆی بۆ ئەوانی دی بگوازێتەوە، هەروەها بە ئامرازی سەرەکی فێرکردن و فێربوون هەژمار دەکرێت.(عبدالرحمن الهاشمي: ٢٠٠١، ص ١٧٦).

گرنگی دارِشتن لەوەدایە، هونەرێکە لە هونەرەکانی پەیوەندی زمانەوانی، ئەو قاڵبەیە مرۆڤ بۆچوونەکانی خۆی تێدا هەڵدەرِێژێت، ئەویش بە زمانێکی جوان و پاراو، ئەمەش بە مەبەست و مەرامی فێرخوازیی دادەنرێت، جگە لەوەش ئامرازێکە بۆ تێگەیشتن و تێگەیاندن. (فهد خليل زايد: ٢٠٠٦، ص ١٥٠).

هەروەها گرنگی دارِشتنی نووسراو لەوەدا دەردەکەوێت، کە گرنگترین پرسی چالاکی زمانەوانییە و بەهۆیەوە کۆمەڵگەکان رۆشنبیری خۆیان دەپارێزن، چونکە نووسین ئەلتەرناتیڤی نییە، مرۆڤ لە سەرەتاوە پێویستی بە گواستنەوەی مانا گرنگەکان هەبوو، دەستی دایە نووسین، بۆ نزیککردنەوەی ماناکان لەنێوان ئەو کەسانەی لەیەکترییەوە دوورن.(رشدي أحمد طعيمة و محمد السيد مناع: ٢٠٠١، ص ١٧٦).

## ٤. وتنەوە و ئامانج و بنەماکانی داڕشتن

هەرچەندە کۆمەڵە شێوازێکی داهێنەرانە هەن، کە مامۆستایان لە کاتی دەربڕین و داڕشتندا، بۆ ڕاستکردنەوەی هەڵەی فێرخوازان بەکاریدەهێنن، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا تا ئێستا بە دەست چەندەها گرفتی زمانەوانییەوە دەناڵێنن، کە قوتابییان لە کاتی خوێندنەوەدا دووچاری دەبنەوە، هەرچەندە داڕشتن پرۆسەیەکە لە کاتی دروستکردن و پێکهێنانی ڕستەکان، هەنگاوی میتۆدیی تایبەت بە خۆی هەیە، کەچی قوتابییان دەکەونە ناو چەندەها هەڵەوە، بێگومان ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ئەو زمانەی لەسەری ڕاهاتوون، زمانێکی زارەکییە، لەبەر ئەوە لە کاتی داڕشتن ڕووبەڕووی چەندەها ئاستەنگ دەبنەوە.

### ١.٤: هەنگاوەکانی وتنەوەی داڕشتن

### أ. هەنگاوەکانی وتنەوەی داڕشتنی زارەکی

لە وتنەوەی داڕشتنی زارەکیدا، چەندین هەنگاو دەنێین، لەوانە:

**١. پێشەکی یان بەرایی**

مەبەست لێی ئامادەکردنی منداڵان و فێرخوازانە، بۆ وەرگرتنی بابەتەکە، ئەویش لەڕێگەی یادهێنانەوەی بژاردەکانی پێشوویان، کە پەیوەندی بەو بابەتەوە هەیە، خوازیاری داڕیبرێژنەوە، ئەمەش بەوە دەستەبەر دەبێت، چەند پرسیارێک ئاراستەی قوتابییان بکرێت، کە پەیوەندی بە بیرۆکەی بابەتەکەوە هەیە، یان لەڕێگەی پێشکەشکردنی چەند وێنەیەک، یان گێڕانەوەی چەند هەواڵێک لەلایەن قوتابییەکەوە،

لەگەڵ جەختکردنەوە لەسەر گوێگرتن و بەئاگابوون.(فهد خليل زايد: ٢٠٠٦، ص١٤٢).

**٢. پێشکەشکردنی بابەتەکە**

بابەتەکە لەگەڵ هەموو توخمە سەرەکییەکانی لەسەر تەختەڕەشە دەنووسرێت، بەو مەرجەی شێوازی پێشکەشکردنەکەی لە ڕووی بیرۆکە و زمانەوە گونجاو بێت، هەروەها پێویستە مامۆستا بیرۆکە فەلسەفیی و خەیاڵییەکانی خۆی لەم پرۆسەیە بەدوور بگرێت و نەیانخاتە ناو بابەتەکەوە.

**٣. ئاخاوتنی قوتابی**

دوای ئەوەی قوتابی بیرۆکەیەکی ڕوون دەربارەی بابەتەکە وەردەگرێت، قۆناغی سەرەکی دەربارەی داڕشتنی زارەکی سەرهەڵدەدات، کە ئاخاوتنی قوتابییە دەربارەی ئەو بابەتەی هەڵیدەبژێرێت، لەوانەشە مامۆستا پەنابەرێتە بەر ئاراستەکردنی چەند پرسیارێک، بەشێوەی پلەبەندی، کە سەرئەنجام پەل بۆ بونیادنانی بابەتەکە بەشێوەیەکی تەواو دەکێشێت.(سعاد عبدالكريم الوائلي:٢٠٠١، ص ٩٥).

لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت، ئەم قۆناغە (هەنگاوەکانی داڕشتنی زارەکی) وا دەخوازێت هەڵوێستی مامۆستاکە ئەرێنی بێت و تەنیا خۆی بە تەنیا قسە نەکات، بەڵکو قوتابییەکانیش بەشداری پێبکات، یان نابێ تەنیا قوتابییەکان قسە بکەن، بەڵکو خۆشی دەبێ قسە بکات، چونکە لەم حاڵەتەدا هەڵوێستی مامۆستاکە نەرێنی دەبێت و

کەشێک دروست دەکات، کە قوتابییان وا گومان دەبەن، کارێکی پووچ و بێ بنەما ئەنجام دەدات.

**ب . هەنگاوەکانی وتنەوەی داڕشتنی نووسراو**

لە وتنەوەی داڕشتنی نووسراودا، چەندین هەنگاو دەنێین، لەوانە:

**١. پێشەکی**

لە قۆناغی پێشەکیدا قوتابییان بەئاگا دەکرێنەوە و سەرنجیان بۆ بابەتەکە ڕادەکێشرێت، ئەمەش وا دەخوازێت زانیارییەکانی پێشوویان بیربخرێتەوە، کە مانای وایە مامۆستاکە قوتابییان بخاتە کەشێکی دەروونی ئەوتۆوە، کە بگاتە کرۆکی بابەتی وانەکە و مێشکی قوتابییان ڕابهێنێت.

**٢. گفتوگۆ**

ئەم پرۆسەیەش بەمشێوەیە بەڕێوەدەچێت:

مامۆستا گفتوگۆ دەربارەی بابەتەکە لەڕێگەی پرسیاری ئەوتۆوە ئەنجام دەدات، کە بۆ گەیشتن بە بابەتە پێشنیازکراوەکە، ڕێنمایی قوتابییان بکات، لە هەمان کاتیشدا زنجیرەبەندی و هەڵبژاردن تێیاندا ڕەچاو بکات، بەشێوەیەک لە وەڵامی قوتابییان، توخمە سەرەکییەکانی بابەتەکە ڕەنگبداتەوە.

مامۆستا دەستنیشانی هەندێک ڕستەی قوتابییەکان دەکات، بە مەرجێ باش داڕێژرابێتن، ئینجا بەشێوەیەکی کورت و پوخت لەسەر تەختەڕەشەکە دەیاننووسێت.(فهد خليل زايد: ٢٠٠٦، ص١٤٥).

### ٣. هەڵسەنگاندن

دوای تـەواوکردنی ئـەم پرۆسـەیە و دوای ئـەوەی مامۆسـتاکە هەڵــە باوەکــانی قوتابییــان دەستنیشــان دەکــات و بۆیــانی ڕوون دەکاتــەوە و ڕاســتیان دەکاتــەوە، داوایــان لێــدەکات پــەڕاوەکانیان بکەنـەوە و هەڵـەکانیان ڕاسـت بکەنـەوە، وا باشـترە مامۆسـتا لەسـەر تەختەڕەشـەکە هەنـدێک پرسـی زمانـەوانی بنووسـێت، کـە قوتابییـان بـەجوانی دایانڕشـتووە، ئـەویش وەک هانـدان و جەختکردنەوەیـەک لەسـەر ئـەو پرسـانەی بۆیـان باسـکراون.(فهد خليـل زايـد: ٢٠٠٦، ص١٤٦).

### ٢.٤: ئامانجەکانی فێربوونی داڕشتن

فێربـوونی داڕشــتن چەنـد ئامانجێـک دەپێکێـت، کـە ئەمانـە گرنگترینیانن:

١ــ بــەکارهێنانی ڕاســتی و دروســتی زمــان و ســنوور و پێکهاتــەکانی داڕشــتن، وەکـو ڕەوانــی و پـاراوی ڕسـتە، هـەروەهـا بەستنەوە و دابەشکردنی بابەتەکە بۆ چەند تەوەر و کۆپلەیەک.

٢ــ توانــای ڕوونکردنــەوەی بیروبۆچوونــەکان، ئــەویش بــە بەکارهێنانی وشەی گونجاو و شێوازی گونجاو.

٣ــ توانــای ڕێکخســتنی توخمــەکانی بیرۆکــەی داڕشــتنەکە، بەشێوەیەک قوتابییەکە چەند ڕستەیەکی خۆی پێ ببەخشێت، کـە کـار لە گوێگر و خوێنەر بکات.

٤ـ پێویستە مرۆڤ توانای ئەوەی هەبێت تێڕوانینی خۆی بە هەردوو شێوازی زارەکی و نووسین بەوانی دی پێشکەش بکات و ڕوونی بکاتەوە.

٥. ڕاشکاوی لە وتن و دەستپاکی لە گواستنەوەی زانیارییەکان، بەشێوەیەک قوتابی وا لێبکات لە کاتی دەربڕینی بیروبۆچوونەکانی و لە ڕووبەڕووبوونەوەی هەڵوێستەکان ئازا بێت.(فراس السليتي: ٢٠٠٨، ص ٢).

٦ـ گەشەدان بە هەستی قوتابی، بەو هەڵوێستە کۆمەڵایەتییە هەمەچەشنانەی، کە وا پێویست دەکات نامەیەک بنووسن، یان کارتێکی پیرۆزبایی بنووسن، یان تێیدا کەسێک بە یەکێکی دی بناسێنن...هتد.

٧. گەشەدان بە توانستەکانی قوتابی لەسەر گفتوگۆ و مشتومڕ. (علي أحمد مذكور: ١٩٩٧، ص ٢٦٨).

**٣.٤: بنەماکانی دارِشتن**

دارِشتن چەندین بنەمای گرنگی هەیە، کە هەندێکیان بنەمای دەروونین، پەیوەندییان بە هەست و ئارەزووی قوتابییەوە هەیە، بۆ دەربڕین و گوزارشتنکردن لە ناخیان، هەندێک لەو بنەمایانەش پەروەردەیین، وەکو ئازادی هەڵبژاردنی بابەتەکان و گوزارشتکردن لێیان، هەندێکیشیان بنەمای زمانەوانین، پەیوەندییان بە گەشەدانی هەگبەی زمانەوانییەوە هەیە، دەتوانین ئەم بنەمایانەش بەمشێوەیە باس بکەین و تیشک بخەینە سەریان:

### ١. بنەما دەروونییەکانی دارشتن

لە ڕاستیدا ئەم بنەمایانە لەلایەن قوتابییانەوە پەیوەندییان بە ئارەزووی ئاخاوتن و دارشتنەوە هەیە، بەهۆیەوە خوازیاری گوزارشتکردن بن لە ناخیان، پێویستە فێرخواز ئەم مەسەلەیە بقۆزێتەوە، تاکو قوتابییان هانیان بدات، ئەویش بە پشتبەستن بۆ نموونە بە (وێنە)، ئینجا ئەو بنەمایانەی پەیوەندییان بە لایەنی دەروونییەوە هەیە، پێویستی و پێداویستی قوتابییانە بۆ بەگوڕبوون و کاریگەربوونێکی کارا، کە ببێتە هاندەرێک، بۆ ئەوەی جووڵەیان پێ بکات، تاکو دەربارەی بابەتێکی دیاریکراو بتوانن گوزارشت بکەن، پێویستە مامۆستاش بە زمانێکی جوان و پاراو و پەتی قسە بکات، تاکو ببێتە پێشەنگ بۆ قوتابیەکانی (طه علي حسين الدليمي و سعاد عبدالكريم عباس الوائلي: ٢٠٠٥، ص ١٣٧).

هەروەها پێویستە مامۆستا شارەزای زانست و زانیارییەکان بێت، تاکو بتوانێت بڕیاری ڕاست و دروست دەربارەی بیروبۆچوون و زانیارییەکانی قوتابییان بدات.

بە هەمان شێوە پێویستە قوتابی لەکاتی دارشتن بە وردەکارییەکانەوە پابەند بێت و هەمیشە پشتببەستێت بەو شتانەی هەستیان پێدەکات، چونکە ئەمە دەبێتە پاڵپشتییەک بۆی، تاکو وشەکان هەڵبژێرێت و ڕستەی گونجاو بەکاربێنێت، هەروەها هێمای خاڵبەندی بە ڕاستی و دروستی بەکاربێنێت.(سعاد عبدالكريم الوائلي:٢٠٠٤، ص ٨٣).

**ب . بنەما پەروەردەییەکانی داڕشتن**

لەم بنەمایەدا دەبێ ئازادی بە قوتابییان لە هەڵبژاردنی بابەتەکان، یان نمایشکردنی بیروبۆچوونەکان بدریێت. هەروەها پێویستە مامۆستا بزانێت وانەیەکی دیاریکراو بۆ فێرکردنی داڕشتن بۆ قوتابییان نییە، چونکە هەموو لقەکانی زمان بەگشتی و(زمانی کوردی ــ بەنموونە) بە بوارێکی بەپیت بۆ داڕشتن دادەنرێن، هەروەها یەکێک لە بنەما پەروەردەییەکان ئەوەیە، کە ئەو بابەتانە هەڵبژێرین، کە قوتابییان شارەزاییان دەربارەی هەیە، ئەمەش مانای وایە ئێمە قوتابییان لە بابەتی دژوار هەڵنەقورتێنین. (طه علي حسين الدليمي و سعاد عبدالكريم عباس الوائلي: ٢٠٠٥، ص ١٣٧).

**ج . بنەما زمانەوانییەکانی داڕشتن**

ئەم بنەمایە لەو وشە زمانەوانیانەدا بەرجەستە دەبن، کە لای قوتابییان هەن، پێویستە مامۆستا سروود و چیرۆک و دەقی وا بە قوتابییان ببەخشێت، کە سامانی زمانەوانیان زیاد بکات، تاکو بتوانن لەو وشانە ڕزگاریان بێت، کە هەمیشە لە زمانی زارەکیدا بەکاریدەهێنن. (طه علي حسين الدليمي و سعاد عبدالكريم عباس الوائلي: ٢٠٠٥، ص ١٣٨).

هەندێک مامۆستا هەن وشە و واژە و پێکهاتەی زمانەوانی هەمەجۆر بە قوتابییان ئاشنا دەکەن، تاکو هەگبەی زمانەوانیان تێر و تەژی بێت و بتوانن بەهۆیانەوە گوزارشت لە ماناکانیان بکەن، بەڵام لێرەدا گفتوگۆ لەسەر چۆنێتی بەخشینی ئەو وشانە بە قوتابییەکان هەیە، هەندێک پێیان وایە قوتابی پێویستە خۆی ئەو وشانە

دیاریبکات و له خۆیەوە وشە بە ماناکانەوە بلکێنێت، هەندێکی دیکە پێیان وایە قوتابی لە ڕووی بیروبۆچوونەوە هەژارە، بۆیە پێویستە مامۆستا بیروبۆچوونی پێ ببەخشێت، تاکو لە ڕووی هزر و زمانەوانییەوە گەشە بکات، هەندێکیش لەو باوەڕەدان دەبێ بەپێی پێویست مامۆستا زانیاری و مانا و هزرەکان بە قوتابی ببەخشێت.

دارشتی زارەکی لە دارشتی نووسین لەپێشترە و توانای قوتابی لە ڕووی ئاخاوتنەوە هێز و تواناوە زیاتر دەکات و لە بواری نووسین بەگورتری دەکات، دارشتنیش لە قۆناغی سەرەتایی و ناوەندیدا ئەرکی دەبێت، بەلام لەوانەیە دارشتنی داهێنەرانە لە کۆتاییەکانی قۆناغی ناوەندیدا لای قوتابی سەرهەڵبدات (عبدالرحمن الهاشمي: ٢٠٠١، ص ٤٥).

**٤ـ٤: هۆکارەکانی لاوازی قوتابییان لە دارشتن**

هەرچەندە ئەو فاکتەر و هۆکارانە زۆرن، کە لاوازی لە دارشتن و پرۆسەکانی دەربڕیندا دروست دەکەن، کەچی دەتوانین ئەم هۆکارانە لە دوو تەوەردا چڕبکەینەوە، یەکەمیان تەوەری مامۆستایە و ئەوی دیکەشیان تەوەری قوتابییە، لەپاڵ هەردوو ئەم تەوەرەدا، چەند هۆکارێکی دیکەش هەن، دەبنە ئاستەنگ بەرانبەر بە توانای دارشتنی قوتابی، هەندێکیان پەیوەندییان بە پەروەردەی ماڵەوەی قوتابییەوە هەیە و هەندێکی دیکەشیان پەیوەندییان بە پلانی خوێندنەوە هەیە و هەندێکی دیکەیان پەیوەندییان بە دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە هەیە، کە زۆر و هەمەچەشنن، یەکێک لە لایەنە نەرێنییەکانی ڕاگەیاندن ئەوەیە، هەندێک ئاستەنگ دروست دەکات،

لەگەڵ بیر و هزری قوتابیدا ناگونجێن، یان لەگەڵ بژاردەکانی ئەو قوتابییە یەکناگرنەوە، لەوانەشە ئەو قوتابییە شارەزایی دەربارەی ئەو بابەتە نەبێت، چونکە دیاریکردنی بابەتەکە بەجوانی لەگەڵ ئارەزووی قوتابییاندا یەکدەگرێتەوە، ئەمەش پەل بۆ ئەوە دەکێشێت، قوتابییەکە بەجوانی پرۆسەی داڕشتن ئەنجام بدات. (سعاد عبدالكريم الوائلي:٢٠٠٤، ص ٨٤ ـ ٨٥).

هەروەها یەکێکی دیکە لەو هۆکارانەی پرۆسەی داڕشتن لای قوتابی لاواز دەکەن ئەوەیە، کە بەشێک لە مامۆستایان بە زمانی زارەکی لەگەڵ قوتابییەکانیاندا قسە دەکەن، چونکە قوتابی لە قۆناغی سەرەتاییدا چاو لە مامۆستاکەی دەکات و لاسایی دەکاتەوە و لێوەی فێر دەبێت، لێرەوە ئیدی زۆر پێویستە زمانی مامۆستاکان لە کاتی وانەوتنەوەدا لەناو پۆلەکان پاراو و پەتی بێت.

ئەو هۆکارانەی لە بواری لاوازبوونی پرۆسەی داڕشتن، پەیوەندییان بە قوتابییانەوە هەیە، زۆرن، کە ئەمانە هەندێکیانن:

١ـ ئارەزوو نەکردنی قوتابییان لە خوێندنەوەی دەرەکی.

٢ـ کەم نووسین، لەوانەیە ساڵێک بەتەواوەتی تێپەڕێت، کەچی قوتابی تەنانەت یەک بابەتیش نەنووسێتەوە، چونکە بەردەوامبوون لەسەر نووسین، دەبێتە هۆی ئەوەی شێواز و هەگبەی هزریی و زمانەوانیی قوتابی بەرەو پێشەوە ببات.

٣ـ سەرقاڵبوونی قوتابییان بە چالاکی زمانەوانی، کە لە قوتابخانە و نواندن و گوتاربێژی و گفتوگۆ و وانەکاندا بەرجەستە دەبێت.(سعاد عبدالكريم الوائلي:٢٠٠٤، ص ٨٦).

## ئەنجام

لە کۆتایی ئەم لێکۆڵینەوەدا گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

١ـ زمـان زۆر گرنگـە و بـە ئامرازێـک لـە ژیـانی فێربـوون و فێرخوازیدا هەژمار دەکرێت، بۆیە دەتوانین ئـەم ئامرازە گرنگە فێر بین، ئەویش لەڕێگەی ئەنجامدانی داڕشتنی زارەکی و نووسراو.

٢ـ چـالاکی داڕشـتن چەنـد وێنەیـەکی هەیـە و مامۆسـتا هەڵیاندەبژێرێت و فێرخوازیش جێبەجێیان دەکات، چونکە داڕشتن لـە چەند بوارێکدا دەبێت.

٣ـ دوو تـەوەر لاوازی لـە پرۆسـەی داڕشـتن دروسـت دەکـەن، کە یەکەمیان تەوەری مامۆستایە و ئەوی دیکەشیان قوتابییە.

٤ـ داڕشتن لە ڕووی تواناوە دوو جۆرە، زارەکی و نووسراو.

٥ـ داڕشـتن لـە ڕووی بەکارهێنانـەوە دوو جـۆرە، ئـەرکی و داهێنەرانە.

## سەرچاوەكان

### بە زمانی كوردی

١ـ مستەفا زەنگەنە و ئیسماعیل قەرەداغی(٢٠٠١)، شێواز و ڕێگاكانی وتنەوەی دارشتن، چاپی یەكەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

### بە زمانی عەرەبی

٢ــ أبوبكر عبدالقادر الغازي(٢٠٠٧)، مختار الصحاح، ط١، مؤسسة المختار، القاهرة.

٣ـ راتب قاسم عاشور و محمد فؤاد الحوامدة(٢٠٠٣)، اللغة العربية بين التنظير و التطبيق، ط١، دار الميسرة، عمان.

٤ـ رشدي أحمد طعيمة و محمد السيد مناع(٢٠٠١)، طرائق تدريس اللغة، دار الميسرة، عمان.

٥ـ سعاد عبدالكريم الوائلي(٢٠٠٤)، طرائق تدريس الأدب و البلاغة و التعبير بين التنظير و التطبيق، ط١، دار الشروق، عمان، الاردن.

٦ـ سميح أبو مغلي(١٩٩٩)، الأساليب الحديثة لتدريس اللغة العربية، دار مجدلاوي للنشر و التوزيع، عمان ـ الأردن.

٧ـ طه علي حسين الدليمي و سعاد عبدالكريم الوائلي(٢٠٠٥)، اللغة العربية ـ منهاجها و طرائق تدريسها، ط١، دار الشروق، عمان، الاردن.

٨ـ عبدالرحمن الهاشمي(٢٠٠١)، التعبير ـ فلسفته واقعة ـ تدريسه ـ أساليب تصحيحية، دار الفكر العربي، القاهرة.

٩ـ عبدالله علي مصطفى(٢٠٠٢)، مهارات اللغة العربية، دار الميسرة، عمان ـ الأردن.

١٠ـ علي أحمد مذكور(١٩٩٧)، تدريس فنون اللغة العربية، دار الفكر العربي، القاهرة.

١١ـ فخري خليل النجار(٢٠١١)، الأسس الفنية للكتابة و التعبير، الطبعة الأولى، دار صفاء للنشر و التوزيع، عمان ـ الاردن.

١٢ـ فراس السليتي(٢٠٠٨)، فنون اللغة ـ المفهوم ـ الأهمية ـ االمقدمات ـ البرامج التعليمية، عمان، الاردن.

١٣ـ فهد خليل زايد(٢٠٠٦)، أساليب تدريس اللغة العربية بين المهارة و الصعوبة، دار اليازوري، عمان، الاردن.

١٤ـ مجموعة من كبار اللغويين العرب(١٩٨٩)، المجمع العربي الأساسي، الأوراس.

# توندوتیژی زمانیی لە زمانی کوردیدا

# پوختە

ناونیشانی لێکۆڵینەوەکەمان بریتییە لە (توندوتیژی زمانیی لە زمانی کوردیدا)، لەم لێکۆڵینەوەیەدا ڕێبازی (وەسفیی شیکاری)مان هەڵبژاردووە، ئەم توێژینەوەیە لە پێشەکییەک و سێ بەش پێکدێت، کە ئەمانەن: بەشی یەکەم: کە بە ناونیشانی (توندوتیژی و توندوتیژی زمانی)یە، ئەم تەوەرانە لەخۆدەگرێت:(زمانەوانی و دەروونناسی، چەمکی توندوتیژی زمانی، ڕەوشتەکانی زمانی کوردی). بەشی دووەم: شوێنەواری دەروونی و جەستەیی توندوتیژی زمانی لەسەر تاک و کۆمەڵگە. بەشی سێیەم: کە بە ناونیشانی (شێوە و هۆکارەکانی توندوتیژی زمانی)یە، ئەم تەوەرانە لەخۆدەگرێت: ١ـ شێوەکانی توندوتیژی زمانیی، ٢ـ هۆکارەکانی توندوتیژی زمانیی(هۆکارە ئەلکترۆنییەکان، هۆکارە دەروونییەکان، هۆکارە سیاسییەکان، هۆکارە ئاینییەکان، هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان). لە کۆتایی توێژینەوەکەدا ئەنجام و سەرچاوەکان خراونەتەڕوو.

## پێشەکی

**١. ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە:**

ناونیشانی لێکۆڵینەوەکەمان بریتییە لە (توندوتیژی زمانیی لە زمانی کوردیدا)یە، بەو واتایەی لێرەدا بەشێوەیەکی گشتی باسی توندوتیژی زمانیی دەکەین، ئەمیش بە تیشک خستنە سەر زمانی کوردییە.

**٢. سنووری لێکۆڵینەوەکە:**

سنووری لێکۆڵینەوەکەشمان لە زمانی کوردیدا و نموونە و دەقەکانمان لە زمانی نووسینی زمانی کوردی وەرگرتووە.

**٣. ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە:**

ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە وەسفیی شیکارییە.

**٤. پرسیارەکانی توێژینەوەکە**

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە:

١. مەبەست لە زاراوەی توندوتیژی زمانیی چییە؟

٢. هۆکارەکانی دەرکەوتنی توندوتیژی زمانیی چین؟

٣ـ چۆن توندوتیژی زمانیی لە ڕووی دەنگ و هەستەوە دروست دەبێت؟

٤ـ پەیوەندییەک لە نێوان توندوتیژی زمانیی و توندوتیژی جەستەیی چییە؟

**٥. هۆکارەکانی توێژینەوەکە**

توێژینەوەکە گرنگترین ئەو هۆکارانە دەخاتەڕوو، کە دەبنە هۆکاری دروستبوونی توندوتیژی زمانیی لەژێر ڕووناکی ئەو

نموونانەی باسیان دەکەین، لەپێناو گەیشتن بە ئامانجەکان، کە ببنە وەڵامدەرەوەی ئەو پرسیارانەی توێژینەوەکە ئاراستەیان دەکات.

**٦. ئامانجەکانی توێژینەوەکە**

توێژینەوەکە ئەم ئامانجانە لەخۆ دەگرێت:

١. ڕونکردنەوەی چەمکی توندوتیژی و توندوتیژی زمانییە.

٢ـ زەقکردنەوە و دەرخستنی پەیوەندی نێوان توندوتیژی زمانیی و توندوتیژی جەستەیی.

٣. دەرخستنی ئەوەی بنج لە زماندا لە ئامێزگرتنی بەهاکان و گواستنەوەیانە.

٤ـ ڕونکردنەوەی ئەو بنەما دەرونی و دەنگیانەی توندوتیژی زمانیی پێکدەهێنن.

**٧. پلان و ناوەرۆکی توێژینەوەکە**

ئەم توێژینەوەیە لە پێشەکییەک و سێ بەش پێکدێت، کە ئەمانەن:

بەشی یەکەم: کە بە ناونیشانی (توندوتیژی و توندوتیژی زمانیی)یە، ئەم تەوەرانە لەخۆدەگرێت:(زمانەوانی و دەروونناسی، چەمکی توندوتیژی زمانیی، ڕەوشتەکانی زمانی کوردی).

بەشی دووەم: شوێنەواری دەرونی و جەستەیی توندوتیژی زمانیی لەسەر تاک و کۆمەڵگە.

بەشی سێیەم: کە بە ناونیشانی (شێوە و هۆکارەکانی توندوتیژی زمانیی)یە، ئەم تەوەرانە لەخۆدەگرێت: ١ـ شێوەکانی توندوتیژی زمانیی، ٢ـ هۆکارەکانی توندوتیژی زمانیی(هۆکارە

ئەلکترۆنییەکان، هۆکارە دەرونییەکان، هۆکارە سیاسییەکان، هۆکارە ئاینییەکان، هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان) ).

لە کۆتایی توێژینەوەکەدا ئەنجام و سەرچاوەکان خراونەتەڕوو.

## ١. توندوتیژی و توندوتیژیی زمانیی

### ١.١: زمانەوانی و دەروونناسی

توندوتیژی دیاردەیەکی مرۆیی دێرینە و چەندین جۆری هەیە: توندوتیژی ئایینی و سیاسی و زمانەوانی و دەرونی و کۆمەڵایەتی و ئەلیکترۆنی. ترسناکترین توندوتیژیش توندوتیژی زمانییە، ئەویش لەبەر ئەو شوێنەوارە دەرونییە پڕ ئازارانەی بەسەر تاک و کۆمەڵگە و وڵاتەوە، ئەو شوێنەوارانە بۆیان هەیە جەنگ و شەڕ و پشێوی لەنێوان گەلان و نەتەوەکان بنێنەوە، بێگومان جەنگەکان لە پرۆسەکانی ئاخاوتنەوە دەستپێدەکەن، لەبەر ئەوە پێویستە پەیوەندی نێوان زمانەوانی و دەروونناسی ڕوونبکەینەوە، چونکە((**زمانەوانی هەمیشە سیستەمی شێوە پڕ واتاکان دەدۆزێتەوە لە هەموو ڕویەکی دەرونی و کۆمەڵایەتی و فسیۆلۆجی... هتد، ئەویش بە مەبەستی گەیشتن بە مەرام و مەبەستی قسەکەران لە پرۆسەکانی قسەکردندا**))(بیار اشار:١٩٩٦ : ١٣٦).

ئەگەر بمانەوێت زمانەوانی و دەروونناسی بەیەکەوە ببەستینەوە، ئەوا زاراوەیەک هەیە، کە هەردووکیان کۆدەکاتەوە، ئەویش زاراوەی (زمانەوانیی دەرونی)یە، ئەم زانستە ئاماژە دەکات بەوەی بواری توێژینەوە بنەڕەتییەکە زمانە، بەو پێیەی ئاکارێکی مرۆڤانەیە، ئاکاری زمانەوانی لەژێر ڕووناکی و میتۆدەکانی دەروونناسی شیدەکرێتەوە، کە لقێکە لە لقەکانی زمانەوانیی کارەکی و گرنگی دەدات بە توێژینەوەی هۆکارە دەرونییەکانی بواری فێربوونی زمان و نەخۆشییەکانی گوتن و پەیوەندییەکانی نێوان دەرونی مرۆڤ

و زمان بەشێوەیەکی گشتی، بەڵام تەنیا بە خۆی لە واقیعی دەرونی زمان تێدەگات، بەو پێیەی دیاردەیەکی ئاڵۆزە لە ڕووی پێکهاتە و واتاکانییەوە.

(نەوام چۆمسکی) زانای زمانەوانیی هاوچەرخ پێی وایە، کە زمانەوانی بەشێکە لە دەروونناسی مەعریفی، لە وتەیەکیشدا ئەم بیرۆکەیەی ڕوونکردووەتەوە و دەڵێت: **(زمان ئاوێنەی عەقڵە)**، (چۆمسکی) پێی وایە کە زمانەوانی بە هەموو لقەکانییەوە بەشێکە لە لقێکی پسپۆڕی لە بواری (دەروونناسیدا) کە گرنگی بە توێژینەوەی پرۆسەکانی عەقڵ دەدات، کە لە (دەروونناسی مەعریفی)دا بەرجەستە دەبێت(عاصم شحاتة: ٢٠١٥: ٨٠)، لەوانەیە ئەمەش وای لە (چۆمسکی) کردبێت کە بڵێیت:((**زمانەوانی پێویستە لە توێژینەوەی خودی زمانەوە بگوازرێتەوە توێژینەوەی شێواز و چۆنێتی بەکارهێنانی زمان، واتە لە توێژینەوەی (چالاکی زمانی) بگوازرێتەوە بۆ توێژینەوەی (توانستی زمانی)** ))(جون لاینز: ٢٠١١: ١٦٠).

لێرەدا تێبینی دەکەین، کە دەروونناسی بەشێوەیەکی زانستی توێژینەوەیە لە ئاکاری، زمانەوانیش توێژینەوەی زمانە بەشێوەیەکی زانستی، ئەمە لەلایەک و لەلایەکی دیکەشەوە هەندێک زانا هەن کە دەروونناسی بەوە پێناسە دەکەن، کە ئەو زانستەیە لە پرۆسەی عەقڵییەکان دەکۆڵێتەوە(موفق الحمداني: ٢٠٠٤: ١٣) وەک: ئایا چی لە عەقڵدا گوزەر دەکات، کاتێک کەسێک خوازیاری ئەوە دەبێت قسە بکات و (زمان بەرهەم بهێنێت)، ئایا کاتێک قسەیەکمان گوێ لێ دەبێت، بۆ ئەوەی شرۆڤەی بکەین و لێی تێبگەین، لەم کاتەدا چی لە

عەقڵدا ڕوودەدات؟ (تێگەیشتنی لە زمان و درککردن)، ئایا ئەو ڕێگا و شێوازە عەقڵییانە چین، کە لە قۆناغەکانی تەمەندا پەیڕەو دەکرێن بۆ وەرگرتن و فێربوون و پێشکەوتنی زمان؟ لێرەدا ئیتر پەیوەندی نێوان هەردوو زانستەکە بەشێوەیەکی فراوانتر ڕون دەبێتەوە. زاراوەکانی وەک: پاداشت و بیرکردنەوە، درککردن و هەستەکان و فێربوون و وەرگرتنی زمان، پرۆگرامی زمانەوانیی دەماری هەموو ئەمانە واتای کۆمەڵە ڕێگا و شێوازێکی دەرونی دەدەن بەدەستەوە، بۆ گۆڕینی عەقڵیەت و بەهێزکردنی ئاکاری باشتر و سەرکەوتووتر لەژیاندا، ئەویش لەڕێگەی زمانەوە، هەموو ئەم زاراوانە کاریگەری لە زمان دەکەن و کاریگەریش دەبن پێی. (هدسن) جەخت لەسەر ئەم ڕاستییە دەکاتەوە، کە دەڵێت: ((**من لەگەڵ زماننا سەکان لەسەر ئەو ڕایە کۆکم، کە دەڵێن پێوەری یەکەم و کۆتایی لە توێژینەوەی زماندا ڕاستەقینەی دەرونییە لە وەسفکردنی بونیادی زمان، منیش لەو باوەڕەدام ئەم پێوەرە سەبارەت بە زمانەوانیی کۆمەڵایەتی و زمانەوانیی وەسفی زۆر گرنگە**))(هدسن: ٢٠٠٤: ٣٦٥)، ئەگەر زمانەوانیی دەرونی پێی وابێت زمان ئاکارێکی مرۆڤانەیە، ئەوا بە هەمان شێوە ئاکاری مرۆڤیش هەر بە هەمان شێوەیە.

### ٢.١: چەمکی توندوتیژی و توندوتیژیی زمانیی

توندوتیژی بریتییە لە هەر هەڵسوکەوتێک کە مەبەست لێی زیانگەیاندن بێ بە کەسی بەرانبەر بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ.

هـەر جـۆرە فشـارێک، جەسـتەیی لەسـەر لەشـی مـرۆڤ یـان مەعنەوی لەسەر دەرونی مرۆڤ پێی دەوترێت توندوتیژی(عەبدوڵلا عەبدولرەحمان: ٢٠١٣: ٢٩). ئینجا ئـەم توندوتیژییـە لـە جنێـودان و سوکایەتی پێکردن تا کوشتن، هـەمووی توندوتیژییە، بـەڵام بە پلـەی جیاواز و جیا، زۆر گرنگە بزانین کە توندوتیژی دەرونـی سـوکتر و کەمتر نییە لە توندوتیژی جەستەیی کە دەبێتە هۆی بریندارکردن و خوێنڕشتن(جەعفەر مایی: ٢٠٠٦ : ١٠).

چـەمکی تونـدوتیژی زمـانی لـە بـواری زمانەوانیـدا چـەمکێکی تازەیە و لە دوو بەش پێکدێت: (توندوتیژی) و (زمـانی)، توندوتیژی لـە زمانـدا دژ بـە نـەرم و نیانییـە. ئـەم زاراوەیـە لـە ڕوی پێکهاتنـەوە وشەیەکی لێکدراوە و پێکهاتووە لە: وشەی (توند ـ ئاوەڵناو) + ( و ـ ئـامرازی لێکـدەر) + (تیـژ ـ ئاوەڵنـاو) + (ی ـ پاشـگر). لـە زمـانی عەرەبیشدا بە هەمان شێوە وشەکە وشەیەکی لێکدراوە (عنف اللغة)، کە پێکهاتووە لە (عنف) و (اللغة).

کەواتە توندوتیژی لە زماندا ڕق و کینە و ناتەبایی و ناسازی دەگەیەنێت و هەموو ئاکارێک کە واتاکانی توندی و لۆمە و گازندە و سەرزەنشتکردن بەدەستەوە بدات، چ بە قسە کە فاکتەرێکی دەرونی مەعنەوییە، یان بە کار و ئاکار، کە فاکتەرێکی ماددی جەستەییە.

لە زمانی ئینگلیزیدا (Yiolentia) واتای بەکارهێنانی ناڕەوای هێزی ماددی بە چەند شێوازێک دەگەیەنێت، ئەویش بۆ زیانگەیاندن بە خەڵک و بە ماڵ و موڵک، هەروەها واتاکانی سزا و زەوتکردن و پێشێلکردنی ئازادییەکانی خەڵکانی دی دەگەیەنێت(حسنین توفیق

ابراهیم: ۱۹۹۹: ٤١). تێبینی ئەوەش دەکەین، کە وشەی توندوتیژی ڕەهەندێکی واتایی لە زمانی کوردیدا هەیە، کە فراوانترە لە واتاکەی لە زمانی ئینگلیزیدا، ئەویش لەبەر ئەوەی هێزی ناماددیش لە دووتوێی واتاکانیدا لەخۆ دەگرێت.

سەبارەت بە واژەی (زمانی)یش لە وشەی (توندوتیژی زمانی)، کە سەر بە وشەی (زمان)ە، واتە (زمان) لە (لەغوەت)ەوە وەرگیراوە، کە واتای (ئاخاوتن) و (وڕێنە) و قسەی پڕوپوچ دەگەیەنێت(حسنین توفیق ابراهیم: ۱۹۹۹: ٥٥). بێگومان ئاخاوتن لە بواری پڕوپوچدا ساناتر و نەرمترە و کاریگەری لەسەر گوێگر دەبێت، هەندێک قسەش هەن، کە هەندە پیس و ئالودەن، کە لە توندوتیژ دەچن لە ڕووی ڕکەبەرکێ و ناسازی و کوشتنەوە، لەوانەشە ئەمە پەیوەندی نێوان هەردوو پێکهاتەکە بێت لە ڕووی واتا فەرهەنگییەکەیەوە.

لە ڕووی زاراوەشەوە ئاماژە بۆ کاروبارە توندەکان و ئەو کار و کردەوانەی دژ بە سروشتی شتەکانن، یان ئاماژە بۆ بەکارهێنانی هێز بە شێوەیەکی ناڕەوا دەکات، لەپێناو چەوساندنەوەی ئەوانی دی و هەژمونکردن بەسەریاندا. لە فەرهەنگی فەلسەفیدا وشەی توندوتیژی ((**هەموو ئەو کار و کردەوانە دەگەیەنێت، کە دژ بە سروشتی شتەکان بن و لە دەرەوە بەسەریدا سەپێنرا بن، کە واتای کارێکی توندوتیژ دەدەن بە دەستەوە، بە هەمان شێوەش توندوتیژی واتای (بەکارهێنانی هێزە بەشێوەیەکی ناڕەوا یان دژ بە یاسا**))(جمیل صلیبا: ۱۹۹٤: ۱۱٤)، لە فەرهەنگی (ڕێبەری زاراوەی

لێکۆڵینەوە ڕۆشنبیرییەکان)دا هاتووە، کە **((توندوتیژی هەموو ئەو کار و کردەوە ڕاستەوخۆیانەیە یان پەلارئامێز و هێما و نیگایانەیە، کە دەبنە شرۆڤەیەکی زمانەوانی خود مەرامێتی بۆ بە ئامانجگرتنی ئــــەوانی دی چ لــــە ڕوی هەڵوێســــت و چ لــــە ڕوی ئاکــــار و ڕەفتارەوە))**(سمیر الخليل: ٢٠٠٢: ٢٢٧). کەواتە چەمکی توندوتیژی کاری توندوتیژی دەگەیەنێت.

هەروەها (یووسف قەرزاوی) بەشێوەیەک پێناسەی دەکات، کە لەگــەڵ ڕەهەنــدی واتــایی وشــەکەدا گونجــاوە و لەگــەڵ مــاددەی (توندوتیژی) تەبایە، ئەویش کاتێک دەڵێت: **((بەکارهێنانی توندیی و زبرییە لە غەیری جێی خۆیدا، یان لە کاتێکی نەگونجاودا، یان بەکارهێنانی توندوتیژییە زیاد لە پێویست، یان بەبێ ئەوەی پێویستیمان پێ هەبێت، یان بەبێ هیچ سنوورێک، کە وتم: توندی و نەموت: بەکارهێنانی هێزی ماددی و سەربازی هەروەک لەلای زۆر کەس باوە، چونکە توندوتیژی لە ڕوانگەی ئیسلامەوە تەنیا هێزی ماددی یان سەربازی ناگرێتەوە، بەڵکو توندوتیژی ئاخاوتن و مشتومڕیش دەگرێتەوە و ئیسلام توندوتیژی بێ پاساو ڕەتدەکاتەوە، ئینجا چ لــە قســەکردندا یــان لــە کــار و کــردەوەدا بێــت))**( https//www.al-qaradawi.net).

لەمیانەی ئەم دوو چەمکەوە دەتوانین چەمکێک یان زاراوەیەک بۆ توندوتیژی زمانەوانی هەڵهێنجین و بڵێین:**((کۆمەڵە هێمایەکی زمانەوانی کارپێکراوە دژ بەوانی ترە، کە بۆیان هەیە بواری زمانی**

**بەها و زمانی پەیوەندی بەوانی دییەوە ببەزێنن و لە ئەرکە کۆمەڵایەتییەکەیان وەدەریان بنێن))**(جون لاینز: ٢٠١١: ٢٤).

دەشتوانین سنوورەکانی ئەم پێناسەیە لەم خاڵانەدا ڕوون بکەینەوە:

ـ هێما زمانەوانییەکانمان لەجیاتی (چەمکی توندوتیژی) بەکارهێنا، چونکە هێما گشتگیرەکانی هەموو جۆری واتاکان بە پێچەوانەی چەمکەکانیانەوەیە.

- پەیوەندی زمانەوانیمان بەکارهێنا، تا وشەی زمان لە واتای (جیهانی ئاژەڵ) دەربێنین، چونکە ڕێگا بەرانبەر بە جیهانی ئاژەڵ داخراوە لەسەر بنەمای بایۆلۆژی و کۆمەڵایەتی، مرۆڤ تاکەکەسێکە توانای بەکارهێنانی زمانی هەیە بە هەردوو شێوازی گۆکراو و نووسراو، ئەمەش بێگومان جیاکارییەکی مرۆڤە، کە ئەمەش جیاکارییەکی مرۆڤە و لە بونەوەرەکانی دیکە و ئاژەڵان جودای دەکاتەوە، کە ئەمانە بەهرە و بیرکردنەوە و زیرەکییان نییە(جمعة سید یوسف: ١٩٩٠ : ٧ ).

زمان بەگشتی و وشەش بەتایبەتی بەپێی گۆڕانی کات، گۆڕانی بەسەردا دێت، وشە مێژووی تایبەتی خۆی هەیە، هەندێک جار دەنگێک دەگۆڕێت، هەندێک جاریش بەشێوەیەک دەگۆڕێت، کە خەڵکی ئاسایی نەیناسنەوە، تەنیا ئەوانەی لە ئیتمۆلۆژیا کاردەکەن، دەتوانن ڕوونیبکەنەوە(قەیس کاکل تۆفیق: ٢٠٢٠: ٥١).

ـ هەروەها وشەی (بەهاکان)مان بەکارهێنا، تا سنووری زاراوەی (توندوتیژی زمانیی) لە جنێودان بپارێزین، هەموو وتەیەک

ببێتە هۆکاری ئاژاوە، ئەوا بە توندوتیژی زمانی هەژمار دەکرێت، هەرچەندە نەرم و نیانیش بێت.

- گوزارشتی (ئەرکی کۆمەڵایەتی)یشمان بەکارهێنا، بۆ ئەوەی باس لە بەکارهێنانی زمان بکەین لە غەیری پرۆسەکانی ئاکار و ڕەفتاری ئاراستەکردنی گوتار، وەک زمانی جنێو و زمانی زبر لە وتە و قسەکردندا، کە بۆیان هەیە پەلبکێشن بۆ گیروگرفتی زۆر و زەبەن، بە هەمان شێوەش گروپی لادەر و نەفام دروست بکەن، ئەرکی زمانی کۆمەڵایەتی دروستکردنی پردێکە بۆ لێکگەیشتن و وابەستەییە، نەک تەنیا دروستکردنی پردێکە بۆ گەیشتن بەیەکتر لە نێوان خەڵکیدا و نەک کێبڕکێ، کە دژ دەکەوێتەوە لەگەڵ سروشتەکەی و لە دەرەوەی خۆیەوە سەپێنراوە بەسەریدا.

ئەگەر ئەمەی وتمان بەراییەک بێت بۆ پێناسکردنی چەمکەکە، ئەوا پێویستە ڕوونی بکەینەوە، کە بنج و بنەڕەت لە زمانەکاندا ئەوەیە، کە بەهاکان لەخۆبگرن و بیانگوازنەوە، هەروەک کتێبە ئاسمانییەکان ئاماژەی بۆ دەکەن(عبدالرحمن عزي: ٢٠٠٧: ١٣).

**٣.١: ڕەوشتەکانی توندوتیژی زمانی لە زمانی کوردیدا**

زاراوەی ڕەوشتەکانی زمان بە گشتی وەک گونجاندنێک لەم سەردەمەی نمرەئامێز و شۆڕشی پیشەسازی و کۆمەڵگەی مەعریفیدا بەدەرکەوتووە، وەک ڕەوشتەکانی - پزیشکی، و یاسا و زانست و پیشە و... هتد. لێرەوە ئیتر زاراوەی ڕەوشت بووەتە بابەتی سەردەم، لەوانەشە پەیوەندی نێوان ئەم پیشە و ڕەوشتەکان پەیوەندییەکی گەرم و گوڕ بێت -کە خوازیارین بەرهەمەکانی بەم

نزیکانه ببینین ـ له نێوان خۆی و فەلسەفەیەکی خاوەن سێ ڕەهەند ـ تا بتوانین ڕێگای بڕیار و پێوەرە ڕاست و دروستەکان بگرینەبەر لە هەموو ئەو پیشانەی له ڕووی ڕەوشتییەوە ئاڵۆزن، وەک: ئاسایشی زمـانی و سیاسـەتی زمـانی و ئاسایشـی نەتـەوەیی و ئـابووری مەعریفی و سیاسەت و ڕاگەیاندن، هەموو ئەم بابەتانه بەرژەوەندی کەسی دەگرنەخۆ. ڕەهەندی سێیینەی فەلسەفه لەسەر سێ تەوەری سەرەکی دەخولێتەوە، کە ئەمانەن:

١ـ مەعریفه (ئەپستمۆلۆژیا)

٢ـ بوون (ئەنتۆلۆژیا)

٣ـ بـەهاکان (ئەکسـیۆلۆژیا): کـە واتـای فەلسـەفەی ڕەوشـت دەگەیـەنێت، ئـەم زاراوەیـە لـەژێر چـەتری پرسـی تیـۆری بەهادایـە (الاکسیولوجیا) و وەک میوەیـەکی فەلسـەفه و بەرهەمەکـەی هـەژمار دەکرێت، مادام لایـەنێکی پراکتیکی کارا و زیندووە، لـە ڕاستیدا ئـەم زاراوەیـە جیاوازبوو لـە تیۆری مەعریفـە، هـەروەها فەلسـەفەش هـیچ پەیوەندییەکی بە پێوەری بەهاکانەوە نەبووە، بـەڵکو بـەو جەوهـەرەکە پرسیارێک بووە دەربارەی سـەرکەوتنی زانسـتی تـازە و هاوچـەرخ، وەڵامدانەوەشـی لـە میتـۆدی ئەزموونگـەریی کـە لۆجیکەکـەی عـەقڵ و هەسـتەکانە و بەتـەواوەتی ڕەهەنـدە کۆمەڵایـەتی و ڕۆشـنبیری و ژیـاری و بـەهاکانی نەتـەوەکان دووردەخاتـەوە، ئـەم حاڵەتـەش تـا چارەگی کۆتایی سەدەی بیستەم بەردوام بوو(دیفید رزنیک: ٢٠٠٥: ٧).

دەتوانین بڵێین کۆڵەکەی سێیەمی فەلسەفە (ڕەوشتەکان) هەموو زانستە مرۆییەکان و پراکتیکییەکان بەبێ جیاوازی دەگرێتەخۆ، زمانیش پەیوەندی نێوان ئەو زانستانەیە، زمانیش هەروەک باسمانکرد دیاردەیەکی زیندووە و گەشە دەکات و پێشدەکەوێت و دادەڕمێت و هەڵیش دەکشێت، نەخۆش دەکەوێت و پیریش دەبێت، ئەویش بە گوێرەی ئەو کۆمەڵگەیەی ژیانی تیادا بەسەر دەبات و ئەو ڕێگایەی لە کۆمەڵگەدا دەیگرێتەبەر، بۆ ڕۆیشتن لەسەر ئەو پێشڤەچوونە جودایانە کە ڕەوشتەکانە، با ئەو فەلسەفەیەی لەسەری بونیاد دەنرێت و دادەڕێژرێت هەمەجۆر و هەمەچەشنەش بێت.

لەم دەستپێکەوە زاراوەی بەکارهێنانی ڕەوشتەکانی زمان بەوە پێناسە دەکرێت، کە دەربارەی دیاردەکانی خراپ بەکارهێنانی زمان توێژینەوە دەکات، یان باس لە ڕەوشەکانی ئاخاوتن دەکات و لە شوێنەوارەکانیان دەکۆڵێتەوە لە بوارەکانی وابەستەگی زمانەوانی(أحمد شیخ عبدالسلام: ٢٠٠٦: ١٥٣). ئەم پێناسەیەش پاڵپشتی لە قورئان و سوننەتدا هەیە، لە قورئانی پیرۆزدا چەند ئایەتێک هەن، کە دیاردەکانی خراپ بەکارهێنانی زمان ڕەت دەکەنەوە و نەهی لێ دەکەن، لەوانە بۆ نموونە:

**(أَلَمْ تَرَ كَيْفَ ضَرَبَ اللَّهُ مَثَلًا كَلِمَةً طَيِّبَةً كَشَجَرَةٍ طَيِّبَةٍ أَصْلُهَا ثَابِتٌ وَفَرْعُهَا فِي السَّمَاءِ)** (سورەتی ئیبراهیم، ئایەتی: ٢٤)، هەروەها خودای گەورە دەفەرموێت: **(وَمَثَلُ كَلِمَةٍ خَبِيثَةٍ كَشَجَرَةٍ خَبِيثَةٍ اجْتُثَّتْ مِنْ فَوْقِ الْأَرْضِ مَا لَهَا مِنْ قَرَارٍ)** (سورەتی ئیبراهیم، ئایەتی:

٢٦) واژەی (الکلمة) لە هەردوو ئەم شوێنەدا ئاماژەی پێکراوە بۆ وتە و قسەکردن، کە هەموو ئاخاوتنێک دەگرێتەوە، کە وەسفی باشی هەڵگرتبێت.

هەروەها ئایەتی دیکە هەن کە باس لە دابەکانی ئاخاوتن و شوێنەواریان لە پڕۆسەکانی پەیوەندیدا دەکەن، کە چۆن بۆ دامەزراندنی پەیوەندی گشتی لە ڕووی جەنگ و زەبر و زەنگی و توندوتیژییەوە دەرفەت دەڕەخسێنن، خودای گەورە دەفەرموێت: **(ادع الى سبيل ربک بالحکمة والموعظة الحسنة وجادلهم بالتي هي احسن ان ربک هو اعلم بمن ضل عن سبيله وهو أعلم بالمهتدين)** (سورەتی النحل، ئایەتی ١٢٥). ئامۆژگاری چاک لە وتەی نەرم و نیان پێکدێت و بە (الحسنة) وەسف دەکرێت و هاندانێکیشە لەسەر ئەوەی کە وتەکان پێویستە نەرم و پەسەندکراوبن لەلای خەڵکییەوە، (وجاءلهم بالتی هی احسن) تا مشتومڕەکان نەبنە توندوتیژییەکی زمانی، کە ئەنجام مەبەست و مەرامەکانی زمان بە کارێکی خراپ بچێت.

لە فەرموودەکانی پێغەمبەریشدا(د.خ)، عروة بن الزبير گێڕاویەتییەوە، کە عائیشە (ر.) هاوسەری پێغەمبەر(د.خ) وتوویەتی: **((ژمارەیەک جوولەکە هاتنە لای پێغەمبەر(د.خ) و پێیان وت (السام عليکم)، عائیشە وتی منیش تێی گەیشتم، کە جوێنە، بۆیە وەڵامم نەدانەوە و وتم: وعليکم السام واللعنة، پێغەمبەر (د.خ) وتی: لەسەرخۆ عائیشە، خودای گەورە حەزی لە نەرم و نیانیە لە هەموو کاروبار و مەسەلەیەکدا، عائیشە دەڵێت منیش وتم: ئەی پێغەمبەری**

**خودا، ئایا گوێت لێ نەبوو چیان وت؟ پێغەمبەریش وتی: منیش وتوومە و علیکم)).** لەمەوە دەردەکەوێت، کە پێغەمبەر (د.خ) ئەم ڕووداوەی نەکردە جەنگ و شەڕ و پشێوی، بەڵکو تەنیا بە وشەی (وعلیکم) کۆتایی پێهێنا.

دەتوانین بڵێین ڕەوشتەکانی زمانی کوردی لە ڕووی ڕێکارییەوە ئەمانەی خوارەوە دەگەیەنێت:

**یەکەم: پێویستە ئاخاوتن بە ئەدەبانە ئەنجام بدرێت.**

**دووەم: پێویستە ئاراستەکراوبێت.**

**سێیەم: پێویستە ئەرێنی بێت.**

**چوارەم: پێویستە ڕێز لە قسەکەران و گوێگران بگیردرێت.**

**پێنجەم: پێویستە لێبوردەیی تێدا هەبێت.**

**شەشەم: دەبێ ڕێز لە کەلتووری زمانەوانی بگیردرێت.**

**حەوتەم: پێویستە ڕاستەقینە بێت.**

کەواتە وەک لە ڕووی چەمک و پێناسەوە دەردەکەوێ، زمانی توندوتیژی ئەم لایەنانە لە زمانی کوردیدا دەگرێتەوە: وەک:

**١ـ سوکایەتی پێکردن**

**تۆ هەر بەشەر نیت.**

**تۆ کەسێکی لە هەموو کەسان کەمتری.**

**٢ـ لۆمەکردن**

**فڵان ستەمکارە.**

**ئازاد بێویژدانە.**

**ڕزگار عەقڵی نییە.**

**٣. گاڵتەکردن**

**خۆیان ژیانیان شڕ و شێواوە، کەچی پێشبینی بۆ خەڵک دەکەن.**

**٤. گلەیی و گازاندە**

**خوشکەکەم ئەوها نابی، ئەوانیش مرۆڤن، زۆریان لێ تورە مەبە.(ئیدریس عەبدوڵڵا:٢٠٢١: ٢٢٧، ٢٤٩، ٢٥٠).**

**٥. جنێو**

بەرزترین حاڵەتی توندوتیژی زمانە، جنێودانیش وەک دیاردەیەک لەو کاتەنەدا پەنای بۆ دەبرێت، کە کەسەکە لە بارێکی دەرونی نائاساییدایە و شتێک لە ناخیدا پەنگی خواردۆتەوە و گەیشتۆتە لوتکەی تووڕەیی، کە ئیتر ناتوانێ دان بە خۆیدا بگرێت، بۆیە پێویستی بەوە هەیە، کە بەهەر جۆرێک بێت ڕق و کینەی خۆی دابمرکێنێتەوە و دەریبڕێ.

ئەو کەرەسانەی کە وەک جنێو بەرانبەر بە کەسەکان بەکاردێن، جیاوازییان هەیە لە ڕووی ڕادەی توندوتیژی و ناشیرینی و بێڕێزی گوتەکاندا.

جنێودانیش لە زمانی کوردیدا بەم شێوەیە دروست دەبێت (شلێر بەرزنجی:٢٠١١: ٦٨ - ٧٠):

١. جۆرێک لە جنێو لەناو کورددا هەیە، کە بە هۆی پەنابردنە بەر ناوهێنانی هەندێ ئاژەڵەوە دەبێت، کە لای ئێمە ناوهێنان و لێکچواندنیان بە خودی کەسەکەوە بەجۆرێک لە ئیهانە و سوکایەتی پێکردن سەیر دەکرێت، وەک: **کەر، سەگ، مەیموون، بەراز، ...هتد.**

له هەندێ شێوەزاری زمانی کوردیدا هەندێ ئاژەڵی تریش بۆ ئەم مەبەستە بەکاردێت، وەک(**حوشتر، قەڵەڕەش، کەمتیار، دێڵەبەبا، بارگین، پیسپیسۆک....**)(ئەحمەد هیرانی: ٢٠٠٩ : ٣٥).

٢ـ هەندێ جار جنێوەکە ئاماژەیەکە بەو کەموکوورییانەی لە جەستەی کەسی بەرانبەردا هەیە، کە بەهۆی کەمئەندامی یا نەخۆشییەکەوە دروست بووە، وەک(**شەل، کەڕ، کەچەڵ، کوێر..........**).

٣ـ جۆرێکی تری جنێو بەهۆی ئەو کەرەسە و گوتانەوە دەبێت، کە لەلایەن تاکەکانی کۆمەڵەوە بەرانبەر بە سەرۆک و دەسەڵاتداران بەکاردێت، بەتایبەتی لەو حاڵەتانەدا دەبێت، کە دەسەڵاتداران لە خەمی میللەتدا نەبن و زوڵم و زۆرداری بەرانبەر بکەن، دەتوانین بە جنێوی سیاسی ناوی ببەین، وەک (**زۆردار، دکتاتۆر، خوێنمژ، گەندەڵ، جەللاد خوێنڕێژ....**).

٤ـ هەندێ جار لەنێوان هەندێ چین و توێژدا بەتایبەتی لە لادێیەکاندا هەندێ گوتەی ناشیرین بەکاردێت، کە لەڕاستیدا گوتەی جنێودانە و زمانێکی توندوتیژە، بەڵام لای ئەوان ئاکامێکی ئیجابی دەگرێتەوە، وەک:

**نێرەکەرە............ واتە ئازایە**

**سەگە............... واتە زۆرزانە**

**بەرازە............ واتە بەهێزە**

٥ـ هەندێ وشە و زاراوە لە زمانەکەدا هەن، کە هەر لە بنچینەدا بەرانبەر بە دیاردەیەکی ناشیرین بەکاردێن و خەڵکی وەک جنێو بۆ سوکایەتی پێکردنی بەرانبەر بەکاری دەهێنن، وەک:

**بیژی(زۆڵ)، ڕەدووکەوتی(بەدووکەوتی)، حەرامزادە، گەلحۆ..** (ئەحمەد هیرانی: ٢٠٠٩ : ٣٦).

کەواتە یەکێ لە سیما دیارەکانی ئاخاوتنێکی باش و بەئەدەب لە زمان بەگشتی و زمانی کوردی بەتایبەتی ئەوەیە، کە ((**ئاخێوەر هەموو حیسابێک بۆ هەست و سۆز و ڕێز و پایەی خەڵکانی لە خۆی گەورەتر و خەڵکان بەگشتی دەکات، ئەوەی بە خەیاڵیدا بێ، نایڵێت و شەرم دەکات هەموو قسەیەک بکات، بۆ نموونە:**

**ـ دایکی خۆشەویستم من لە خزمەتی تۆدام.**

**ـ مامە عوسمان بەخێربێی سەرچاوەکانم.**

**ـ کاکە عەلی چۆنی برام؟**

**ـ خوشکەکەم هەر کاتێ ویستت، ئاگادارم بکەوە.**

**ـــ لـــە خزمـــەتت دام چاوەکـــەم، ئەمربکـــە.))**. (ئیـــدریس عەبدوللا:٢٠٢١: ٦٠ـ ٦١).

ئـەم داب و ئەدەبـەی قسـەکردن چ لـە ڕووی چـەمک و چ لـە ڕووی واتـاوە ڕەچـاوکردن و بـەکارهێنانێکی ڕوون و ئاشـکرایە، بـە هــەمان شــێوەش ڕەچــاوکردنی دابــەکانی زمــان لەلایــەن وڵاتــانی پێشکەوتووشــەوە جێــی ستایشــە و کــاری پــێ دەکرێــت کــە (بیــار) جــەختی لەســەر کردووەتــەوە و بــەم وتەیــە ئامــاژەی بــۆ دەکــات ((**پەیوەندی کاتێ بونیادنرابێت لەسەر ڕێسای ئاکار و ڕەوشتییەکان**

**بە توخمێکی گرنگی وڵاتە دیموکراسییە هاوچەرخەکان هەژمار دەکرێت لە ڕوانگەی فەلسەفەوە))**(بیار اشار:١٩٩٦ : ١٢٠).

ئەگەر باسی بەراییەک بۆ ئەمە بکەین، دەتوانین بڵێین، کە زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە و پێویستە لەسەر ئەم بنەمایە لێی بکۆڵرێتەوە، ئەمەش (دی سۆسێر)، پاشانیش (ساپیر) جەختیان لەسەر کردووەتەوە(نایف خرما: ١٩٧٨ : ١٠٧). لەمەوە دەردەکەوێت کە داب و نەریتی بەئەدەبانەی نێوان تاکەکان لە زمان و پێکهاتە زمانییەکانەوە وەرگیراوە چ لە ڕووی مامەڵە و چ لە ڕووی کار و کردار و پەیوەندییەکانیانەوە(علي عبدالواحد وافي: ١٩٨٣: ١٦)، زۆربەی زۆری جیاوازییەکانی نێوان زمانەکان لە دووتوێی ڕوانگەی کۆمەڵایەتی جێیان دەبێتەوە، کە نوێنەرایەتی چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان دەکات و ئاماژەیان بۆ دەکات و دەبێتە هێمایەک بۆیان(بیار اشار:١٩٩٦ : ١٥١)، لەم ڕوانگەیەوە زمان لە هەموو ئامرازەکان زیاتر جەخت لەسەر تایبەتمەندێتییەکانی کۆمەڵ دەکات، چونکە زمان ((**ئەو پەیوەندیەیە کە ئەندامانی کۆمەڵەیەک بەهۆیەوە دەناسرێن و هەروەها بەهۆیەوە ڕەچەڵەک و بنەچەیان دەناسرێت))**(فندریس جوزیف: ١٩٥٠ : ٧).

بەم بۆچوونە سۆسیۆلۆژیەی زمان دەبێتە توخمێکی هاوبەشی گشتی بۆ سەرجەم مرۆڤایەتی، قووڵبوونەوە لە زمانیش بۆمان دەردەخات، کە چەندین خاڵی هاوبەشی تایبەت لەلای بەکارهێنەرانی زمانێکەوە هەن، پاشانیش خاڵی هاوبەشی زۆر تایبەتمەند لەلای بەکارهێنەرانی یەک شێوەزار لە ئارادا هەیە(راغب السرجاني: ٢٠١١:

٤٩٢)، بە هەمان شێوەش خاڵی هاوبەشی تایبەت  ـ نەک گشتی و هاوبەش ـ بنەمای پێشکەوتنی ژیاریی نەتەوەیە، چونکە پێشکەوتنی ژیار لەسەر بنەمای توخمی تایبەتمەند دروست دەبێت زیاتر لە توخمە هاوبەشەکان(محمد عبدالعظیم: بنعزوز: ٢٠١٣: ٥).

## ٢. شوێنەواری دەروونی و جەستەیی توندوتیژی زمانی لەسەر تاک و کۆمەڵگە

کاتێک لە دەرکردنی دەنگێک لە کاتی بانگکردنی منداڵان تێڕادەمێنین، تێبینی دەکەین کە هەست دەکەن بە ترس یان ڕەتکردنەوە و وەڵامنەدانی بانگکەرەکە، دەشتوانین شرۆڤەی ئەم حاڵەتەش بەوە بکەین، کە زمان سەرکەوتووترین ئامانجی پەیوەندییە، کە بەکارهێنانی گشتی وەردەگرێت و لە هەمان کاتیشدا توانای هەیە زانیارییەکی زۆر بگەیەنێت بە هەوڵێکی کەم لە هەموو ڕووەکانی دەروونی و مێشکی و ماسولکەییەوە. زمان بەم شێوەیەیە و بنجەکەی بەمجۆرەیە، کەوا لەو کەسە دەکات ئاراستەی دەکرێت ببێتە وەڵامگۆ و گوێڕایەڵ بێت، بەڵام لە حاڵەتی بەرزکردنەوەی دەنگ، واتای ئەوەیە ئەو کەسەی دەنگەکەی لێوە دەردەچێت، هەوڵێکی ماسولکەیی زیاتر بەکاردەهێنێت، هەوڵی زیاتر و بەکارهێنانی زیاتری ئامێرەکانی گۆکردن، لە بنەڕەتدا خەرجکردنی هەوڵی دەروونی و مێشکی زیاتر دەگەیەنێت،((**کاتێک دەنگ گۆکردنێکی دیاریکراو وەردەگرێت و دەبێتە زمانێک، کە کارایی و توندییەکی زیاتر خەرج دەکات، ئەوا لەم حاڵەتەدا خاوەنەکەی هەست بە ئازارێک لەسەر دەمارەکانی گەروو و قوڕگ دەکات**))(جان جاک لوسرکل: ٢٠١٥: ٤٠٥).

کەواتە زمان جەستەیەکی دەنگییە پێش ئەوەی ببێتە چالاکییەک، کارێکی ئەنجام دراوە پێش ئەوەی ببێتە وتەیەک، ئایا نابینین کە توندوتیژی زمانی چەند گۆڕانکارییەک لەسەر جەستە جێ

دەهێڵێت، ئادگارەکانی ڕووخسار لەم حاڵەتەدا گۆڕانیان بەسەردا دێت و ڕوومەتەکان پڕ هەوا دەبن و چاوەکان سوور دەبنەوە و جەستەش هاوسەنگی خۆی لەدەستدەدات و جەستەش ئارەقە دەڕێژێت، حەواڵەکردنی ئاخاوتن بۆ کار، ئەنجامێکە زمانەوانی تازە پێی گەیشتووە، کە پێی دەڵێن تیۆری (کارەکانی زمان)، کە تیۆرێکە لەسەر ئەو فەلسەفەیە داڕێژراوە، کە ئەرکی زمان تەنیا چەسپاندنی ڕووداوەکان یان وەسفکردنیان نییە، بەوەی ڕاستن یان درۆن، بەڵکو قەڵبەزە دەدەن بەرەو ((**حەواڵەکردنی ئەو وتانەی لە دووتوێی پێدراوەکانی بواردا دەردەچن بۆ کار و کردەوەیەکی ئەوتۆ، کە مۆرکێکی کۆمەڵایەتییان بەخۆوە گرتبێت**))(عمر بلخیر: ٢٠٠٦: ١٥٥).

توندوتیژیی زمانی لەسەر بونیادی تیۆری کارەکانی زمان باز لەسەر توندوتیژی ماددی دەدات، کە تاکەکان ئەنجامی دەدەن دژ بەیەکتر بۆ ئاستێکی دی، ئەم توندوتیژییە کارێکی ئاخێوەرانەیە، کە گوزارشت لە وروژاندنی دەرونی دەکات، کە لە نێوان دوو کەسدا بەشێوەیەکی کارلێکانە ئەنجام دەدرێت و ئادگارە زەقەکەی لە ڕکابەری و دروستکردنی ڕق و کینە و دژایەتی بەرجەستە دەبێت. ئەم کارە هەستێکی وروژێنەرانەی - ناوەکی - ناوخۆیی و ئاکار و کاردانەوەیەکی دەرەکییە، هەستکردن بە ترس و قێز و سەرسوڕمان و نیگەرانی و تووڕەیی و خۆشی و شادی، هەموو ئەمانە وروژاندنێکی دەرونی ناوخۆیین، کە بۆ هەموو وشەیەک شێوەیەکی جەستەیی جودا (کاردانەوەیەکی دەرەکی)نیشان دەدەن، هەروەها دەبینین ئەو هەڵوێستە جەستەییەی کە قسەکەرەکە پەیڕەوی دەکات،

پلە و پێگەی دیاریدەکات، کە ئایا خاوەن پلە و پایە و دەسەڵاتە یان کەسێکی خوار و نزم و بێڕێزە((**ئەو کەسەی هەردوو پێی دەخاتە سەر ئەو مێزەی، کە خەڵکی دیکەی لە بەرامبەردا دانیشتوون، بەڵگەیەکە لەسەر بێڕێزی، بۆیە بەرانبەرەکەشی بە هەمان شێوەی بێڕێزیەکەی بەرەو ڕووی دەبێتەوە، ئەمەش پێی دەوترێت: (دەنگدانەوەی جەستەیی**))(موفق الحمداني: ٢٠٠٤: ٢٣٣).

لە زمانەوانیی دەماریدا، کە بوارێکی تازەیە، گرنگی زیاتری پێدراوە، ئەویش لەبەر پێشکەوتنی زانستی پزیشکی و دەرونی و زمانەوانی و زمانەوانی دەرونی ـ دەبینین، کە گرنگترین بەش لە دەزگای دەماریی مرۆڤدا مێشکە، چونکە مێشک سەرجەم بزوات و جووڵەکانی جەستە دەجووڵێنێت و زمانیش بارەگاکەی مێشکە لە بنەڕەتدا(عبدالعزيز ابراهيم العصيلي: ٢٠٠٦: ١٤٤). لەبەر ئەوە زمانەوانەکان توندوتیژیی زمانەوانیان بەوە چواندووە، کە قەرەبوویەکی توندوتیژی جەستەییە، یان قۆناغێکی جەستەییە و ئەنجامەکەی مردن یان زیندانیکردنە(عباس الحاج الامين: ٢٠١٦ : ٧٧)، کەواتە زمانەوانیی دەرونی دان بەوەدا دەنێت، کە توندوتیژی زمانیی لەگەڵ توندوتیژی جەستەییدا بەشێوەیەکی تێکالاو ئاوێتەی دەبێت، و ئەنجام شوێنەواری پڕ ئێش لە هەست و نەست و سۆزدا دروست دەکات(هەمان سەرچاوە: ٤٠٦). هەروەک چەسپاوە بەهۆی ئامێری فۆتۆی مێشک، کە توندوتیژی زمانەوانی پەلدەکێشێت بۆ زیانێکی بەردەوام لە پێکهاتە و گەشەکردن و پێشکەوتنی مێشکی مرۆڤ(سارة السهيل: ٢٠١٩: ١٠).

## ٣. شێوە و هۆکارەکانی توندوتیژی زمانیی

### ١.٣: شێوەکانی توندوتیژی زمانیی

توندوتیژی زمانیی چەند شێوەیەکی هەیە، کە (جاحیز) لە پێشەکی پەرتووکەکەیدا (البیان والتبین)زووتر ئاماژەی پێیان کردووە، نەفرەتی لەم شێوە وتانە کردووە، کە دەڵێت: **(خودایە پەنا دەبەمە بەر تۆ لە فیتنەی وتەکان و فیتنەی کار و کردەوەکان، هەروەها پەنات بۆ دەبەم لە زیادەڕۆیی لەو شتانەی بەپوختی ناتوانین ئەنجامیان بدەین، پەناشت بۆ دەبەم لەخۆ بە زلزانین بەرانبەر بەو کارانەی بەباشی ئەنجامیان دەدەین، پەنات بۆ دەبەم لە قسەلۆک و چەنە چەن و قسەی بێسوود، بە هەمان شێوەش پەنات بۆ دەبەم لە تەتەڵەکردنی زمان. هەر لە کۆنیشەوە پەنا بۆ خودا بردراوە لە شەڕ و خراپەی ئەمانەی وتمانن و دوعایان کردووە بۆ خۆپارێزیی لێیان)**(عمر بن بحر الجاحظ: ١٤٢٣: ٢٧)

دەتوانین بەم شێوازەی خوارەوە ڕوون بکەینەوە: (احمد محمد معتوق: ١٩٩٦: ٧١)

١ـ فیتنەی قسەکردن   ـ وتە: خودای گەورە دەفەرموویێت (والفتنة أشد من القتل) (سورەتی البقرة، ئایەتی ١٩١)، ئەم جۆرە فیتنەیە ڕەنگدانەوەیەکی ڕێژخایەنی هەیە و بەگشتی واژەی (الفتنة) لەو واژانەیە، کە بە گوێرەی ئەو واتایەی پێوەی دەلکێندرێت، تایبەت دەکرێ یان دەگشتێندرێت یان بە گوێرەی قسە و بواری ئاخاوتنەکە دەهێنرێتەوە، وەک فیتنەی پارە و فیتنەی ئایین، هەروەها فیتە ئەو کێشە و مەینەتیانە دەگرێتەوە، کە دووچاری ماڵ و حاڵ و نامووسی

دەبن، لەبەر هەر هۆ و هۆکارێک بێت، ئینجا جەستەیی یان زمانی بێت و لەسەر هەر شێوەیەک بێت، ئەوا ئەم فیتنەیە لە کوشتن توندتر و خراپترە.

فیتنە لە کوشتن خراپترە، چونکە زەرە و زیانەکەی بەردەوام دەبێت، بە پێچەوانەی ژانی کوشتن، کە بەردەوام نابێت و ژانەکەی بە کوشتن کۆتایی پێ دێت، هەروەها فیتنە ترسان و تێکچوونی سیستەمی ژیانە، ئێمە فیتنەین، فیتنە چەمکێکە واتای تێکچوون و لار و لەوێربوونی بارودۆخی کەسێک و شپرزەبوونییەتی بە ترس و دڵەڕاوکێ و مەترسی لەسەر خۆی و ماڵ و حاڵی.

٢ـ فیتنەی کارکردن: واتە سووربوون لەسەر جێبەجێکردنی ئەو قسانەی سۆز و هەستەکان دەوروژێنن، ئەمەش حاڵەتێکە بۆی هەیە پەلبکێشێت بۆ جەنگێکی دڕندانە لە نێوان وڵاتان و کۆمەڵگەکان و خێزانەکانیان.

٣ـ فیتنەی زیادەڕۆیی: کە زەوتکردنی واژەکان دەگرێتەوە، چونکە ئەگەر وتەکان لە زیادەڕۆیی دووربکەونەوە، کاریگەری دەکەنە سەر دڵ و دەرون، وەک چۆن ڕێژنە بارانێک زەوی بە پیت زیندوو دەکاتەوە.

٤ـ سەرسوڕمان: ئارەزووکردن دەگەیەنێت لە سەرۆکایەتی کردن و خۆدەرخستن و قسەی پان و پۆڕ و قسەی زل، تا گۆکردنەکە بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش دەربچێت بۆ گوێگران، ئەویش لەبەر ئارەزووکردن لە پێشەوایەتی و سەرۆکایەتی و

دەرکــەوتن، یــان لەبــەر نــەبوونی زانــین و زانســت دەربــارەی ئــەو شتانەی  پێویستە بزانرێن لە کاتی ئاخاوتندا.

٥ــ گــەڕەلاوژە: واتــە قســەکردنێکی زۆر بــە دەنگبــەرزی بــۆ بەزاندنی بەرانبەر.

٦ـ قسـەی زۆر: واتـە قسـەی زۆر و بێ سـەروبن و بێسـوود چ کەم بێت چ زۆر.

هـەموو ئـەم خاڵانـەی باسـمان کـردن شـێوەیەکن لـە شـێوەکانی توندوتیژی زمـانیی، کـە ئـەنجام پـەل دەکێشـێت بـۆ پووچەڵکردنـەوەی پەیوەندییەکان (مەبەستی گۆکارەکە) لە نێوان پەخشکارە وەرگرەکـە، ئەمــەش جیــاوازی هەیــە لەگــەڵ ئــەو پەیوەندیکردنــەی واتــای ((**ئــەو پرۆســەیەیە، کــە زانیارییــەکان لــە نێوان تاکەکانــدا ئــاڵوگۆڕ دەکــەن، ئــەویش بــەگوێرەی سیســتەمێکی دیــاریکراو لەمیانــەی کــەناڵێک، کــە سەرچاوەکە بە وەرگرەکە دەبەستێتەوە**))(احمد محمد معتوق: ١٩٩٦: ٧٣).

وەک لــەم شــێوانەدا دەردەکــەوێت، کــە لێــرەدا زمــان بــەرەو ئاراسـتەی (**درۆ، دووڕوویـی، جنێـو، ئاگرتێبـەردان، ...هتـد**) دەڕوات، وەک:

١ــ درۆ: درۆ هەواڵێکــە پێچەوانــەی واقیــع و بەڵگــە عــەقڵی و ئایینییەکان و پێچەوانەی زانسـت و مێژوو و هـەموو بەڵگـەکانی تـرە، وەک:

**خۆر وەستاوە و ناجووڵێ.**

ئەمە درۆیەکە، چونکە زانست جەخت لەسەر جوڵان و ڕێکردنی خۆر دەکاتەوە.

٢. دووڕوویی: ئەو کەسەیە کە لای نەیارەکەت لۆمەت دەکات و لای خۆشت مەدحت دەکات، بۆ نموونە:

**لای نەیارەکەت وەها باسی تۆ دەکات و دەڵێ: کوڕە عەباس هەر هیچ نییە، هەر عەقڵی نییە.**

**لای تۆش دەڵێ: کاک عەباس بڕوا بکە ئینسانی وەک تۆ باش کەمە، کاکە تۆ زۆر زۆر عاقڵی.**

٣ـ جنێو: لێرەدا ئاخێوەر هەندێ قسەی زبر و ناخۆش و چاوەڕواننەکراو بە بەرانبەری دەڵێت، ئەو قسانە ڕەنگە خراپ بن بۆ خودی کەسی بەرانبەر، وەک:

**ئەو سەگبابە.**

**ئەو بێئەخڵاقە.**

**ئەو درۆزنە.**

**ئەو سپڵەیە.**

**ئەو بێ دایک و باوکە.**

**ئەو هیچ و پووچە.** (ئیدریس عەبدوڵلا:٢٠٢١: ٨٨، ٨٩، ٩١، ).

**٢.٣: هۆکارەکانی توندوتیژی زمانی**

توندوتیژی زمانیی چەندین هۆکاری هەن، کە هەندێکیان دەرونی و سیاسی و ئایینی و ئەلکترۆنین، ئەم هۆکارانە لەگەڵ ڕەوشتەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی یەکناکاتەوە، چونکە ئەو بنەما ڕەوشتییانە لەسەر یاساکانی لێبوردەیی و ڕێزلێنان و قبوڵکردنی

ڕای بەرانبـەر داڕێـژراون، کـە دەتـوانین لـەم خاڵانـەی خـوارەوەدا چڕیان بکەینەوە:

### ١.٢.٣: هۆکارە ئەلکترۆنییەکان

تـــەکنیکی زانیاریـــەکان، ڕۆڵێکـــی گرنـــگ و کارایـــان لـــە دروستکردنی چەندین هۆکار بۆ دروستکردنی توندوتیژیی زمانیی لە ڕووی ئـەو ئامرازانـەی لەبـەر دەسـتدان هەیـە، وەک (فەیسـبووک) و (تویتەر)...هتد، کە بە نهێنی وبە ئاشکرایی ڕۆشنبیری جنێو و کینە و بوغز و درۆکردن و پڕوپاگەندە و پچڕاندنی پەیوەندییـەکانی نێوان وڵاتـان بڵاودەکەنـەوە، ئـەویش لەمیانـەی تاوانـە ئەلیکترۆنییـەکان و تـــەکنیکی بێســنور و ســـەرچاوە نەزانراوەکانـــەوە، ئـــەم حاڵەتـــەش بونیادی کۆمەڵگە و پێکهاتەکەی دادەکوتێت و پەیوەندییە کۆمەڵایـەتی و خزمایەتییەکان لە نێوان خێزان و خزم و دۆستاندا دەپچڕێنێت و ئـەو ڕۆشـنبیرییە دەسـڕێتەوە، کـە لەسـەر بونیـادی دراوسـێتی و دۆستایەتی و داپۆشینی عـەیب و عـاری یەکدی و خـوێن نەڕشـتن و ڕەتکردنەوەی گومـان و دوودڵییـەکان و میواندۆسـتی و بـەخێوکردنی یەتیم و مـاچکردنی دەستی دایک و باوک و ڕێزگرتن لە گـەوران و بچوکـەکان و حـەلال خـواردن و خـۆ بـەدوورگرتن لـە حـەرام و ستەمکردن لە خەڵکان و چەوساندنەوەیان.

هـەموو ئـەم شـتانە سیسـتەمی بـەها کۆمەڵایـەتی و ڕەوشـتی و ئاینییـەکان پێکدەهێنن، کـە هـەڵگری نـاوەرۆکی شـەرعی خـوا و بـەها مرۆییـە تـەواوەکانن، کـە لـە مێشـکی لاوی کـورد چەنـدین سـەدەیە جێگیربونـە، بـەڵام ئـەم سیسـتەمە لـە ئێسـتادا لەبـەر توندوتیژی

ئــەلیکترۆنی گــەمارۆدراون، ئــەم توندوتیژییــە هەنووکــە بووەتــە مەترسییەک بەسەر سیستەمە کۆمەڵایەتییەکەوە.

**توندوتیژی ئەلیکترۆنی چییە؟**

زاراوەیەکە مەبەست لێی ئەو توندوتیژیەیە، کە لە ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکانـدا پـەیڕەوی لـێ دەکرێـت، ئـەویش بـە بـەکارهێنانی کامیرای مۆبایل و (بلوتوس) و تۆماری دەنگیی، هەروەها بەزاندنی تایبەتمەندییەکان لە ماڵپەرەکانی ئینتەرنێت، بە مەبەستی ئەزیەتدانی خـەڵکی(ایاد مسـعود: ٢٠١٩: ١٠)، بـە بـەکارهێنانی شـێوەکانی، کـە لەمانـە پێکـدێن: بەزانـدن، خۆگـۆڕین، گێچـەڵکردن، ئەرکبەخشـین، دابەشکردنی بابەتە هەراسانکارەکان...هتد.

**٢.٢.٣: هۆکارە دەروونییەکان**

بـە کـەمزانینی کەسێک لـە ڕێگـەی کەمکردنـەوە و پوچـەڵکردنی کــار و دەســتکەوتەکانی، یــان هەڕەشــەکردن، یــان لەبــەر یەکنەبوونی((**هەموو شێوەکانی توندوتیژی حاڵەتێکی دوژمنایەتی پێشیاندەکەوێت و بە هەمان شێوەش هەموو شێوەکانی دوژمنکاری حاڵەتێک لە هەرەسهێنانی پێشدەکەوێت**))(تحسین عبدالحمید رشوان: ٢٠١٥: ١٤٤).

**٣.٢.٣:هۆکارە ڕامیارییەکان**

تونــدوتیژی زمــانیی لــەلای سیاســییەکان ئامرازێکــە لــە ئامرازەکـانی سـەرکوتکردنی سیاسـی، کـە کۆمەڵگـە پـەلکێش دەکـەن بـەرەو شـپرزەیی و داپچڕانـدن و وروژانـدنی سـۆز و حزبایـەتی و بڕینی پەیوەندییە دیبلۆماسییەکان لە نێوان وڵاتان و میللەتاندا.

ئەم حاڵەتانەش بە هۆشیارییەوە یان بەبێ هۆشیاری دروست دەبێت، لەوانەشە کار بگاتە ئەوەی جەنگ و داگیرکاری بەرپا ببێت لەجیاتی سەقامگیری و ئاسایش و ئاشتی. (جۆرج بۆش) هەڕەشەی لە هەموو جیهان کرد و وتی ((**یان لەگەڵمان بن ، یان دژمان بن**))(تاج الدين يوسف: ٢٠٠٩: ٢٨). ئەوەی تێبینی دەکرێت ئەم وتەیەی (**بوش**) هیچ جنێو و ناوزڕاندنێکی تیادا نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا توندوتیژییەکی زمانی گۆتۆتەخۆ، کە لە فاکتەرەکانی دیکەدا بەرجەستە دەبێت.

هەروەها (**جۆرج بۆش**) و (**تۆنی بلێر**) هەردووکیان بەرانبەر بە یاسای نێودەوڵەتی و دامودەزگا نێودەوڵەتییەکان گوزارشتیان لە بێڕێزی خۆیان کرد، لەو دەزگا نێودەوڵەتیانەش ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بوو، کە لە لوتکەی دوورگەکانی (ئازور) لە سەروبەندی ڕزگارکردن عێراق ـ هەروەک نەعۆم چۆمسکی ئاماژەی پێکردووە ـ هەردووکیان وتیان (**پێویستە دابنەوێنێت**)، مەبەستیان ئەنجومەنی ئاسایش بوو ـ ئەگینا بەبێ ڕەزامەندییە پوچەکەی تۆ شاڵاو دەبنە بەر عێراق، ئەم هێرشەشمان دەکەین لە هەردوو حاڵەتدا، ئەگەر (**سەددام و خانەوادەکەی**) وڵات بەجێبێڵێت، یان نەء)(نعوم تشومسكي: ٢٠٠٣: ٣٧).

بە هەمان شێوە سەرۆکەکانی وڵاتانی عەرەبی لە شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبیدا، توندوتیژی زمانیان بەکارهێنا، بۆ نموونە لە (**تونس**) (**بن عەلی**) نەیارانی بە بەکرێگیراو وەسفکرد و (**حوسنی موبارەک**) شۆڕشگێڕانی بەوە دانا، کە (**هەندێک منداڵ و تواڵن و لە**

**یانـەکانی فەیسـبووک کۆبوونەتـەوە)**، هـەروەها (محەمـەد قـەزافی) بەشداربووانی بەهاری عەرەبی بەوە ناوزەد کرد، کە **(جرج و پشیلە و مشکن)** و لـە تـاریکی شـەودا لـە شـەقامێکەوە بۆ شـەقامێکی دی بـازدەدەن، و هەڕەشـەی ئـەوەی کـرد کـە لـە ماڵـەکان و کۆڵانەکانـدا ڕاویان دەنێت، جگە لەمانـەش لاف و گـەزاقی ئـەوەی لێدەدا، کە ئـەو سـەرۆک نییە، بەڵکو پێشـەوا و ڕابـەرە و پلـەی سـەرۆکایەتی پلەیـەکی کەمە و ئەو لەو پلەیە گەورەتر و بەرزترە، هەروەها سەرۆکی یەمەن **(عـەلی عەبـدوللا سـالح)** چەنـدین واژەی تونـدی بەرامبـەر نـەیارانی بەکارهێنا، وەک **(شۆڕشی دواکەوتووان و شەقاوەکان، دەنگە ناساز و تیرۆریسـتەکان، مـار و مـور)**، سـەرۆکی سـوودانیش (عومـەر بەشـیر)وتی: **(ئەمانـە چەنـد کەسـانێکی لادەر و گێچـەڵکارن)**، یاریدەدەرەکەشی **(نافع عـەلی نـافع)** خۆپیشـاندەرانی بـە **(کاسـەلێس)** وەسـفکرد و ئەمـەش بـووە هـۆی ئـەوەی وەک بەرپەرچدانەوەیـەک خۆپیشـاندانێکی سەرتاسـەری لـە وڵاتـدا هەڵبگیرسـێت، سـەرۆکی سوریاش **(بەشـار ئەسـەد)** شۆڕشگێڕانی بە **(میکرۆب)** ناوزەدکرد، هـەموو ئـەو وەسـفانە واتـای فەرهـەنگی ڕۆشـنبیری و کۆمەڵایـەتی و هزری خۆیان هەیە، کە ئاماژە بۆ بێڕێزی و گاڵتەجاڕیی و بـەکمزانین دەکەن.

### ٣.٢.٤: هۆکارە ئاینییەکان

بێگومـان ئایینـە ئاسـمانییەکان سـەرتاپا بـۆ ئـەوە دابـەزیون، کـە ڕوحی لێبوردەیی و هەڵکردنی مرۆڤەکان لەگەڵ یەکدیدا باش بکـەن و بـە گـوێرەی شـەرعی خـودا پەیوەندییـە کۆمەڵایەتییـەکان ڕێکبخـەن،

چونکه(( **هەموو ئەو کۆمەڵگەیانەی کە ئایینیان تێدایە، ئایینەکانیان لەلا پیرۆزە**))(قەیس کاکل تۆفیق: ٢٠٢٠: ١)، لێرەدا زمان هەڵگری ئەو ناوەڕۆکە ئاسمانییەیە کە لە ڕەوشتی پەیوەندییەکان و ڕێزلێنان و چەسپاندن و سەقامگیری و ئاشتی و ئاسایش و قبوڵکردنی یەکدی و فرەیی بۆچون و نەتەوە و ڕەگەز و بیروباوەڕ و ئاینزاو ئایینەکان بەرجەستە دەبێت.

شێوازی نەرم و نیان، یان توند و زبر بە پێوەرێک دادەنرێت، بۆ سەرکەوتنی پەیامە زمانەوانییەکە، یان نوشوستهێنانی لە ڕوانگەی زمانەوانیی کۆمەڵایەتییەوە.

**٢.٣. ٥: هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان**

مرۆڤ بەها و ڕەوشتەکانی خۆی لە ڕێگەی کارلێکی کۆمەڵایەتییەوە بەوانی دیکەوە دەستدەکەوێت، لەمیانەی ئایین و بیروباوەڕ و کەلتووری باو و باپیران و پەیوەندییە ئابوری و ماددییەکان و دەزگاکانی ڕاگەیاندن و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، کە هەموویان سەرتاپا شوێنەواری کەڵەکەبو پێکدەهێنن لەسەر تاک و ئاکار و ڕەفتارەکانی تاک(ماهر محمود عمر: ١٩٨٨: ١٣١).

یەکێک لەو شتانەی باو و باپیرانمان لە کۆمەڵگەی کوردیدا لەسەر شێوەزاری لای خۆمان ماوەتەوە دەڵێن:

ئەگەر کەسێک گوناهێک بکات، پێی دەوترێت ئۆباڵی خۆت لە ملی/ ئەستۆی خۆت، واتە کەسی گوناهبار دەبێت خۆی باجی تاوانەکەی بداتەوە، نەوەک کەسێکی تر، یان کاتێک کە دەڵێین:(**هەستە قیامەتت هەستێت**)، ئەگەر ڕاشوەستابێت پێی

دەڵێن:(**دانیشە نیوەت دابنیشێ**)، ئەگەر بشڵێ من دەچم ئەمەی گوێ لێ دەبێت (**بچۆ زگت بچێ**)، ئەگەر بڵێ من هاتم پێی دەڵێن (**وەرە شاگەشکەت بۆ بێت**)، ئەگەر بیەوێت گەمە بکات (**گەمە بکە ماسولکەکانت گەمە بکەن**)، ئەگەر بیەوێت بخوێنێت پێی دەڵێن: (بخوێنە فووت تێ بێت)، بشیەوێ بخەوێت ئەمەی گوێ لێ دەبێت:(**بنوو شەونخوونی بنوێ**)، هەموو ئەمانە دەبنە هۆی دارماندنی منداڵ، ئەویش بە گەیاندنی زیان بە مێشکی، کە دوچاری شپرزەیی و سەرسوڕمانی دەکەن، کە ئەنجام سەری لێ دەشێوێت.

لێرەوە دەبینین توندوتیژی زمانیی، کە ئێستا لە دەزگاکانی ڕاگەیاندندا کاری پێدەکرێت و لە ئەنجامی کارلێکی کۆمەڵایەتییەوە دروستبووە، بەشێوەیەکی گشتی لەگەڵ بەها و بنەماکانی ڕەوشت و ڕۆشنبیری و ناوەرۆکی بەرهەمەکاندا زۆر جیاوازی هەیە، کە ئەمەش بێگومان لەسەر بونیادی کۆمەڵگە مەترسییەک دروست دەکات، ئەویش لە ڕوانگەی ئەو هێما و ئاماژە زمانەوانییە، کە هەستەکان بەرەو بوغز و کینە دەجوڵێنن، بگرە زۆرجاران بەخێرایی ئەو واژانە دەبنە ئەو حیسابەی کە (ئاکارێکی دەرەکی) وەک دزی و کوشتن و... هتد.

دەشتوانین لێرەدا ئەو هۆکارانەی کە پەل دەکێشن بۆ توندوتیژی زمانیی جەخت لەسەر هەندێک ڕاستەقینە بکەینەوە:

١ـ سیستەمە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان و داب و نەریت و تەرزە ڕۆشنبیرییەکان و بەها و ڕەوشتەکان، شوێنەواری خۆیان لەسەر زمان جێدەهێڵن، ئەویش لەبەر ئەوەی خۆراکی زمان لە

کــرۆک و نــاوەرۆکی داب و نــەریت و بیروبــاوەڕە باوەکانــەوە سەرچاوە دەگرێت، لە هەمان کاتیشدا سیستەمێکی ئەوتۆیە، کە تا ڕاددەیـەکی زۆر نەتـەوە دروسـت دەکـات، چونکـە پەیوەنـدی لـە نێوانیاندا تەنیا لە ڕوانگەی ئەو سیستەمەوە دروست دەبێت.

٢- زمان تەنیا واقیعێکی هزری ڕەهایە و هیچ شتێک بە واقیعە کۆمەڵایەتییەکەوە گرێی نادات.

٣ـ هـەڵبژاردنی وشـەکان لەڕێگـەی خواسـتی کۆمەڵایەتییـەوە دیاریکراوەوە ئەنجام دەدرێت.

٤ـ ئـەو پێشـکەوتنەی لـە بونیـادی کۆمەڵگـەدا ڕوودەدات، بـە هەمان شێوە لە بونیادی زمانیشدا ڕوودەدات.

٥- زمـان بـەو پێیـەی چالاکییـەکی کۆمەڵایەتییـە و گوزارشت لـە پەیوەندییە کەسییەکان و بەها ژیاری و کۆمەڵایەتییەکان دەکات.

٦ــ هــەر گۆڕانکارییــەک لــە شــێوازی ژیــان، ڕەنگدانــەوەی ڕاستەوخۆی دەبێت بەسەر بەها واتاییەکانی وشەکان.

ئـەم ڕاسـتەقینانە و پێناسـەکانی پێشـوو و گفتوگۆکـان مەبەسـت لێیـان ئـەوەبوو، کـە مەترسـی تونـدوتیژی زمانییـان لەسـەر بونیـادی کۆمەڵگـەکان پێ ڕوونبکەینـەوە، کـە لەوانەیـە ببنـە هۆکـاری داکـوتینی کۆمەڵگـە و هەڵوەشـاندنەوەی سیسـتەمی بـەهاکان تیایانـدا، ئـەویش لەمیانـەی بەسـتنەوەی تونـدوتیژی زمـانی و جەسـتەیی بەیەکـەوە و شــوێنەواری گــۆڕینی بونیــادی کۆمەڵگــە لەســەر بونیــادی زمــان و ڕەوشتەکانی.

## ئەنجامەكان

١ـ توندوتیژی زمانیی مانای جنێو نییە، چونكە هەموو وتەیەك پەل بكێشێت بۆ ئازاوە، ئەوا بە توندوتیژییەكی زمانی هەژمار دەكرێت، هەرچەندە نەرم و نیانیش بێت.

٢ـ ماددەی (توندوتیژی) لە ڕەهەندە واتاییەكەی بەوە جودا دەكرێتەوە، كە توندوتیژی ماددی و وتەیی لەخۆ دەگرێت.

٣ـ توندوتیژی زمانیی بەشێوەیەكی تێكئاڵاو تێكەڵ بە توندوتیژی جەستەیی دەبێ و شوێنەواری پڕ ئێش لە هەست و سۆزدا دروست دەكات لە ڕوانگەی زمانەوانیی دەرونییەوە.

٤ـ ئەنجامدانی توندوتیژی زمانیی، دەرەنجام پەل دەكێشێت بۆ پووچەڵكردنی پەیوەندی لە نێوان پەخشكار و وەرگر.

٥ـ ڕەچەڵەك و بنج لە زمانە مرۆییەكاندا لە ئامێزگرتنی بەهاكانە نەك وەدەرنانیان.

٦ـ توندوتیژی ئەلیكترۆنی مەترسییەكی خێرا و پرۆگرامئامێز لەسەر ڕەوشتی زمان دروست دەكات.

٧ـ بۆ قەدەغەكردنی ڕوودانی دیاردەی توندوتیژی زمانیی، پێویستە بەها باشەكان لە كۆمەڵگەدا جێگیر بكرێن، چونكە زمان بە كۆمەڵگە و بە مرۆڤەوە پەیوەستە.

٨ـ ئەو پێشكەوتنەی دووچاری بونیادی كۆمەڵگە دەبێتەوە، ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆی بەسەر بەهای واتایی وشەكانەوە هەیە.

# سەرچاوەکان

## بە زمانی کوردی

١ـ ئەحمەد هیرانی(٢٠٠٩)، هەندێ گرێ و ڕستەی ڕێزمانیی لە زۆنگاوی فەرامۆشیدا، گۆڤاری زمانناسی، ژمارە(٤ ـ ٥)، تشرینی یەکەم و تشرینی دووەم، هەولێر.

٢ـ ئیدریس عەبدوللا(د)(٢٠٢١)، شێوازناسیی زمان، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی نارین، هەولێر.

٣ـ جەعفەر مایی(٢٠٠٦)، توندوتیژی، گۆڤاری توێژینەوە، ژمارە ٩، چاپخانەی منار، هەولێر.

٤ـ شلێر ڕەسووڵ بەرزنجی(د)(٢٠١١)، لایەنی نەرێنی هەست دەربڕین لە زمانی کوردیدا(جنێودان) بە نموونە، گۆڤاری ئەکادیمی، ئەکادیمیای کوردی، ژمارە(١٩)، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

٥ـ عەبدوللا عەبدولرەحمان(٢٠١٣)، توندوتیژی خێزان، چاپخانەی ماردین، هەولێر.

٦ـ قەیس کاکل تۆفیق(د)(٢٠٢٠)، زمان و ئاین، چاپی یەکەم، چاپخانەی ماد، هەولێر.

## بە زمانی عەرەبی

٧ـ ابن عاشور حمد الطاهر بن محمد بن محمد الطاهر التونسي(١٩٨٤)، التحرير والتنوير، الدار التونسية للنشر .

٨ـ أبو داود سليمان بن الأشعث بن اسحاق بن بشير بن شداد(١٩٨٢)، سنن أبي داوود، تحقيق: محمد محيي الدين عبدالحميد، المكتبة العصرية، صيدا ـ بيروت.

٩ـ أبـو عبـدالرحمن الخليـل بـن أحمـد بـن عمـر و الفراهيـدي البصـري(١٩٨٦)، العـين للخليـل، تحقيـق: د. مهـدي المخزومـي، د. ابراهيم السامرائي، الناشر: دار ومكتبة الهلال.

١٠ـ أبو هلال الحسن بن عبدالله بن سهل العسكري(١٤١٢هـ)، الفـروق اللغويـة، تحقيـق: الشيخ بيت اللـه بيـات، ومؤسسـة النشـر الإسلامي، الناشر: الطبعة: الأولى.

١١ـ ابـي الفتح عثمـان ابـن جنـي الموصـلي(١٩٩٢)، الخصـائص، الهيئة المصرية العامة للكتاب ط.٤

١٢ـ احمد بن على بن حجر أبو الفضل العسقلاني(١٣٧٩ هـ)، فتح الباري شرح صحيح البخاري، رقم كتبه وأبوابه وأحاديثه: محمد فؤاد عبدالباقي، دار المعرفة ـ بيروت.

١٣ـ أحمد بن فارس بن زكريـاء القزوينـي الـرازي(١٩٨٦)، معجـم مقاييس اللغة، تحقيق: زهير عبدالمحسن سلطان، دار النشـر: مؤسسـة الرسالة ـ بيروت، الطبعة الثانية.

١٤ـ احمد شيخ عبدالسلام(٢٠٠٦)، مقدمة في علم اللغة التطبيقي، الجامعة الإسلامية العالمية بماليزيا، ط.٢

١٥ـ أحمـد محمـد معتـوق(١٩٩٦)، الحصـيلة اللغويـة، مجلـة عـالم المعرفة، العدد ٢١٢، الكويت.

١٦ـ أليس كوراني(٢٠١٣)، اللغة والمجتمع عند العرب ـ الجاحظ نموذجا، دار نرجس، ط.١

١٧ـ أيـاد مسـعود رابعـة، العنـف الالكترونـي اسـبابه وسـبل مواجهته، موقع أمد للإعلام.

١٨ـ بيار اشار(١٩٩٦)، سوسيولوجيا اللغة، ترجمة عبدالواحد ترو، منشورات عويدات، بيروت، ط.١
١٩ـ تاج الدين يوسف(٢٠٠٩)، رؤية الإسلام تجاه العنف اللغوي، مجلة الرسالة، السنة التاسعة العدد ٩، الجامعة الإسلامية بماليزيا.
٢٠ـ جان جاك لوسركل(٢٠١٥)، عنف اللغة، ترجمة محمد بدوي، الدار العربية للعلوم، ط.١
٢١ـ جمال الدين أبو الفرج عبدالرحمن بن على بن محمد الجوزي(١٤٢٢)، زاد المسير في علم التفسير، تحقيق: عبدالرزاق المهدي، دار الكتاب العربي ـ بيروت ـ ط.١
٢٢ـ جمعة سيد يوسف(١٩٩٠)، سيكلوجية اللغة والمرض العقلي، عالم المعرفة.
٢٣ـ جميل صليبا(١٩٩٤)، المعجم الفلسفي، الشركة العالمية للكتاب، ط.١
٢٤ـ جون ليونز(٢٠١١)، نظرية تشومسكي اللغوية، ترجمة: د.حلمي خليل، دار المعرفة الجامعية.
٢٥ـ حسنين توفيق ابراهيم(١٩٩٩)، ظاهرة العنف السياسي في النظم العربية، مركز دراسات الوحدة العربية، ط.٢
٢٦ـ حسين عبدالحميد رشوان، العنف والمجتمع دراسة في علم الاجتماع النفسي والسياسي والاتصالي، مركز الاسكندرية للكتاب.
٢٧ـ ديفيد رزنيك(٢٠٠٥)، اخلاقيات العلم، ترجمة د.عبدالنور عبدالمنعم، عالم المعرفة.

٢٨- راغب السرجاني(٢٠١١)، المشترك الانساني نظرية جديدة للتقارب بين الشعوب، مؤسسة اقرا للنشر والتوزيع، ط١.

٢٩- زين الدين محمد الحدادي ثم المناوي القاهري(١٤١٠)، التوقيف على أمهات التعاريف، عالم الكتب - القاهرة، ط١.

٣٠- زين الدين محمد بن على بن زين العابدين الحدادي ثم المناوي القاهري(١٣٥٦)، فيض القدير شرح الجامع الصغير، المكتبة التجارية الكبرى مصر، الطبعة، الاولى.

٣١- سارة السهيل، العنف اللفظي كارثة أخلاقية تدمر الطفل والمرأة والشباب، مقال متاح على الرابط التالي بتاريخ ٢٠١٩/١١/٦ م.

٣٢- سمير الخيل، دليل مصطلحات الدراسات الثقافية والنقد الثقافي، دار الكتب العلمية.

٣٣- الشيخ يوسف القرضاوي، موقع الشيخ يوسف القرضاوي على الشبكة.

.https//www.al-qaradawi.net

٣٤- صبري السيد(١٩٩٥)، علم اللغة الاجتماعي مفهومه و قضاياه، دار المعرفة الجامعية، الإسكندرية، ط١ .

٣٥- عاصم شحاتة واخرين(٢٠١٥)، اللسانيات التطبيقية الحديثة، منشورات الجامعة الإسلامية، ماليزيا.

٣٦- عباس الحاج الأمين(٢٠١٦)، عنف اللغة ولغة العنف، مجلة تبين للدراسات الفكرية والثقافية، المركز العربي للدراسات والسياسات، العدد ٤ .

٣٧ـ عبدالرحمن بن ناصر بن عبدالله السعدي(٢٠٠٠)، تيسير الكريم الرحمن في تفسير كلام المنان، المحقق: عبدالرحمن بن معلا اللويحق، مؤسسة الرسالة، ط١ .

٣٨ـ عبدالرحمن عزى(٢٠٠٧)، فقه اللغة وعنف اللسان والإعلام فى المنطقة العربية، في كتاب اللسان العربي وإشكالية التواصل، مركز دراسات الوحدة العربية، ط١ .

٣٩ـ عبدالعزيز ابراهيم العصيلي(٢٠٠٦)، علم اللغة النفسي، جامعة محمد بن سعود.

على عبدالواحد وافي(١٩٨٣)، اللغة والمجتمع، عكاظ للنشر والتوزيع.

٤٠ـ عمر بلخير(٢٠٠٦)، تحليل الخطاب المسرحي في ضوء النظرية التداولية، منشورات الاختلاف الجزائر، ط١.

٤١ـ عمر بن بحر الجاحظ(١٤٢٣)، البيان والتبين، دار و مكتبة الهلال، بيروت ط١.

٤٢ـ فندريس جوزيف(١٩٥٠)، علم اللغة، تعريب عبدالحميد الدواخلي و محمد القصاص، مطبعة الأنجلو المصرية، القاهرة.

٤٣ـ كبشور كوكو قمبيل٢٠١٤ علم النفس اللغوي، مجلة دراسات نفسية، تصدر عن الجمعية النفسية السودانية بالخرطوم، العدد ٣ .

٤٤ـ ماهر محمود عمر(١٩٨٨)، سيكلوجية العلاقات الاجتماعية، دار المعرفة الجامعية، ط١.

٤٥ـ محمد أحمد عبدالعاطي، الاختزال الدلالي في الحديث النبوي، دراسة في ضوء نظرية تحليل الخطاب، مجلة (جذور) النادي الأدبي ـ بجدة.

٤٦ـ محمد بن اسماعيل أبو عبدالله البخاري(١٤٢٢)، الجامع المسند الصحيح المختصر من أمور رسول الله صلى الله عليه وسلم وسننه وأيامه، تحقيق: محمد زهير بن ناصر الناصر، دار طوق النجاة، الطبعة: الاولى.

٤٧ـ محمد بن على بن محمد بن عبدالله الشوكاني( ١٤١٤هـ)، فتح القدير للشوكاني، دار ابن كثير، دمشق ـ بيروت، ط١.

٤٨ـ محمد بن محمد بن عبدالرزاق الحسيني، تاج العروس للزبيدي، المحقق: مجموعة من المحققين، دار الهداية.

٤٩ـ محمد عبدالعظيم بنعزوز(٢٠١٣)، معجم مصطلحات الأدب الاسلامي، دار كنوز اشبيليا للنشر والتوزيع، ط١.

٥٠ـ محمد ياسر الخواجة(٢٠١٣)، قانوني والتشريعات الاجتماعية، دار ومكتبة الإسراء، ط١.

٥١ـ موفق الحمداني(٢٠٠٤)، علم نفس اللغة من منظور معرفي، دار المسرة، ط١.

٥٢ـ نايف خرما(١٩٧٨)، أضواء على الدراسات اللغوية المعاصرة، سلسلة عالم المعرفة، العدد ٩، الكويت.

٥٣ـ نعوم تشومسكي(٢٠٠٣)، الحرب الوقائية أو (الجريمة المطلقة) العراق: الغزو الذي سيلازمه العار، مجلة المستقبل العربي، مركز دراسات الوحدة العربية، العدد ٢٩٧.

٥٤ـ هـادي نهـر(١٩٩٨)، اللسـانيات الاجتماعيـة عنـد العـرب، دار الأمل للنشر والتوزيع، ط١.
٥٥ـ هدسـون(١٩٨٢)، علـم اللغـة الاجتمـاعي، ترجمـة، د. محمـود عياد، عالم الكتب.

# جۆرەکانی فەرهەنگ لە زمانی کوردیدا

# پوختە

ئەم لێکۆڵینەوەیە بە ناونیشانی (جۆرەکانی فەرهەنگ لە زمانی کوردیدا)یە. لێکۆڵینەوەیەش لە چوارچێوەی ڕێبازی (وەسفیی شیکاری) باسی لێوەدەکرێت.لێکۆڵینەوەکە لە پێشەکییەک و دوو بەش پێکهاتووە: بەشی یەکەم؛ کە بە ناونیشانی (فەرهەنگ)ە، ئەم تەوەرانە لەخۆوەدەگرێت:(چەمک و پێناسەی فەرهەنگسازی، چەمکی فەرهەنگ، پێناسەی فەرهەنگ، سوودەکانی فەرهەنگ، بنچینەی ڕیزبوونی پیتەکانی فەرهەنگ).

بەشی دووەم؛ کە بە ناونیشانی (جۆرەکانی فەرهەنگ)ە، ئەم تەوەرانە لەخۆدەگرێت:(جۆرەکانی فەرهەنگ لە ڕووی ڕوخسارەوە، جۆرەکانی فەرهەنگ لە ڕووی ناوەرۆکەوە، جۆرەکانی فەرهەنگ لە ڕووی قەبارەوە، جۆرەکانی فەرهەنگ لە ڕووی شێوازەوە، جۆرەکانی فەرهەنگ لە ڕووی ژمارەی زمانەکان، جۆرەکانی فەرهەنگ لە ڕووی چییەتییەوە، جۆرەکانی فەرهەنگ لە ڕووی بابەتییەوە).

لە کۆتاییدا، ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە و لیستی سەرچاوەکان پێشکەش کراون.

# پێشەکی

## ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە

ناونیشانی لێکۆڵینەوەکەمان بریتییە لە (جۆرەکانی فەرهەنگ لە زمانی کوردیدا).

## سنووری لێکۆڵینەوەکە

سنووری لێکۆڵینەوەکەمان لە ئاستی زمانەوانیی کارەکیدان، نموونەکانیش فەرهەنگەکانی زمانی کوردی بە هەموو زار و شێوەزارەکان دەگرێتەوە، هەروەها ئەو فەرهەنگانەش دەگرێتەوە کە زمانی کوردی لەگەڵ زمانانی تر لەخۆوەدەگرێت.

## ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە

ئەم لێکۆڵینەوەیەش لە چوارچێوەی ڕێبازی (وەسفیی شیکاری) باسی لێوەدەکرێت.

## هۆی هەڵبژاردنی لێکۆڵینەوەکە

زمانەوانیی کارەکی لقێکی گرنگ و سەرەکی زمانەوانییە، قسەکردن لەم زانستە بەگشتی و فەرهەنگ و فەرهەنگسازی مێژوویەکی نزیکی هەیە، بۆیە هەرچەندی نووسین و توێژینەوەی لەسەر بکرێت و بنووسرێت، هەر کەمە، بۆیە ئێمەش ئەم بابەتەمان هەڵبژارد، بە ئامانجی خزمەتکردن بە کتێبخانەی کوردی.

## کێشە و گرفتەکانی لێکۆڵینەوەکە

بەداخەوە دەستنیشانکردنی جۆرەکانی فەرهەنگ بەم شێوە فراوانەی ئێمە لەم توێژینەوەیەدا خستوومانەتەڕوو، نەکراوە، بەڵکو سەرچاوەکان بەپچڕ پچڕی و بە تەواونەکراوی باسیان لێوە

کردوون، کە ئەمەش کاتێکی زۆری ویستووە، بۆ ئەوەی هەوڵبدەین هەموو جۆرەکانی فەرهەنگ لە زمانی کوردیدا بە نموونەی فەرهەنگی کوردی بخەینەڕوو.

**کەرەستەکانی لێکۆڵینەوە**

بۆ ئەم لێکۆڵینەوەمان پەنامان بردۆتە بەر دەستنیشانکردنی زۆرینەی فەرهەنگەکانی کوردی، بەتایبەتی ئەو فەرهەنگانەی بە کتێبی ئاسایی یان ئەلیکترۆنی چاپ و بڵاوکراونەتەوە.

**ناوەرۆک و پلانی لێکۆڵینەوەکە**

لێکۆڵینەوەکە لە پێشەکییەک و دوو بەش پێکهاتووە:

بەشی یەکەم؛ کە بە ناونیشانی (فەرهەنگ)ە، ئەم تەوەرانە لەخۆوەدەگرێت:(چەمک و پێناسەی فەرهەنگسازی، چەمکی فەرهەنگ، پێناسەی فەرهەنگ، سوودەکانی فەرهەنگ، بنچینەی ڕیزبوونی پیتەکانی فەرهەنگ).

بەشی دووەم؛ کە بە ناونیشانی (جۆرەکانی فەرهەنگ)ە، ئەم تەوەرانە لەخۆدەگرێت:(جۆرەکانی فەرهەنگ لە ڕووی ڕوخسارەوە، جۆرەکانی فەرهەنگ لە ڕووی ناوەرۆکەوە، جۆرەکانی فەرهەنگ لە ڕووی قەبارەوە، جۆرەکانی فەرهەنگ لە ڕووی شێوازەوە، جۆرەکانی فەرهەنگ لە ڕووی ژمارەی زمانەکان، جۆرەکانی فەرهەنگ لە ڕووی چییەتییەوە، جۆرەکانی فەرهەنگ لە ڕووی بابەتییەوە).

لە کۆتاییدا، ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە و لیستی سەرچاوەکان پێشکەشکراون.

## ١. فەرهەنگ

### ١.١:چەمک و پێناسەی فەرهەنگسازی

زاراوەی فەرهەنگسازی لە دوو وشە پێکهاتووە، پارچەی یەکەمی (فەرهەنگ)، پارچەی دووەمی (سازی)، واتای زانست دەگەیەنێت، جگە لە فەرهەنگسازی، وشەی (لێکسیکۆلۆجی)یش بەکاردەهێنرێت.

لەڕووی پێناسینیشەوە، تاکو ئێستا کۆمەڵێک پێناسە لەبارەی فەرهەنگسازی کراون، لەوانە:

- فەرهەنگسازی زانستێکە لە فەرهەنگ و یەکە فەرهەنگییەکانی زمان دەکۆڵێتەوە.

محەمەد عەلی خولی دەڵێت : فەرهەنگسازی لێکۆڵینەوەیە لە یەکەکانی زمان لە ڕووی لایەنەکانی دەنگسازی و وشەسازی و واتاسازی و مێژوویی و دارشتنەکانی.(محمد علی الخولي: ١٩٨٦: ٦٨).

عەلی قاسمی دەڵێت: فەرهەنگسازی زانستێکە لە فەرهەنگ دەکۆڵێتەوە، لە پێنج هەنگاوی سەرەکی پوخت دەکرێتەوە: کۆکردنەوەی زانیاریی و ڕاستییەکان، هەڵبژاردنی وشەکان، ڕیزکردنیان بەپێی سیستەمێکی دیاریکراو، نووسینەوەی بابەتەکان، پاشان بڵاوکردنەوەی ئەنجامی کۆتایی(علي القاسمي: ١٩٩١: ٣).

محەمەد مەحوی دەڵێت: ((**فەرهەنگسازی بە واتای ئامادەکردن و نووسینەوەی وشەنامە دێت**))(محەمەد مەحوی: ٢٠٠١: ١٤٤).

## ٢.١:چەمکی فەرهەنگ

لە زمانی کوردیدا جگە لـە زاراوەی فەرهـەنگ چەندین زاراوەی تـر بـەکارهاتوون، لەوانـە (**قـامووس، وشـەوان، وشـەنامە، وشـەدان، فەرهەنگۆک، ئینسکلۆپیدیا.....هتد**).

وشەنامە و وشەوان و وشەدان لەیەکتر نزیکن و واتاکانیـان لـە ڕێگەی پێکهاتە مۆرفۆلۆژییەکەیانەوە بەدیاردەکەوێت، کە تەنیا کۆگای وشـــەن. هـــەرچی وشـــەی (**قـــامووس**)ە، ڕیشـــەکەی بـــۆ وشـــەی (**کامپۆس**)ی یۆنـانی دەگەڕێتـەوە، هەرچەنـدە عەرەبـەکان وشـەکە بـە عـەرەبی دادەنـێن، بـەو واتایـەی ئـەو جێگەیـەی کـە لـە دەریـادا بـڕی هـەرەزۆری ئـاوی لـێ کۆدەبێتـەوە، بـەویَ دەڵـێن قـاموس، هـەروەها واتـای قـوڵایی دەریـا، ناوەڕاسـتی دەریـا، زۆربـەی هـەرەزۆری دەریـا دەگەیـەنێت. یەکـەم فەرهـەنگی عـەرەبی بـەم نـاوە، قامووسـی زەریـا (**القـاموس المحـیط**)، بەرهـەمی (**فـەیرۆز ئابـادیی**)یـە، لـە سـەدەی هەشـتەمی کـۆچی، بـە واتـای دەریایـەکی قـوڵ و فـراوان دێت(احمـد مختار عمر: ١٩٩٨: ٢٤).

وشـــەی فەرهـــەنگ وەک زاراوەیـــەک ڕای جیـــاوازی لەســـەرە، لەوانە:

١ـ فەرهـەنگ لـە نـەژاددا وشـەیەکی پەهلەوییـە و لـە (**فـرهنج**) وەرگیراوە، چەند واتایەک دەگەیەنێت، لەوانە:

ا. ئەدەب و پەروەردە.

ب . زاست و زانیاری.

ج . کۆمەڵێک ئەدەبیات و ڕسووم.

د ـ کۆمەڵێک زانست و زانیاری و کلتووری میللەتێک.

هـ ـ سەرچاوەی لێکدانەوەی واتای وشەکانی زمانێک یان کۆمەڵە زمانێک.

و ـ کارێزی ئاو.(محمد معین: ١٩٩٧: ٢٥٨ ـ ٢٥٩).

٢ـ لە زمانی فارسی نوێدا فەرهەنگ بە واتای کلتوور دێت(جەمال نەبەز:٢٠٠١: ٦٠).

٣ـ فەرهەنگ وشەیەکی کوردی کۆنە و لە **(فرەهەنگ)**ەوە وەرگیراوە، **(فرە)** لە کوردیدا بە مانای زۆر و زەبەنگ دێت، (هەنگ) و **(سەنگ)** بە مانای گرانی **(نرخ)** و **(بڕ)** مقدار دێت.(جەمال نەبەز:٢٠٠١: ٦٠). بەپێی ئەم بۆچوونە بێت، وشەی فەرهەنگ دەشێت بە واتای **(زۆر بەنرخ)** یان **(بەهادار)** بێت.

### ٣.١: پێناسەی فەرهەنگ

فەرهەنگ وەک تۆمارێک و گەنجینەیەک وایە، کە وشە و زاراوەکانی زمان دەپارێزێت. هەموو زمانانی جیهان خاوەنی فەرهەنگی تایبەت بە خۆیانن، چونکە هەموو زمانێک بەهۆی فەرهەنگەکەیەوە دەناسرێتەوە.

تا ئێستا چەندین پێناسە بۆ فەرهەنگ کراون، لێرەدا هەندێکیان دەخەینەڕوو، لەوانە:

ئەوڕەحمانی حاجی مارف دەڵێت: ((**فەرهەنگ ئەو کتێبەیە، کە وشەی تێدا تۆماردەکرێت، جگە لە ڕیزکردنی وشە، هەروەها لێی کۆڵراوەتەوە و مانای ڕوونکراوەتەوە و لێکدراوەتەوە و شیکرانەوەتەوە و زانیاری دەربارەی چۆنیەتی نووسینیان و بە**

**دەمەوەهاتنیان و پەیدابوونیان دراوە))**(ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ١٩٧٥ : ٦٩).

محەممەد حەسەن عەبدولعەزیز دەڵێت: **(( فەرهەنگ بریتییە لەو کتێبەی کە ژمارەیەکی زۆر لە وشەی زمانێکی دیاریکراوی تێدایە، کە بە شێوەی ئەلفوبێی ئەو زمانە، وشەکان ڕیزکراون، یەک بە دوای یەک و شیکردنەوەی واتایی ئەو وشانە لە بەرانبەریدا نووسراوە))**(محمد حسن عبدالعزیز: ١٩٨٣ : ١٠٣).

زگەستا دەڵێت:**((فەرهەنگ لیستێکی بە سیستەم ڕیزکراوی فۆرمەکانی زمانی ئاخاوتنە، لە نەریتی ئاخاوتنی کۆمەڵگەیەکی زمانی وەردەگیرێت و لە لایەن دانەرەوە ڕوونکردنەوەی بۆ دەکرێت، بەشێوەیەک خوێنەری شایستە لە واتاکانی تێبگات، مەبەست واتاکانی هەر فۆرمێکی جیاکراوەیە، زانیاریدەربێت سەبارەت بەو ڕاستییەی پەیوەستە بە ئەرکی فۆرمەکە لە ژینگەکەیدا))**(زگەستا: ١٩٧١ : ١٩٧).

هالیدای دەڵێت:**((فەرهەنگ گەنجینەی وشەکانی زمانە، بەگشتی وەک بەشێک لە ڕێزمان سەیر دەکرێت))**(هالیدای:٢٠٠٧ : ١٠٧).

محەمەد عەلی خولی دەڵێت:**((فەرهەنگ سەرچاوەیەکی زمانییە، کە دەروازە و شرۆڤەی تێدایە، لەوانەیە فەرهەنگ مێژوویی، یان وەسفی، یان پێوانەیی بێ، گشتی، یان تایبەتی بێ، هەروەها تاکزمانی، یان جووتزمانی، یان چەند زمانی بێ))**(محمد علي الخولي: ١٩٨٦ : ٣٢).

ئەحمەد بن عەبدوللا دەڵێت: ((**فەرهەنگ کتێبێکە ژمارەیەکی زۆری وشەی زمانەوانی تێدایە، لەگەڵ ڕوونکردنەوەی واتاکەی و ئەو وشانەی بە شێوازێکی تایبەت بە نووسەرەکە ڕێکدەخرێت**))(احمد بن عبدالله الباتلي: ١٩٩٢ : ٧٦).

عەلی محەمەد قاسمی دەڵێت: ((**فەرهەنگ پەرتووکێکە وشەکان لەخۆدەگرێت و بە شێوەیەکی ئەلفوبێیی ڕێکخراون و واتایان پێ بەخشراوە و شرۆڤەکراون و زانیاری پەیوەست پێیانەوە تیایدا خراونەتەڕوو، ئینجا ئیتر ئەو زانیارییانە بە هەمان زمان یان بە زمانێکی دی نووسرابێت**))(علي محمد القاسمي:١٩٩١: ٩).

لەمیانەی خستنەڕووی ئەم پێناسانەوە، ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە، کە: فەرهەنگ گەنجینەیەکە، یان تۆمارێکە، یان کتێبێکە بۆ پاراستن و لەخۆگرتنی وشە و زاراوەکان، بە شێوازێکی تایبەت ڕێکدەخرێن، و شێوە و جۆری گەلێک زۆرە.

### ٤.١:سوودەکانی فەرهەنگ

سوودەکانی بەکارهێنانی فەرهەنگ زۆرن، لەوانە لێرەدا هەندێکیان دەخەینەڕوو:

١ـ پارێزگاریکردن لە مانەوەی وشەکانی زمان، چونکە لە زماندا بە درێژایی ڕۆژگار کۆمەڵێک وشە دەمرن و کۆمەڵێک وشەی تر لەدایکدەبن.

٢ـ ئاشکراکردنی واتای وشە نادیار و لێڵەکان، چونکە هەندێک وشەمان لە زماندا هەیە، واتاکانیان ڕوون نین، یان زیاتر لە واتایەک دەبەخشن (محمد عبدالحفيظ العريان: ١٩٨٤: ١١).

٣ــ توانـا به زمـان دەبەخشـێت بـۆ ئەوەی لەگـەڵ ڕەوڕەوەی زانست و هونەر بەرەوپێشەوە بچێت.

٤. زانینی ئیتمۆلۆژیای وشەکان و چۆنیەتی داڕشتنی وشـەکان، چـونکە کۆمەڵێـک وشــە لە زمانــدا هەن، کە هــی زمانـانی تــرن و هـاتوونەتە نـاو زمانەکەمـان، بـۆیە لە ئیتمۆلۆژیـادا بـنج و بنچیـنەی وشەکانت بۆ دەستنیشان دەکات.

٥. زانینی مێژووی وشەکان و چۆنیەتی گەشەکردن و جیاوازی بەکارهێنانیان.

٦ـــ هەڵوەســـتەکردن لەســـەر ئەو وشـــانەی لە بەکارهێنانـــدا وەستاون.

٧. ناسینەوەی پێکهاتەی بەشەکانی ئاخاوتن.

٨ــ ڕێکخســتنی ڕاســتی و دروســتی وشــەکان. (بــەناز ڕەفیــق تۆفیق:٢٠٠٨ : ١٨ ـ ١٩).

**٥.١: بنچینەی ڕیزبوونی پیتەکانی فەرهەنگ**

چەندین ڕێگای جۆراوجۆر لە ڕیزبوونی پیتەکانی نێو فەرهەنگدا هەیە، بەهۆیەوە فەرهەنگنووس پابەندی جۆرێک لەو جۆرانە دەبێت و پەیڕەویان دەکات. لێرەدا هەندێک لەو ڕیزبوونانە دەخەینەڕوو:

**١. ڕیزبوونی فەرهەنگی:**

ئەم ڕیزبوونە زیاتر لەسەر بنەمای لێکچوون و نزیکی پیتەکان لە یەکترییەوە دامەزراوە، ئەمجۆرەیـان لە زۆریـنەی فەرهەنگەکـانی زماندا پەیڕەو دەکرێت، وەک: (ا، ب، پ، ت)(ج، چ، ح، خ)(ڕ، ز، ژ).

**٢. ڕیزبوونی فۆنەتیکی:**

ئەم ڕیزبـوونە لەسـەر بنەمـای چـۆنیەتی دەربڕینـی پیتەکـان دامەزراوە، بەو واتـایەی ئەو پیتانەی مـرۆڤ زووتـر و بە ئاسـانی لە زاردا دەریاندەبڕیت دێنە ڕیزی پێشەوە، ئیتر بەمشێوەیە تا پیتەکان مـرۆڤ درەنگتـر و قورسـتر دەریانببڕێت، ئەوە دەچنە ڕیـزی دواوە، وەک:

(ب، پ، ت، م، و، د)

(ز، ژ، ڕ، س، ف)

(ج، چ، ش)

**٣. ڕیزبوونی ڕستەیی:**

ئەمجۆرە ڕیزبونە لەسەر بنەمای کۆکردنەوەی کۆمەڵێک پیت لە وشەیەک، دواتر کۆکردنەوەی وشـەکان لە چوارچێوەی ڕستەدا، بۆ ئەوەی پیتەکان بە ئاسانی لەبەربکرێن، بۆ نموونە لە زمانی عەرەبیدا پیتەکـانی زمـانی عەرەبی لەسـەر شـێوەی (ئەبـجەدی)، بەمشـێوەیە ڕیزکراون:(أبجـد، هـوز، حطـی، کلمـن، سـفص، قرشـت، ئخـذ، ضظغ).(حەمە کەریم ڕەمەزان هەورامی: ١٩٦٨: ٦٧- ٦٩).

## ٢. جۆرەکانی فەرهەنگ

### ١.٢: جۆرەکانی فەرهەنگ لە ڕووی ڕوخسارەوە

لە ڕووی ڕوخسارەوە فەرهەنگ بەسەر سێ جۆر دابەشدەکرێت:

### ١. فەرهەنگی نەتەوەیی

ئەمجۆرە فەرهەنگە تەنیا وشە و زاراوەکانی یەک زمان دەخاتەڕوو، بەو واتایەی لەم جۆرە فەرهەنگەدا وشەکان بەشێوەی ستاندارد دەنووسرێن و لە بەرامبەریشدا زار و بنزارەکان دادەنرێن، کەواتە ئەمجۆرە فەرهەنگە پەیوەستە بە زارەکانی زمانێک، هەندێکجار لەم جۆرە فەرهەنگەدا لێکدانەوە بۆ وشەکانیش دەکرێت، کەواتە ئەم فەرهەنگە بریتییە لە فەرهەنگی (کوردی - کوردی)، (عەرەبی - عەرەبی)، (ئینگلیزی - ئینگلیزی).

نموونەی ئەمجۆرە فەرهەنگە لە زمانی کوردیدا، وەکو فەرهەنگی (خاڵ)ی (شێخ محەمەدی خاڵ)، کە لە سێ بەرگدا کۆکراوەتەوە، فەرهەنگی (قامووسی زبانی کوردی)ی (عەبدولڕەحمان زەبیحی)یە، کە بەداخەوە تا ئێستا دوو بەرگی بەردەستە و دوو پیتی (ئـ ، ب)ی لەخۆگرتووە، فەرهەنگی (کوردستان)، کە فەرهەنگێکی کوردی کوردییە، هی گیو موکریانییە، فەرهەنگی فەرهەنگا کوردی)ی (جگەرخوێن)، کە فەرهەنگێکی کوردی کوردییە، (فەرهەنگی (کانی)، کە کرمانجی سەروو - کرمانجی ناوەڕاستە، فەرهەنگی (هەراشان) و فەرهەنگی (هەرزە)ی ئەکادیمیای کوردی، کە فەرهەنگێکی کوردی کوردییە، فەرهەنگی

(وشەنامە)ی (جەمال حەبیب الله(بێدار))ە، کە فەرهەنگێکی هەورامی ـ کرمانجی ناوەڕاستە، فەرهەنگی ئۆکسفۆردی (ئینگلیزی ـ ئینگلیزی)، فەرهەنگی (زانستگای کوردستان)، فەرهەنگێکی کوردی کوردییە، هی زانکۆی کوردستانە لە شاری سنە، کۆمەڵێک فەرهەنگنووس نووسیویانە و بە سەرپەرشتی (ماجد مەردۆخ ڕۆحانی)یە، فەرهەنگی (لەک و لووڕ)، کە فەرهەنگێکی شێوەئاخاوتنی لەک و لووڕ و کرمانجی ناوەڕاستە، کە هی (حەمیدا ئیزەدپەناه)ە، فەرهەنگی (هەرمان)، کە فەرهەنگێکی کوردی کودییە، هی (عەلی نانەوازادە)یە، فەرهەنگی (میدیا) کە هی (ئەوڕەحمانی حاجی مارف) ە، تەنیا یەک بەرگ و یەک پیتی لێ بڵاوکراوەتەوە.

### ٢. فەرهەنگی نەتەوەیی و زمانانی بێگانە

ئەمجۆرە فەرهەنگە وشەکانی بە زمانی نەتەوەیی و دایک دەستپێدەکات، لە بەرانبەریدا وشەکانی زمانێکی بێگانە یان کۆمەڵە زمانێکی بێگانە دادەنرێت، واتە وەکو فەرهەنگی (کوردی ـ عەرەبی)، فەرهەنگی (کوردی ـ ئینگلیزی)، فەرهەنگی (کوردی ـ فارسی)، فەرهەنگی (کوردی ـ عەرەبی ـ ئینگلیزی).

سوودی ئەمجۆرە فەرهەنگە بۆ کەسانی زمانی دایک نییە، بەڵکو سوودەکەی بۆ کەسانی زمانانی بێگانەیە، واتە ئەگەر بە نموونە بیهێنینەوە فەرهەنگێکی (کوردی ـ عەرەبی) بۆ کوردزمانێک سوودی نییە، بەڵکو بۆ کەسێکی عەرەب سوودی هەیە، بۆ ئەوەی فێری زمانی کوردی ببێت، بە هەمان شێوە فەرهەنگەکانی (کوردی ـ

فارسی) و (کوردی ـ ئینگلیزی) بۆ کەسانی فارسی زمان و ئینگلیزی زمان سوودیان دەبێت.

نموونەی فەرهەنگی (کوردی ــ عەرەبی)، وەک فەرهەنگی (ئەستێرە گەشە)ی (فازڵ نیزامەددین)، فەرهەنگی (مهاباد)ی (گیو موکریانی)، فەرهەنگی (ئاری)ی (سابیر گردعازەبانی)، فەرهەنگی (گوڵزار)ی (گەرمیان ئەحمەد)، فەرهەنگی (ڕوشدی)ی (محەمەد ڕوشدی دزەیی)ە.

نموونەی فەرهەنگی (کوردی ـ ئینگلیزی)، وەکو فەرهەنگی (ئۆکسفۆرد)ی (سەلام ناوخۆش). نموونەی فەرهەنگی (کوردی ــ فارسی)، وەک فەرهەنگی (هەمبانە بۆرینە)ی (هەژاری موکریانی)، فەرهەنگی (ڕێژگە)ی (ئەمین گەردیگلانی)، فەرهەنگی (ناهید)ی (محەمەد ناهید)، کە فەرهەنگێکی کوردی فارسییە، فەرهەنگی (مەردۆخ)ی (محەمەد مەردۆخی)، کە کوردی فارسی عەرەبییە.

### ٣. فەرهەنگی زمانانی بێگانە و زمانی نەتەوەیی

ئەمجۆرە فەرهەنگە ڕیزبوونی وشەکانی بە زمانێکی بێگانە یان بە زیاتر لە زمانێکی بێگانە دەبێت، لە بەرانبەریشدا وشە و زاراوەکانی زمانی نەتەوەیی دادەنرێت، واتە ئەمجۆرە فەرهەنگە وەکو لە فەرهەنگی (عەرەبی ــ کوردی)، فەرهەنگی (ئینگلیزی ــ کوردی)، فەرهەنگی (فارسی ــ کوردی)، فەرهەنگی (ئینگلیزی ــ عەرەبی ـ کوردی).

ئەمجۆرە فەرهەنگە سوودی بۆ کەسانی زمانی نەتەوەیی هەیە، بەو واتایەی فەرهەنگێکی (عەرەبی ـ کوردی) سوودی بۆ کەسانی کوردزمان هەیە، بۆ ئەوەی فێری زمانی عەرەبی ببن. نموونەی فەرهەنگی (عەرەبی ـ کوردی) لە زمانی کوردیدا وەک فەرهەنگەکانی (دەریا) و (ژیر)، کە هی (ڕزگار کەریم)ە، فەرهەنگی (شیرین) کە هی (فازیل نیزامەددین)ە، فەرهەنگی (قەلەم) کە هی (نقار محەمەد)ە، فەرهەنگی (دوو ڕشتە) کە هی (مەلا عەبدولکەریم مودەریس)ە، فەرهەنگی (نۆبەرە)، کە هی (گیو موکریانی)یە، فەرهەنگی (مامۆستا) کە هی (مەلا مەحموود گەلالەیی)یە.

هەروەها نموونەی فەرهەنگی (ئینگلیزی ـ کوردی) لە زمانی کوردیدا وەک فەرهەنگەکانی (ئۆکسفۆرد)ی (سەلام ناوخۆش) و فەرهەنگی (ئۆکسفۆردی نوێ)ی (زانەر محەمەد) و فەرهەنگی (قوتابی)ی (هۆشەنگ محەمەد) و فەرهەنگی(مەوریدی نوێ)ی (محەمەد عومەر) و فەرهەنگی (جاف)ی (ئیحسان عەلی)، فەرهەنگی (هاوڕێکەم)، کە هی (مەعروف سەعید فەرهادی)یە.

هەروەها نموونەی فەرهەنگی (فارسی ـ کوردی) لە زمانی کوردیدا وەک فەرهەنگەکانی (کاوە)ی (کاوە ئەنوەر)، کە فەرهەنگێکی (فارسی ـ کوردی)یە، فەرهەنگی (کوردستانیکا)، کە فەرهەنگێکی ئینگلیزیی کوردیی فارسییە، هی (عەلی جەوشەنی)یە. هەروەها فەرهەنگی (وشە)، کە فەرهەنگێکی عەرەبی عەرەبی کوردییە، هی (محەمەد ئەحمەد)ە، هەروەها (فەرهەنگی پۆلەندی ـ کوردی)ی (ڕێباز جەلال ئەحمەد).

**٢.٢: جۆرەکانی فەرهەنگ لەڕووی ناوەڕۆکەوە**

لە ڕووی نـــاوەڕۆکەوە فەرهەنـــگ بەســـەر ئەم جـــۆرانەی خوارەوەدا دابەشدەکرێت:

**١. فەرهەنگی ئینسکلۆپیدیا**

ئەم جۆرە فەرهەنگە باسـی زۆربەی لایەنەکانی ژیـان دەکـات، بەو واتایەی تـایبەت نییە بە دیاردەیەک لە دیاردەکانی ژیان، لەگەڵ ئەوەشــدا فەرهەنگنــووس هەنــدێکجار چەنــدین بەش و تەوەرە بــۆ ئینسکلۆپیدیاکە دادەنێت، لەوانە (بەشـی زمـان، بەشـی ئەدەب، بەشـی مێژوو،.... هتد).

لـەم جـۆرە فەرهەنگـەدا دەشـێت بـوار و پسـپۆڕی جۆراوجـۆر لەخۆبگرێت، زۆرجار چەندین کەسی ئـەکادیمی فەرهـەنگێک دادەنـێن، بەتایبەتی ئەو جۆرەی دابـەش دەبێتـە سـەر چەند بەشـێکی پسـپۆڕیی جیـاواز، ئەوکاتـە ئـەو زانیارییـەی تۆماردەکرێت، دەبێت ئـەکادیمی و لۆجیکی بن و دوور بن لە بیروبۆچوونی کەسی(أحمد ابـراهیم خضـر: ٢٠١٣ : ٢٨).

دەبێـــت ئەوەش بـــزانین زۆرجـــاران لەبـــری ئینســـکلۆپیدیا (مەوســـوعە)، یـــان (دائیرەتولمەعـــارف)، یـــان (بـــانکی زانیـــاریی) بەکاردەهێنرێـــت. واتە ئەو ســـەرچاوەیەیە، کە زانیـــاریی لەبـــارەی زانست و ڕووداو و دیاردە و خەڵک و هونەر و ئەدەب و فەلسەفە و شوێن ........هتد تێدا تۆماردەکات و بە پێڕەو و هـونەرێکی تـایبەتی ڕیزدەکرێن و پێشکەشدەکرێن .

فەرهەنگی ئینسکلۆپیدیا لە زۆربەی وڵاتانی جیهان بایەخێکی گەورەی پێدەدرێت، بەڵام لەنێو ئێمەی کورددا هەوڵێکی سەرەتایی هەیە بۆ نووسینی یا بۆ دانانی فەرهەنگی ئینسکلۆپیدیا، لەوانە (ئینسکلۆپیدیای گشتی)، کە تا ئێستا حەوت بەرگی لێ چاپکراوە، هەروەها (دائیرەتولمەعارف)ی (خەسرۆ جاف)، کە تا ئێستا (٧) بەرگی لێ چاپکراوە، و (ئینسکلۆپیدیای هەولێر)یش، کە تایبەتە بە هەولێر.

## ٢. فەرهەنگی ئیتمۆلۆژیا

ئیتمۆلۆژیا زاراوەیەکە لە بواری زماندا بەکاردێت، ئیتمۆلۆژیا زانستێکە لە ڕەگەز و بنچینەی وشەکانی زمان دەکۆڵێتەوە، لە هەمان کاتیشدا باس لەو گۆڕان و پێشکەوتنانە دەکات، کە بە درێژایی مێژوو بەسەر خودی وشەکانەوە هاتوون.

کەواتە ئیتمۆلۆژیا ئەو بەشەیە لە زانستی وشە، کە لە پەیدابوون و وەرگرتن و گەشەکردنی وشە و ئەو دەورانەی پێیدا تێپەڕیوە دەدوێ(ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ١٩٧٥ : ٢٠٧)، بەجۆرێ ئیتمۆلۆژیا ڕیشەی مێژوویی و پەرەسەندنی وشەکان نیشاندەدات(هالیدای: ٢٠٠٧: ١٠٦).

ئەم جۆرە فەرهەنگە زۆربەی وشەکانی نێو زمانەکە دەگرێتەوە، لەم فەرهەنگەدا ڕەگەزی وشەکان دەردەخات، کە ئاخۆ ئەم وشانە لە بنەچەدا سەر بە چ زمانێک بوون، دواتر چۆن هاتوونەتە نێو زمانەکەی تر، هەروەها ئەو گۆڕانانە چین کە بەسەر خودی پێکهاتەی وشەکەدا هاتوون، یان بەسەر ناوەرۆکی وشەکەدا هاتوون.

لەم جۆرە فەرهەنگەدا فەرهەنگنووس پێویستە شارەزاییەکی تەواوی لە ئیتمۆلۆژیای وشەکانەوە هەبێت، چونکە بەشێکی وشەکان لە زۆربەی ئەو زمانانەی سەر بە یەک خێزانن، تێیدا هاوبەشن و لە یەکتری دەچن، یان لە ئەنجامی پەڕینەوەیاندا بۆ ناو زمانێکی تر، نەژادی خۆیان لەدەستدەدەن و مۆرکی ناوچەیی ئەو زمانە وەردەگرن.

نموونەی ئەم جۆرە فەرهەنگە لە زمانی کوردیدا، وەک (وشەنامەکی ئێتیمۆلۆژیای زمانی کوردی)، کە هی (د.جەمال نەبەز)ە، ئەم فەرهەنگە لە شێوەی کتێبی ئەلیکترۆنی بڵاوکرایەتەوە، هەروەها کتێبی (لێکسیکۆلۆژی زمانی کوردی)، کە هی (د.ئەوڕەحمانی حاجی مارف)ە، فەرهەنگی (ڕیشەی وشەی کوردیی)ی عەلی نانەوازادە، فەرهەنگی (وشە کلتوورییەکانی دەشتی هەولێر) ، کە هی (عەباس سلێمان سمایل) ە، زۆربەی وشە و زاراوەکانی دەشتی هەولێری وەرگرتووە و شرۆڤەی کردوون، فەرهەنگی (ڕەسەنایەتی زمانی کوردی بە درێژایی کات و مێژوو)، کە هی (غەریب عەلی عەزیز)ە، فەرهەنگی (دەنگارە ـ زاراوەکانی خۆشناوەتیی)، کە هی (محەمەد جەمال ئەحمەد)ە، هەروەها (فەرهەنگی نوێ) کە هی (وریا قانع)ە، فەرهەنگی (ئیریەن ڤاچ)ی (محەمەد ئەمین هەورامانی)، کە فەرهەنگێکی کوردیی کۆن و کوردی سەردەمی ئەمڕۆکەیە، کە تیایدا وشەی گاتاکانی ئاڤێستا بە لێکدانەوەی زمانی نووسینی ئەمڕۆی کوردییە.

### ٣. فەرهەنگی پسپۆڕیی

جـۆرێکە لە جۆرەکـانی فەرهەنـگ لە ڕووی نـاوەرۆکەوە، ئەم جـۆرە فەرهەنــگە پســپۆڕییەک لە پســپۆڕییەکان دەگرێتەخـۆ، بەو واتـایەی لایەنێکـی تـایبەتی، یـا دیـاردەیەک لە دیاردەکـانی ژیـان دەگرێتەخۆ، بۆ نموونە فەرهەنگی زمانـەوانی، فەرهەنگی ئابووری، فەرهــەنگی مێـژوو، فەرهــەنگی یاسـا، فەرهــەنگی ئـەدەبی.... هتـد. سـوودی ئەمجـۆرە فەرهەنگـە ئەوەیە، کە لێکـۆڵەرێکی بوارێـک یـان پسپۆڕییەک لە پسپۆڕییەکان بە نموونـە زمانـەوانێک کاتێک بابەتێکی زمانەوانی دەنووسێت، پێویستی بە فەرهەنگی زمان یان زمانـەوانی هەیە، لەنێــو ئــێمەی کــورددا هەوڵــدانی ســەرەتایی هەیە، بــۆ بە پسپۆڕیکردنی فەرهەنگ، لەوانە (فەرهەنگی زاراوەی زمانناسـی)، کە هی (د.ئەوڕەحمانی حاجی مارف)ە، ئەم فەرهەنگە تایبەتە بە هەمـوو بوارەکـانی زمـان، هەروەهـا (فەرهەنگـی ڕێزمـانی کـوردی)، کە هـی (د.کەمـال میراودەلـی)یە، فەرهــەنگی (نـاوخۆش)، کـە فەرهــەنگێکی زمانەوانییە، هـی سـەلام ناوخۆشـە، هەروەهـا فەرهەنگی (کیمیـا) کە هـی (جەمـال عەبـدول)ە، ئەم فەرهەنگە هەتـا ئێسـتا چەنـدین بەرگـی لێدەرچووە، هەروەها فەرهەنگی (فیزیا)، کە هی (فازڵ قەرەداغی)یە، فەرهەنگی (دادگا)، کە هـی (سـەردار عەزیـز خۆشـناو)ە، فەرهـەنگی (زاراوەی کارگێڕیی)، کە هی لیژنەی فەرهەنگی ئەکادیمیای کوردییە، فەرهەنگی (زاراوە کارگێڕییەکان)، کە هـی (شـێرزاد تـاهیر فـەرەج)ە، فەرهــەنگی (زاراوە یاســاییەکان)، کــە هــی (محەمــەد وەســمان)ە، فەرهــەنگی (زاراوە وەرزشــییەکان)، کــە هــی (د.عاســی فــاتیح

وەیسی)یە، فەرهەنگی (خەرمان)، کە فەرهەنگێکی کشتوکاڵییە، هی (حەمە ساڵح فەرهادی)یە، فەرهەنگی (قانوونی)، کە هی (د.نووری تاڵەبانی)یە، فەرهەنگی (باڵندە)ی (ئەحمەد بەحری)، کە فەرهەنگێکی تایبەتە بە باڵندە، فەرهەنگی (ئەندێک)، کە فەرهەنگێکی پسپۆڕییە تایبەتە بە بوارەکانی کشتوکاڵ و گیانداران و باڵندە، فەرهەنگە (زاری کرمانجی دەشتی قەراج و کەندیناوە)ی (نیاز عەبدولقادر شەناغەی)یە .

### ٤. فەرهەنگی فیلۆلۆژیی

ئەم جۆرەیان لە وشە دەکۆڵێتەوە، بەو واتایەی ئەوەی بەشێوەیەکی سەرەکی گرنگی بە خودی وشە دەدرێت و مانای لێکدەدرێتەوە و حاڵەتی ڕێزمانیی دەنووسرێت و سەرچاوەی پەیدابوونی نیشان دەدرێت و چۆنیەتی بەکارهێنان و ڕۆڵی لە ڕستەدا دەردەخات(ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ١٩٧٥ : ٦٩ ـ ٧٠) . ئەم جۆرە فەرهەنگە لە ڕووی مەبەست و چۆنیەتی شیکردنەوەی وشەکان دەکرێت چەند جۆرێکی لێدەستنیشانبکرێت: ئەو فەرهەنگانەی لە دووتوێیاندا واتای هەریەکە لە کەرەستە کۆکراوەکانی زمانی بێگانە بە زمانی زگماک لێکدەدرێنەوە، یان بەپێچەوانەوە کەرەستەکانی زمانی زگماک بە زمانی بێگانە ڕووندەکرێنەوە، سەرەڕای ئەمە دەکرێت پتر لە دوو زمان بەشداری لە لێکدانەوەی واتاکانیان بکەن، لەگەڵ ئەم جۆرە فەرهەنگانەدا هەندێک فەرهەنگی دیکەش هەن کە وشەکانی زمانێک بە کەرەستەی خودی زمانەکە لێکدەداتەوە(بەناز ڕەفیق تۆفیق: ٢٠٠٨: ٢٠).

نموونەی ئـەم فەرهەنگـە وەک فەرهـەنگی (هـەنگاوە ئاسـانەکانی ئاخـاوتنی عێراقیانـە)ی (ڕێـژین چـالاک)، فـەرهـەنگی (یاریـدەدەری گشتی بۆ فێربوونی زمانی کوردی)ی (نورەددن مەردان) ە، ڕێزمانی ئینگلیزی لە بەکارهێناندا)، کە هی وەرگێڕان (عیماد حەمە ئیسماعیل، محەمـەد سـەعید و غـەفوور فـەریق)ن، فەرهـەنگی (چـۆن منداڵەکـەت فێری زمانی ئینگلیزی دەکەیت بەبێ مامۆستا)ی (محەمەد مەهدی)یە.

**٥. فەرهەنگی وێنەیی**

لەم جـۆرە فەرهەنـگەدا ئەو وشـە بەرجەسـتانەی پابەنـدی بـابەتێکی دیـاریکراون، لە ڕێـگەی کـۆمەڵە وێـنەیەک ڕووونـدەکرێنەوە، دواتر ژمارە دەدرێتە هەر بەشێکی وردی وێنەکە، وشەی گونجاویش لە بەرانبەر ژمارەی هەر بەشێکی وێنەکان دادەنرێت. نموونەی ئەم فەرهەنـگە لە زمـانی کوردیـدا فەرهەنگـی (وێـنەداری گیانـداران)ی (کەمـال جەلال غەریـب)، فەرهـەنگی (وێنـەداری ئۆکسـفۆرد)، کـە فەرهـەنگێکی وێنەییـە و جیهانییـە، فەرهـەنگی (وێنـەداری شـلێر)، کـە فەرهـەنگێکە بۆ فێربوونی زمانی عەرەبی بە شێوەی وێنـە، فەرهـەنگی (وێنـەداری مـاکمیلان)ی (دیلـیس بـراون)، کـە (نـووری سـەعید) کردوویـەتی بـە زمـانی کـوردی، فەرهـەنگی (بنچینـەیی ئۆکسـفۆردی وێنەدار)، کە لە وەرگێڕانی (نووری سەعید)ە.

بیـــرۆکەی ئەم کـــارەش بـــۆ زمانناســـی ئەڵمـــانی (دودن) دەگەڕێـــتەوە، دوای ئەوەی تێبینیکـــرد زۆربەی وشـــە نامۆکـــان بەرجەسـتەن نەک واتـایی، بـۆ ئەم مەبەسـتەش فەرهەنگێکـی وێنەیـی

دانا، ئەم هەنگاوە بووە هۆی سەرهەڵدانی چەندین فەرهەنگی تری لەم شێوەیە، بەتایبەتی لە ئەڵمانیا و ئەمریکا و فەڕەنسا.

### ٣.٢: جۆرەکانی فەرهەنگ لە ڕووی قەبارەوە

#### ١. فەرهەنگی تەسەل

فەرهەنگی تەسەل دانە فەرهەنگێکی گشتی قەبارە گەورەی چەند بەرگی کورتنەکراوەیە و گواستنەوەی ئاسان نییە، فەرهەنگەکە وەک سەرچاوە لە کتێبخانە هەڵدەگیرێت و خوێنەر و بەکارهێنەر سوودی لێوەردەگرێت، بۆ نموونە فەرهەنگی ئۆکسفۆرد بە زمانی ئینگلیزی، کە لە ساڵی ١٩٨٩ چاپکراوە، بیست بەرگە، فەرهەنگی (تاج العروس من جواهر القاموس) بە زمانی عەرەبی چل بەرگە(علی حمد عوسمان: ٢٠١٦ : ٣٥)، هەروەها فەرهەنگی ئینسکلۆپیدیای هەولێر بە زمانی کوردی دە بەرگە.

#### ٢. فەرهەنگی سەرمێز

فەرهەنگی سەرمێز لە ڕووی قەربارەوە لە فەرهەنگی کورتنەکراوە بچووکترە، بۆیە بەکارهێنان و و گواستنەوەی ئاسانترە، بەپێی خواست و مەبەست و نرخ(علی حمد عوسمان: ٢٠١٦ : ٣٥)، قەبارەی ئەم فەرهەنگانەش لە یەکتر جیاوازە، فەرهەنگی مامۆستا(کوردی ـ ئینگلیزی) و فەرهەنگی شیرینی نوێ (عەرەبی ـ کوردی) و فەرهەنگی کوردستان ( کوردی ـ کوردی) و فەرهەنگی خاڵ (کوردی ـ کوردی) نموونەی ئەم فەرهەنگەن.

**٣. فەرهەنگی گیرفانی**

فەرهەنگی گیرفانی، فەرهەنگێکی بچووکە، لە ڕووی ئەکادیمیدا لە بچووکی قەبارە و کەمی بەرگ و هەرزانی نرخ لە دوای فەرهەنگی سەرمێز دێت(سانوسی: ١٩٩٩: ١١٩). ئەم فەرهەنگە ئامرازێکە بە سانایی دەگوازرێتەوە و بەکارهێنانی ئاسانە، کتێبخانەی کوردی لەسەر بنەمای چەندزمانیی، چەندین جۆری فەرهەنگی گیرفانی تێدایە، بە کوردی و زمانەکانی تری وەک ئینگلیزی و عەرەبی و فارسی و تورکی و هۆڵەندی و ئیتالی و ئەڵمانی و ڕووسی ...هتد.

**٤.٢: جۆرەکانی فەرهەنگ لە ڕووی شێوازەوە:**

**١. فەرهەنگی وشەیی**

کەرەستەی سەرەکی و ئامانجی ئەم جۆرە فەرهەنگە وشەیە، بەو مانایەی بۆ دۆزینەوەی واتای وشە سوودی بۆ خوێنەر دەبێت.

**٢. فەرهەنگی ڕستەیی**

لەم فەرهەنگەدا پشت بە ڕستە دەبەسترێت و دەکرێتە ئامانج، بە جۆرێک ڕستەی زمانێک لە بەرانبەر زمانێک یان چەند زمانێک دادەنرێت، بۆ نموونە: هەندێک لەو فەرهەنگانەی بۆ فێربوونی زمان دانراون، بەتایبەتی بۆ گەشتیاران کاتێک ڕوو لە وڵاتێک دەکەن و زانیاری ئەوتۆیان نییە سەبارەت بە زمانەکە، بۆ دابینکردنی هەندێک پێداویستی سەرەتایی سوود لەم جۆرەی فەرهەنگ وەردەگرن، ئەو جۆرە فەرهەنگانە دەشێت تایبەت بن و دەشێت گشتیش بن.

### ٣. فەرهەنگی چەمک و ناساندن

ئەم جۆرەی فەرهەنگ لەپێشەوە وشە و زاراوەکان دادەنرێت و لە بەرانبەریشدا ناسان یان شیکردنەوە بۆ چەمک و واتاکەی دەکرێت، بەو مانایەی ڕەنگە چەند چەند دێرێک بەرانبەر یەک وشە دابنرێت. ئەم جۆرە فەرهەنگە دەشێت تایبەت بێت بە بوارێک یان توێژێک ...هتد، بۆ نموونە ئینسکلۆپیدیای پزیشکی، هونەریی، فەلسەفە، دەشێت گشتی بێت وەک ئینسکلۆپیدیای گشتی.

### ٤. فەرهەنگی وێنەیی

یەکێکە لە شێوازەکانی دیکەی فەرهەنگ، کە تیایدا وشە بەرانبەر ئەو وێنانە دادەنرێت، کە بەرجەستەن نەک واتایی، لەڕێگەی چەند هێڵێکی ئاراستەکراوەوە دەستنیشانی وێنەکان دەکرێت و لە بەرانبەریان ناوی وێنەکە دەنووسرێن.(أحمد ابراهيم خضر: ٢٠١٣ : ٢٥).

### ٥.٢: جۆرەکانی فەرهەنگ لە ڕووی ژمارەی زمانەکان

### ١. فەرهەنگی یەک زمانی

فەرهەنگی یەک زمانی، فەرهەنگێکی ڕوونکەرەوە و بەکارهێنراوی گشتییە، جۆرێکە لە کارە سەرچاوەییەکان، وشەی یەک زمانی تێدایە، لە ڕێگەی هەمان زمانەوە، ڕوونکردنەوە لەسەر وشەکان دەکرێت. نموونەی ئەمجۆرە فەرهەنگە وەک: ئۆکسفۆری ئینگلیزی، دۆدنی ئەڵمانی، دێهخودای فارسی، لیسان ئەلعەرەبی عەرەبی، فەرهەنگی خاڵ و کوردستان لە کوردیدا.

**٢. فەرهەنگی جوتزمانی**

فەرهـەنگی جوتزمـانی، جـۆرە فەرهەنگێکـە وشـەی دوو زمـانی تێدایە، بە شێوەی وەرگێڕانی لەیەک نزیک، ئەمـەش یارمـەتی وەرگێڕ و فێرخوازانی زمان دەدات، کە بـە زمـانی بیانی دەق بخوێننەوە یان دروسـتی بکـەن. نموونـەی ئـەم جۆرە فەرهەنگە لـە زمـانی کوردیدا وەک: فەرهـــەنگی مـــەهاباد(کوردی ـــ عـــەرەبی) و فەرهـــەنگی ئـــازادی(ئینگلیزی ـــ کـــوردی) و فەرهـــەنگی کاوە(فارســـی ـــ کوردی)...هتد.

**٣. فەرهەنگی فرەزمانی**

فەرهـەنگی فـرە زمـانی، بـەو فەرهەنگـە دەوترێـت، کـە لـە دوو زمـــان زیـــاتری تێـــدا بـــەکارهاتووە، واتـــە ئـــەم جـــۆرە فەرهەنگـــە سـەرچاوەییە و وشـەی کۆمەڵـە زمانێکی تێدایـە، وشـەکان لـە ڕێگـەی لەیـەک نزیکـی وەرگێڕانـەوە بـۆ یـەکتر دەگەڕێتـەوە. نموونـەی ئـەم جۆرە فەرهەنگە، فەرهەنگی سێ زمانی: فەرهەنگی مـەردۆخ(کوردی ـ فارسـی ـ عـەرەبی)، چـوار زمـانی: فەرهـەنگی قـانوونی (عـەرەبی ـ کـوردی ـــ فەڕەنســی ـــ ئینگلیــزی)، پێــنج زمــانی: فەرهـــەنگی کۆلکەزێڕینە(کوردی ـ فارسی ـ عـەرەبی ـ فەڕەنسـی ـ ئینگلیـزی)، حـەوت زمـانی: فەرهـەنگی وشـەکان(ئینگلیزی ـ عـەرەبی ـ فارسـی ـ تورکی ـ ئەرمەنی ـ کوردی ـ سیریک).

**٦.٢: جۆرەکانی فەرهەنگ لە ڕووی چییەتییەوە**

**١. فەرهەنگی ئاوەزی**

فەرهـەنگی ئـاوەزی کـۆی هـەموو وشـە و یاسـا و ڕێسـاکانی زمانـە، کـە لـەنێو ئـاوەزدا هەیـە و بـۆ درکپێکـردن و تێگەیشـتن و گواستنەوەی هەست و بیر، مرۆڤ لـە پەیوەندیکردنـدا بـەکاردەهێنێت. ئەو فەرهەنگە ئەپستراکتە، کە لـە مێشـکی تاکـەکانی کۆمەڵگـەدا هەیـە، فەرهەنگە گشتی ئەو تاکانەی لێ دروستدەبێت.

**٢. فەرهەنگی دانراو**

فەرهــەنگێکی بەرجەســتەیە و لەســەر مــاددەی جۆراوجــۆر تۆمـارکراوە، وەک: تەختـەی قـوڕین، گـەڵای قـامیش، پێسـتی ئـاژەڵ، کاغەز و هاردی کۆمپیوتەر و .....هتد.

**٧.٢: جۆرەکانی فەرهەنگ لە ڕووی بابەتییەوە**

**١. فەرهەنگی گشتی:**

فەرهـەنگێکی زمـانی گشـتگیرە، گەنجینـەی وشـەکانی زمانێـک لــەخۆدەگرێت بــە هــەموو شــێوە پێکهاتــەیی و پەیوەندییــە واتاییەکانیانەوە. ئەم جۆرە فەرهەنگە بە دوو جۆر دەخرێتەڕوو، بە تەسەلی و بەپوختی.

**٢. فەرهەنگی تایبەتی:**

تایبەتــە بــە بابــەتێک یــان زانســتێک، تــەواوی زاراوە پەیوەسـتدارەکان بـەو بابـەت و زانسـتەی تێدایـە. هـەر زاراوەیـەکی زانستیش لە بەرانبەر چەمکێکی ئەو زانستە دەوەستێت و هاوواتایی

تێدا نییە. فەرهەنگی تایبەتی دەبێت بە دوو جۆر: فەرهـەنگی بابـەتی، کـە وشـەکانی بابـەتێکی تێدا کۆکراونەتـەوە و بەشێکە لـە فەرهـەنگی گشـــتی، وەک فەرهـــەنگی دەنـــگ، فەرهـــەنگی ڕەنـــگ، فەرهـــەنگی باڵندە،....هتد. فەرهەنگی پسپۆڕی، کـە زاراوەکـانی پسـپۆڕییەتییەکەی تێـدا ڕیزکـراون و بــە شــێوەیەکی زانســتییانەتر ڕێکخـراون، وەک فەرهەنگی پزیشکی.

## ئەنجام

١ـ باشترین جۆری فەرهەنگ بۆ ئێمەی کورد، فەرهەنگی نەتەوەییە، چونکە ئەم فەرهەنگە هەموو وشە و زاراوەکانی زمانی کوردی لەخۆدەگرێت.

٢ـ فەرهەنگ کردەی گەلەکۆمەکە نەک تاکەکەس، بەو واتایەی بۆ ئەوەی فەرهەنگێکی باش و تەواو زانستی بنووسرێت، پێویستە کۆمەڵێک کەس لە چوارچێوەی لیژنەی تایبەت ئەم کارە ئەنجامبدەن.

٣ـ لە دوای ڕاپەڕین ژمارەی فەرهەنگ لە ڕووی چەندێتی و چۆنیەتییەوە زۆر زیادیکردووە.

٤ـ لای کورد فەرهەنگنووسین کردەی تاکەکەس بووە، بەو واتایەی تاکەکەس بە ئارەزوو و خەمخۆریی خۆی دەستی بۆ نووسینی کردەی فەرهەنگ بردووە.

## سەرچاوەکان

**یەکەم: بە زمانی کوردی**

١ـ ئـەوڕەحمانی حـاجی مـارف(١٩٧٥)، لێکسـیکۆلۆژی زمـانی کوردی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.

٢ـ ئـەوڕەحمانی حـاجی مـارف(١٩٧٧)، وشـەی زمـانی کـوردی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.

٣ــ بــەناز ڕەفیــق تۆفیــق(٢٠٠٨)، ڕێگــە بنەڕەتییــەکانی دەوڵەمەنـدکردنی فەرهـەنگی کـوردی لـە دیـالێکتی خـوارووا، نامـەی ماستەر، بەشی کوردی زانکۆی بەغدا.

٤ــ جــەمال نەبــەز(٢٠٠١)، بــە بۆنــەی ســیمیناری قاموســی کوردییەوە لە هەولێر، گ.نووسەری نوێ، ژ.١٩

٥ـ حەمـە کـەریم ڕەمـەزان هـەورامی(١٩٦٨)، سـایکۆلۆجییەتی خوێندنەوە، بەرگی یەکەم، چاپخانەی کامەران، سلێمانی.

٦ـ علی حمد عوسمان(٢٠١٦)، ئاستەکانی زمـان لـە فەرهـەنگی کوردیدا ـ فەرهەنگەکانی یەکزمانیی زاری کرمـانجی ناوەڕاسـت وەک نموونـە، نامـەی ماسـتەر، بەشـی کـوردی فاکـەڵتی ئـادابی زانکـۆی سۆران.

٧ــ محەمــەد مــەحوی(٢٠٠١)، وشــەنامە و فەرهــەنگ، گ. نووسەری نوێ، ژ.١٩، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر.

**دووەم: بە زمانی عەرەبی**

٨ــ احمــد ابــراهیم خضــر(٢٠١٣)، الفــرق بــین الموســوعة و الانسکلوبیدیا و القاموس، موقع بوابتي، مصر.

٩- أحمد بن عبدالله الباتلي (١٩٩٢)، المعاجم اللغوية و طريق ترتيبها، الطبعة الثانية، دار الراية، رياض.
١٠- احمد مختار عمر(١٩٩٨)، صناعة المعجم الحديث، الطبعة الاولى، عالم الكتب، القاهرة.
١١- علي محمد القاسمي(١٩٩١)، علم اللغة و صناعة المعجم، مطبوعات جامعة الرياض.
١٢- محمد حسن عبدالعزيز(١٩٨٣)، مدخل الى علم اللغة، دار النمر للطباعة، جامعة القاهرة، مصر.
١٣- محمد عبدالحفيظ العريان(١٩٨٤)، المعاجم العربية المجنسة، مصر، دار المسلم.
١٤- محمد علي الخولي (١٩٨٦)، معجم علم اللغة التطبيقي، الطبعة الاولى، مكتبة لبنان.

**سێیەم: بە زمانی فارسی**

١٥- محمد معين(١٣٧٦ / ١٩٩٧)، فرهنگى فارسى، جلد دوم، مؤسسة انتشارات امير كبير، تهران.

**چوارەم: بە زمانی ئینگلیزی**

16- Halliday, M.A.K. Colin Yallop(2007), Lexcology, Ashort Introduction, London Cromwell press.

17- Zgusta, L.(1971), The Manual of lexicography. Czechoslovak Academy of Sciences.

# لادان له  بنەمای هاریكاری

# "كتێبی ڕشتەی مرواری بە نموونە"[(١)]

---

[١]ـ ئـەم لێكۆڵینـەوەیـە بـە هاوبەشـی لەگـەڵ (م.ی.ئـاگرین شـەوكەت هـادی) و (م.ی.كەلسووم خالید ئەحمەد) نووسراوە.

## پێشەکی

### ١. ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە

ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە بریتییە لە (لادان لە بنەمای هاریکاری "کتێبی ڕشتەی مرواری بە نموونە"). لێکۆڵینەوەیەکی پراگماتیکییە، نموونەکانی ئەو دەقانەن، کە لە کتێبی ڕشتەی مرواریدا باسکراون، بەپێی تیۆری بنەماکانی هاریکاری شیکراونەتەوە و هەوڵدراوە گونجاوترین نموونە هەڵبژێردرێت، کە لەگەڵ ناوەرۆکی باسەکەدا بگونجێت، کە ئەمەش هەوڵێکە بۆ دەرخستنی بنەما وردەکانی بنەمای هاریکاری لە دەقە نووسراوەکاندا.

### ٢. سنوور و ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە

لێکۆڵینەوەکە لە ئاستی پراگماتیکدایە و شیکردنەوەی نموونەکان بەپێی تیۆری بنەماکانی هاریکاری گرایس لێکدراوەتەوە و سنوورەکەی دەست نیشانکراوە بەوەی تەنیا ئەو نموونانە وەرگیراون، کە لە کتێبی ڕشتەی مرواریدا باسکراون، ئەم لێکۆڵینەوەیەش لە چوارچێوەی ڕێبازی (وەسفی شیکاری) باسی لێوەدەکرێت.

### ٣. هۆی هەڵبژاردنی لێکۆڵینەوەکە

خاڵی گرنگ لە هەڵبژاردنی لێکۆڵینەوەکە، کاریگەری ئەو پەیوەندییەیە کە لەنێوان قسەکەر و گوێگردا هەیە، بەتایبەتی لە بنەماکانی هاریکاریدا، کە کاریگەرییەکی زۆری هەیە لەسەر سەرکەوتنی پڕۆسەی پەیوەندیکردن، بە پیادەکردنی بنەماکان لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵدا، بەوەی زمان چالاکییەکی کۆمەڵایەتییە بە

مەبەسـتی هاریکـاریکردنی نێـوان بەشـداربوانی ئاخـاوتن بەکاردەهێنرێت.

**٤. کێشەی لێکۆڵینەوەکە**

ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵێکە بۆ شیکارکردنی پراگماتیکیانەی چەند دەقێکـی نێـو کتێبـی ڕشـتەی مـرواری بەپێـی بنەماکـانی هاریکـاری، کێشەی ئەم دەقانە لەوەدابوو کە هەر دەقێک زیاتر لە بنەمایەکی تێدا پێشێل کرابوو، بە ئەستەم نموونەیەکمان دەستدەکەوت و دەبینییەوە تەنیا لە یەک بنەمادا لادان تیایدا ڕوویدا بێت.

**٥. ناوەرۆکی لێکۆڵینەوە**

ناوەرۆکی ئەم لێکۆڵینەوەیە جگە لە پێشـەکی و ئەنجام، لە سێ بەش پێکهاتووە:

بەشـی یەکەم؛ بەشـێکی تیـۆرییە و تیایـدا بـاس لە بنەمـای هاریکاری لەلایەن پۆل گرایس کراوە، لەگەڵ باسکردنی هەریەکە لە بنەماکـانی هاریکـاری (بنەمـای چەنـدێتی، بنەمـای چـۆنیەتی، بنەمـای پەیوەنـدی و بنەمـای شـێواز)، لەگەڵ هێنـانەوەی نمـوونە بـۆ هەر بنەمایەک.

بەشی دووەم؛ ئەم بەشەش بەشێکی تیۆرییە و باس لە لادان لە بنەماکـانی هاریکـاری گـرایس دەکـات و هێنـانەوەی نمـوونە بـۆ هەر یەکێک لەم بنەمایانە، بنەمای چەندێتی، بنەمـای چۆنیـەتی، کە ئەمـیش چەنـد جـۆرێکی لادانـی لێـدەکەوێتەوە، وەک (تـوانج و گـاڵتەپێکردن، خواستن، ئاماژەپێکردن، زێدەڕۆیی و کەمکردنەوە)، هەروەها بنەمـای

پەیوەندی و شێواز، لەگەڵ ڕوونکردنەوەی پێویست سەبارەت بەم بنەمایانە.

بەشی سێیەم، بەشی پراکتیکی لێکۆڵینەوەکەیە، کە باس لەو لادانانە دەکات، کە لە بنەمای هاریکاریدا هاتۆتە کایەوە، بە پشتبەستن بە نموونەکانی نێو کتێبی ڕشتەی مرواری و شیکارکردنی نموونەکان.

لە کۆتاییدا ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە و لیستی سەرچاوەکان پێشکەش کراون.

### ١. بنەمای هاریکاری

پرۆسـەی ئاخـاوتن لە زمـانی مرۆڤـدا چـالاکییەکی کـۆمەڵایەتییە لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵدا و پرۆسـەیەکە بە پلانـی تەواوەوە ئەنجام دەدرێـت. بـۆیە بـۆ پەرەسـەندن و بەرەوپێشـچوونی، پێویسـتی بە پرەنسیپێکە، کە لەسـەر کۆمەڵێک یاسـا و بنەمـا بەڕێوە بچێت. هەر بەهـۆی ئەم پرەنسـیپانە بـوو بنەمـای هاریکـاری هـاتە کـایەوە، کە یەکێـک لەو بنەمایـانەی سـوودێکی زۆری هەیە بـۆ نێـرەر و وەرگـر لەکاتی گفتوگۆ، یان لە نووسیندا، ئەم بنەمـایە بە (گـرایس) ناوبـانگی دەرکـــردووە، بەڵام مێژووییەکـــی کـــۆنتری هەیە. بـــۆیە گـــرایس "بۆچوونی هاریکاری خستەڕوو سوودی لە زانیاری و بۆچوونەکانی پـێش خـۆی وەرگـرت و وەک تەواوکردنێـک و گەشەسـەندنێک بـۆ کارەکـانی بەر لە خـۆی ئەنجامـدرابوون، ئەم کـارەی جێبەجێکـرد" (هێرش چەتۆ، ٢٠١٦، ل٣٧). ئەوە گرایس لەڕێگەی وانەکانی، کە لە زانکۆی هارڤارد سـاڵی ١٩٦٧ پێشکەشـی کـردوون، خـاڵی دەسـتپێک لای گـرایس ئەوەبـوو دیـاری بکـات، کە بەشـداربووانی ئاخـاوتن لە گفتوگۆکانیانـدا مەبەستی زیاتریـان هەیە لەوەی دەیڵـێن، یـان هەمـان مەبەسـتیان هەبێت. جـگە لەوە دەشـێ مەبەسـتەکانیان پـێچەوانەی دەربڕینەکانیـان بێـت(علی محمـود، ٢٠١٠، ل ٩). واتە مرۆڤەکـان لە پەیوەنـدیکردنیان و دەربڕینەکانیانـدا زیـاتر لە واتـایەک دەگەیەنن لەو شـتانەی دەڵـێن، بە سـوود وەرگـرتن لە جۆرەکـانی پەیوەنـدیکردن. گرایس باسـی لەم بـابەتە کـرد و ڕوونـی کـردۆتەوە لەژێر ناونیشـانی لـێکەوتەی گفتوگـۆ (پەروەر عبـدالرحمن، ٢٠١٣، ل ٧٢). لـێکەوتە

هەمـوو ئەو واتايـانە دەگـرێتەوە، کە بە وشــە دەرنەبـڕاون، بەڵام لە گوتنێک هەڵدەهێنجرێن، پشتبەسـتوو بە بنەماکانی هاریکـاری، کە بە بۆچـوونی گـرايس بنەمـايەکی هاريکـاری هەيە لەنێـوان قسـەکەر و گوێگر، کە ئاخاوتنەکە هەڵدەسوڕێنێ، قسـەکەران هەوڵدەدەن ڕاست بڵـێن و زانيـارييەکی وا بـدەن تـاڕادەيەک ڕوون و گونجـاو بێـت و پێداويستييەکانی گوێگر بێنێتەدی (عبدالواحيد مشير دزەيی، ٢٠١٤، ل ١٠١). گرايس لە ئەنجامی تيۆرەکەی (واتـای نەسروشـتی)دا گەيشـتە چەنـد بنەمـايەک و دەستنيشـانی کـردوون، کە وەک ڕێنمـايی و ياسـا پێناسەيانی کردوون، بۆ ئەوەی بەشداربووانی ئاخاوتن سەرکەوتوانە پرۆسـەکە ئەنجـام بـدەن و لە پەيوەنديـدا بـن (سـروە فيصـل، ٢٠١٠، ل٣٥). بە بـاوەڕی گـرايس گەيشـتن بە واتـای هـاوبەش لە ئاخاوتنـدا لەڕێگـای بنەمـای هاريکـارييەوە دەبێـت، کە هەمـوو قسـەکەرێک بـێ جياوازی ڕۆشنبيری و کلتوری لە هەموو کۆمەڵێکدا پەيڕەوی بکات (محمـد معـروف فتــاح، ٢٠١٠، ل٤٢٤). بنەمــای هاريکــاری چەنــد بنەمـايەکن، کە چۆنيەتی بەڕێوەچـوون و ئامـانجی ئاخـاوتن پێيـانەوە بەنـدە و جێبەجێکـردن و نەکردنـی ئەم بنەمايـانە ئامـانج و ئاراسـتەی هەر ئاخاوتنێک دياری دەکەن.

بە بۆچـوونی گـرايس ئاخــاوتن چـالاکييەکی هۆشـەکييە، کە بە هاريکاری بەشداربووانی ئاخـاوتن دێتە ئەنجام(محمـد معـروف فتـاح، ٢٠١١، ل٢١٣). گرنگييەکــی ديــاری بنەماکــانی هاريکــاری لەوەدايە، هۆکـارێکە بـۆ ئەوەی بەشــداربووانی ئاخــاوتن لە مەبەسـتی يەکتـر بگەن، گرايس دەقی بنەماکانی هاريکاری بەم شێوەيە دەخاتەڕوو: **"با**

**گوتنەکەت هێندە بێت و لەو کات و شوێنەدا بێت و بەو جۆرە بێت، کە پێویستی تێگەیشتن دەیەوێت"** (جۆرج یول، ٢٠٠٠، ل٣٧). هاوبەشی ئاخاوتن باوەڕی بەوە هەیە، کە دەیەوێت هاریکاری بکات. مەبەست ئەوەیە لە شێوەی داخوازیدا **(با هێندە بێت: کەمییە، لەو کات و شوێنە: بەو جۆرە بێت، کە ئاخاوتنەکە پێویستییەتی**(محمد معروف فتاح، ٢٠١١، ل٢١٣). بەپێی ئەو بنەمایە، ئاخاوتن شێوەیەکی ڕێکوپێک وەردەگرێت و گونجاو دەبێت، واتە نە کەم دەبێت و نە زیاد، بێ بەڵگەش ئاخاوتن ناکرێت. جۆر و چۆنیەتی و بڕی زانیاری هەر دەربڕینێک لە گفتوگۆدا، دەبێ بەپێی پێویستی گوتنەکە بێت. کەواتە دەتوانین بڵێین ئاخاوتن لەسەر بنەمایەکی هاریکاری نێوان نێرەر و وەرگر بەڕێوەدەچێت، کە پەیڕەوکردنی ئەم بنەمایانەش نەخشەکێشانێکە بۆ ئەوەی ئاخاوتن شێوەی نموونەیی وەربگرێت (عبدالواحید مشیر دزەیی، ٢٠١٤، ل ١٠١)، بەڵام مەرج نییە هەموو کەسێک لە هەموو ئاخاوتنێکدا جێبەجێی بکات **"ئەمە زۆر ئەستەمە و لە ئاخاوتندا نایەتەدی، چونکە ئاخاوتن تێکەڵ بە هەندێ ڕەهەندی دیکەی دەروونی و کۆمەڵایەتی دەبێ، ئاخێوەر سوودیان لێوەردەگرێ، یان کاریگەری لەسەر ئاخاوتندا دروست دەکات"** (بەدرخان سلێمان، ٢٠١٥، ل٦٤).

به پیادەکردنی بنەمای هاریکاری گرایس قسەکەر و گوێگر لە پەیوەندیکردندا سەرکەوتووتر دەبن، چونکە لێڵی و لەیەکنەگەیشتن لەنێوان بەشداربوانی ئاخاوتندا کەمتر دەکاتەوە، کە ئەمەش لە پرۆسەی پەیوەندیکردندا گرنگە (Finch, 2000, P159). بنەمای

هاریکـاری بە شـێوەیەکی واتــادار بەشــداری دەکـات لە ئامــانجی پەســەندکراوی ئاراســتەی قســەکەر، کــە مەبەســتی ســەرەکی لێــی پەســەندکردنی بنەمــایەکە، ئەمــەش نەبەزانـدنی بەنـدە بە گونجـانی وشەکان لە سنووری ڕستەدا لەگەڵ یەکتر و دەبێت پێویستییەکانی کـارەکە (بـکەر، بەرکـار) لەگەڵ کـارەکە بگونجێـت. لەگەڵ ئەوەشـدا سـەرکەوتنی ئاخـاوتن هەمـوو جارێـک پەیوەسـت نییە بە نەبەزانـدنی بنەماکان، چونکە هەمـوو کـات هاوبەشـەکانی ئاخـاوتن ناچـار نـابن بە پەیڕەوکردنـــی ئەو بنەمایـــانە، بە تـــایبەتی لەو ئاخاوتنـــانەی لە ڕیزبەنـــدییەکی بەرزتـــر ڕوودەدەن، یـــان لەپێنـــاو شـــاردنەوەی ئاخاوتنەکـان ئەنجـامی دەدەن (حـاتم ولیـا و ژیـان عبـدالله، ٢٠١٥، ل٥٧).

هەر کاتێک یەکێ لە بنەمایەکان لە ئاخـاوتن بەکارنەهات، ئەوە بنەمـای هاریکـاری لەنێـوان لایەنەکـانی دەکەوێـتە بەر تیشـکەوە، بـۆ نمـوونە ئەگەر کەسـێ بە هـاوڕێکەی بڵـێ **(دێیـت ئەمشـەو بچـین بـۆ پـارک)**، هـاوڕێکەی لە وەڵامـدا بڵـێ **(بەیـانی تـاقیکردنەوەم هەیە)**، پەیوەنـدییەکە کـورتی هێنـاوە لەسـەر بنەمـای هاریکـاری، چـونکە بە شـێوەیەکی ناڕاسـتەوخۆ وەڵامـی پرسـیارەکە دراوەتەوە و گـوێگر تێدەگات، کە هاوڕێکەی نایەوێت لەگەڵی بڕوات (نگـار مؤمنی، ١٣٨٩، ل٧٧).

بەم پێیە گرایس چەمکی بنەمـای هاریکاری لەنێوان قسـەکەر و گـوێگر دانـاوە و دابەشـی سـەر چـوار جـۆری کـردوون (بنەمـای چەندێتی، بنەمای چۆنیەتی، بنەمای پەیوەندی، بنەمای شێواز).

**١.١: بنەمای چەندێتی**

ئەم بنەمـایە پەیوەسـتە بە ڕادە و چەنـدێتی ئەو زانیارییـانەی، پێویستە قسەکەر لە کاتی گفتوگۆدا بیبەخشێ، واتە بە کەمترین کات و دارشـتنێکی کەم، واتـایەکی گونجـاو و تەواو بێـتە دەسـت. ئەم بنەمـایە سـوودی بـۆ هەردوو بەشـداربووەکەی پەیوەنـدیکردن هەیە(گـوێگر و قسـەکەر)، بـۆ ئەوەی بە شـێوەیەکی ڕێکوپێـک و بەگـوێرەی پێویسـت گفتوگـۆکە بەڕێوەبچێـت و ئەو زانیارییـانەی مەبەستیانە بیگەیەنن و زانیارییەکان ئالوگۆڕ بکەن. بەپێی بۆچوونی گرایس ئەم بنەمایە بەهۆی دوو بنەمای ترەوە جێبەجێدەکرێت:

**گوتنەکەت هێندە زانیاری بەخش بێت، کە پێویستە.**

**گـوتنەکەت زانیـاری زیـاتر نەبەخشـێ لەوەی، کە پێویسـتە (Grice, H.P, 1987, P46).**

**نموونە١/ أ. ئازاد لە کام کۆلێژ دەخوێنێ؟**

**ب ـ لە کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی.**

لەم نمـوونەیەدا قسـەکەر بە شـێوەیەکی ڕوون و ئاشـکرا پرسـیارەکەی کـردووە، لە بەرانـبەردا گـوێگر هاریکـارە و وەڵامـی پرسیارەکە بەگوێرەی پێویست دەداتەوە و زانیاری دەبەخشێت، واتە ڕەچاوی بنەمای چەندێتی کردووە و زانیارییەکە نە زیادە و نە کەم.

**٢.١: بنەمای چۆنیەتی**

لەم بنەمـایەدا پێویسـتە بەشـداربوونی قسـەکەران ڕاسـت بێت، پێویسـتە ئاخـاوتن بەڵـگەدار بێـت و لە گومـان دوور بێـت (شـێرزاد سـەبری و عبدالسلام نجم الـدین، ٢٠١١، ل٢٣١)، واتە بـا گـوتنەکەت

دروست بێت، شتی نادروست و بێ بەڵگە مەڵێ، ئەمەش بەم دوو یاسایە جێبەجێدەکرێت:

- **شتێک مەڵێ، کە گومانت لە ڕاستییەکەی هەبێت.**
- **شتێک مەڵێ، کە بەڵگەی دیارت لەسەر نەبێت** ( Grice, H.P, 1987, P46).

**نموونە ٢/ أ- لە پێشانگاکە چەند کتێبت کڕی؟**

**ب - دوو کتێبم کڕی.**

لەم نموونەیەدا قسەکەری دووەم پابەندی بنەماکە بووە، بەوەی وەڵامێکی ڕاستی داوەتەوە و بە بەڵگەوە قسەی کردووە، کە ئەویش کڕینی دوو کتێبە.

**٣.١: بنەمای پەیوەندی/ گونجان**

بەپێی بنەمای پەیوەندی، گوتنەکانی قسەکەر پێویستە پەیوەندداربێت بە بابەتی ئاخاوتنەوە، واتە پێویستە وتنەکان لەبار و شیاو بن، بۆ ئەو شوێنەی ئاخاوتنەکەی تێدا بەکاردێت (عادل الفاخوری، ١٩٨٩، ل١٤٧). ئامانجیش لێی نەهێلانی ئاخافتنکەرییە، کە بۆ مەبەستی تر بچێت، یان جیا بێت لەو گوتنەی هەیە (شێرزاد سەبری، ٢٠١٤، ل١٥٨). ئەم بنەمایە پەیوەندی بە چەند لایەنێکی ئاخاوتنەوە هەیە، کە پێویستە قسەکەر ڕەچاویان بکات، وەک:

- **چۆنیەتی دەستپێکردنی ئاخاوتن.**
- **چۆنیەتی بەشداریکردن بە شێوازی لەبار و شیاو.**
- **چۆنیەتی گۆڕینی بابەتی ئاخاوتن.**
- **چۆنیەتی کۆتاییهێنان بە ئاخاوتن** (دارا حمید، ٢٠١٢، ل١٢٣).

بەم جۆرە ڕەچاوکردنی ئەم بنەمایە لە ئاخاوتندا، دەبێتە مایەی سەرکەوتنی تێگەیشتنی بەشداربوانی ئاخاوتن. واتە کاتێک قسە دەکەین، دەبێت لەگەڵ قسەکانی تر گونجان هەبێت. ئەم بنەمایەش کار لەسەر دوو یاسا دەکات:

- **با قسەکەت پەیوەندار بێت بە بابەت و ڕوودانی ئاخاوتنەوە.**
- **با قسەکەت پەیوەندار بێت بە کات و شوێنەوە** (Grice, H.P, 1991, P39)

**نموونە ٣/ أ۔ ئەمشەو بچینە دەرەوە.**

**ب ۔ ناتوانم میوانمان دێت.**

لەم نموونەیەدا ڕەچاوی بنەمای پەیوەندی کراوە و تا ڕادەیەک پەیوەندییەک هەیە لەنێوان داوای قسەکەر و وەڵامی گوێگر، بەوەی ڕاستەوخۆ وەڵامی دەداتەوە، کە ناتوانێ لەگەڵیدا بچێتە دەرەوە، بەڵام هەندێکجار وا ڕێکدەکەوێت وەرگر بۆ ئەوەی وەڵامی قسەکەر نەداتەوە، پابەندی بنەماکە نابێت و خۆی لە وەڵام دەدزێتەوە، وەک ئەم نموونەیە:

**نموونە٤/ أ۔ دەتوانی بڕێک پارەم بە قەرز پێ بدەی.**

**ب ۔ خانووەکەمان کۆن بووە، پێویستە نۆژەنی بکەمەوە.**

بنەمای پەیوەندی لە گفتوگۆکردندا لە هەموو بنەماکانی تر زیاتر ڕێگە بە کورتبڕی و دوورکەوتنەوە دەدات لە باسکردنی شتێک، کە بێسوود بێ، ئەمەش دەبێتە هۆی ئاسانکردنی تێگەیشتن.

**٤.١: بنەمای شێواز**

ئەم بنەمایە پەیوەستە بە شێوازی دەربڕینی ئاخاوتنەوە، بەڵام بنەماکانی تری هاریکاری پەیوەستن بە ناوەرۆکی گوتنەوە. ئەم بنەمایە دەڵێت ڕوون بدوێن، کە ئەم چوار یاسایە لەخۆ دەگرێت:

- **"خۆ بپارێزن لە دەربڕینی تەمومژاوی و لێڵ.**
- **خۆ بپارێزن لە لێڵی.**
- **پوخت بدوێ (خۆ بپارێزە لە زیادە گوتنی ناپێویست).**
- **گوتنەکەت تۆکمە بێت/ ڕیزبەندی گوتنەکانت ڕەچاو بکە"** (ڕەحیم سورخی، ٢٠١٦، ل٧٠).

جێبەجێکردنی کردەی ئاخاوتن و پابەندبوونی بە بنەمای شێواز، لێکتێگەیشتن لەنێوان بەشداربوانی ئاخاوتن ئاسانتر و خێراتر دەکات، چونکە بنەمای شێواز پەیوەندی بە جۆر و شێوازی گوتنەکەوە هەیە. بەپێی ئەم بنەمایە ئاخێوەر لە ئاخاوتنی ئاساییدا دەبێت لە هەموو لایەنەکانی گوتن بکۆڵێتەوە، بێگومان لە هەموو زمانێکدا دیاردەی فرەواتایی و لێڵی هەیە، لە هەر ئاستێکدا بێت کاریگەری خۆی دەکاتە سەر تێگەیشتنی گوێگر بۆ گوتنەکە. بۆیە دەبێت قسەکەر خۆی بە دوور بگرێ لە هەموو جۆرە دەربڕینێکی لێڵی واتایی، کە لای گوێگر مەبەستێکی تر بگەیەنێ و سەرلێشێوان دروست بکات، هەندێکجار بەهۆی دەوروبەرەوە، ڕەنگە ئەم دیاردانە نەمێنن، بەڵام لە هەموو کاتێکیشدا ئەمە نابێ.

**نموونە ٥/ أ. لە پەیوەندییەکە گوتم ببە بە پیاو.**

**ب . سەبارەت بە پەیوەندییەکانی تر نازانم چیان پێ گوتووە.**

لادانێـک لەم دەربـڕینەی سـەرەوەدا هەیە، کە هەسـت دەکرێـت لێڵیـیەک لە گـوتنەکەدا هەیە، ئەویـش جـۆری پەیوەنـدییەکەیە، کە نازانرێـت، گـوێگریش تووشـی سەرلێشـێوان دەبێـت و لە مەبەسـتی قسەکەر تێناگات.

**نموونە ٦/ أ. لە تاقیکردنەوە چۆن بوویت؟**

**ب ـ لەبەرئەوەی نەخـۆش بـووم، نەمزانـی پرسـیارەکان چۆن بوون، باشم جواب نەداوە.**

لەم نموونەیەدا درێژدادڕی لە وەڵامدانەوەی پرسیاری قسـەکەر کـراوە، لێرەدا گـوێگر دەیتـوانی بە وەڵامێکـی کـورت و پوخـت وەڵام بـداتەوە. کە ئایـا لە تـاقیکردنەوەکەدا بـاش بـووە، یـان خـراپ. بـۆیە پابەندی بنەمای شێواز نەبووە و پوخت نەدواوە.

بە گشتی ئەم بنەمایانە (چەندێتی، چۆنیەتی، پەیوەندی، شـێواز) گریمانەن، لە توانای قسەکردندا هەن، تەنـانەت ئەگەر ئـاخێوەر بەپێـی ئەم بنەمـایانەش نەڕوات، ئەوە گریمـانە دەکرێت ئـاخێوەر پەیڕەویـان بکات، ئەگەر لە هەر ئاستێکدا بێت.

**٢. لادان لە بنەمای هاریکاری**

دەبێت ئەوە بزانین، کە لە توانای هیچ قسـەکەرێکدا نییە لە کـاتی قسـەکردندا هەمـوو بنەماکـان بەکـار بێنـێ و پەیڕەویـان بکـات، ئینجـا لەبەر هەر ئەگەرێـــک بێـــت. ئەم لادانەش نـــابێتە ئەگەری ئەوەی هاوبەشەکانی ئاخـاوتن لەیەکتـر تێنەگەن، بەڵکو ئەو لادانە هەنـدێجار شـێوازێکی کـارتێکەر و سـەرنجڕاکێش دەهێنێـتە ئـاراوە. "گرنگـی

بنەماکانی هاریکاری لە پڕۆسەی ئاخاوتندا لەوەدا نییە، کە پێمان بڵێ چۆن پڕۆسەی گفتوگۆ لەنێوان قسەکەر و گوێگر ڕوودەدات. بایەخی دۆزینەوە و دەستنیشانکردنی ئەو بنەمایانە لەلایەن گرایس زیاتر بۆ پیادەنەکردنی ئەو بنەمایانە دەگەڕێتەوە، زۆرجار ئاخێوەر مەبەست و ئامانجی دیکە لەپاڵ گوتنەکانیەوە جێبەجێدەکات، وەک (گاڵتەپێکردن و بێزارکردن، داواکردن، ...)، واتە لە کاتی گفتوگۆدا تەنیا گرنگی بە مەبەستی خۆی دەدات، نەک ئامانجی گشتی گفتوگۆکە" (سروە فیصل، ٢٠١٠، ل٥٤). مەبەستیش لە لادان و پابەندنەبوون بە بنەماکانی هاریکاری ئەوەیە، کە هاوبەشەکانی ئاخاوتن زانیاری کەم، یان زیاتر دەبەخشن، یان وەڵامێک لەلایەن گوێگر دەدرێتەوە، کە پەیوەندی بە بابەتی پرسیاری قسەکەرەوە نییە، ئەمەش بۆ خۆدزینەوەیە لە بابەتەکە، یان سەرلێشێواندنی بەشداربووانە. هەروەها دەبێت ئەوەش بزانین، کە ئەم "**بنەمایانە لە پرۆسەی ئاخاوتندا وەک بنەما کلتوری و ئایینی و کۆمەڵایەتییەکان نین، کە لادان لێیان ببێتە هۆی سزا و کەشێکی نالەبار دروست بکات. تەنانەت لادان لەم بنەمایانە وەک یاسا و ڕێسا ڕێزمانییەکانیش نین، کە ببنە هۆی بەرهەمهێنانی ڕستەی نارێزمانی و نادروست، کە لەلای هاوبەشانی ئاخاوتن جێگەی ڕەزامەندی و قبول نەبن و ببنە هۆی تێنەگەیشتن، بەڵکو زۆرجار لادان لەم بنەمایانە بەپێچەوانەوە لەبری ئەوەی پرۆسەی ئاخاوتن بەرەو تێکدان و تەمومژی ببات، دەبێتە هۆی داهێنان و جوانکاری، ئەمەس**

**پێچەوانەی هەموو بنەمایەکی ترە، کە دەبێت مرۆڤ هەمیشە پێیانەوە پابەند بێت"** (سروە فیصل، ٢٠١٠، ل٥٤).

### ١.٢: لادان لە بنەمای چەندێتی

ناوەرۆکی سەرەکی ئەم بنەمایە لەوەدایە، کە ئاخێوەر دەبێت بەپێی پێویست زانیاری ببەخشێت، ئەم بنەمایەش بە بۆچونی گرایس لەسەر دوو بنەمای تر بەندە، بەڵام زۆرجار ئاخێوەر پابەندی ئەم بنەمایە نابێ، کەمتر یان زیاتر لەو زانیارییە دەبەخشێ، کە پێویستە **"ئەگەر بەشداری گوێگر بە گوێرەی پێویست نەبیت، ئەوە ئەم لادانە لە نەزانینەوە نییە، بەڵکو بۆ ئەوەیە نایەوێ هەستی خۆی ڕاستەوخۆ بۆ بەرامبەرەکەی دەرببڕێ"** (عبدالواحید مشیر دزەیی، ٢٠١٤، ل١٠٤).

**نموونە ٧/ قوتابی: مامۆستا لە تاقیکردنەوەکان دەرچووم؟**
**مامۆستا: لەوانەیە لە کوردی دەرچووبیت.**

لەم نموونەیەدا قسەکەری دووەم لە بنەمای یەکەمی چەندێتی لایداوە، بەوەی زانیاری کەمتری بەخشیوە لەوەی کە پێویستە، چونکە قسەکەری یەکەم چاوەڕێی وەڵامێکی گونجاوە لەوەی، کە ئایا دەرچووە، بەڵام وەڵامێکی کەمتری دەستکەوتووە لەوەی پێویستە، ئینجا ئەمەش لەبەر نەزانین و ئاگادارنەبوونی گوێگرە، کە زانیاری لەسەر ئەنجامی تاقیکردنەوەکان نییە، یان ئەوەیە کە ئەو مامۆستای وانەی کوردییە و تەنیا زانیاری لەسەر بابەتی خۆی هەیە، یان ئەوەیە لەبەر ئەوەی قوتابییەکە لە هەموو وانەکان کەوتووە و نایەوێ لەبەردەم ئامادەبوان شەرمەزاری بکات، بە هەر جۆرێک

بێت، ئەمە لادانە لە بنەمای چەندێتی و زانیارییەکی کەمتر دەربڕاوە لەوەی کە پێویستە.

**نموونە ٨/ أ. بەیانی لەکوێ بتبینم؟**

**ب ـ بەیانی لە چایخانەی مەچکۆ لای قەڵا بەرانبەر بازاڕی گەورە.**

لەم نموونەیەدا وەڵامی گوێگر پێویستی بەم هەموو زانیارییە نییە، تەنیا دەیتوانی بڵێ (چایخانەی مەچکۆ)، چونکە شوێنێکی دیارە و ئەوەی خەڵکی ئەم شارە بێت، دەزانێت دەکەوێتە کوێ، بەڵام گوێگر درێژدادڕی لە وەڵامدا کردووە، ئینجا لەبەر هەر هۆکارێک بێت و زانیاری زیاتری بەخشییە لەوەی کە پێویستە، بەمەش دەبێتە لادان لە بنەمای دووەمی چەندێتی، کە دەڵێت: **(گوتنەکەت زانیاری زیاتر نەبەخشێ لەوەی، کە پێویستە).**

**٢.٢: لادان لە بنەمای چۆنیەتی**

لادان لە بنەمای جۆنیەتی ڕوودەدات لەو کاتەی گومان لە ئاخاوتندا هەبێت و قسەکەر شتێک بڵێت، کە ڕاست نەبێت، یان گومان لە ڕاستیبوونیدا هەبێت و بەڵگەدار نەبێت (عادل الفاخوری، ١٩٨٩، ل١٥٤).

زۆربەی جار لادان لەم بنەمایە بەرچاو دەکەوێت، بەڵام لەوانەیە بەئاسانی ئەم لادانە هەست پێنەکریت، یان ماوەیەک بەسەر بچێ، ئینجا هەستی پێ بکرێت، چونکە ئەم بنەمایە پەیوەندی بە دروستی و نادروستی ئەو زانیارییانەوە هەیە، کە بەشداربووی ئاخاوتن دەریدەبڕێ، بۆیە ماوەیەکی دەوێ تا گوێگر ڕاستی و

دروستی زانیارییەکانی بۆ دەردەکەوێ، ئەگەر قسەکەر بە ئەنقەست زانیاری هەڵەیدا، ئەوە لادانە لەم بنەمایە (سروە فیصل، ٢٠١٥، ل٥٨). لادان لە بنەمای چۆنیەتیش بە چەند شێوەیەک دەردەکەوێت، وەک (توانج و گاڵتەپێکردن، خواستن، ئاماژەپێکردن، زیادەڕۆیی و کەمکردنەوە).

**١ــ گاڵتەپێکردن و توانج:** توانج دیاردەیەکە ئاخێوەر بەکاریدەهێنێت، بۆ ئەوەی مەبەستی خۆی بەرانبەر کێشەیەک، بابەتێ، کەسێک یان هەر شتێک ... دەرببڕێت، لەگەڵ ئەوەشدا گاڵتەپێکردن پلەی هەیە، واتە هەندێکجار توانجەکە توندە و کاتێک ئاڕاستەی گوێگر دەکرێت، پێی تورە دەبێت، هەندێکجاریش توانجەکە سوکە و کەسی بەرانبەر پێی تورە نابێت و قسەکەر بەئاسانی ئاخاوتنی خۆی دەردەبڕێت.

**نموونە ٩/ کچی من زیرەکە، بە یەکەم دەرچووە.**

ئەگەر دایکێک لەناو ئامادەبووان ئەمە بە کچەکەی بڵێ، کە ئەوانیش ئاگادار بن لەوەی ئەم قوتابییە زیرەک نییە، لەگەڵ ئەوەشدا دایکەکە دەزانێ کچەکەی زیرەک نییە و لە تاقیکردنەوەکان کەوتووە، لێرەدا ئەمە دەبێتە لادان و بە مەبەستی توانج و گاڵتەپێکردن بەکاری دەهێنێت.

**٢ــ خواستن:** لادانە لە واتای بنەڕەتی، مەبەست لێی ئەوەیە وشەیەک جگە لە واتا دروستەکەی(واتای فەرهەنگی) بەکاردێت، ئەوە واتایەکی خواستراویش دەبەخشێت، وشەیەک یان

دەستەواژەیەک بۆ واتایەکی دوور لە واتا ڕاستەقینەکەی بخوازرێت، کە هەمان واتای نەبێت (عمر محمود، ٢٠٠٩، ل١٣). بۆ نموونە ئەگەر بڵێین:

**نموونە ١٠/ ئازاد شێرە.**

وشەی (شێر) لەم نموونەیەدا بە مەبەستی گیانلەبەر نایەت، بەڵکو وەسفی ئازادی پێدەکرێت، کە ئازایەتی و بەهێزی و چاونەترسی لەم گیانلەبەرە دەچێت، ئەم سیفەتانە لەم مرۆڤەدا کۆبوونەتەوە، لێرەدا وشەی (شێر) خواستراوە، بۆ ئەوەی وەسفی مرۆڤێکی لە ئازایەتیدا پێ بکرێت.

**٣ـ ئامـاژەکردن:** دەبێتە ئەگەری ئەوەی لادان لە بنەمای چۆنیەتی ڕووبدات، ئەویش بەوەی کاتێک قسەکەر گوێبیستی پرسیارێکی هەڵە دەبێت، ئەوە بە گوتنێکی هەڵە وەڵامی دەداتەوە، بۆ ئەوەی ئاماژە بە هەڵەی گوێگر بکات، ئەمەش لەبەر ئەوە ڕوودەدات، کە ناتوانێ وەڵامێکی ڕاستی ئەو هەڵە گەورەیە بداتەوە، کە بیستیتی و هەڵەکەی ڕاست بکاتەوە، بۆیە بە گوتنێکی هەڵە وەڵامدەداتەوە.

**نموونە ١١/ أ- دوێنێ لای سەرۆک بووم.**

**ب - بەڵێ ئێوەم لە کۆبوونەوەکە بینی.**

**٤ـ کەمکردنەوە:** ئەوەیە کەسێک کارەکی گەورە و خراپ بکات و بچووکی بکاتەوە و دایپۆشێت. بۆ نموونە کەسێک جگەرە زۆر بکێشێ و بڵێ دکتۆر تاکە تاکە دەکێشم (عبدالواحید مشیر دزەیی، ٢٠١٤، ل١٠٦).

**٥. زیادەڕۆیی:** ئەم جۆرەشیان گەورەکردنی شتە، کە لەگەڵ واقع ناگونجێ و پێچەوانەی کەمکردنەوەیە، واتە باسکردنی شتێکە، کە زۆر لە قەبارەی خۆی گەورەترە.

**نموونە ١٢/ بەژنی هێندە درێژە دەڵێ دار ئەسپیندارە.**
**مردم هێندەی چاوەڕێت بم.**

**٣.٢: لادان لە بنەمای پەیوەندی**

لادان لەم بنەمایەدا پەیدا دەبێت، کاتێک وەڵامی گوێگر گونجاو نەبێت و پەیوەندی بە بابەتی داواکراوەوە نەبێت، کە هەندێکجار بە مەبەست لەم بنەمایە لادەدات و وەڵامێک دەداتەوە، کە پەیوەندی بە بابەتەوە نەبێت، "لادان لەم بنەمایەدا لە ئاخاوتنی ئاساییدا کەمتر بەرچاو دەکەوێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەم بنەمایە لە گفتوگۆکردندا زۆر گرنگە و لادان لێی گرفتی گەورە لە پەیوەندیکردندا دەنێتەوە، کە وەڵامی وەرگر لەگەڵ داوای نێرەر ناگونجێ و بەئاسانی هەست بە پێشێلکردنی ئەم بنەمایە لەلایەن ئاخێوەرەوە بکرێت" (سروە فیصل، ٢٠١٠، ل٦٠).

**نموونە ١٣/ أ. ئەرکی ماڵەوەت جێبەجێکردووە؟**
**ب ـ ئەوە کێیە لە دەرگا دەدات؟**

لەم نموونەیەدا گوێگر هیچ وەڵامێکی نەداوەتەوە، زانیاری نەداوەتە دەست بەرانبەر داوای قسەکەر، بۆیە بەئاسانی هەست دەکرێت، کە هیچ پەیوەندییەک لەنێوان پرسیار و وەڵامەکەدا نییە.

### ٤.٢: لادان له بنەمای شێواز

لادان لەم بنەمایە کاتێک ڕوودەدات، کە قسەکەر لە یەکێک لە بنەما وردەکانی ئەم بنەمایە لابدات، کە هەندێکجار قسەکەر بە مەبەستێکی تایبەتی خۆی لە یەکێک لەم بنەمایانەی شێواز، یان زیاتر لە بنەمایەک لادەدات، بەمەش بەشداربووانی ئاخاوتن لە تێگەیشتن تووشی زەحمەتی دەبن، تەمومژی واتاییش بە خاڵێکی گرنگ دادەنرێت، کە لادان لەم بنەمایە دەهێنێتە کایەوە، واتە دەبێت قسەکەر گوتنێک دەرببڕێت، کە لێڵی و تەمومژی واتایی دروست نەکات. هەروەها دەبێت لە دەربڕینی فرەواتا دوور بکەویتەوە، ئەمەش کاتێک ڕوودەدات، کە قسەکەر وشەیەک بەکاردێنێ، زیاتر لە واتایەکی هەیە، بەمەش گوێگر تووشی سەرلێشێوان دەبێت و پەیوەندییەکە سەرکەوتوو نابێت، لە کاتی پەیوەندیکردندا هاوبەشەکانی ئاخاوتن پێویستە بە شێوەیەکی ڕێک و پوخت وتەکانیان دەرببڕن، ئەگەر وا نەبێت، ئەوە لادان لەم بنەمایە دروست دەبێت.

**نموونە ١٤/ أ- لە تاقیکردنەوەکە دەرچووی؟**

**ب – پرسیارەکان زۆر گران بوون، بەگشتی قوتابییەکان خراپ بوون، باش نەبووم.**

### ٣. لادان لە بنەمای هاریکاری (کتێبی ڕشتەی مرواری بە نموونە)

نمـوونەی لێکۆڵینەوەکەمـان بـریتییە لە دەقەکـانی نێـو کتێبـی (ڕشتەی مرواری)، کە ئەم کتێبە لە هەشت بەرگ پێکهاتووە، لەلایەن مامۆسـتا عەلائەددیـن سـەجادی بە شـێوەیەکی پوخـت و بـێ کەموکـوورِی نووسـراوەتەوە، کتێبەکـە بـاس لەو بەسـەرهات و سـەربوردانە دەکـات، کە لە کـۆمەڵگەی کـوردی ڕوویانـداوە و ڕەنگـدانەوەی ئەو بـارە کـۆمەڵایەتییەیە، کە میللەتـی کـورد پێیـدا تێپەڕیوە، هەڵبژاردنی نموونەکانیش لە کۆی هەر هەشت بەرگەکەدا بە شێوەیەکی هەڕەمەکی بووە.

هەروەک لە سـەرەتای بەشـی یەکەم باسـمان لەوە کـرد، کە زمان چالاکییەکی کۆمەڵایەتییە و بۆ بە ئەنجامگەیاندن و سەرکەوتنی ئەم چـالاکییە پێویسـتمان بە پـلان و پرەنسـیپێکی تەواو هەیە، بـۆ ئەوەی پرۆسەی پەیوەندیکردن سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، هەر بۆ ئەم مەبەستەش بوو، کە بنەمـای هاریکـاری هـاتە کـایەوە، کە لەسـەر چەند بنەما و یاسا و ڕێسایەک بەڕێوەدەچێت. هەندێکجاریش نێرەر و وەرگر بە مەبەست لەم بنەمایـانە لادەدەن و ئاراسـتەی گفتوگۆکە بەرەو شوێنێکی تر دەبەن، ئینجا لەبەر هەر هۆکارێک بێت، لادانیش لەم بنەمایـانە بە چەنـد شـێوەیەکە، کە لە بەشـی دووەمـی لێکۆڵینەوەکەدا ئاماژەی پێکراوە، بەم شێوەیە:

▪ **لادان لە بنەمای چەندێتی:** زانیاری بەپێی پێویست ببەخشرێ، نە زیاتر و نە کەمتر.

▪**لادان لە بنەمای چۆنیەتی:** نابێت گومان لە ئاخاوتندا هەبێت و شتی بێ بەڵگە باس بکرێت، کە ئەویش بە چەند شێوەیەک دەردەکەوێت (توانج، خواستن، ئاماژەپێکردن، کەمکردنەوە و زێدەڕۆیی).

▪**لادان لە بنەمای پەیوەندی:** وەڵامی گوێگر گونجاو نەبێت و پەیوەندی نەبێت بە بابەتی گفتوگۆ.

▪**لادان لە بنەمای شێواز:** لەکاتی قسەکردن تەمومژی واتایی و دەستەواژەی فرەواتا و ناڕوونی لە ئاخاوتندا هەبێت، ئەمەش لادان لەم بنەمایەی لێدەکەوێتەوە.

بۆ هەر یەکێک لەم بنەمایانە چەند نموونەیەک دەخەینەڕوو، کە لەگەڵ جۆری لادانەکە و تێبینی و ڕوونکردنەوەی پێویست لەسەر بنەمایەکە.

### ١.٣: لادان لە بنەمای چەندێتی لە (کتێبی ڕشتەی مرواری)

**نموونە ١/ کابرایەکی کورد ڕۆژێکی ڕەمەزان نەیتوانی بەڕۆژوو بێت، هەستا چوو لە سوچێکی تاریکی ماڵەکەی خۆیاندا دەستی کرد بە نان خواردن. کوڕێکی هەبوو بەسەریا چوو گوێی لە ملچەملچێک بوو، وتی ئەمە کێیە؟ وتی "ڕۆڵە باوکی سەگبابتە نانی خۆی ئەخوا لە خەڵک ئەترسێ".**

لەم نموونەیەدا بۆ تێگەیشتن زانیاری زیاد لە پێویست بە گوێگر دراوە، کە ئەمەش پێویستی بەم زیادە گوتنە نەبوو، بەڵکو دەیتوانی تەنیا بڵێ "**ڕۆڵە باوکتە**" دەربڕینەکانی تر هەمووی زیاد دەربڕاوە، ئەمەش بە مەبەستی ئەوەی ڕەنگە نەیەوێ گوێگر پرسیاری زیاتر بکات، لەبارەی ئەوەی بۆچی بەڕۆژوو نەبووە.

**نموونە ٢/ کابرایەکی مەرگەیی لە مەلایەک ئەپرسێ و ئەڵێ: "توخوا مامۆستا هەر دەڵێن پردی سیراتی هەیە، ئەوە چۆنە؟" مەلایش ئەڵێ: "مام هۆمەر کتێبان دەفەرموێ پردی سیرات لە مەشرەقان هەتا مەغریبان درێژە، لە موو باریکتر و لە شیر تیژترە، بە قەد سەد کێوی لەسەر یەک دانێ هێندە بەرزە، جەحەنەمیش لەژێریدایە، یەعنی پردەکە بەسەر جەحەنەمیدا ڕاکێشراوە".**

بڕی ئەو زانیارییانەی لەم نموونەیەدا وەڵامدراوەتەوە، زۆر زیاترن لەوەی لە پرسیارەکەدا داواکراوە، کە بەم هۆیەش وا دەکات لادان لە بنەمای چەندێتی بێتە کایەوە، زانیارییە زیادەکانیش لەوەدایە، کە گوێگر زۆر بە دوورودرێژی باس لە پردی سیرات دەکات، کە زانیاری زۆر زیاتری بەخشیوە لەوەی پێویستە، ئەویش بە مەبەستی زیاتر ترساندنی قسەکەر بێت، یان هەر هۆکارێکی تر، بەم شێوەیە زیادەڕۆیی لە قسەکردندا کردووە.

**نموونە ٣/ کابرایەکی کورد هەبوو (نەزەر)ی ناوبوو، پیاوی (مەحموو پاشا)بوو، نەزەر لەناکاو ون ئەبێ و زۆری پێ ناچێ پەیدا ئەبێتەوە، پاشا ئەپرسێ: ها نەزەر ئەوە لەکوێ بووی؟ ئەڵێ: "بە خوا**

**پاشا چووم بۆ ماڵی شێخ، ڕۆحم وەقوربانی سەگی بەر قاپیەکەی وێ".**

ئەگەر سەیری ئەم نموونەیە بکەین، دەبینین گوێگر زیاتر زانیاری بەخشیوە لەوەی لە پرسیارەکەدا داواکراوە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لەبەر خۆشەویستی بۆ شێخ ئەم زیادە گوتنەی دەربڕیوە، بەوەی دەڵێ: (**ڕۆحم وەقوربانی سەگی بەر قاپیەکەی وێ**)، کە وەڵامی پرسیارەکە پێویستی بەم زیادە گوتنە نەبوو.

**نموونە ٤/ جارێک موفتی زەهاوی لە بەغدا لەلای والی دائەنیشێ و لە تەنیشتییەوە ئەبێ و سەرینێک لە بەینیانا ئەبێ، لەو وەختەدا یەکێک لە کوردە فەیلییەکان ئەبەنە لای والی و والی زۆر توڕە ئەبێ و ئەڵێ "بریا ئەمزانی بەینی کورد و کەر چەندە" خێرا موفتی زەهاوی هەڵئەداتێ و ئەڵێ: "تەنها سەرینێک" والی کە لا ئەکاتەوە زۆر شەرمەزار ئەبێ و داوای لێبووردنی لێ ئەکا.**

لەم نموونەیەدا ئەگەر سەیر بکەین، دەبینین لە وەڵامدا بری زانیاری داواکراو کەمترە لەوەی پرسیارەکە پێویستی پێیەتی، کە ئەمەش بۆتە هۆی لادان لەم بنەمایە، چونکە پرسیارەکە زیاتر لەم وەڵامەی دراوەتەوە لەخۆ دەگرێت، گوێگر لە وەڵامی پرسیاری قسەکەر تەنیا دەڵێت (**سەرینێک**)، کە هیچ ڕوونکردنەوەیەکی تری نەداوە، بەمەش وەڵامەکە کورتی هێناوە و لەگەڵ ئەوەشدا لادان لە بنەمای شێوازیشی لێکەوتۆتەوە، بەوەی وەڵامەکە تەمومژی واتایی لێ دروست بووە.

**نموونه ٥/ کابرایەکی وسیۆجانی کە ئەچێ بۆ کوێستان، لەو بناری بانەیە گایەک بارئەکا لە جەوت و ئەیباتەوە، لە ڕێگادا کابرایەکی تووش ئەبێ، ئەڵێ بارەکەت چییە؟ ئەویش ئەڵێ: برا جەوتە!! جەوتە، ئازا جەوتە، تاڵە جەوتە، جەوتی کوننە، جەوتی مەشکە، جەوتی گاوس، قەسقەوانە، هەزار خێری خواس.**

لەم نموونەیەشدا زانیاری زیاد لە پێویست خراوەتەڕوو لەوەی پێویستە و داواکراوە، کە گوێگر لە وەڵامی پرسیارەکەدا دەیتوانی تەنیا جارێک بڵێ باری جەوتە. نەوەک ئەوەندە وەڵامەکە درێژ بکاتەوە و زانیاری زۆرتر بدات، کە پێویست نین.

لە کۆی ئەم نموونانەی دەربارەی لادان لە بنەمای چەندێتی و چەندین نموونەی تر خستمانەڕوو، کە لە کتێبی (ڕشتەی مرواری) بەرچاودەکەون، زۆرترینی نموونەکان بەپێی بنەما وردەکانی بنەمای چەندێتی، کە باس لەوە دەکات نابێ زانیاری زیاد و کەم بێت، دەبێت بەپێی پێویست بێت، زانیاری زیاتر و کەمتر نەبەخشێت لەوەی لە پرسیارەکە داواکراوە.

### ٢.٣: لادان لە بنەمای چۆنیەتی لە (کتێبی ڕشتەی مرواری)

**نموونە ١/ ساڵێک بومەلەرزەیەک لە پێنجوێندا کەوت، کابرایەکی ترسنۆک بە پیاوێکی گەورەی وت "ڕەنگە لە بومەلەرزەکە زۆر ترسا بێتی و لەرزیبێتی". کابرا وتی "بەڵێ، بەڵام زەوییەکە لە منیش و لە تۆیش زیاتر ترسا و لەرزا".**

ئەگەر سەیری ئەم نموونەیە بکەین، دەبینین زەوی لەرزین و بومەلەرزە دیاردەیەکی سروشتییە و ڕوودانی کارێکی ئاساییە و پەیوەندی بە ترس نییە، بەڵام لێرەدا لەبەر ئەوەی قسەکەر کەسێکی ترسنۆکە و بۆ ئەوەی هاوەڵ بۆ خۆی پەیدا بکات و ترسەکەی بشارێتەوە، پرسیار لە گوێگر دەکات، بەوەی ئەویش ترساوە لەم زەمین لەرزینە، بەڵام گوێگر بە شێوەی توانج و گاڵتەپێکردنەوە وەڵامی پرسیاری قسەکەر دەداتەوە، بەوەی زەوییەکە لەوان زیاتر ترساوە.

**نموونە ٢/ کابرایەک هەبوو گۆزەیەکی دانابوو، هەر کەسێک کە ئەمرد، بەردێکی ئەخستە گۆزەکەوە، لە ئاخری ساڵا ئەیبژارد، بزانێ ئەو ساڵە چەن کەس مردووە. دۆستێکی هەبوو ڕۆژێک هات بۆ لای، سەیری کرد کابرا دیار نییە، لە دراوسێی دووکانەکەی پرسی: ئەرێ فڵان کەس چی لێهات؟ ئەویش وتی: "چووە گۆزەکەوە".**

لەم نموونەیەدا لادان لە بنەمای چۆنیەتی دروست بووە، بەوەی دەستەواژەی (**چووە گۆزەکەوە**) بەکارهاتووە و خوازراوە، لەبری ئەوەی بڵێ کابرا کۆچی دوایی کردووە.

**نموونە ٣/ کامل چادرچی لە بەغدا بۆی گێڕامەوە وتی لە ساڵی ١٩٤٩دا بومەلەرزەیەک لە بەغدا پەیدابوو. دنیا شەو بوو، من نوستبووم ئاگام لێ نەبوو. بەیانی کە هەستام پێیان وتم لە هەر کەسم ئەپرسی هەر یەکە قسەیەکی ئەکرد، یەکێ ئەی وت تەنیا دوو دەقیقە بوو، یەکێک ئەیوت پێنج دەقیقە بوو، قسەیەکی ساغم دەست**

**نەکەوت. وتـی پیـاوێکی کوردمـان لابـوو لەوم پرسـی. وتـی تـۆزێ سەری داخست و لەپاشا سـەری بەرزکردەوە و وتـی: "جگەرەیەک هەڵگرە نەفەسێکی لێدە و نەفەسەکە بدەوە دواوە، هەر ئەوەندە بوو". کامل وتی لە قسەی ئەو کابرایە پوختەتر نەمبیستبوو.**

ئەگەر لەم نموونەیە ورد بینەوە بۆمـان دەردەکەوێت، کە زیـاتر لە لادانێکــی وردی بنەمــای چــۆنیەتی تێــدا بەدی دەکرێــت، بەوەی هەریەک لە ئامادەبووانی ڕووداوەکە بە جۆرێک باسی لێوە دەکات و بەڵگەیەکـی ڕاسـت و دروسـتیان لەبەردەسـتدا نیـیە، کە پشتڕاسـتی قسەکانیان بکاتەوە، هەندێک زێدەڕۆیی لە گوتنەکەی دەکات و دەڵێت کاتی ڕوودانەکە پێنج دەقەی خایاندووە، هەنـدێک ڕووداوەکە بە کەم دادەنێـت و بچـووکی دەکـاتەوە، کە بە هێنـدەی نەفەسـێکی جـگەرە کێشان دەیخەملێنێت. لەلایەکیتر لادانێکی تـر بەرچـاو دەکەوێت، وەک خواستنی ئەم وتەیە "**جگەرەیەک هەڵگرە نەفەسێکی لێدە و نەفەسەکە بدەوە دواوە هەر ئەوەنـدە بـوو**". لەبـری دیـاریکردنی کـاتی ڕوودانـی ڕووداوەکە.

**نموونــە ٤/ عەزیـزی مەسـرەفی لە دیوەخـانی شــای ئێـران نەسـرەدین شـادا ئەبێت. شـا ئەپرسـێ: ئاغـا زووتـر ئەسپی چاکت هەبوون چیان لێهات؟ ئەویش دەڵێ: شاهم، خاوەنی خۆیان سواریان بوون و ڕپیشتن، شا ئەم وەڵامەی پێخۆش ئەبێ.**

خواسـتنی وشــەی (**ئەسـپ**) لەم نمـوونەیەدا لادانـی لە بنەمـای چۆنیەتیـدا دروسـت کـردووە، کە بەرانـبەر وشــەی (**کـچ**) بەکـاری

هێنـاوە، مەبەسـتیش لە خـاوەنی خۆیـان سـواریان بـوون و ڕۆیشـتن، واتە چوونەتە ڕێگای خۆیان و شوویان کردووە و چاوەڕێیان مەکە.

**نموونە ٥/ کابرایەکی دەوڵەمەندی ترزلی بێ چاوورِوو تووشی مەلایەکی خێل ئەبێ، ئەڵێ مامۆستا ڕاستە ئەڵێن پیاوی خێل یەک بە دوو ئەبینـێ؟ مەلا ئەڵـێ: بەڵـێ وایە: کـابرا ئەپرسـێ چـۆن؟ ئەڵـێ: "ئەوەتە ئەڵێن تۆ دوو پێت هەیە، کەچی من بە چوار ئەیبینم!".**

یەکێک لە لێکدانەوەکانی لادان لە بنەمای چۆنیەتی، گـاڵتەپێکردن و تـوانج لێدانە، بەم پێیەش لە ئاراسـتەکردنی پرسـیار و وەڵامەکـانی ئەم نمـوونەیەدا وشـە و دەسـتەواژەی بەکارهـاتوو لە وەڵامەکانـدا بە مەبەسـتی تـوانج و گـاڵتەپێکردنە، وەک گـاڵتەکردن بە مامۆسـتایەکی ئـاینی، کە خـێلە لەڕێگـەی پرسـیارکردنێکی لەم شـێوەیە، "**مامۆسـتا ڕاسـتە ئەڵـێن پیـاوی خێـل یەک بە دوو ئەبینـێ؟**"، مامۆسـتاکەش بە شێوازی گاڵتەپێکردن و توانجەوە وەڵامی دەداتەوە و دەڵێت: "**ئەوەتە ئەڵـێن تـۆ دوو پێـت هەیە، کەچـی مـن بە چـوار ئەیبیـنم**!". لێـرەدا مامۆســتاکە کەســی قســەکەر بە چــوار پــێ ئەچوێنێــت و تــوانجی لێدەدات.

**نموونە ٦/ کابرایەکی کوێر ژنێکی هەبوو، ژنەکەی زۆر خـۆش ئەویسـت و هەمووجـار پێـی ئەوت پیـاوەکە خـۆزگە چـاوت ئەبـوو سەیرت ئەکردم، کە من چەندە جوان و نـازدارم، لەگەڵ ئەوەش مـن چەنـد تـۆم خـۆش ئەوێ. کـوێرەکەش وتـی: "ڕاسـت ئەکەی ئەگەر ئەوەندە جوان بوویتایە، وەکو خۆت ئەیلێی بەر من نەئەکەوتی".**

لێرەدا پیاوە نابیناکە توانج لە هاوسەرەکەی دەگرێت بەوەی دەڵێت: "**جوان بویتایە بەر من نەدەکەوتی**"، ئەمەش ئەوە دەخاتەڕوو، کە پیاوەکە گومانی لە جوانی ئافرەتەکەی هەیە، بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ پێی دەڵێت، کە جوان نی، بەمەش لادان لە بنەمای چۆنیەتی لێکەوتۆتەوە.

**نموونە ٧/ سواڵکەرێک چووە لای کابرایەک وتی: پولێکم بەرێ بۆ خوا. وتی چی چی؟ وتی پولێکم بەرێ بۆ خوا. وتی: "کەواتە تۆ بڕۆ من خۆم چاوم پێ ئەکەوێ!".**

لە ڕوونکردنەوەی ئەم نموونەیە سێ لادان لە بنەمای چۆنیەتی بەدی دەکرێت، گاڵتەپێکردن و توانج لێدان، لەگەڵ ئاماژەپێکردن؛ کابرای سواڵکەر دەیەوێ لە ڕێگەی ئاماژەکردن بۆ خوا پارە پەیدا بکات، کە ئەمەش دوورە لە ڕاستی، خوا پێویستی بە هیچ شتێک و کەسێک نییە، لە بەرانبەردا گوێگر بە هەمان شێوازی ئەم بە شتێک وەڵامدەداتەوە، کە دوورە لە ڕاستی، واتە قسەکەر و گوێگر بە ئاماژەکردنێکی نادروست لە پەیوەندیدابوون. لە هەمان کاتیشدا گوێگر بە گاڵتەپێکردنەوە وەڵامی سواڵکەر دەداتەوە و سوکایەتی پێدەکات، بۆ ئەوەی پارەکەی پێنەدات.

لە ڕوونکردنەوە و لێکدانەوەی نموونەکاندا لادان لە هەموو بنەما وردەکانی بنەمای چۆنیەتی خراوەتەڕوو، وەک (توانج، خواستن، ئاماژەپێکردن، زیادەڕۆیی و کەمکردنەوە)، کە بوونەتە هۆی ئەوەی ئاراستەی گفتوگۆکە بەرەو لایەکی تر ببەن و کردەی

تێگەیشتن زەحمەتتر بکەن و بەشداربووانی ئاخاوتن کاتی زیاتریان پێویست بێت بۆ تێگەیشتنی مەبەستی گفتوگۆکە.

### ٣.٣: لادان لە بنەمای پەیوەندی لە(کتێبی ڕشتەی مرواری)

**نموونە ١/ کابرایەک بوو بە میوانی ماڵە کوردێک. نانیان دانا، چێشتەکە زۆر گەرم بوو، کابرای میوان هەموو دەم و ددانی سوتا! لە تاوا سەری بەرزکردەوە و سەیرێکی دەڕارەی خانووەکەی کرد، بۆ ئەوەی خاوەن ماڵەکە هەستی پێ نەکا، پێی وت: "ئەرێ برا ئەم خانووەت بە چەندی دروست کردووە؟" کابرای خاوەن ماڵیش وتی: "بە دوو فوو و سەبرێک".**

ئەگەر سەرنج لە وەڵامی خاوەن ماڵ بدەین، دەبینین هیچ پەیوەندییەک نییە لەنێوان پرسیاری قسەکەر و وەڵامەکەدا، بەڵکو بگرە بە شێوەی توانج لێدانیش وەڵامی پرسیارەکە دراوەتەوە لەوەی دەڵێ: "**بە دوو فوو و سەبرێک**". واتە ئەگەر سەبرت گرتبا، دەمت نەدەسوتا، بەڵام لێرەدا پرسیارەکە دەربارەی خانوو دروستکردن بوو، کەچی وەڵامەکە شتێکی تر بوو، بەمەش لادان لە بنەمای پەیوەندی هاتۆتە کایەوە.

**نموونە ٢/ جارێک سەید ئەحمەدی خانەقا لە مەلا ساڵحی گۆزەپانکە ئەپرسێ و ئەڵێ: "ئەرێ مەلا! تۆی مەلا ساڵحی گۆزەپانکە؟" مەلا ساڵحیش بە سەید ئەڵێ: "ئەرێ سەید جەنابتی سەید ئەحمەدی عەلی عەیری".**

لە وەڵامـــی ئەم پرســـیارەدا قســـەکەری دووەم لە بنەمـــای پەیوەندی لایداوە، بەوەی وەڵامی پرسیاری بە پرسیار داوەتەوە، کە هـیچ گونجـان و پەیوەنـدییەک لەنێـوان پرسـیار و وەڵامەکەدا نیـیە، لەگەڵ ئەوەشدا لادان لە بنەمای چۆنیەتیشی لێکەوتۆتەوە، بەوەی بۆ گاڵتەپیکردن و توانج لێدان لە یەکتر بەم شێوە دواون.

**نموونە ٣/ کابرایەک ئەبێ بە میوانی ماڵە کوردێک، بەرخێک ئەکەن بە بریـانی و دایئەنـێن، کـابرای میـوان زۆری برسـی ئەبـێ، پارووی سەیر سەیر و بەپەلەی لێ دائەگرێ، میوانێکی تریش لەوێ ئەبێ پێی ئەڵێ: "برا بۆ چ ئەوەندە لێی بەداخی، خۆ باوکی شـەڕە قۆچی لەگەڵ نەکردووی!". ئەمیش ئەڵێ: "برا تۆ بۆ چ ئەوەندە دڵت پێ ئەسوتێ، خۆ دایکی شیری پێ نەداوی!".**

لە بنەمـای پەیوەندیـدا پێویسـتە وەڵامـی گـوێگر پەیوەنـدی بە پرسـیاری قسـەکەرەوە هەبێـت، بەڵام ئەوەی لەم نمـوونەیەدا تێبینـی دەکرێـت، پـێچەوانەی بنەمـایەکەیە لەوەی وەڵامەکە لەگەڵ پرسـیاری قسـەکەر نـاگونجێ و پەیوەنـدی بە بـابەتی پرسـیارەکەوە نییە، کە بە شێوازی پرسیار وەڵامی قسەکەری داوەتەوە.

**نموونە ٤/ کابرایەکی کورد منداڵێکی هەبوو، شـەوێک لەسـەر پشت ڕاکشابوو، تەماشای ئاسمانی ئەکرد، لە بـاوکی پرسـی: بـاوە ئەو خەتە سپیە چییە بە ئاسمانەوە؟ باوکیشی وتی: ڕۆڵە! ئەوە ڕێی کاکێشانە. کوتوپڕ کوڕە لە پڕ ڕاست بۆوە وتـی: "ئـای بە خـوا بـابە!**

**پوشێك له كـایەكەی ئاسـمان كەوتە خـوارەوە چـووە چـاومەوە" و دەستی كرد بە گریان.**

ئەگەر سـەیری ئەم نمـوونەیە بكەیـن دەبینـین، كە پرسـیاری قسەكەر و وەڵامـی گوێگر گونجان و پەیوەندییەك لەنێوانیاندا هەیە، بەڵام دوای وەڵامدانەوەی پرسیارەكە، كاردانەوەی كەسـی یەكەم، كە پرسـیارەكەی خسـتبووە ڕوو، هـیچ پەیوەنـدییەك و گونجانێـك لەنێوانیانـدا نییە، بەوەی دەڵـێ (**پوشێك لە كایەكەی ئاسمان كەوتە چـاومەوە**)، چـونكە ئەمە دوورە لە ڕاسـتی و بـێ بەڵـگەیە، بەمەش لادان لە بنەمـایەكی تـری هاریكـاری لێكەوتـۆتەوە، ئەویـش لادان لە بنەمای چۆنیەتییە.

**نموونـە ٥/ كـابرایەكی كـورد جارێـك چێشـتی بـرنج ئەخـوا. چێشـتەكە زۆر گەرم ئەبێ، هەمـوو دەم و ددانـی ئەسـوتێنێ و ئیتـر جارێكی تر ناوێری توخنی برنج بكەوێ. ڕۆژێك توشی كابرایەك ئەبێ گوێدرێژێكی بە بارەوە لە پێشـەوەیە، لێی ئەپرسـێ: برا بـاری گوێدرێژەكەت چییە؟ ئەڵێ برنجە. ئەڵێ: "ئای بە قوربانت! لێی بكەوە ئەگینا هەر ئێستە پشتی كەرەكە ئەسوتێنێ".**

بنەمـــای پەیوەنـــدی كاتێـــك جێبەجـــێ دەبێـــت و پرۆســـەی پەیوەنـدیكردنەكە سـەركەوتوو دەبێـت، كە گـوتنەكە پەیوەنـدی بە بـابەتەكەوە هەبێـت و پرسـیار و وەڵام لەگەڵ یەكتـر گونجـاو و پەیوەندار بن، بەڵام ئەوەی لەم نموونەیەدا بەرچاو دەكەوێت لادانە لە بنەمـای پەیوەنـدی، چـونكە بـاری بـرنج و سـوتانی پشـتی

گوێـدرێژەکە، هـیچ پەیوەنـدییەکیان بەیەکەوە نیـیە، کاتێـک پرسـیار دەکات و دەڵێ: **باری گوێدرێژەکەت چییە**، ئەویش لە وەڵامدا دەڵێ: **برنج** و پابەندی بنەماکە بووە، بەڵام لێرەدا لادانەکە سەری هەڵداوە، کە دوای بیسـتنی وەڵامەکە، قسـەکەری یەکەم بە شـێوازێک قسـەی کـردووە، کە دەربڕینەکـانی لەگەڵ وەڵامـی گـوێگر نـاگونجێ، بەوەی دەڵێ: "**ئای بە قوربانت! لێی بکەوە ئەگینا هەر ئێستە پشتی کەرەکە ئەسوتێنێ**". چونکە وەک دەزانین برنج بەرهەمێکی فێنک و ساردە، تا ئەوەی بکرێتە چێشت، ئینجا گەرم دەبێت.

ئەوەی لەم بنەمـایەدا بۆمـان ڕوون بـۆوە ئەوەیە، کە دەبـێ بـۆ پابەنـدبوون بە بنەمـای گونجـان و پەیوەنـدی پرسـیار و وەڵامـی بەشـداربووانی ئاخـاوتن پەیوەنـدییان بەیەکەوە هەبێـت و پابەنـدی بنەمـاکە بـن، بەڵام لەم نموونـانەی خسـتمانەڕوو، هـیچ گونجانێـک لەنێـوان ئـاخێوەران نەبـوو، هەر ئەمەش وایکـردووە لادان لە بنەمـای پەیوەندی گونجـان بێـتە کـایەوە، ئینجـا ئەویـش لەبەر هەر هۆکارێـک بێت.

### ٤.٣: لادان لە بنەمای شێواز لە (کتێبی ڕشتەی مرواری)

**نموونــە ١/ جارێـک مەولەوی لە شـاری سـنە لە کۆڕێکـا دائەنیشـێ. لێـی ئەپرسـن ئەڵـێن: تـۆ هەر ئەڵێـی هـۆزەکەم خۆشـیان ئەوێم، بە گەورەم دائەنێن، بەچیا پیشـانی ئەدەی کە ڕاست ئەکەی؟ ئەویـش ئەڵـێ: خـۆ ئەگەر هـیچ نەگێـڕمەوە ئەوە بـۆ مـن بەسـە کە هەورامیـیەک بـارێکی ئێجگـار گـران لە کەرەکەی ئەنـێ و ئەیەوێ بەسەر کێوی (ئارێزدا) سـەری خـا و کەرە مـان ئەکا و نـاڕوا. پێـی**

**ئەڵێ: "هەچە دەی هەچە! بە خوا ئەگەر مەولەویش بیت هەر سەرت ئەخەم".**

ئەگەر سەرنج لە دەقی نموونەکە بدەین، دەبینین لادان لە بنەمای شێوازی بەئاسانی تێدا دەرکەوتووە، کە لە دوو لایەنەوە بەرچاو دەکەوێت، یەکێکیان پەیوەندی بە درێژدادڕییەوە هەیە، کە زۆر بەدرێژی وەڵامی قسەکەری یەکەمی داوەتەوە، یەکێکیش لە بنەما وردەکانی شێواز ئەوەیە، کە بە پوخت و کورتی گوتەکان دەرببڕدرێن، بەڵام لێرەدا لادان لەم بنەمایە هاتۆتە کایەوە. لەلایەکی تر لادانەکە پەیوەندی بە لێڵییەوە هەیە، کە بە شێوەیەکی لێڵ و تەمومژاوی قسەی کردووە، بۆ تێگەیشتن ئاسان نییە، بەوەی دەڵێ (**خۆ ئەگەر هیچ نەگێڕمەوە، ئەوە بۆ من بەسە، کە هەورامییەک بارێکی ئێجگار گران لە کەرەکەی ئەنێ و ئەیەوێ بەسەر کێوی (ئارێزدا) سەری خاو کەرە مان ئەکا و ناڕوا. پێی ئەڵێ: "هەچە دەی هەچە! بە خوا ئەگەر مەولەویش بیت هەر سەرت ئەخەم**)، کە هەم بە شێوەیەکی لێڵ و هەم درێژدادڕیی لە وەڵامەکەدا کردووە.

**نموونە ٢/ کابرایەک لە سنە هەبوو (مەولوو)ی ناوبوو. کابرایەکی قسە قوت و گاڵتەچی بوو ماڵ کاولە ئەوەندە زل و ناکوڵۆکاریش بوو ئەتوت تاوێرە، کەچی کوڕێکی هەبوو ئەوەندە بچووک بوو، هەروەخت کە لەگەڵیا ئەڕۆیشت ئەتوت هێلکەیە بە شوێنیەوە. لێیان ئەپرسی: (مەولوو) ئەمە کوڕی خۆتە؟ ئەیوت: "من نازانم دایکی ئەزانێ".**

لەم نموونەیەدا لادان لە بنەمای شێواز دروست بووە، چونکە پرسیاری لەم جۆرە بە بەڵێ یان نەخێر وەڵام دەدرێتەوە، بەڵام ئەوەی لەم دەقەدا بەدی دەکرێت، بەتایبەتی کاتێک وەڵامی پرسیارەکە بەم شێوەیە دەداتەوە (**من نازانم دایکی ئەزانێ**). ڕستەیەکی لێڵە و وەڵامی پرسیارەکەی تێدا بە دروستی نەدراوەتەوە، کە چەند واتایەکی تر لەخۆدەگرێت، بەمەش بۆتە لادان لەم بنەمایە.

**نموونە ٣/ ژنێکی هەورامی هەبوو ئاتەی ناو بوو، هاتە سەر و کاری مردن و گیانەڵا، کوڕێکی مەلای هەبوو چووە سەری و دەستی کرد بە ئامۆژگاریکردنی و پێی وت دایە ئاگات لە خوا بێ. دایکەش پێی وت: ڕۆڵە! من حەدم چێشەن ئاگام جەوی بۆ، پاسە ئای ئاگاش جە من بۆ!.**

لەم نموونەیەدا دەستەواژەی (**ئاگات لە خوا بێ**) فرەواتایی دروستکردووە، چونکە واتای جیاواز لەخۆ دەگرێت، لەوانە خوات لەبیر بێت، یان ئەوەتە مەبەستی ئەوە بێت ئاگادار بوون لە خوا، هەر لەبەر ئەمەیە، کە بۆتە هۆی لادان لە بنەمای شێواز و بە شێوەیەکی پوخت و بێ تەمومژی گوتنەکەی دەرنەبڕیوە.

**نموونە ٤/ بەکر اغای مەنگوڕ هەبوو، چەتیوێک لەماڵیان ئەبێ، مارەی ئەکا و لەم چەتیوە کوڕێکی ئەبێ. ڕۆژێک لە کوڕەکە تورە ئەبێ و ئەڵێ: بەچکە کارەکەر. کوڕەکەش پێی ئەڵێ: "بابە! دایکم خانزادەتر بووە، بە ئاغە نەبێ ڕازی نەبووە!".**

لادان له بنه‌مـــای شـــێواز ڕوویـــداوه، چـــونکه یه‌کـــێ له به‌شداربووانی ئاخاوتن به شێوه‌یه‌کی ناڕوون و لێڵ قسـه‌ی کردووه، ئه‌ویـــش کـــاردانه‌وه و وه‌ڵامـــدانه‌وه‌ی کـــوڕه‌که‌یه بـــۆ بـــاوکی و به‌رگریکردنه له دایکی، که به‌م شێوه نـاڕوونه ده‌ڵێت: (**بابه! دایکم خـانزاده‌تر بـووه، به ئـاغه نه‌بـێ ڕازی نه‌بـووه!**). ڕه‌نـگه لێـره‌دا مه‌به‌سـتی کـوڕه‌که له‌وه‌دا بێـت، که دایکـی هێنـده شایسـته و له‌بـار بـووه، که جگه له کـوڕه ئاغـا شـایه‌ن به که‌سـی تـر نه‌بـووه، به‌ڵام ڕۆژگار به‌م ڕۆژه‌ی گه‌یاند بێ و بووبێته کاره‌که‌ری ماڵی ئاغا.

**نموونـه ٥/ کـابرایه‌کی کـورد برایه‌کـی هه‌بـوو، بـراکه‌ی مـرد. خه‌ڵک و خـوا کۆبـوونه‌وه چـوون ناشـتیان، ئه‌و له‌و وه‌خـته‌دا خـۆی دزییه‌وه، نه‌چوو بۆ ناشـتنه‌که‌ی، پاشـان پێیـان وت، بـۆ چ نه‌چوویت ته‌رمی بـراکه‌ت بنێـژی؟ وتـی: "بـرا بـۆ چ مـن شـێت بووم بچـم؟ برا جوانه‌مه‌رگه‌که‌م له‌گه‌ڵ ته‌رمه‌که‌ی خله‌ی ئامۆزاما چوو بۆ گۆڕستان ناشتی، ئیزرائیل چاوی پێکه‌وت، که‌وته‌وه بیری. هات گیانی ئه‌ویشی کێشا. ئێسته منیش بچم بخه‌مه‌وه بیری، ئیزرائیل بێت گیـانی منیش بکێشێ؟ با هه‌ر تۆی وه ده‌وه‌وه بتلێته‌وه منی به‌رچاو نه‌که‌وێ!".**

یه‌کـێ له یاسـا و بنه‌مـا ورده‌کـانی بنه‌مـای شـێواز، کـورتی و پـــوختییه له په‌یوه‌ندیکردنـــدا، به‌ڵام ئه‌وه‌ی له‌م نمـــوونه‌یه‌دا دێـــته به‌رچـاو، پێچه‌وانه‌ی ئه‌م بنه‌مـایه‌یه، که چه‌نـدین ڕسـته به‌دوای یه‌کدا ڕیزکراون و زانیاری زیاده‌ن و له وه‌ڵامدانه‌وه‌ی گوێگر به‌رانبه‌ر به پرسـیاره‌که درێژدادڕیـی تێـدا کـراوه، که تێگه‌یشـتن له وه‌ڵامه‌که و جه‌ختکـردنه سـه‌ر وه‌ڵامه‌که، تێڕامـانێکی وردی پێویسـته، تـا له

مەبەستی قسەکەری دووەم دەگەی، کە ئەمەش بۆتە هۆی لادان لە بنەمای شێواز.

لەم نموونانەی لەسەر بنەمای شێواز خستمانەڕوو، بەگشتی لادان لە بنەما وردەکانی شێوازی بەئاسانی تێدا بەدی دەکرێ، لە ڕوونکردنەوە و لێکدانەوەی نموونەکان بۆمان دەرکەوت، کە لە کام بنەمایە لادراوە و پابەند نەبوون بە بنەماکە دەرکەوتووە، کە یاساکانی ئەم بنەمایە کورتی و پوختی لە دەربڕینە، ئەمەش لە نموونەکان بەدی نەدەکرا، یان لێڵی و تەمومژی لە دەربڕیندایە، ئەم بنەمایەش لە یەک دوو نموونەدا بەرچاوکەوت، لەم نموونانەی ئێمە هەڵمانبژاردوون بۆ لێکۆڵینەوەکە لەگەڵ دەیان نموونەی تر لە کتێبەکەدا لادان لەم بنەمایانەیان تێدا بەرچاودەکەوێت.

## ئەنجام

١. لادان لە بنەمای هاریکاری هەموو کات نابێتە هۆی پچڕان و لاوازی لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا، بەڵکو زۆرجار شێوازێکی کارتێکەر و سەرنج ڕاکێش دەهێنێتە ئاراوە.

٢ــ ئامانجی ئاخاوتن بە بنەمای هاریکارییەوە بەندە، جێبەجێکردن و نەکردنی ئەم بنەمایانە ئامانج و ئاڕاستەی ئاخاوتنەکان دیاری دەکەن، بۆیە پابەندبوون و پێشێلنەکردنی بنەماکان پرۆسەی ئاخاوتنەکە سەرکەوتر دەکات ئامانجەکەی دەدات بەدەستەوە، چونکە لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا لادان لە بنەمای هاریکاری زۆر ڕێی پێ نادرێت و کاریگەری دەبێت لەسەر پەیوەندییەکە.

٣. زۆرترین ژمارەی لادان لە بنەماکاندا، لە بنەمای چۆنیەتی و شێوازدابوو، هەر لەبەرئەوەی نموونەکانی نێو پەرتوکەکە چیرۆک و بەسەرهاتەکانی ژیانی ڕۆژانەی خەڵکە، بۆیە بەمەبەستی جۆراوجۆر لە بنەماکانی هاریکاری لایانداوە.

## سەرچاوەکان

**یەکەم: بە زمانی کوردی**

١ـ بەدرخان سلێمان عەلی (٢٠١٥)، لێکەوتەی ئاخاوتەیی لە ڕۆمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی، فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان.

٢ـ پەروەر عبدالرحمن صالح (٢٠١٣)، هەندێ لایەنی کۆمەڵایەتی پراگماتیک (زمانی بواری پزیشکی بە نموونە)، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی زمان.

٣ـ جۆرج یولْ (٢٠١٦)، مەبەستناسی (پراگماتیک)، و: ڕەحیم سورخی، چاپخانەی تاران، چاپی یەکەم، سلێمانی.

٤ـ حاتم ولیام محمد ـ ژیان عبدالله محمد (٢٠١٥)، پێکهێنانی زانیاری و کردە قسەییەکان، گۆڤاری زانکۆ، بەرگی ١٩، ژمارە (٤).

٥ـ دارا حمید محمد (٢٠١٢)، شیکاری ڕستەی ئالۆز لە ڕوانگەی پراگماتیکەوە، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی، فاکەڵتی پەروەردە.

٦ـ سروە فیصل عزیز (٢٠١٠)، بنەمای هاریکاری لە چوارچێوەی نواندنی کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین، کۆلێژی پەروەردە، هەولێر.

٧. شێرزاد سەبری عەلی (٢٠١٤)، پراگماتیک، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

٨ـ عبدالسلام نجم الدین ـ شێرزاد سەبری عەلی (٢٠١١)، زمانڤانیا تیۆری، چاپخانەی حاجی هاشم، چاپی یەکەم، هەولێر.

٩ــ عبدالواحيد مشير دزەيی (٢٠١٤)، زانستی پراگماتيک، ناوەندی ئاوێر، چاپی دووەم، هەولێر.
١٠ــ عومەر مەحمود کەریم (٢٠٠٩)، سيمای پراگماتيک و سيمانتيکی گريمانە پێشەکييەکان، نامەی دکتۆرا، زانکۆی کۆيە، کۆلێژی زمان.
١١ـ محمد معروف فتاح (٢٠١٠)، لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، کۆکردنەوەی: شێروان حسێن خۆشناو ـ شێروان میرزا قادر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چاپی یەکەم، هەولێر.
١٢ـ ــــــــــ (٢٠١١)، زمانەوانی، چاپخانەی حاجی هاشم، چاپی سێیەم، هەولێر.
١٣ــ هێرش چەتۆ حسێن (٢٠١٦)، شیکردنەوەی نوکتەی کوردی بەپێی بنەمای هاریکاری، نامەی ماستەر، زانکۆی سۆران، فاکەڵتی ئاداب.

**دووەم: بە زمانی عەرەبی**

١٤ـ عادل الفاخوري (١٩٨٩)، الأقتضاء في تداول اللساني، عالم الفكر، مجلة العشرون، العدد ثالث.
١٥ـ على محمود حجي الصراف (٢٠١٠)، في البراجماتية: الافعال الانجازية في العربية المعاصرة، الطبعة الاولى، مكتبة الاداب، القاهرة.

**سێیەم: بە زمانی فارسی**

١٦ـ نگار مؤمنی دانشجوی بهار (١٣٨٩)، زبان شناسی قانونی: بردس شهادت در دادگاه با توجه به ویژگی های زبانی، کانگاه، دور دوم، سال سوم، شماره ١٠، pdf.

### چوارەم: بە زمانی ئینگلیزی

17_ Geoffrey Finch (2000), Linguistic Terms and Concepts.

18_ George Yule (2000), Pragmatics, Oxford University Press.

19_ Grice, H.P (1987), Studies in the way of words, Harvard University Press, Cambridge Massachuse H, London.

20_ Grice H.P (1991), Logic and Conversation, in Bavis S. Pragmatics A reader, Oxford University Press.

# زمانەوانیی دادوەریی لە هەرێمی کوردستاندا
# ( بەشێک لە گوتراو و نووسراوەکان بە نموونە )[1]

[1]ــ ئـەم لێکۆڵینەیـە بـە هاوبەشـی لەگـەڵ (م.ی.ئـاگرین شـەوکەت هـادی) و (م.ی.کەلسووم خالید ئەحمەد) نووسراوە.

# پێشەکی

سەختە بتوانین ئاماژە بە بوارێک لە بوارەکانی ژیانماندا بکەین، زمان ڕۆڵی تێدا نەگێرێت، ئەم لێکۆڵینەوەیە باس لە فراوانی بەشێک لە بەکارهێنانی زانستی زمانەوانی لە زانستی جیاوازدا دەکات، لەوانەش باس لە لێکۆڵینەوەی یاسایی و زانستی دادوەریی دەکات. یەکێک لە لایەنە نوێیەکان لە زمانەوانیی کارەکیدا، کە تەمەنی لە چەند دەیەیەک زیاتر نییە، پێی دەڵێن (زمانەوانیی دادوەری) ، کە بەداخەوە تا ئێستا ئەرک و ڕۆڵی لقە جیاوازەکانی ئەو زانستە لە پێکهاتە دادوەرییەکان و وڵاتدا پێشبینی نەکراوە، لەو ڕووەوە لەم توێژینەوەیەدا هەوڵ دەدرێت بە پشتبەستن بە دۆسیە یاساییەکان لایەنی کارەکی ئەو زانستە و ڕۆڵی زمانەوانی لە پیشاندانی بیروڕای یاساناسان لە یاسای دادوەری ڕوون بکرێتەوە .

## ناونیشانی توێژینەوەکە

ناونیشانی لێکۆڵینەوەکەمان بریتیە لە : زمانەوانیی دادوەریی لە هەرێمی کوردستاندا(بەشێک لە گوتراو و نووسراوەکان بە نموونە).

## سنوور و ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە

سنووری لێکۆڵینەوەکە لە ئاستی زمانەوانیی کارەکیدان، نموونەکانیش هەندێکیان سکاڵا و گوتەی تۆمەتبار و تاوانلێکراو وەرگیراون، ئەم لێکۆڵینەوەیەش لە چوارچێوەی ڕێبازی (وەسفیی شیکاری) باسی لێوەدەکرێت.

## پێشینەی لێکۆڵینەوەکە

زمـــانی دادوەری جیـــاواتر لە بەشـــەکانی تـــری زمـــانەوانی، بەتـایبەتی لە زانکۆکـانی  هەرێمـی کوردسـتاندا، کەمتـر لێکـۆڵینەوەی لەسەر کراوە،  و لە لێکۆڵینەوەکانی تر بە بابەتێکی تازە دادەنرێت، ئەو لێکۆڵینەوانەشـی تـا ئێسـتا کـراون لە پەنجەکـانی دەسـت تێـپەر ناکات.

## هۆیەکانی هەڵبژاردنی بابەتەکە

زمان و یاسا دوانەیەکی لێکدانەبڕاون، لەلایەکیتریشـەوە کێشـە و ئاریشـەکانی کـۆمەڵگە و داواکردنـی مـاف، لە ڕێـگەی دەربـڕینەوە دەبێــت، بەڵام بەشـێکی تــایبەت یــان بــابەتێکی تــایبەت نیــیە، تــا شارەزایانی بواری یاسـا زانیارییان دەربارەی ئەم بابەتە هەبێت، لە ناوەندەکانی خوێندنیشدا بەشێک یان بابەتێکی تایبەت بەو بوارەدا هەبێـت، پسـپۆڕانی بـواری یاسـا و زمـان هاریکـاری یەکتـر بـن، بـۆ دەستنیشانکردن و چارەسەرکردنی ئاریشەکانی کۆمەڵگە.

## ئاستەنگەکانی لێکۆڵینەوەکە

١. کەمی سەرچاوەی پێویست دەربارەی ئەم بابەتە .

٢ــ لەبەر ئەوەی تــوێژینەوەی ئــێمە تــایبەتە بە زمــانەوانیی دادوەری، ئەم بــابەتەش لە کوردســـتاندا زیـــاتر پەیوەندیـــدارە بە دەزگــای ئەمنــی، بــۆیە کــارێکی ئاســان نەبــوو بــۆ وەڵامــدانەوەی پرسیارەکان یارمەتیمان بدەن.

٣ــ تــوێژینەوەکە پێویســتی بە داتــای زمــانی نوســراو بــوو، بەتــایبەتی ئەم نوســراوانەی پەیوەنــدی بە ســکاڵاکردنەوە هەبــوو،

بەداخەوە دادگـای تێهەڵچـوونەوەی نـاوچەی هەولێـر، فەرمـانگەی بەڵگەی تاوانەکان، هاریکار نەبوون.

## کێشەکانی لێکۆڵینەوەکە

بـۆ ئاشـکراکردنی تـاوان، لایەنـی یاسـایی پێویسـتی بە بەڵـگەی زمـانی هەیە، بـۆ دەستنیشـانکردنی کەسـی تاوانبـار، یـان چـۆنیەتی شیکردنەوەی گوتاری تۆمەتبار یان شیکردنەوەی ناوەرۆکی سکاڵا، کە زۆربەی سکاڵاکان لەڕووی ڕێزمـان و ڕێنووسـەوە کەموکووڕی زۆری تێـدا دەردەکەوێ، سـەرەڕای بـوونی هەنـدێک زانیـاری، کە پەیوەنـدی بە بـاتەکەوە نیـیە، لەلایەکیتـرەوە ئامـادەبوونی کەسـێکی زمـانەوانی پسـپۆڕ لە کـاتی لێکـۆڵینەوە و شـیکردنەوەی بەڵـگە زمانییەکـان و کـاتی دادگـایکردن، و بەکارهێنـانی تـاقیگەی زمـان بـۆ دیاریکردنی تاوانبار، لە کاتی بەدواداچوونەکەماندا بۆمـان دەرکەوت، ئەم بـابەتە پشـتگوێخراوە، لە ناوەنـدەکانی زانکـۆش گرنگـی بە زمانەوانیی دادوەری نادرێت.

## کەرەسەکانی لێکۆڵینەوە

بـۆ ئەم توێژینەوەمـان پەنـابراوەتە بەر شـیکردنەوەی پەڕاوی سکاڵاکردنەکانی تاوانلێکراوان و ڕاپرسی، کە ئەندامانی بەشداربووی ئەم توێژینەوەیە پێکهاتوون: لە مامۆستایانی بواری یاسا و قازی و پارێزەران لە سەندیکای پارێزەرانی کوردستان.

## ناوەرۆک و پلانی لێکۆڵینەوەکە

لێکۆڵینەوەکە لە پێشەکییەک و دوو بەش پێکهاتووە:

بەشی یەکەم ئەم تەوەرانە لەخۆدەگرێت: (چەمک و پێناسەی زمانەوانیی کارەکی، چەمک و پێناسەی زمانەوانیی دادوەری، مێژوو و گۆڕانکاری زمانەوانیی تاوانکاری).

بەشی دووەم ئەم تەوەرانە لەخۆدەگرێت: (زمانی یاسایی، گرنگی زمانی یاسایی، بەشەکانی زمانەوانی یاسایی، جۆرەکانی زمان لە زمانەوانی دادوەریدا، زمان و کاری دادوەر، بوارەکانی زمانەوانیی دادەوەری، گرافۆلۆجی و زمانەوانیی دادوەری، خەت و بەڵگە زمانییەکان، ڕێنوس و بەڵگە زمانییەکان، قۆناغەکانی نووسینی سکاڵاکردن، بوارەکانی زمانەوانیی دادوەری لە هەرێمی کوردستاندا،ڕاپرسی).

لە کۆتاییدا ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە و لیستی سەرچاوەکان پێشکەش کراون.

## بەشی یەکەم

### ١.١: چەمک و پێناسەی زمانەوانیی کارەکی

زمانەوانیی کارەکی لقێکە لە لقەکانی زمانەوانی گشتیی، کە تێیدا تیۆرەکانی زمان بە شێوەیەکی کردەیی بۆ چارەسەرکردنی هەندێک ئاریشەی زمانی بەکاردەهێنێت.

ئەم زاراوەیە لە ساڵی ١٩٤٠ لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەکارهێنراوە(mark aronoff.janie Rees-millerK.2012, p638). ئەم زانستە لە سەرەتای سەرهەڵدانییەوە کێشەی لە نێوان لێکۆڵەران دروستکردووە، کە لەسەر ئەو بوارانەی کاری تێدا دەکرێت، هەم لەسەر ناونانەکەشی، بەڵام تاڕادەیەک ڕێکەوتن لەنێون لێکۆڵەران لەسەر بوارەکانی ئەم زانستە دەبینرێت. (هاژە چیچۆ،٢٠١٥، ل٤).

لەم بارەوە (د.عەبدولوەهاب خالید) دەڵێت: سەرەتای سەرهەڵدانی ئەم زاراوەیە بۆ ساڵی (١٩٤٦)دەگەڕێتەوە، کە بۆ یەکەمجار لە بەریتانیا زانا(کاپلان) و (ستریڤێنس) ئەم زاراوەیەیان بەکارهێناوە، ئینجا لە ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەکارهاتووە، دواتر لە پەیمانگەی فێرکردنی زمانی ئینگلیزی سەر بە زانکۆی میشیگان لە ئەمەریکا بەکارهێنرا، ئەم پەیمانگەیە لە بواری فێرکردنی زمانی ئینگلیزی پسپۆڕ بوون، ئەمەش بە سەرپەرشتی زانای بەناوبانگ (پارلز فرایز) و (ڕۆبێت لادۆ)، دواتر ئەم پەیمانگەیە گۆڤارێکی بە ناوی فێرکردنی زمانەوانیی کارەکی بڵاوکردەوە(نەریمان عەبدوللا خۆشناو، ٢٠١٦، ل ١٢).

کەواتە ئەو بـوارەی سـەرەتا لەم زانسـتەدا گرنگـی و بـایەخی پێدراوە، فێربوونی زمانی دووەم بووە. بۆ ئەم مەبەستەش چەندین کـۆنفرانس لە وڵاتـانی ئەمەریکـا و بەریتانیـا دەربـارەی ئەم زانسـتە بەستراوە، هەر لەم کۆنفرانسانەدا بوارەکانی ئەم زانستە دیاریکراوە، لە سـاڵی (٢٠٠٢) لە ئەمەریکـا بـواری ئەم زانسـتە دیـاریکرا، کە لەمانەی خوارەوە پێکهاتوون:

**١. زمان و وەرگرتنی**

**٢. زمان و خەملاندن**

**٣. زمان و مێشک**

**٤. زمان و درککردن**

**٥. زمان و کلتور**

**٦. زمان و بیروباوەڕ**

**٧، زمان و فێرکاری**

**٨. زمان و کارلێککردن**

**٩. زمان و گوێگرتن**

**١٠. زمان و میدیا**

**١١. زمان و ڕامیاری**

**١٢. زمان و شێوازی توێژینەوە**

**١٣. زمان و کۆمەڵگە**

**١٤. زمان و خوێندنەوە**

**١٥. زمان و ئاخاوتن**

**١٦. زمان و وەرگێڕان**

١٧. زمان و نوسین
١٨. زمان و تەکنەلۆژیا (عەبدوللا حوسێن ڕەسوڵ، ٢٠١٥، ل ٥٦).

یەکێک لە لقە نوێیەکانی زمانەوانی کارەکی، زمانەوانی دادوەرییە. زمانەوانیی دادوەری لە پەیوەندی نێوان زمان و یاسا و کێشەکانی کۆمەڵگە دەکۆڵێتەوە. زمانەوانیی دادوەری هەوڵی شیکرکردنەوەی ئەو وتانەی دەدات، کە لە تۆمەتبار وەردەگیرێت، و چۆنیەتی بەکارهێنانی زمان لە پڕۆسەی یەکلاییکردنەوەی کێشەکان تاوتوێ دەکات، بەتایبەتی ئەو بەڵگە زمانییانەی کە لایەنی پەیوەندیدار(بنکەی پۆلیس) لە کاتی لێکۆڵینەوەدا تۆمار کراوە .

**٢.١: چەمک و پێناسەی زمانەوانیی دادوەری**

زمانەوانیی دادوەری سەیری ڕوونی و ئاستی تێگەیشتنی زمانە یاساییەکە دەکات، لەلایەن خەڵکی گشتی تایبەتمەندەوە، هەروەها گرنگی بە لایەنی وەرگێڕان لە دادگاکان و بەدواداگەڕانی یاسایی و ڕادەی وردی و ئەو گیروگرفتە زمانییانە دەدات، کە لە ئەنجامی جیاوازی ڕۆشنبیری تۆمەتبارەکان دروست دەبێت، لە کەمینە نەتەوییە جیاوازەکان. ئەمەیان تا چەند کاریگەریی لەسەر لەیەکترتێگەیشتن لەنێوان تۆمەتبار و دەسەڵاتی دادگا و یاسا و کاریگەری و ڕەنگدانەوەی لەسەر بەڕێوەچوونی دادگەریدا هەیە (یوسف شەریف سعید، ٢٠١٤، ل١٢٦) .

سەلام ناوخۆش لە (فەرهەنگی زمانەوانی ناوخۆش)دا دەڵێت: (Forensic Linguistic) زمانەوانیی فۆرینسیک ئەو جۆرە زمانەوانییە بریتییە لە تەکنیکە زمانەوانییەکان بۆ لێکۆڵینەوەی لە

تاوانەکـان، کە داتـای زمـان بەشـێک لە بەڵـگەی تـاوان پێکـدەهێنێت، بــواری فــۆنەتیکی فۆرینســیک بەوە دەناســرێت بەوەی پــاوانێکی سـەربەخۆی هەیە لە مـامەڵەکردن لەگەڵ بـابەتی ئەوهـا وەک کـایەکی دەنگـی و ئاکسـێنت و ناسـینەوەی دەنـگ.( سـەلام نـاوخۆش، ٢٠١٤، ل١٠٩).

پرۆفیسـۆر (هـ .د.ویدۆسـن) دەڵێت: (Forensic linguistics) زمـانەوانیی دادوەری لقێکـی زمـانەوانیی کـارەکییە لەو مەسـەلانەی زمـان دەکـۆڵێتەوە، کە پەیوەنـدییان بە یاسـا (law) هەیە بە کەڵـک وەرگــرتن لە ســەرچاوەکانی واتاســازیی و فــۆنەتیکی فیزیکــی و شــیکردنەوەی گوتــار و پراگماتیــک و زمــانەوانیی کــۆمەڵایەتی و بوارەکانی. ( هۆشـەنگ فاروق، ٢٠٠٨،ل ١٣٩).

(Guy cook) دەڵێـت: زمـانەوانیی دادوەری لێکـۆڵینەوە لەو بابەتــانە دەکــات، کە پەیوەنــدی بە یاســاوە هەبێــت، بە واتــایەکیتر لێکـۆڵینەوە لە بەکارهێنـانی بەڵـگەی زمـانی لە لێکـۆڵینەوەی تاوانـدا دەکـات. (شێرزاد سـەبری عەلـی، عەبدولسـلام نەجمەدیـن عەبـدوڵڵا، ٢٠١١، ل ٢٦٨).

(ئەشــەر) بەم جــۆرە پێناســەی زمــانەوانیی دادوەری دەکــات و دەڵێت: زمـانەوانیی دادوەری لقێکە لە لقەکـانی زمـانەوانیی کـارەکی، لەو زانیـاری و داتـا زمانییـانە دەکـۆڵێتەوە و شـیدەکاتەوە، کە لەگەڵ ڕوودانـی تـاوانەکەدا دێـن، بە مەبەسـتی دەستنیشـانکردنی ناسـنامەی تۆمەتبار (یوسف شریف سعید، ٢٠١٤، ل١١٧).

(ڕەمزی مونیر) لە پێناسەکردنی زمانەوانیی دادوەریدا دەڵێت: زمانەوانیی دادوەری لقێکە لە زمانەوانی، هۆکارەکانی زمانەوانی بۆ لێکۆڵینەوەی تاوانکاری بەکاردێت، لەو تاوانانەی زمانەوانی لە هەندێ لە بەڵگەکانیدا بەکاردێت، وەک: لە کاتی ڕوونکردنەوەی شێوازی کەسێک، گومان لە نووسینەکانی دەکرێت، لەو نامەیەی پەیوەندی بە تاوانەکەوە هەیە، یان لە پشکنینی بەڵگەی دەنگی تۆمارکراو (ساجیدە عەبدوللا فەرهادی، ٢٠١٣، ل٨) .

(کۆبسۆڤ) پێناسەیەکی فراوانتر بۆ زمانەوانیی دادوەری دەکات و دەڵێت: ئەو زانستەیە لێکۆڵینەوە لە دەقە نووسراو و زارەکییەکان دەکات، کە بە تاوان و کێشە یاساییەکانەوە پەیوەندارن و ئەو پرسانەی بە هەڵسوکەوتی دادگەریی پەیوەندارن، یان ئەوانەی پەیوەندییان بە زانستی یاسا و ئاستی ڕوونی و چۆنیەتی چارەسەرکردنییەوە هەیە، بۆ ئەوەی کەسانی ئاسایی و پسپۆڕەکانی ئەم بوارە لێی تێبگەن (یوسف شریف سعید، ٢٠١٤، ل١١٧).

**٣.١: مێژوو و گۆڕانکاری زمانەوانیی تاوانکاری**

زانستی زمانەوانیی دادوەری وەک زانستەکانی تر، ئەستەمە بتوانین مێژوو و کاتی دەرکەوتنی ئەم زانستە بزانین، بەڵام زمانەوانە ڕۆژئاواییەکان دەڵێن هەندێک بەڵگەی بەرایی بۆ ئەم زانستە هەبێت، بۆ ئەمەش پشت بە ڕووداوی کتێبی پیرۆز (ئینجیل) (سفر یوحنا) دەبەستن، کە تێیدا هاتووە و دەڵێت: یەعقوب کوڕە بچووکی پێغەمبەری خوا ئیسحاق چۆن مافی کوڕە گەورەکەی ناسراوە بە ( پریمۆ گینتەر) خواردووە، سەرەڕای ئەوەی ئەو لە

ڕاستیدا کوڕە گەورەی ئیسحاق نەبووە، بەڵام لاسایی دەنگی برا گەورەکەی کردۆتەوە، کە ناوی (عیسۆ) بووە، بەڵام ئیسحاق ئەم مافەی پێدابوو، کە شایستەی نەبوو، لەم ڕووداوەوە ڕۆژئاواییەکان دەنگ بە هۆکارێکی گرنگ بۆ جیاکردنەوەی کەسایەتییەکان دادەنێن.

بەڵام( کوترل) سەرهەڵدانی زمانەوانیی دادوەریی بۆ سەردەمی ئیغریقی و ڕۆمانییەکان دەگەڕێنیتەوە، کە ئەو گەلانە خۆیان بە جیاواز لەسەر سەلماندنی خاوەنی ڕاستەقینەی هەندێک پەرتووک و شانۆگەرییەکان خەریک کردبوو، لەلایەکی تریشەوە زاناکانی موسلمانان بە تایبەتی زاناکانی (علم الحديث) فەرموودەزانی هاوچەرخ کەسانێک بوون ئەم زانستەیان زۆر بەوردی بەکارهێناوە بۆ سەلماندنی ڕاستی ئەو فەرموودانەی لە پێغەمبەرەوە گوترابێت، و (تەبەری) پێشەوای ئەم زانستەیە. هەروەها لە چاخی ئێستادا لێکۆڵینەوەکانی (ڕۆجەر و هاوڕێیەکانی) لە زانا ئەمەریکییەکان لە سەرەتای هەشتاکانی چەرخی ڕابردوو بەردی بناغەی ئەم زانستەیان دیاریکرد، کە چارەسەری زۆر لە بوارەکانی تاوانکاری دۆزییەوە، کە زمان بەشێکی گرنگە تیادا بۆ پێدانی زانیاری و ئاشکراکردنی تاوانباران. لە ئوستورالیاش ئەم زانستە لە ناوەڕاستی نەوەدەکانی چەرخی ڕابردوو دەرکەوت، کە لێکۆڵەرەوەکان دەستیانکرد بە بەکارهێنانی بیردۆزەکانی زمانەوانیی کۆمەڵایەتی و پراکتیزەکردنی لە بابەتە پەیوەندیدارەکانی تاوان و کێشە یاساییەکان.

له بەریتانیا هۆبەی ڕاژەی زانستە تاوانکارییەکان بەشێکی گرنگ لە وەزارەتی ناوخۆی بەریتانیا دەنوێنن، کە بە ڕۆڵێکی گرنگ دەبینن بۆ بەدەستهێنانی زانیاری ورد بۆ دەزگاکانی پۆلیس و پیاوانی یاسا، تا بتوانن بڕیارەکانیان دەربکەن دوای پشکنین و شیکردنەوەی بەڵگە زمانییەکان، و بە کردار ئەم زانستە دانیپێنراوە لە زۆربەی فەرمانگە دادگەرییەکانی وڵاتە پێشکەوتووەکانی وەک (ئەمەریکا، ئوسترالیا، بەریتانیا، ئەلمانیا، نەمسا، مەجەڕ و سوید)، لە سەرجەم ئەم وڵاتانەدا تاقیگەی زمانەوانی تاوانکاری دامەزراوە، کە کۆمەڵێک لە زمانەوانانی مەشقپێکراو کاردەکەن، بۆ ئەوەی بەڵگەکانیان پێشکەش بە دادگاکان بکەن، بۆ سەلماندنی ئەنجامدانی تاوان بۆ کەسانی دیاریکراو .

لە ساڵی ١٩٦٨دا کاتێک (جان سفارتیک) وتەکانی (تیمۆسی ئیڤانز)ی شیکردەوە، لە سێدارە درا، چونکە ژن و منداڵەکەی کوشتبوو (جون أولسون، ٢٠٠٨، ل١) .

هەر لەو کاتەدا جان سفارتیک زاراوەی زمانەوانیی دادوەری داهێنا، کە کتێبەکەی بە ناوی (دەبڕینەکانی ئیوان - نموونەیەک بۆ زمانەوانیی دادوەری) ناسرا و بڵاوبۆوە، بڵاوکردنەوەی ئەم کتێبە لە ڕاستیدا دەبێ وەک خاڵێکی وەرچەرخان لە هێنانەکایەی باسەکانی پەیوەندیدار بە شیکردنەوەی گوتار لە مەسەلەکانی تاواندا دابنرێت (ساجیدە عەبدوللا فەرهادی، ٢٠١٣، ل٧) .

لە لێکۆڵینەوەی دواتردا بێتاوانی (ئیوان) سەلمێنرا و خاوەن ماڵەکەش بە تاوانی سەرەکی کوشتنی هاوسەر و منداڵەکەی سزادرا.

لە ڕاستیدا بڵاوکردنەوەی ئەم نووسراوە دەبێت بە سەرەتایەک لە نیشاندانی باسی تایبەت بە شیکردنەوەی قسە لە بابەتی تاوانی دابنرێت . لە لایەکی ترەوە هەر لە زووەوە ئەوە ڕوون بوویەوە، کە زانایانی بواری زمانەوانی دەکرێت سەرچاوەی سوودگەیاندن بن بە یاسا، ئەمەش لەڕێگەی یارمەتیدانی ئەو کەسانەی یاسا بە شێوەیەکی خراپ ڕەفتاری لەگەڵدا کردوون، چونکە لە کاتێکی زووی ساڵی ١٩٩٠دا (مالکۆم کولتارد) دەستی بە شیکردنەوەی دانپێدانانەکانی دیکەی پۆلیس کرد، لەوانە ئەو دەقەی هی (دیریک بنتلی) لە پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو لە سێدارە درابوو، کە دواتر لێی بووردرا (جون أولسون، ٢٠٠٨، ل٢).

## بەشی دووەم

### ١.٢: زمانی یاسایی

زمـانی یاسـایی لە لایەن دادوەر و دادگاکـان گرنگـی پێدراوە ، لە ئەنجـامی ئەو گرنگیـانەی دەردەکەوێـت، کە لێکـۆڵەرەوانی زمــانیی یاسـایی پـێ هەڵسـاون وەک جـان جـاک ڕۆسـۆ مۆنتیسـکۆ لە کتێبـی (ڕۆحی یاساکان)، سەرباری ئەمانەش ئەوانەی بەداوای پەرەسـەندنی مێژوودا دەگەڕێن لە ڕووی زمانی یاساوە کە لە سـەرەتادا یاسـاکانی ڕۆمـانی یاسـایی (دوازدە لەوحەکە)، (یاسـای حـامۆرابی ) هەروەهـا دەرکەوتنــی چــاپ و ئــامێری چــاپ وایکــرد ببێــتە هۆکارێــک لە گەشەسەندنی زمانەوانی یاسایی، ئەو بەپێی ئەو بابەتانەی چارەسـەر دەکران لە دەزگاکـانی یاسـادانان و توێژینەوەکانـدا، کە پەیوەنـدی بە کۆمەڵگەی مەدەنییەوە هەیە.( حیدر سعدون المؤمن،٢٠١٥، ل١٥).

لێـرەدا دەتـوانین بڵێـین زمــانی یاســایی بەپێــی وتەی (دکتــۆر عەبدولقادر شێخلی) زمانێکی تایبەتمەنـدە کە دەرکەوتووە لە یاسـادا، وەک زانسـتی تیـۆری چـالاکی و کـارەکی، ئەویـش بە گـۆڕینی ئەو دەقە یاســاییانەی پەیوەنــدییان بە یەکتــرەوە هەیە، لە ناوەنــدییەکی یاسایی و بە زمانێکی دیاریکراو، کە پەیوەندی بە زانستەکەوە هەیە، لێرەدا دەردەکەوێت زمانی یاسـایی گوزارشـتێکە لە ڕاسـتی یاسـاکاندا بەپێی جۆری زمـانەکەیە، ئینجا شـرۆڤەکردنی بەپێـی ئەو ئیـرادەیەی هەیەتی. (عەبدالقادر الشخیلی، ٢٠١٤، ل ٣١٢).

## ٢.٢: گرنگی زمانی یاسایی

له چوارچێوەی ماددەی زمانی یاساییدا دەقێكی یاسایی له خوێندنەوەی زمانی دەقەكەدا بەوردی دەردەكەوێت، چونكە له كۆتاییدا ئەو ڕەگ و ڕیشەی سیستەمی یاساییه پێویسته له چوارچێوەی بابەتی زمانی یاسا بگوازرێتەوە بۆ شیكردنەوەی دەق پاشان دەرخستنی بنەماكانی زمانەوانیی یاسایی، هەروەها ڕەنگدانەوەی زمانی یاسایی كارلێكردنێكی زمانەوانی له نێوان یاساناسان و ئەو كەسانەی گوتەیان هەیه بەپێی یاسا، ڕەنگدانەوەی نیشانەكانی دەقه له زمانی یاسادا، ئینجا ئامرازێكی پەیوەندی زارەكی بابەتیانەیه له نێوان دەقەكاندا، لەبەر ئەوەی دەقی زمانەوانی سەرباری ئەوەش دیاریكردنی سەرچاوە تایبەتەكانی زمانەوانییه بۆ دروستكردنی دەقێكی یاسایی سروشتی، ئەمەش پەیوەندییەكی ڕاستەوخۆی كۆمەڵایەتی هەیه، كه دەبێته بەرهەمێك لەو چوارچێوەیەدا.

زمانەوانیی یاسایی پێویستی به وردەكاری دارشتنێك هەیه، كه بتوانێت بگات بەو ئامانجەی مەبەستیەتی، ئەویش بەو واتایه دێت كه دارشتنەكه وردەكاری گوتاری تێدا بێت، نابێت گرێ وگۆلی فرەزمانەوانی یان واتاكان دیار نەبێت.(فیصل بن سعود، ٢٠١٩، ل ٤).

### ٣.٢: بەشەکانی زمانەوانی یاسایی

بەشـەکانی زمـانەوانی سـێ جـۆری هەیە، کە زمـانەوانی یاسـایی لەسـەری بەنـدە، ئەویـش دەقێکـی یاسـایی یـان مـاددەیەکە فقهـی یـان چەنـد یاسـایەکی دادوەری، بەڵام هەر یەکێکیـان تایبەتمەنـدی خـۆی هەیە.

#### ١. زمانی فقهی

زمـانێکی سـەربەخۆیە و کـۆت و بەنـدی نییە، ئەویـش بەو واتـایە دێـت، کە نووسـەر شـیکەرەوەکان بەکاردەهێنێـت، کە پەیوەنـدی بە دەقەکـان هەبێـت و تیۆرییەکـانی یاسـایی ئەو زمـانەش لە چەنـدین نووسین و لێکۆڵینەوە و پەیامە زانکۆییەکان هەیە، واتـا هـیچ کـۆت و بەندی خۆی بەسەر زمانی فیقهی ناسـەپێنێت، بەتـایبەتی سـەرچاوە و کتێبەکـان، هەروەهـا تـوێژەر دەتوانێـت کتێـب دابنێـت و بیخـاتە بازاڕەوە، لایەنێک ناتوانێت چاودێری شێوازی نـاوەڕۆکی ئەم کتێبە بکـات، بەڵام تـوێژینەوە زانکۆییەکـان دەخـرێتە ژێـر چـاودێریی و هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێت، ئەویش لە شێوەی ئەو زمـانەی لە گۆڤـار و تـوێژینەوە یاسـاییەکان بەکاردەهێنرێـت، و وەک بـایەتی یاسـایی دەخوێنرێت.( نجاة سعدون، ٢٠١٧،ص ٤١).

#### ٢. زمانی دادوەری

ئەو زمـانەیە لە نووسـینەوەی ئەو یاسـا و بڕیـارانە لە لایەن دادوەرەوە دەردەکرێت، هەروەها دەربارەی ئەو نووسراوانەی باسی دادگا و ڕاپۆرتە یاساییەکان دەکات، هەروەهـا دادوەر لە بڕیارەکانیدا گەلێگ بەڵگە دەردەکەن، کە چەنـد زاراوەیـەک لـەخۆدەگرن، بەتـایبەت

ئەو داوا و لێکەوتانەی دەردەکرێن، وەک بەڵگە لە دادگاکاندا بە شێوەی زانیاری: ( هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٢)

ناوی دادگاکە

ناوی تۆمەتبار و شکایەتکار

داواکاری کەسەکان

پاڵنەرە یاساییەکان

ئەنجامی داواکارییەکە

هۆکارەکانی بڕیاردانی یاسایی

**٣- زمانی یاسادانان**

ئەو زمانەیە لە بەڵگەنامەکاندا بە شێوەیەکی یاسایی دەردەکەوێت، کە لەلایەن پەرلەمانەوە دەردەچێت، یان بەڵگە دەستوورییەکان و بڵاوکراوەکان و مەرسوم و ئەو پەیوەندییانەی پەیوەستن و بەڵێننامە و هتد.... ئەویش ئامانجی سەرەکی دیاریکردنی کۆمەڵێک ڕێنمایی ئامادەکارییە، واتا زمان دەربڕی ئەو یاسا جۆراوجۆرانەیە، کە بە دەستوور دەستپێدەکات، ئینجا یاسای ئاسایی ڕێنماییەکان، ئەویش بەپێی گرنگی یاساکە ڕیزبەند دەکریت و نابێت یاسا نزمەکان دژی یاسا بەرزەکان بێت، ئەمەش چەند دیاردەیەکی هەیە. ( نسرین سلامة محاسنة،٢٠١١، ل١٣٥).

**٤.٢: جۆرەکانی زمان لە زمانەوانی دادوەریدا**

زمان لە زمانەوانی دادوەریدا دەبێتە دوو بەش:

**١. زمانی نوسراو**

بۆ نموونە زمانی بەکارهێنراو لە یاسای هەرێمایەتی و نیشتمانی و نێونەتەوەیی و لە ئێستا و ڕابردوودا گفتوگۆکان و چاوپێکەوتنی پۆلیس لەگەڵ گەواهیدەرەکان و گومانلێکراوەکان و نامە تاوانکارییەکان، ئەو پەیامە تاوانکارییەی بەکارهاتووە لە کاتی هەڕەشەکردنی تیرۆرستی یان خۆکوشتن و بە بارەمتەگرتن و وەرگێڕانی بەڵگەنامە یاساییەکان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکیتر، پشکنینی دەقەکانی وەڵامدانەوە لەسەر پرسیارەکان دەربارەی ئەو پرسیارانەی کێ کردوویەتی یان دەکرێن زمانی نووسین نەبێت، زمانەوانە دادوەرییەکان و پشکنین بەشێوەی جۆراوجۆر لە پەیامە تەلەفۆنییەکان دەگرێتەوە، تێبینییەکان و ئەو نامانەی بە دەست نووسراون، ئەو بڵاوکراوانەی لە ئامرازی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بڵاوکراونەتەوە. ( فرح محمد صوان، ٢٠١٨، ل ١).

**٢. زمانی قسەکردن و گفتوگۆ**

ئەو زمانەیە لەلایەن وەرگێڕی زارەکی لەکاتی چاوپێکەوتنە ڕەسمییەکاندا لەگەڵ گەواهیدەرەکان و گومانلێکراوەکان، هەروەها ئەو زمانەیە لەلایەن تاوانبارانەوە بەکارهاتووە، یان قوربانییەکان لە میانی تاوانەکەدا، سەیرکردن و چاوتێبڕینی ئەو بوارانە هەندە ئاسان نییە، وەک ئەوەی دەوترێت، بەڵام چۆن وتراوە ئەو زمانەوانانەی بە دوای نووسیندا دەگەڕێن و دەیانەوێت لە جۆری چۆن وشەکان

دەنووسریت و چۆن وشەکان هەڵدەبژێرن و ژمارەکان چۆن بەکاردەهێننن، بەڵام ئەوانەی زمانی قسەکردن بەکاردەهێنن، تێبینی چۆنیەتی دەربڕینی وشەکان و شێوەزاری زمانەکە دەکەن، چۆنیەتی گۆکردن و لەرینەوەکانی دەنگە ژێیەکان خێرایی ئاوازی گۆکردنی وشەکان، ئەوانەی لەم بوارانە کاردەکەن، هەر هەموویان لە زمانی زمانەوانیی دادوەری پسپۆڕییان هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا ژمارەیەک لە زمانەوانانی دادوەری بڕوانامەی مەشق و ڕاهێنانیان کردووە، وەک یاسا و دەروونزانی و زمانەوانیی کۆمەڵایەتی و زانستی کۆمپیوتەر و زانسی تاوانکاری لەم بوارەدان چەندین ڕێگە و شێواز هەیە، کە شیکردنەوەی زمانی بەهۆی زمانی دادوەرییەوە پێ دەکرێت، ئەوانیش چەند هەڵسوکەوتێکیان لەگەڵ نامەی خۆکوژەکاندا کردووە، وەک نامەی هونەرمەندە ناودارەکان، و یادگارییەکانی قوربانی، کە پەیوەندی بە (چارلس)ەوە هەیە، ئەو فرۆکەوانەی یەکەمجار توانی زەریای ئەتلەس لە نیۆرکەوە بۆ پاریس بپەڕێتەوە، کە کوڕەکەی ڕفێنرابوو و بە کوژراوی لە پشتەوەیماڵەکەی خێزانی لین( ئینگلیزی) دۆزرایەوە، ئەویش بە دۆزینەوەی ئەو یاداشتەی دەربارەی ڕفێنراوەکە دوای ونبوونی ئاشکرابوو. (هەمان سەرچاوەی پێشوو،ل٢).

### ٥.٢: زمان و کاری دادوەر

### ١. شیکردنەوەی دەقی یاسایی

ئەو کاتەی باسی پیشەی دادوەری دەکرێت، دەبێت بزانین زمان شێوەی دەقی یاساییە و لە ئەنجامی تێگەیشتنی دادوەر لە دەقە یاساییەکاندا، و لەگەڵ بڕیار و تێڕوانینە یاساییەکە، دەتوانین لە ڕێگەی زمانەوە گوزارشت لە واتا و مەبەست و نووسینی دەقی یاسایی بکرێت(خلیفە یحیی سعید، ٢٠١٧، ل ٤)، لەگەڵ ئەوەشدا زمان لە بواری دەقی یاساییدا کارێکی ئاسان نییە، بەو واتایەی زمانی یاسا زمانێکی پسپۆڕییە، ئەو وشە و زاراوانەی بۆ ئەم بوارە بەکاردەهێنرێت، دەبێت ورد و گشتگیر و ڕوون بێت، هەرچەندە زمانی یاسا زمانێکی تاڕادەیەک ئەبستراکتە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی ئەم زانستە پەیوەندی بە کێشە و ئاریشەکانی کۆمەڵگەوە هەیە، تا دەقە یاساییەکان لێکدانەوە و شرۆڤەی هەمەلایەن هەڵنەگرێت، چونکە هەر لادانێک لە واتا و مەبەستی دەقی یاسایی و فرەیی واتایی دەق لە بواری دەقی یاساییدا، دەبیتە هۆی دروستبوونی چەند کێشەیەکی تر، هەر دادوەرێک بۆ سەلماندنی بێتاوانی تاوانبارێک، ڕێگە و شێوازی جیاجیا بۆ شرۆڤەکردنی دەقە یاساییەکە بەکاردەهێنێت. لەلایەکیتریشەوە دەبێت لە دانانی یاسادا ڕەچاوی واتای وشەکان لە دەقە سیاساییەکەدا بکرێت.

**٢. دارشتنی دەقی یاسایی**

گرنگترین بنچینەی داواکراو دەبێت لە پرۆسەی دارشتنی ئەحکامەکانی دادوەریدا هەبێت، شارەزابوونە لە چۆنیەتی بەکارهێنانی زمان لە دارشتنی دەقە یاساییەکاندا، بە شێوەیەک دەبێت زمانی بەکارهاتوو لە ئاستێکی بەرزدا بێت، تا نەبێتە مایەی کێشە و دەستنیشانکردنی کەسی تاوانبار بە بێتاوان، و ئەو وشانەی بەکارهاتوون، وشەی گشتین و واتای نارۆشن و لێڵی بە دەستەوە دەدەن، لەگەڵ ئەوەشدا چۆنیەتی ژمارە و رێنوسی دارشتنەکە کاریگەری لەسەر واتا و مەبەستی دەقەکە دەبێت، و لە دەقی یاساییدا نابێت دارشتنەکە بە زمانێکی بەرزی رەوانبێژی نووسرابێتەوە، دەبێت زمانەکە رۆشن بێت.( خليفه يحيى سعيد، ٢٠١٧، ل ٥).

**٦.٢: بوارەکانی زمانەوانیی دادەوەری**

لە گرنگترین بوارەکانی ئەم زانستە:

**١. ساغکردنەوەی ناسنامەی قسەکەر**(Identification Speaker)

ساغکردنەوەی ناسنامەی قسەکەر لە هەموو بوارەکانی تری ئەم زانستە باوترە و لە هەموویان زیاتر لە کێشە تاوانکاری و مەدەنییەکان بەکاردێت، ئەم بوارە تیۆرەکانی دەنگناسی دادوەریی و پراکتیککردنیان بەکاردێنێت، بۆ ساغکردنەوەی ناسنامەی کەسەکە لەرێگەی دەنگییەوە، بە دەربرینێکی دیکە ئێرە ئەو بوارەیە کە زانیارییەکانی دەنگناسی بە درێژی بەکاردەهێنرێن، بۆ سەلماندنی تێوەگلانی تۆمەتبار، یان بێبەریبوونی لە تاوانەکە، ئەمەشیان

لەڕێـگەی شـیکردنەوەی ئەو زانیـارییە دەنگییـانەی تـاوانەکە لەگەڵ خۆی هێناون .

**٢ . ساغکردنەوەی ناسنامەی دانەر:**(Author Identification)

لێکـۆڵینەوە لە ناسـنامەی دانەر بە بـوارێکی گرنـگ دادەنرێـت، کە زمـــانەوانیی دادوەری لەو ڕێـــگەیەوە هەوڵ دەدات ناســـنامەی ئەو کەسەی کە دەقێکی دیاریکراوی نووسیوە دیاری بکات، ئەمەشیان بە بەراوردکردنـی وێنە (داتـای)ی هەردوو دەقەکە دەبێت، کە دەقێکیـان دیارە و هی تاوانبـارە، لەگەڵ ئەو دەقەی جێگەی گومـانە، لەم کـاتەدا هەردوو دەقەکە شـیدەکرێنەوە و بەراورد دەکـرێن بـۆ گەیشـتن بە بڕیـــاردان لە بـــابەتی شـــێوازی یەکســـانی هەردوو دەقەکە و ساغکردنەوەی دەق و دانەپاڵ تۆمەتبار .

**٣. شیکردنەوەی گوتار:**(Discourse Analysis)

ئەمەیان بریتییە لە شیکردنەوەی دەقێکی نووسراو یان زارەکی، بە مەبەستی وەڵامدانەوەی چەند پرسیارێکی وەک: کێ لە گفتوگۆیەکە دەستپێشخەر بوو؟ ئایا تۆمەتبار ڕازی بوو لەسـەر بەشداریکردن لە ئەنجامدانی تاوان؟ یان بەزۆر ناچارکرا ئەو کارە تاوانکارییە بکات و بەشداری تێدا بکات؟ .

شـیکردنەوەی گوتـار شـیکردنەوەی ئەو ڕاسـتییانەیە، کە لەنـاو دادگاکـان و ژوورەکانی لێکۆڵینەوە ئەنجام دەدرێن. لێرەدا زانایـانی زمـــانەوانیی دادوەری لە هەنـــدێک لەو بەکارهێنانـــانەی زمـــان

پێکهێنانەکـانی و ئەو واتـا و مەبەسـتە سـنووردارانەی کە لێـیەوە بەرهەم دێن، دەکۆڵێتەوە.

**٤. شیکردنەوەی(زمانی دایک)ی قسەکەر(**Linguistics Origin Analysis)

بـریتییە لە زنجیـرەیەک هەڵسـوڕان، کە زانایـانی زمـانەوانیی دادوەری بۆ زانینی زمانی دایک ئەنجامی دەدات، کە کەسێک قسـەی پـێ دەکـات، لەو کـارانەی بـۆ ئەم مەبەسـتە ئەنجـام دەدرێـن، وەک وەرگرتنـی کـاغەز و بەڵگەنامەکـانی وەک ڕەگەزنـامە، پاسـپۆرت، ڕەزامەندیدان، ڕەتکردنەوەی داواکردنی مـافی پەنابەرێتی سیاسـی و نیشـینگە لە هەنـدێک دەوڵەتـان، ئەم شـیکردنەوەیە لەسـەر بنەمـای وەرگـرتن و فێربـوونی زمـان و تیۆرەکـانی دەکرێـت. زۆر زەحـمەتە کەسـێک زمـانێکی بێگـانە فێربـووە و قسـەی پـێ دەکـات، وەک ئەو کەسـە قسـەی پـێ بکـات کە زمـانی دایـکە بـۆی، لەبەر ئەوە ئەو ڕێـگەیەی کەسـێک لە زمانێـک قسـەی پـێ دەکـات، دەکرێـت ڕوون بکرێتەوە و دیاری بکرێت، ئایا ئەو کەسـەی بەو زمـانە قسـە دەکـات، زمـانی دایـکە، یـان زمـانێکی بێگـانەیە و فێـری بـووە، دەکرێت زمـان بکرێـت بە پێـوەر بـۆ دیـاریکردنی شـوناس و وڵات و شـوێنی لەدایکبوون.( عبدالمجید عومەر، ٢٠١٤، ل ١٢٥).

**٧.٢:گرافۆلۆجی و زمانەوانیی دادوەری**

وڵاتە پێشـکەوتووەکان گرافۆلـۆجی وەک ڕێـگەیەک و شـێوازێکی سـەرکەوتوو سـەیر دەکەن، بـۆ لێکـۆڵینەوە لە بەڵـگەی تـاوان و تاقیکردنەوەی دەستنیشانکردن بۆ کاری پارێزەری ، و پارێزەرەکان بۆ ناسینی سەردانیکەرانیان و تێگەیشتن لە شایەتەکان و دەرکردنـی

بڕیاری دادگا و دیاریکردنی ڕاستی تاوانبار زۆر سوودی لێ دەبینن، هەروەها سوودی هەیە لە دیاریکردنی ئەدگارە ترسناکەکان لە تۆمەتبار و تاوانباردا، کە لە کەسایەتی بەدیار ناکەوێت، و دەتوانرێت سوودی لێوەربگیرێت بۆ پشکنینی بڕوانامە و بەڵگە و واژۆ و بەراوردکردنی نووسینێک لەگەڵ نووسینێکی تر، هەروەها لە ولایەتە یەکگرتوکانی ئەمەریکا سوودی لێ دەبینرێت بۆ نەهێشتنی تیرۆر و ناسینی کەسانی ناحەز و دیاریکردنی توانای هۆشەکی و شارەزایی پلاندانانیان.( عبدالواحید موشیر دزەیی، ٢٠١٥، ل٢٣) .

**٨.٢: خەت و بەڵگە زمانییەکان**

خەت پەیوەندی بە خوێندنەوەوە هەیە، بنەمای هێماکانی نووسینە، نووسەر هەست و بیرەکانی خۆی پێ تۆمار دەکات، هۆکاری دەربڕینی دەنگە، یاریدەی خوێنەر دەدات چێژ لە جوانیی زمان وەربگرێت.( سمیع ابو مغلی، ل ٥٥). لەلایەکی تریشەوە جوانی خەت هۆکارێکە بۆ گەیاندنی واتای تەواو، ئەگەر خەت ناخۆش بێت، خوێنەر لە هەندێ واتا و مەبەست تێناگات، هەندێکجاریش وا ڕێکدەکەوێت هەر نەتوانی وشەکە بخوێنیتەوە. ئەگەر سەیری هەندێک پەڕاوی تاوانلێکراوان بە نموونە  بکەیت، (کە دواتر وەک پاشکۆ دایدەنێن)، دەبینین ئەو پەڕاوانە بە خەتێک نووسراون، کە کاتێکی زۆری دەوێت تا لە مەبەست و ئامانجەکە تێدەگەیت، بۆ ئەم مەبەستە حاکم (و.ک) دەڵێت: بابەتی خەت گرنگە بۆ گەیاندنی واتا و مەبەستی  ئەو کەسەی سکالا دەکات،  چونکە هەموو مەبەستەکە لەو پەڕاوەوە دەستپێدەکات، کە لە دادگا یان بنکەیەکی پۆلیس تۆمار

دەکرێـــت، بەداخەوە زۆربەی ئەو کەســـانەی ســـکاڵا بـــۆ کەســـی تاوانلێکراو دەنووسن، خەتیان ناخۆشە، هەرچەندە بەشێک لە بنکەی پـۆلیس لە ڕێـگەی کۆمپیـوتەرەوە دەینووســن، بەڵام تـا ئێسـتاکە زۆربەیـــان بە دەســـت دەینووســـن، ســـەیری ئەو پەڕاوە بـــکە، کە داوامـــانلێکراوە، دووبـــارە پێـــداچوونەوە بـــۆ ئەم کەیســـە بکەیـــن، بەداخەوە بەهـۆی خراپـی دەستنووسـەکەوە، نـاتوانین بەتەواوی لە بـابەتەکە بگەیـن، لێـرەوە کـاری ڕۆتینـات دەسـتپێدەکات، بـاوەڕ بکە زۆرجار ئاو بە چاومان دێتە خوارەوە، بەهۆی ئەمەوە، بۆیە پێویستە سوود لە تەکنەلۆژیا بۆ ئەم کارە ببینرێت.

**٩.٢: ڕێنوس و بەڵگە زمانییەکان**

هەر دەقێک یان کەرسەیەکی زمانی گوتراو یان نووسراو، ئەگەر لە چوارچێوەی بواری یاسایی یان تاواندا دەقێکی وەرگیراو بوو، ئەو کاتە دەقێکی دادوەرییە، دەشێت هەموو شتێک دەقێکی دادوەری بێت، لەوانە سـەرپێچیکردن، وەسـیەتنامە، گرێبەسـت، هەڕەشـەکردن یـان سـکاڵا.( سـاجیدە عبداللە فەرهـادی، ل ١٦). ئەگەر سـەیری پەڕاوی کەســـی تـــاوانلێکراو بکەیـــن، بەداخەوە لە ڕووی ڕێنووســـەوە کەموکووڕی زۆری تێدایە، هەرچەندە زانایان ڕێنووس بە بوارێکی زانســتیی دانانێــت، بەڵام لە کۆتاییــدا پەیوەنــدی بە زمــانەوە هەیە، لەلایەکـی تریشـەوە فەرمـانگەیەکی فەرمـی وەکـو دادگـا پێویسـتە ڕەچاوی تایبەتمەندی ڕێنووس بکات، دەربارەی کەموکووڕی ڕێنوس لە پەڕاوی تاوانلێکراودا، پارێزەر (هـ ، ع) دەڵێت: بەڵێ کەموکووڕی زۆر لە ڕێنووســـی ئەم پەڕاوانەدا هەیە، زۆرجـــار ئەم هەڵانەش لە

بڕیارەکانیشـــدا دەردەکەوێـــت، بەڵام ئەوەی تـــۆ مەبەســـتتە ســـکاڵای تـــاوانلێکراوە، ئەو کەســـەی ســـکاڵاکە دەنووســـێت، پێویســـتی بـــە شـارەزاییە لەم بـوارەدا، ئەگەر زۆریـش نەبێت، کەمێک بزانێت، یـان هەر نەبێت خول بۆ ئەو جۆرە کەسانە بکرێتەوە، تا کارامەییەکانیان لە بـواری زمانـدا بەرەو پـێش بچێـت، بە تـایبەتی بـۆ کەسـێک کە لە بواری یاسا و دادگاکان کار دەکات، یان هەر هیچ نەبێت لە خوێندنی زانکۆدا گرنگی پێ بدرێت، ئەگەر وەک وانەیەکیش بێت، هەرچەندە بابەتێـــک بە نـــاوی (مراســـلات) ئەگەر مابێـــت دەخوێنرێـــت، بەڵام لەوێشـــدا گرنگـــی بە بـــواری ڕێنـــووس و بگـــرە زمـــانیش نادرێـــت، هەرچەنـدە زمـان و یاسـا دوانەیەکـی لێکدانەبڕاون، ئەو بابەتـەی کە تۆش باسـی دەکەیت، بە نـاوی زمـانەوانیی دادوەری هیـوادارم ببێتە پرۆژەیەک تا توانا زمانییەکانمان پەرەی پێ بدرێت.

**٢ـ١٠: قۆناغەکانی نووسینی سکاڵاکردن**

ســـــکاڵاکردن بە چەنـــد قۆناغێکـــدا تێـــدەپەڕێت، ئەوەی ئـــێمە مەبەســـتمانە، داوای تـــاوانلێکراوە، کە خـــۆی لە کۆمەڵێـــک زانیـــاری دەبینێتەوە، وەک (ناوی ئەو دادگایەی سکاڵاکەی تێدا تۆمار دەکرێت، ڕێکەوتـی سکاڵاکە، بـابەتی سـکاڵاکە، نـاوی کەسـی سـکاڵالێکراوەکە، شـوێنی ئەنجامـدانی تـاوانەکە، نـاوەرۆکی بـابەتەکە، نـاوی کەسـی تـاوانلێکراوەکە). ئەوەی لێرەدا گـرنگە کـێ ئەم کـارە ئـەنجام دەدات؟ چـونکە ناکرێت لە ڕێگەی چەنـد پەڕێکەوە مەبەسـتی تـاوانلێکراوەکە بنووسـرێت، لێرەدا مەبەسـتم درێژەدادڕییە. پـارێزەر (م.ش) دەڵێت: ئەو کەســەی ســکاڵای هەیە، هەرچــی ئەو وتــی تۆمــار دەکرێــت، تــا

مەبەستەکەی بگەیەنێت، بەڵام هەندێکجار سکاڵاکە دابەشی بابەتەکە نەکراوە، لە سەرەتادا نازانی بابەتەکە چییە؟ بۆیە بەناچاری و تاقەت پروکێنە، کە دەبێت هەموو پەڕاوەکە بخوێنیتەوە، زانیاری ناپێویست دەنووسرێت، بە بۆچوونی من دەبێت پێش ئەوەی سکاڵاکە بنووسرێت، سەرەتا دەبێت لە واتا و مەبەستی بابەتەکە بگەیت، دواتر زانیارییەکان دابەش بکرێت، ئەوەی پێویست نییە لاببرێت، دوبارە دابڕێژرێتەوە.

**١١.٢: بوارەکانی زمانەوانیی دادوەری لە هەرێمی کورستاندا**

ئەو بوارانەی لەسەرەوە باسمانکرد، هەوڵدەدەین بە شێوەیەکی کرداری لێکۆڵینەوەی لەسەر بکەین، بۆ ئەو مەبەستە توێژەر سەردانی (بەڵگەی تاوانەکانی) لە شاری هەولێر کرد، کەچی بە پاساوی جیاجیا هاوکار نەبوون، بەڵام ئەوە نەبوو بە ڕێگر بۆ توێژینەوەکەمان، بەڵکو چەند حاکم و پارێزەرێکی بەڕێز هاوکاریان کردین.

سەرەتا پرسیاری ئەومان لێکردن، ئایا بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا ئاستەنگی دیاریکردنی کەسی تاوانباری دروستکردووە، لەم بارەوە حاکم: (هـ ، ح) دەڵێت: ئەمڕۆ تەکنەلۆژیا پانتاییەکی فراوانی لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵک داگیرکردووە، بەداخەوە کۆمەڵگەی ئێمە ڕۆشنبیرییەکی هەمەلایەنەی نییە، کە چۆن مامەڵە لەگەڵ هۆیەکانی پەیوەندیکردن بکەن، بێشک ڕۆژانە ڕووبەڕووی کێشەی جۆراوجۆر دەبینەوە، یەکێکیش لەو کێشانەی ئەمڕۆ ڕوو لە زیادبوونە، ئەو تاوانانەی لەڕێگەی تەکنەلۆژیا ئەنجام دەدرێن، وەک (هەڕەشەکردن،

جنێودان و ناوزڕاندن و چەندین تاوانی تر، بە تایبەتی ئەو تاوانانەی لە ڕێگەی مۆبایلەوە ئەنجام دەدرێت .

هەروەها ئێمە پرسیاری ئەوەشمان لێکرد، کە ئێوە چۆن کەسی تاوانبار دەستنیشان دەکەن؟ لەم بارەوە حاکم (هـ ،ح) دەڵێت: ئەگەر کەسی تاوانلێکراو کەسی تاوانبار بناسێت، کارەکەمان بۆ ئاسان دەکات، بەڵام ئەگەر نەیناسێت، ئەو لێرەوە کێشەی تر ڕوودەدات، بۆ نموونە ئەو تاوانانەی لە ڕێگەی ئامێری مۆبایلەوە ئەنجام دەدرێت و کەسی تاوانبار دیار نییە، ئەوە دەبێت خاوەنی ئەو ژمارە مۆبایلە دەستنیشان بکەین، بەڵام مەرج نییە کەسی تاوانبار بێت، بەڵام بەپێی یاسا دەبێت بگیرێت، بزانین ئایا ئەو کەسە تاوانبارەکەیە؟ لەلایەکیترەوە گەورەترین کێشە کە ڕووبەڕووی ئێمە دەبێتەوە، ئەوەیە زۆربەی سیمکارتەکان خاوەنەکانیان وەهمین یان دیار نین، یان کەسی تاوانبار لە ڕێگەی مۆبایلی کەسێکی ترەوە تاوانەکە ئەنجام دەدات، بەبێ ئەوەی خاوەنەکەی دیار بێت، بەداخەوە دەبێت ئەوە بە یاسا ڕێکبخرێتەوە.

هەروەها ئێمە پرسیاری ئەوەشمان لێکرد، کە ئایا ئەو تاوانانەی لە ڕێگەی مۆبایل ئەنجام دەدرێن، ناتوانرێت لە ڕێگەی شیکردنەوەی دەنگ دەستنیشان بکرێن؟

لەم بارەوە پارێزەر (ب،س) دەڵێت: یەکلایکردنەوەی ئەو جۆرە کێشانە، کارێکی وا ئاسان نییە، ئەمە پێویستی بە پسپۆڕی تایبەتی هەیە، لەلایەکیتریشەوە پێویستی بە ئامێری پێشکەوتوو هەیە، کە ئێمە لە کوردستان هێشتا نەگەیشتەینەتە ئەم جۆرە پێشکەوتنە و

ئـێمە پێویستیشـمان بە بـانکی دەنگـیش هەیە، چـۆن ئەمە دروسـت دەکرێـت ؟ لەوەیە ئەو کـارەش کـاتێکی زۆری بوێـت، بەڵام ناکرێـت بکـرێتە پاسـاو، بـۆ نمـوونە ئـێمە کـارتی نیشـتمانیمان هەیە، کە تێـدا وێـنەی کەسـەکە و پەنجەمـۆری کەسـەکە وەردەگیرێـت، دەتوانرێـت دەنگیش لە کەسـەکە وەربگـرین، وەک دەنگەمـۆر بـۆ سـاغکردنەوە و دەستنیشانکردنی کەسی تۆمەتبار سوودی لێ ببینین.

هـەروەها ئێمـە پرسـیاری ئەوەشـمان لێکـرد، کـە ئەگەر کەسـێکی بیـانی تاوانێـک ئەنجـام بـدات، بەتـایبەتی لە ڕێـگەی مۆبـایلەوە، لە نـاوخۆی کوردسـتان چـۆن ناسـنامەی کەسـی تۆمـەتبار دەسـتنیشـان دەکرێت، یان کەسانی شارەزاتان لەو بوارەدا هەیە؟

لـە وەڵامـدا پـارێزەر ( ئـ ، ش) دەڵێـت: ئەم بـابەتە دەتـوانم بڵـێم پشـتگوێخراوە، چـونکە بـابەتەکە پەیوەنـدی بە زمـانەوە هەیە و ئەو بـــابەتەش نە کەســـی پســـپۆڕ و ڕاهێنـــراو لەم بـــوارەدا هەیە، نە زانکۆکـانیش بەشـێکیان هەیە، تـا قوتابییـان بـۆ بـواری لێکـۆڵینەوە لە تاوانەکاندا ئامادەی بکەن، ئەوەی دەبینرێت، زیاتر لایەنـی سـەلیقەییە، واتا لە شێوازی قسەکردن دەزانین، ئەویش بە شـێوەیەکی یەکجاری نییە، زۆرجاریش دەکەوینە هەڵەوە، بۆ نمـوونە کەسـێکی بەنگلادیشـی هەڕەشە لە کەسێک دەکات، کێ دەڵـێ ئەوە بەنگلادیشـییە؟ کێ ناڵێت نیپالییە؟

هەروەها ئێمە پرسیاری ئەوەشـمان لێکـرد، کـە ئەی سـەبارەت بەو تـاوانە ئەلیکترۆنیانەی لە ڕێگەی نـاردنی نـامە لە ڕێگەی فەیسـبووک

یان ئیمێل ئەنجام دەدرێن، چۆن دەستنیشانی کەسی تۆمەتبار دەکرێ؟

لە وەڵامدا وتی: بۆ ئاشکراکردنی کەسی تۆمەتبار، دووبارە دەبێت سەیری ژمارە و ناونیشانی ئەو ئیمێلە بکەین، بەداخەوە ئەوەی کە تۆ باسی دەکەی، دەبێت بە شێوەیەکی زانستیی و بەشی زانستی هەبێت، کە تێیدا تاوانە جۆراوجۆرەکان ئاشکرا بکرێن و کەسی شارەزا لەم بوارەدا پێبگەیەنین، خولی بەردەوامیان بۆ بکرێتەوە، بەڵام تا ئێستاکە لە ناوەندە ئەکادیمییەکان بە شێوەیەکی بەرچاو بایەخی پێنەدراوە، ئەوەی دەبینرێت زیاتر پەیوەستە بە وەزارەتی ناوخۆ و سلکی عەسکەری.

هەروەها ئێمە پرسیاری ئەوەشمان لێکرد، کە ئایا تا ئێستا بۆ یەکلاییکردنەی کەیسێک سوود لە کەسی زمانەوان دەبینرێت؟

وەکو خۆم بەڵێ، بەڵام ئەوە تۆ شتێکت بە بیر هێنامەوە، بۆچی ئێمە لە یەکلایکردنەوەی کێشەکاندا کەسێکی پسپۆڕی زمانمان لەگەڵدا نەبێت، یان بۆچی لە بنکەی پۆلیس کەسێکی ڕاهێنراوی زمانەوانی لێ نەبێت، دەزانیت ئێمە لەگەڵ پەڕاوی ئەو سکاڵایانەی دەنووسرێن چەند کێشەمان هەیە، ئەی ئەگەر کەسێکی بواری زمان لەو ناوەندانە هەبێت، کارەکە بۆ ئێمە ئاسان ناکات، بەدڵنیاییەوە بەڵێ، نەک هەر ئەوەش، بەڵکو پێویستە لە ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە لە تاوانیشدا کەسانی پسپۆڕی زمان هەبێت، چونکە ئەو دەزانێت چۆن زانیارییەکان ڕێکبخات و واتا و مەبەستی کەسی تۆمەتباریش بزانێت

و ڕێگە و شێوەی جۆربەجۆر بگرێتەبەر بۆ دەستنیشانکردنی کەسی تۆمەتبار.

**١٢.٢: ڕاپرسی**

بۆ زیاتر دەوڵەمەندکردنی بابەتەکە و ئاشناکردنی ئەو کەسانەی لە بواری یاسادا ڕۆڵ دەگێڕن و لەو کایەدا کار دەکەن، بەتایبەتی مامۆستا و قوتابییان، لێرەدا چەند پرسیار ئاراستەی قازی و دادوەران و مامۆستایانی بەشی یاسا کراوە.

**ئایا زاراوەی یان بابەتی (زمانەوانیی دادوەری ، علم اللغة الجنائي، علم اللغة القضائي)ت بیستووە؟**

ئەو پرسیارە ئاراستەی مامۆستایان و یاساناسان کراوە، ئەو کەسانەی لەم ڕاپرسییە بەشداربوون: ( ٩٨% نەخێر ٢% بەڵێ).

**ئایا بابەتێکت بە ناوی (زمانەوانیی دادوەری ، علم اللغة الجنائي ، علم اللغة القضائي) لە ناوەندە ئەکادیمییەکان خوێندووە؟**

دوای بەدواداچوونی توێژەران و ڕاپرسییکردن، بابەتێک لە ناوەندە ئەکادیمییەکان بابەتی ( زمانەوانیی دادوەری) ناخوێنرێت، بۆیە ئەو کەسانەشی بەشداری ڕاپرسییەکەیان کردبوو، هەموویان بە **(نەخێر)** وەڵامیان دابۆوە .

**لە کاتی دادگایکردنی تۆمەتبارێک، هەبوونی پسپۆڕی زمان لە کاتی دادگایکردنەکە بە پێویست دەزانیت؟**

٧٨% بە بەڵێ وەڵامیان داوەتەوە، ٢٢% بە نەخێر.

**بۆ ساغکردنەوەی ڕاستی و دروستی نامەی خۆکوژێک، یان نامەی ساختە، بۆ شیکردنەوەی نامەکە پەنا بۆ پسپۆڕی زمانەوانی دەبرێت.**

٩٩% نەخێر ١%  بەڵێ

**تاقیگەی زمانی بۆ یەکلایکردنەوەی ئەو کێشانە بەکاردەهێنرێت، کە (دەنگ) لە ڕێگەی ئامێرەکانی پەیوەندیکردندا ئەنجام دەدرێت؟**

١٠٠%نەخێر

**ئایا هیچ کەسێک لە دادگاکاندا دامەزراوە و هەیە، کە شارەزایی زمانەوانیی دادوەری بێت، بۆ هاوکاریکردنی دادوەرەکان بۆ دەرخستنی لایەنی تۆمەتبار؟**

١٠٠% نەخێر

**لە کاتی وەرگرتنی وتەی تۆمەتبار و تاوانلێکراو، بایەخ بە لایەنی ڕێزمانی (وشە، ڕستە، ڕێکخستنی واتاکان دەدرێت؟**

٨٧ %نەخێر ١٣% بەڵێ

**ئایا هیچ خولێکی (زمانەوانیی دادوەری) بۆ دادوەرەکان، لە ناوەوە یان دەرەوەی وڵات دەکرێتەوە.**

١٠٠ %نەخێر ٠ %بەڵێ

**ئایا زانیاریت دەربارەی بابەتی (گرافۆلۆجی) خەتناسیی هەیە؟**

٧٣ %نەخێر ٢٤% بەڵێ

**ئایا زمانەوانیی دادوەری هاوکار دەبێت، لە ساغکردنەوە و یەکلایکردنەوەی کێشەکان.**

٧٩% بەڵێ ٢١% نەخێر

ئایا لە نووسینەوەی وتەی تۆمەتبار گرنکی بە لایەتی خۆشنووسی دەدرێت؟

٦٢ %نەخێر ٣٨% بەڵێ

ئایا تاقیگەی تایبەتی زمان یان دەنگ بۆ شیکردنەوەی وتەی تۆمەتبار لە ناوەندەکانی تایبەت بە لێکۆڵینەوە هەیە؟

١٠٠ %نەخێر ٠% بەلێ

## ئەنجام

١ــ پێویستە زمانەوانی دادوەری لە ناوەندەکانی خوێندن وەک بابەتێک بخوێنرێت.

٢ـ پێویستە ساڵانە کۆنفرانس و وۆرکشۆپ دەربارەی زمانەوانیی دادوەری بکرێت.

٣ـ بەشی تایبەت بەم بوارەدا بکرێتەوە، بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی زانستی لێکۆڵینەوە لەگەڵ کەسی تۆمەتبار بکرێت.

٤ــ لە بەشی یاسادا پێویستە بابەتی تایبەت بە ڕێنووس و خەتخۆشی و گرافۆلۆجی بخوێنرێت.

٥ـ لە دادگاکان کەسانی پسپۆڕی (زمانەوانیی دادوەری) دابنرێت، تا لە کاتی یەکلاییکرنەوەی سکاڵاکان هاوکار و یارمەتیدەری کەسانی بواری یاسا بێت.

٦ـ تاقیگەی تایبەت بە زمان لە ناوەندەکانی لێکۆڵینەوەدا دابنرێت.

٧ . هەماهەنگی لەنێوان دەزگا ئەکادیمی و دادوەری و ئەمنییەکاندا بکرێت، بۆ پێشخستنی زانستی زمانەوانیی دادوەری، کە تەوەری گرنگی بە یەکداچووی نێوان ئەم دەزگایانەیە، چونکە بەبێ هاوکاری توند و تۆڵی نێوان ئەم دەزگایانە لێکۆڵینەوە ناگاتە ئاستی پێویست.

٨ـ ئێستا کەموکوورِی و پێویستییەکی زۆر هەیە لە کتێبخانەکان لە بواری زمانەوانیی دادوەری، پێویستە ئاوڕێک لەو بوارە زیندووەی زمان بدرێتەوە و وەک پێویست گرنگی پێ بدرێت.

## سەرچاوەکان

**یەکەم: بە زمانی کوردی**


١ـ ساجیدە عەبدوللا فەرهادی(٢٠١٣)، زمانەوانیی دادوەری و شیکردنەوەی چەند دەقێکی دادوەری، گۆڤاری زانکۆی کۆیە، ژمارە ٢٩، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.

٢. سەلام ناوخۆش(٢٠١٤)، فەرهەنگی زمانەوانی ناوخۆش، چاپی یەکەم ، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.

٣ـ شێرزاد سەبری عەلی، عەبدولسلام نەجمەدین عەبدوللا(٢٠١١)، زمانڤانیا کارەکی، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆک.

٤ـ عبدولوهاب خالد مووسا(٢٠١٠)، دەستپێکێ بۆ زمانڤانیا پراکتیکی، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.

٥. عبدولواحید موشیر دزەیی(٢٠١٥)، زانستی گرافۆلۆجی، چاپی سێیەم، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر.

٦. عبدالمجید عومەر(٢٠١٤)، زمانەوانی دادوەری ـ سەرهەڵدان و گەشەکردن و کارپێکردن، و. سادق ڕۆستایی، گۆڤاری ڕامان، ژ (٢٠٠)، ٢٠١٤/١/٥.

٧. نەریمان عەبدوللا خۆشناو(٢٠١٦)، زمانەوانی کارەکی، بەشی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.

٨ـ هاژە چیچۆ محمدامین(٢٠١٥)، دارشتەی زمانی یاسایی لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سۆران.

٩ـ هـ .ج.ويدۆوسن ( ٢٠٠٨)، سەرەتايەک بۆ زمانەوانی، و. هۆشەنگ فاروق، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆک .
١٠ـ يوسف شەريف سعيد(٢٠١٤)، وانەكانی زمانەوانيی كارەكی، بڵاونەكراوە، زانكۆی سەلاحەددين، بەشی زمانی كوردی، كۆلێژی زمان.

**دووەم: بە زمانی عەرەبی**

١١ـ جون اولسون( ٢٠٠٨ )، علم اللغة القضائي ـ مقدمة في اللغة والجريمة و القانون، ترجمة: محمد بن ناصر الحقباني، جامعة الملك السعود، مطبعة النشر العلمي و المطابع، طبعة الاولى، رياض .
١٢ـ حيدر سعدون المؤمن( ٢٠١٥ )، مباديء الصياغة القانونية، دار الشؤون القانونية، العراق.
١٣ـ خليفه بن يحيى بن سعيد الجابري، اللغة العربية واهميتها في عمل القاضي، المؤتمر الخامس و العشرين لمدير المعاهد القضائية ورؤساء ادارات الاطر القضائية في دول العربية، ٢٠-٢٢ مارس ٢٠١٧، عمان.
١٤ـ فرح محمد صوان، علم اللغة الشرعي ـ نظرية عامة موجز، علم اكاديميا، ١٤|٢٠١٨/٧ .
١٥ـ فيصل بن سعود العلوي(٢٠١٩)، البناء اللغوي للنص القانوني فى ظل اللغة العربية، محاضرات جامعة السلطان قابوس.
١٦ـ عبدالقادر شيخلي(٢٠١٤)، الصياغة القانونية، دار الثقافة عمان، الطبعة الاولى، الاردن .

١٧ـ نسـرين سـلامة محاسـنة(٢٠١١)، مهـارات البحـث و الكتـاب القانونية، دار الميسرة، الطبعة الاولى، قاهيرة.
١٨ـ نجـاة سـعدون، جمـال بوتشاشـة(٢٠١٧)، البنـاء اللغـوي للـنص القـانوني بـين العربيـة و الفرنسـية فـي ظـل لغـة الاختصـاص، جامعـة الجزائر، العدد ٢٨، يونيو، الجزائر .

**سێیەم: بە زمانی ئینگلیزی**

19- Norbert Schmitt(2012), Applied Linguistics, Second editio Hodder education, London.

# پاشكۆكان

دادگای لێکۆڵینەوەی دادگاکانی هەولێر

١٧-١-٢٠١٩

ناوی تۆمەتبار / [redacted] لەدایکبوون ١٩٨٤ پیشە - کاسب
دانیشتووی - هەولێر - سیتاقان - ...

ڕێکەوتی ڕووداوەکە ئاگادارم بەڵام نازانم کات چەند بوو (١١)ی شەو من
و خێزانم و برایەکانم ([redacted]) + ([redacted]) بە ئۆتۆمبێلی خۆمان چووینە
شاروێ ... کاتێک گەڕاینەوە بۆ ماڵی ([redacted]) یە چونکە
(حزبیە) ... ماڵەوە لە سیتاقان دوو ... خانووی ... ئێمەی فڕاندووە
... بۆیە ئێمە چووین بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە و کەکە گەیشتینە ... ئەوێ
... ([redacted]) ... بە ... دانیشتووە ... دەستی
کرد بە جوێندان ... ([redacted]) و دوو کچی تر و کوڕەکەی
([redacted]) کە ناوی ([redacted]) ... ئێمەیان دا بە بەرد و جامی
ئۆتۆمبێلیان شکاند ... بوو ... ([redacted]) ... ([redacted]) سەلاحی هێنا
... تەقاندی بۆ ... ([redacted]) سەلاحی تری
هێنا ... ([redacted]
)
... تەقاندی ... بوو ...
... ([redacted]) ... لە حاڵی
... ([redacted]) ... بووینە ...
... سەلاحەکان ... و ...
... لە ... داوای ... ناکەم ...

ڕێکەوت/ ١ / ٩ / ٢٠١٩

وەکو لە تۆمەتبارت دابنێشەر ( [redacted] ) لە دایک بووی (٢٠٠٠) بێشەر [illegible] ماڵ دانیشتووی هەولێر/ ڕێگای ١٠٤ ژ ١٣٠/٩ ( [redacted] ) بابە ناوی (سەلماسی) [illegible] وتی:

من تاکو ئێستا (٣) ماشێنم فرۆشتووە وەمن شەریکم لەگەڵ [illegible] ماشێنی [illegible] (مصطفى) لە (پەیوەند) تێکەڵ بووین ماشێنەکان لە ئێران هێنا [illegible] (٩٠٠٠) دۆلار [illegible] لە بازاڕ بە (٧٠٠٠٠) دینار فرۆشتمان [illegible] کوردستان [illegible] فرۆشتمان وەدوو (٢) هەفتە [illegible] دووەم ماشێنێکی [illegible] (پەیوەند) [illegible] کاتژمێر (١) [illegible] بازاڕ بە (١٢٥٠٠٠) دینار فرۆشتمان وە لە ئێران [illegible] وە من [illegible] هەردووکیان [illegible] (٨٠٠٠) دۆلار [illegible] کاتژمێر (١٢) [illegible] ئەوەی [illegible] دەکەم.

ڕاشد
[redacted]

دادگای لێکۆڵینەوەی هەولێر
١/٩/٢٠١٩

[illegible] [redacted] [illegible]
بۆ [illegible] دوای [illegible] کرد.

دادوەری لێکۆڵەر

٢٤/٣/٢٠١٩ — ئاگرکردنەوەی نەورۆزستان

لە ... داوای داوەکار / [redacted] / ٥ ساڵ ئامادەبە کە گیراوەکەی یاسای
لە دژی تۆمەتباران دژ هـ ر ٥ / ابراهیم ولید شەعبان و بیاری کارەکەشیان
... کە لە شەوی ٢١ / ٣ / ٢٠١٩ چوونەتە ماڵی داوەکار و لە ئێوارە دزیان
لە ماڵی کردووە بۆیە سکاڵا تۆمار دەکەین

داوەکار

دوێنێ سادا داوەکار / [redacted] / ... ١٩٩٢ پیشەی کرێکارە
کۆمپانیای سیارە داری شیوەی ملاشۆ ... نزیک ساعەت شەش و نیو
ئێوارە بو شوێن ... [redacted] ... بەنزینخانە ... دەرچین

داوای سکاڵای یاسایی دەکەم لە دژی تۆمەتباران هـ ر ٥ / [redacted]
شەعبان و [redacted] لەبەر ئەوەی لە ئێوارەی ٢١ / ٣ / ٢٠١٩
یەکەم رۆژی جەژنی نەورۆز بووم لەگەڵ خێزان و منداڵەکانم
چووینە گەشت و سەیران لە ئێوارە گەڕاینەوە بۆ ماڵەکەم
... بینیم دەرکەوت کە ماڵەکەم شێوێنراوە رووداوی دزی
بووە و پەنجەرە و دەرگا شکاوە ... کامێرەکانم ... میزی چا و ...
پێشکردووە و دەرکەوت تۆمەتباران ... تاوانەکەیان ئەنجام
داوە و ... دەرکەوت مبلغ (٣٢٠٠٠٠) ... بەست ...
دیانام ... و سکاڵام هەیە و شاهیدم نییە ... کامێرام ...

داوەکار

سەرۆکی دادگای بالای لیژنەی دوو

وەرگرتنی هەوراز

[illegible]

وەرشەی دادوەری ... ردا [illegible]) لەدایک بووی

١٩٩٩ پیشەی کاسب دانیشتوی هەوراز لە ... هەوشت

لە ڕەوانشەی ... ژمارە (٠٧٥٠٣٦٦٣٢٤٤) ... پێناسە

بیانمان بەپێی ...

شەهیدی ١٨/١٩ / ٨ / ٢٠١٩ کاتژمێر (١)ی شەو ماڵمان

خەوتبووین لە چوار دەورمان پەیدابوون بە ئیرانی ڕەنگ ... لە پێش

ماڵی خۆمان ... ئاگر ... بوو ... بە یەکەوە ماڵەکە ...

پاسدارانی ... لەو ماڵەوە ... جادر ... جیرانیکمان ... دەگەڵ ...

بەوالە ... بە ناوی ([illegible]) ...

هەر جیرانەکان هەمووی ... شەو ...

(١)ی ... بەرچاوی ماڵەکەم ... لە ...

... گوللە بارانیان ... کرد ... لە ...

... ئەم شەهیدەی ... دواتر ... کەم ... بە ئاگاداری ... لە

دا

[illegible] هەولێر

٤/١٢/٢٠١٩

گوفتاری [illegible] ([redacted]) لە دایکبووی ساڵی ٢٠٠٣)

[illegible]

[illegible]

[illegible] ([redacted]) [illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible] ٢١/١/٢٠١٩ [illegible] (١)

[illegible]

[illegible]

([redacted]) [illegible]

[illegible] (SB Plus) [illegible]

[illegible]

[illegible]

ئەمڕۆ داواکار ([redacted]) [illegible] [redacted] [illegible]

[illegible]

[illegible] داواکار ([redacted]) [illegible] ١٩٥٤

[redacted]

[illegible]

[illegible] (٢٧ / ٧ / ٢٠١٩) [illegible]

[illegible] ([redacted]) [illegible]

([redacted]) [illegible]

[illegible]

[illegible] ([redacted]) [illegible]

([redacted]) [illegible]

داواکار [illegible]

[illegible]

داواکار / [illegible] ٢١ - ٨ - ٢٠١٩ [illegible]

[illegible]

[illegible] ([redacted]) [illegible] [redacted] [illegible]

[illegible]

[redacted]

[illegible]

# زمانەوانیی بەراوردی و زمانەوانیی بەرانبەری

## زمانەوانیی بەراوردی

لقێکە لە لقەکانی زمانەوانیی کارەکی، ئەم لقە بەراوردی نێوان دوو زمان یان زیاتر دەکات یاخود بەراوردی نێوان دوو زار یان زیاتر دەکات، بە مەرجێک سەر بە یەک خێزانە زمان بن، لەم بەراوردکردنەدا خاڵی لێکچوون و جیاوازی نێوان زمانەکان یاخود زارەکان دەخرێتەڕوو.

ئامانجی بەراوردکردنەکە دۆزینەوەی لایەنی مێژوویی و دەرخستنی لایەنی مێژوویی دووری نێوانیان و گەیشتن بەو زمانەی کە پێشتر لێوەی پەیدابوونە،(١) واتە زمانی سەرچاوە، واتە ئەمجۆرە بەراوردکردنە ئامانجی مێژووییە لە بەستنەوەی زمانەکان یان زارەکان بە یەکترییەوەیە، ئەمجۆرە بەراوردکردنە وەکو بەراوردکردنی نێوان زمانی کوردی لەگەڵ زمانی ئینگلیزی یان فارسی یان ئەڵمانی یان فەرەنسی یاخود بەراوردکردنی زاری کرمانجی ناوەڕاست لەگەڵ زاری کرمانجی سەروو یاخود زاری کرمانجی خواروو یاخود زاری گۆران دەگرێتەوە.

### زمانەوانیی بەرانبەری

لقێکە لە لقەکانی زمانەوانیی کارەکی، ئەم لقە بەراوردی نێوان دوو زمان یاخود زیاتر دەکات، یان بەراوردی نێوان دوو زار یاخود زیاتر دەکات، بە مەرجێک زمانەکان یاخود زارەکان سەر بە خێزانە

---

[١] ــ محمد موسى عطا، مناهج الدرس النحوي، دار الاسراء، اردن، ٢٠٠٢، ص٢٢٨.

زمـانی جیـاوازبن. ئامـانجی ئەم بەراوردکـردنە دۆزیـنەوەی لایەنـی مێژوویـی ئەم زمانـانە یـان ئەم زارانە نیـیە، بەڵکـو بەراوردکردنـی لایەنـی وشەسـازی و ڕستەسـازی و فەرهەنگسـازی نێوانیـانە (١)، وەکو بەراوردکردنـی نێـوان زمـانی کـوردی لەگـەڵ زمـانی عەرەبـی یاخود بەراوردکردنی زمانی کوردی لەگەڵ زمانی تورکی یان زمانی چینـی. یـاخود بەراوردکردنـی زاری کرمـانجی ناوەڕاسـت لە زمـانی کوردی لەگەڵ زاری سعێدی لە زمـانی عەرەبیدا. ئەم لقەی زمـانیش لایەنی لێکچوون و جیاوازی نێوان زمانەکان دەخاتەڕوو.

## ڕێبازی بەرانبەریی

### پێناسە و مێژووی سەرهەڵدانی

یەکێکـە لـە بوارەکـانی زمـانەوانیی کـارەکی، کە بە لایەنـی زانسـتی کـارەکی بـۆ تـوێژینەوە لـە زمـانەوانییە بەرانبەرییەکـان هەژماردەکرێـت.(٢) هـەروەها ئـەم بـوارە جەختـدەکاتەوە سـەر ڕووننامەکانی پەیوەست بە سیستەمی زمانەوانی زمانی دایک و ئەو زمانەی (زمانی مەبەست ـ زمانی دووەم) خوازیاری فێربوونین، کە

[1]ـ محمد موسى عطا، مناهج الدرس النحوي، دار الاسراء، اردن، ٢٠٠٢، ص٢٢٨.

٢- خليل أحمد عمايرة(١٩٨٤)، في اللغة و تراكيبها: ، عالم المعرفة، ط١، ص٢٠.

پشت بە ڕێبازی وەسفی دەبەستێت و ئەنجامی توێژینەوەکانی لە بواری زمانەوانی کارەکیدا بەکاردەهێنێت.[1]

ئەم ڕێبازە دوای جەنگی جیهانی دووەم سەری هەڵدا و هۆکاری سەرهەڵدانەکەشی پەیوەست بوو بەوەی، کە خواستێکی زۆر لەسەر فێربوونی زمانە بیانییەکان هەبوو، هەروەها دروستبوونی بۆچوونێک لای مامۆستایانی زمانانەکان دەربارەی ئەوەی، کە ئەو ئاستەنگانەی لە پرۆسەکانی خوێندندا ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، هۆکاری سەرەکی پەیوەست بوو بەو جیاوازیانەی لەنێوان زمانی دایک و زمانە بیانییەکاندا هەیە، کە خوازیاری فێربوونین.[2]

ڕێبازی بەرانبەریی زمانەکان بۆ ئەوە دەخوێندرێت، تاکو جیاوازی لەنێوان زمانەکان بدۆزێتەوە، چونکە لەم ڕێبازەدا توێژینەوە لەنێوان دوو زمان یان دوو زار یان دوو شێوەزار یان دوو ئاستی ئاخاوتن لە خودی وانە زانستییەکەدا دەکرێت، تاکو پەی

---

١- عبدالقادر عبدالجليل(٢٠١٠)، المعجم الوظيفي لمقايس الادوات النحوية و الصرفية، دار الصفاء للنشر والتوزيع ـ عمان، ط٣، ص١٢٠ .

٢- نور الهدى الوشن(٢٠٠٦)، مباحث في علم اللغة و مناهج البحث اللغوي، المكتب الجامعى الحديث – الاسكندرية، ط١، ص٢٩٣.

به جیـــــاوازییە بابەتییەکـــــانی هەردوو ئەو لایەنە بەریـــــن، کە توێژینەوەکەیان لەسەر بونیاد دەنرێت.[1]

## جیاوازی نێوان ڕێبازی بەرانبەریی و ڕێبازی بەراوردی

زمانەوانیی بەراوردی، بەراورد دەکات لەنێوان ئەو زمانانەی سـەر بە یەک خێزانـە زمـان و ئاراسـتەی ئەنجـامێکی مێـژوویین، هەروەها هەوڵدەدات بۆ دۆزینەوەی لایەنە مێژووییەکانی دوور، ئینجا گەیشـتن بەو زمـانەی، کە هەمـوو زمانەکـانی لێـوەدەرچـوون، بەڵام زمانەوانی بەرانبەری هـیچ پەیوەندییەکی بە لایەنـی مێژووییەوە نییە و توێژینەوەکـانی لە بـواری فێرکردنـی زمانـدا لایەنە کارەکییەکـەی بەئامـانج دەگرێـت، چـونکە تـوێژینەوەی بەرانبەریـی دەکرێ لەنێـوان دوو زمانی سەر بە یەک خێزانە زمـان یان دوو زمـانی سـەر بە دوو خێزانە زمان ئەنجام بدرێن. کەواتە ڕێبـازی بەرانبەریی بە مەبەسـتی دۆزیـنەوەی ڕەچەڵـەکی دێرینـی زمـان ئەنجـام نادرێـت، واتە ڕێبـازە مێژوویەکەی وەلادەنێت، بـەڵام بە مەبەسـتی ناسـینی جیاوازییەکـانی بـواری وشەسـازی و ڕستەسـازی و فەرهەنگسـازی نێـوان دوو سیسـتەمی زمـانەوانی ئەنجـام دەدرێـت. بـۆ نمـوونە دەتـوانین

---

١- مشـتاق عبـاس معـن(١٩٩٨)، المعجـم المفصـل فـي المصـطلحات فقـه اللغـة المقارن، دار الكتب العلمية، بيروت – لبنان، ص ٣٣.

توێژینەوەیەکی بەرانبەریی لەنێوان زمانی عەرەبی و زمانی ئینگلیزی یان لەنێوان هەردوو زمانی عەرەبی و کوردی ئەنجام بدەین.[1]

زۆربەی توێژەران پێیان وایە، کە ڕێبازی بەرانبەیی لەوانەیە لەنێوان دوو زمانی وا دابێت، کە سەر بە یەک ڕەچەڵەک نەبن، یان سەر بەیەک خێزانە زمانی نەبن، وەکو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی و فەرەنسی و عیبری و ... هتد. هەندێک توێژەری دیکەش هەن پێیان وایە ڕێبازی بەرانبەریی تەنها لەنێوان دوو زمانی سەر بە یەک خێزانە زمان ئەنجامدەدرێت، ژمارەیەکی دیکەش لەو توێژەرانە جەخت لەسەر ئەو دەکەنەوە، کە ڕێبازی بەرانبەریی لەوانەیە ئەو ئاستە زمانەوانیانەی دیکەش بگرێتەوە، کە بەگشتی لە زمانەکانەوە دروست دەبن.

دەربارەی ئەم بیروڕایانە، (عەبدولقادر جەلیل) دەڵێت:(( **لە بنەڕەتدا بەرانبەرکردنەکە بۆ کاری فێربوون دانراوە، و ئامانجەکەشی کارەکییە، کە لە فێربوونی زمانەکان و وتنەوەی شێوازەکانی لەبواری وەرگرتنی خودی ئەو زمانەدا، ئەویش لەڕێگەی چاودێریکردنی ئاستەنگەکانی، لەبەر ئەوە دەکرێ زاراوەی بەرانبەریی لە هەموو بوارەکانی فێربوونی زماندا بەکاربهێنرێت، چ**

---

١- محمد موسى عطا(٢٠٠٢)، مناهج الدرس النحوي، ط١، دار الاسراء – أردن، ص٢٢٨.

**سەر بە یەک خێزانە زمان یان سەر بە چەند خێزانە زمانێک بن، ئەویش لە هەموو ئاستە زمانییەکانیاندا)). [1]**

**ڕێباز و ئاراستەکانی زمانەوانی بەرانبەریی**

ڕێبازەکەی مەشخەڵێکە بۆ ئەو خوێنەرانەی ئارەزووی فێربوونی زمانێکی تازە دەکەن، ڕێبازێک لەسەری دەڕۆن و بە ڕێبازی زمانی دایک بەرانبەری دەکەنەوە، ئەویش لەگەڵ ڕەچاوکردنی ئەو نەریتە زمانەوانیانەی خوێنەر لەوانەیە لە بواری زمانەکەی خۆیدا وەریگرتبێت، ئەوا لەم حاڵەتەدا هۆشیاریی پێدەدرێت، ئەویش لەبەر ئەوەی خاوەنانی ئەم ڕێبازە وایدەبینن زمان نەریتێکی وەرگیراوە و وەکو هەر نەریتێکی دیکەی کۆمەڵایەتییە. [2] تویژینەوە بەرانبەرییەکان بە دوو ئاراستەدا هەنگاو دەنێت:

**یەکەمیان: ئاراستەی تیۆری:** ئەم ئاراستەیە لێکۆڵینەوە لەو لایەنەی زمانێکی دیاریکراودا ئەنجامدەدات، کە خوازیاری لێکۆڵینەوەین، ئەویش بەشێوەیەکی ورد و قووڵ، هەروەها توێژینەوەی ئەم لایەنە لە زمانی بەرانبەریدا بەهەمان ڕێژە گرنگ و

١- عبدالقادر عبدالجليل(٢٠١٠)، المعجم الوظيفي لمقاييس الادوات النحوية و الصرفية، دار الصفاء للنشر والتوزيع ـ عمان، ط٣، ص١٢١.

٢- محمد موسى عطا(٢٠٠٢)، مناهج الدرس النحوي، ط١، دار الاسراء – أردن، ص٢٢٨.

وردە، پاشان ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی بەرانبەریی لەنێوان هەردوو لایەنــدا و گەیشــتن بەو شــوێنانەی لەنێــوان هەردوو زمــانەکەدا لەیەکدەچن، یان تێکەڵکێشیان لەنێواندایە.

**دووەم: ئاراستەی کارەکی ئەرکی:** ئەم ئاراستەیە بۆ ئاسانکردنی فێربوونی زمانێک لە زمانەکان هەوڵدەدات، ئەویش بە ئەنجامدانی تــوێژینەوەی چەنــد ئاســتێکی هەمەجــۆر، لەو ئاســتانە وەکــو: توێژینەوەی دەنگی یان وشەسازی یان ڕستەسازی یان واتاسازی، بەرانبەر بە ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی هاوشێوە بۆ زمانێکی دیکەی دیاریکراو، ئینجا ڕوونکردنەوەی ئەو شتانەی کە لە دووتوێی یەک زماندا هەیە، تاکو ببێتە ئاسانکارییەک بۆ فێربوونی زمانێکی دی، هەروەهــا بــۆ سوودبەخشــین لە بــواری هەردوو زمــانەکەدا، ئینجــا زاڵبوون بەسەر ئەو ئاستەنگییانەی لەوانەیە ببنە لەمپەر بەرانبەر بە ڕەوشی ئاراستەکە لەڕووی تیۆری یان لەڕووی کارەکییەوە.[1]

**گرنگی ڕێبازی بەرانبەریی**

ڕێبــازی بەرانبەریــی گرنگــی بە بــەراوردیی زمانەوانییەکــانی نێوان ئەو زمانانە دەدات، کە سەر بە یەک ڕەچەڵەک نین، ئەم ڕێبازە لەڕاستیدا سروشتێکی فێربوونی هەیە، چونکە جەختدەکاتەوە سەر

١- محمد موسى عطا(٢٠٠٢)، مناهج الدرس النحوي، ط١، دار الاسراء – أردن، ص٢٤٥.

ناســـینی ئەو گرفتـــانەی خـــوێنەران بەدەســـتیانەوە دەنـــاڵێنن، کە دەیانەوێ بە ئاسانترین شێوە زمانی تـازە فێرببن، ئەویش بە زانینـی ئەو کێشـە و گرفتـانەی لە زمـانە تـازەکەدا ڕووبـەڕووییان دەبێتەوە، کاتێک دەچێتە ژێر سـاباتی زمـانە تـازەکە، بە کـۆمەڵە نەریتێک کە لە زمـــانی یەکەمەوە وەرگیـــراوە لەڕووی ڕستەســـازی و لەڕووی وشەسازی و لەڕووی دەنگ و واتاوە.

بێگومـــان دۆزیـــنەوەی ڕێبـــازی شـــیکردنەوەی بەرانبەیـــی و بەرەسەنکردن و بەرەوپێشبردنی ئامرازەکانی، سـوودێکی بێ وێنەی بۆ زمانەوانی و بۆ پسپۆڕانی ئەم بوارە هەبوو، ئەم ڕێبـازە ڕۆڵـی لە پۆلێنکردنی زمانەکـانی جیهانـدا هەبووە، بۆ چەنـد خێزانێکـە زمـانێکی هەمەجـۆر، ئەویـش لەکـاتی توێژینەیانـدا بەشـێوەیەکی بەرانبەریـی بەراوردی، ئەم پرۆسەیە بەڕوونی ئەو خاڵە هاوبەشـانەی دەرخسـت، کە بـووە هـۆی ئاسـانکردنی کـاری پۆلێنکردنەکە و خسـتنە دووتـوێی خێزانە زمانییە هەمەجۆرەکانەوە.

گرنگتـــرین فاکتەرەکـــانی پێشـــڤەچوونی ئەم ڕێبـــازە و سەرکەوتنی لە توێژینەوە زمانەوانییە هاوچەرخەکاندا، ئەو گرنگیدانە زۆرەیە، کە لەلایەن مامۆستایان و فێرخوازانەوە بەم ڕێبازە دەدرێت، شـــیکردنەوەی بەرانبـــەریی تـــاڕادەیەکی زۆر لە لێکدانـــەوەی گرفتـــی تێهەڵکێشـــی (Interference) لە بـــواری فێربـــوونی زمانەکـــان و وەرگرتنیـــان، ســـەرکەوتنی بەدەســـتهێنا، ئەوەبـــوو ئەنجـــام و

پراكتیزەكردنەكـانی لەبەرەوپێشـبردنی بـابەتی زمانەكـان و ڕێبـاز و شـێوازی فێركردنیـان بەكـاردەهێنران، ئەمەش بـووە هـۆی ئەوەی فێرخـوازان بتـوانن خۆپـارێزبن لە هەڵەی زمـانەوانی ئەوتـۆ، كە پەیوەنـدییان بە زمـانی یەكەمەوە هەیە و كـاریگەری لەسـەر زمـانی دووەم دروست دەكات، ئەویش بە درەخستنی ڕووەكانی لێكچوون و جیاوازییەكان لەسەر ئاستی دەنگسازی و لەسەر ئاستی وشەسازی و لەسەر ئاستی ڕستەسـازی و لەسـەر ئاسـتی واتاسـازی و لەسـەر ئاستی پراگماتیك.

هەروەها خوێنەرانی زانستی وەرگێڕان سوودێكی گەورەیان بە بـواری ڕێبـازی شـیكردنەووەی بەرانبـەریی بەخشـی، بینیـان كە زانینی ڕووەكـانی لێكچوون و جیاوازی نێوان ئەو زمانەی كە بۆی دەگوازرێتەوە یان لێوەی وەردەگیرێت، وا لە وەرگێڕ دەكات، توانـای خۆپاراسـتنی لە هەڵەی زۆر بـۆ دروسـت ببێـت، وەكـو وەرگێڕانـی وشـەیی و دەقـاودەقی پێكهـاتە و داڕشـتن و واتاكـان، جگە لەمەش زانینی ئەو جۆرە شیكردنەوانە وا لە وەرگێڕ دەكات بتوانێت هەموو لایەنەكـانی ئەو دەقە شـارەزا بێـت، كە خوازیـاری وەرگێڕانیەتـی، ئەویش بەشێوەیەكی گشتگیر.

هەروەها ڕەخنەگرانی وەرگێڕان بە هەردوو لایەنی زارەكی و نووسینەوە، سوودیان لە ڕێبازی شیكردنەوەی بەرانبەریی وەرگرت، لە بـــواری ڕەخنەگـــرتن لەو دەقـــانەی لە زمانەكـــانی دیـــكەوە

وەرگێـڕدراون، ئەم ڕێبـازە توانـای ئەوەی پێبەخشـین، کە شـوێنە بـەهێز و لاوازەکـانی دەقە وەرگێڕدراوەکـان بـدۆزینەوە، هــەروەها پڕۆسـەی دروسـتکردنی نمـوونە و پـرس و تیۆرەکانیشـی بـۆ ئاسـان کردن، تاکو ئەو دەقانە هەڵبسەنگێنن و بڕیار لەسـەر باشـی و خراپی بدەن و توانستی وەرگێڕەکانیان بنرخێنن.

# سەرچاوەکان


١. خليل أحمد عمايرة(١٩٨٤)، في اللغة و تراكيبها: ، عالم المعرفة، ط١.

٢. عبدالقادر عبدالجليل(٢٠١٠)، المعجم الوظيفي لمقايس الادوات النحوية و الصرفية، دار الصفاء للنشر والتوزيع ـ عمان، ط٣.

٣. محمد موسى عطا(٢٠٠٢)، مناهج الدرس النحوي، ط١، دار الاسراء – أردن.

٤. مشتاق عباس معن(١٩٩٨)، المعجم المفصل في المصطلحات فقه اللغة المقارن، دار الكتب العلمية، بيروت – لبنان.

٥. نور الهدى الوشن(٢٠٠٦)، مباحث في علم اللغة و مناهج البحث اللغوي، المكتب الجامعى الحديث – الاسكندرية، ط١.

# وەرگێڕان

# وەرگێڕان

## پێناسەی وەرگێڕان

وەرگێــڕان بــە دیاردەیــەک لــە دیاردەکــانی هەڵســوکەوتی زمانەوانی لای مرۆڤ هەژمار دەکرێت، لەسەر ئەم بنەمایە پرۆسـەی وەرگێڕان مانایەکی فراوانتر و والاتر وەردەگرێت لەو مانایەی  لەلای خەڵکی بەکاردەهێنرێت.

وەرگێـڕان پرۆسـەیەکی جێگـۆڕکێکردنی هێماکـانی زمانێکـە بـە زمانێکی دی، ئینجا ئەم جێگۆڕکێکردنە لە زمانی دایکەوە بێت، یان لـە خــودی زمانەکــەی خۆیــەوە بێــت، واتــە وەرگێــڕ هەڵدەســتێت بــە بەخشـینی واتـا بەرانبـەر ئـەو وشـانە و شـرۆڤەکردنی هێماکـانی ئـەو زمانـەی وەردەگێڕێـت، یـان لەوانەیـە پرۆسـەی جێگۆڕکێیەکـە هێمـای زمانەوانی بە چەند هێمایەکی دی لـە زمانێکی دیکـەوە بگرێتـەوە، کـە هێمـای نازمانـەوانی بـن، ئـەم حاڵەتـەش لـە مۆسـیقا و ڕەنگـەکان و هــەموو ئــەو هێمایانــەدا گوزارشــتی لێــدەکرێت، کــە پەیوەســتن بــە چالاکییە هونەرییی و مرۆییەکانەوە.

جـا بـۆ ئـەوەی پێناسـەیەکی وردی وەرگێـڕان بکـەین، پێویسـتە چاوێـک بـەو پێناسـانەدا بخشـێنینەوە، کـە بـۆ ئـەم زاراوەیـە کـراون: وەرگێڕان بە بۆچوونی (**J. R. Ladmiral**) وا پێناسـە کـراوە، **کـە حاڵـەتێک لـە بەیەکگەیشـتنی زمانـەوانی پێکـدەهێنێت**، بـە مانایـەکی فراوانتر و گشتگیرتر دەکرێ بوترێت **وەرگێڕان پرۆسـەیەکە گرنگـی**

**بە تێڕامانی زمانەوانی و گواستنەوەی زانیارییەکان دەدات، کە لەنێوان ئاخێوەرانی چەند زمانێکی جود ئاڵوگۆڕیان پێدەکرێت.**[1] هەروەها لەلایەکی ترەوە( **Jean Dicket E. Serour**)دەڵێ **وەرگێڕان تێکەڵەیەکە لە هزر و بیر و بەیەکگەیشتنی لێهاتووییەکان و گۆڕینەوەی زانیارییەکان**، جا ئەم پرۆسەیەش چۆن دەستەبەر دەبێت، گەر ئەو کەسەی ئەم کارە ئەنجام دەدات، بەدوای وشە ویێڵەکاندا نەگەڕێت و دەست نەخاتە سەر ورد و درشت و نهێنییەکانی زمانەکە.[2]

هەروەها (**Antoine G. matter**) وەرگێڕان بەوە پێناسە دەکات، کە **پرۆسەیەکە بۆ گواستنەوەی هزرەکان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دی.**[3]

لێرەدا دەبێ ئەوە بوترێت، کە چەندەها پێناسەی جۆراوجۆر بۆ وەرگێڕان هەن، بەڵام سەرباری ئەوەی ئەو پێناسانە فرەجۆرن، کەچی هەموویان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کە **وەرگێڕان چالاکییەکی مرۆییە لە بواری پەیوەندیدا**، **لە کۆمەڵە گروپێکی وادا بەدی دەکرێت، کە زمانی هەمەجۆر لە ئاخاوتندا بەکاردەهێنن و بیروبۆچوونی خۆیانی پێ ئاڵوگۆڕ دەکەن**، دەرەنجام ئەم پرۆسەیە

---

1-J.R.Ladmiral: Traduire, Theoremes pour la Traduction, payot, paris, 1979.

2-Jean Dick et Elle Serour: Gulde du traducteur, Al-TullatLibrairal, Beyrouth, Liban, 1968,p.2.

3-Antoine G. Mattar: La Traductionpratique, Darel- Machreq, Beyrouth, 1978.

دەبێتە هۆکاری گواستنەوەی زانست و زانیاری و دیاردە ژیارییەکان لەنێوان سەرجەم میللەتان و گەلاندا.

لــە زمــانی فەرەنســیدا وشــەی وەرگێــڕان بــە زاراوەی (**Traduction**) گوزارشـــتی لێـــدەکرێت، کـــە لـــە کـــاری (**Traduire**)دارێــژراوە و لــە وشــەی (**Traducre**)ی لاتینییــەوە وەرگیراوە، کە واتای هەڵسوکەوتی زمانەوانی یان گواستنەوە یان کار **Traduire**دەگەیەنێت.

لێرەدا پێوستە ئاماژە بەو نزیکییە زۆرە بکەین، کە لەنێوان هەردوو ئەم کارەدا هەیە: (**Tradnire**)(**Interpreter**)، کە واتای: (**شــرۆڤە بکــە**) دەدات، بــە هــەمان شــێوەش واتــای (**وەربگێــڕە**) دەگەیەنێت، ئەمەش پەلمان بۆ ئەوە ڕادەکێشێت، کە هەردوو کارەکە لەیەک جودا بکەینەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەردووکیان هەر وەرگێڕان دەگەیەنن، کەواتە جوداییەکەیان لە چیدایە؟

**بە نووسین وەردەگێڕێت:Traduire**

**بە زارەکی وەردەگێڕێت:Interpreter**

هەروەها دوو زاراوەی دیکەش خۆیان قیت دەکەنەوە، کە هەر وەرگێڕان دەگەیەنن، ئەمانەن:

**Traducteur**

**Interprete**

ئەمەش وا دەخوازێ هەردوو زاراوەکە بەوردی لەیەک جیا بکەینــەوە، ســەبارەت بــە وشــەی (**Traducteur**)، ئــەو کەســە دەگەیــەنێت، کــە دەقــە نووســراوەکان وەردەگێڕێــت، کــەچی

زاراوەی**Interpret(e)**ئاماژە بۆ ئەو کەسە دەکات، کە کاری وەرگێڕانی زارەکی ئەنجام دەدات، ئەم جوداکردنەوە وردەش دەکرێ لەسەر هەردوو زاراوەکە پراکتیزە بکرێت، یەکەمیان وەرگێڕانی نووسراو دەگەیەنێت و ئەوی دیکەشیان وەرگێڕانی زارەکی دەگەیەنێت، دەشکرێ وەرگێڕانی زارەکی لە وەرگێڕانی نووسراو جودابکرێتەوە، چونکە وەرگێڕان بە شێوازی زارەکی هەمیشە **(بەدوایەکهاتن)Consecutive**دەبێت، ئەم حاڵەتەش بە وەرگێڕانی **(ڕاستەوخۆ)Simultanee** ناسراوە، ئەم وەرگێڕانە لەگەڵ دەقە وەرگێڕدراوەکە جووت دەبێت و زیاتر ئەم جۆرە لە کۆنگرە نێودەوڵەتییەکاندا بەکاردەهێنرێت، هەروەها بۆ وەرگێڕانی ئەو وشە و زاراوانەش بەکاردەهێنرێت، کە بە کاروباری بازرگانی و ژیانی ڕۆژانەوە پەیوەستن، وەرگێڕانی ڕاستەوخۆ پرۆسەیەکی (هاوکاتییە)، واتە وەرگێڕەکە لەکاتی دەستپێکردن و قسەکردنی قسەکەرەکە، وەرگێڕانەکە ئەنجام دەدات، ئەگینا بە وەرگێڕانی (بەدوایەکهاتن) هەژمار دەکرێت، ئەویش لە حاڵەتێکدا ئەگەر دوای تەواوبوونی قسەکە وەربگێڕدرێت.

هەرچی جۆری دووەمیشە پشت بەو دەقانە دەبەستێت، کە نووسراون، ئەمەش لە وەرگێڕانی دەقە ئەدەبی و زانستییەکاندا بەرجەستە دەبێت، کە بەڕاستی ئەمجۆرە لە جۆرەکەی یەکەم گرنگترە، هەروەها ئەمجۆرە وەرگێڕانە بەکارێکی داهێنانکارانە هەژمار دەکرێت، چونکە پرۆسەیەکە پەیوەستە بە بەخشینی زانیاری و مەعریفەی ژیاریی مرۆیی، کە مرۆڤایەتی بەرەوپێش دەبەن.

## ڕێگەکانی وەرگێڕان

زۆر شێوە هەن بۆ وەرگێڕان، بەهۆیەوە وەرگێڕ دەتوانێت لە وەرگێڕانی دەقەکاندا پەیڕەوی بکات، لێرەدا دەتوانین پێنج ڕێگە لەو ڕێگەیانە باس بکەین، کە ئەمانەن:

### ١. وەرگێڕانی وشەیی(حەرفی ـ پیتی)

ئەم ڕێگەیە بە کۆنترین ڕێگەی وەرگێڕان هەژمار دەکرێت، لەم ڕێگەیەدا وەرگێڕ هەموو وشەکانی دەقەکە بۆ زمانەکەی دیوەردەگێڕێت، لێرەدا وەرگێڕ جەخت دەکاتە سەر خودی وشەکە و بەوردی مانایەکی پڕ بە پێستی بۆ هەڵدەبژێرێت و زۆر گرنگی بە شێوازی گشتی ڕستەکە نادات، پەیڕەوکردنی ئەم شێوازەی وەرگێڕان دەکرێ لە دەقە پسپۆڕییەکانی وەک دەقی زانستیی و هونەریی و یاسایی پشتی پێ ببەسترێت، لە ڕاستیدا ئەم ڕێگەیەی وەرگێڕان بۆ ئەوە بەکاردێت، کە خوازیاری ئەوە بین لە دەقە سەرەکییەکە، واتە لەو دەقەی لێوەی وەردەگێڕین، دوورنەکەوینەوە.

کەچی لەگەڵ ئەوەشدا ئەم جۆرە وەرگێڕانە چەند خەوش و نەنگییەک لەخۆ دەگرێت، کە گرنگترینییان ئەمانەن:

أـ نەبوونی هاوواتا لە وشەکانی زمانی عەرەبی یان زمانە بیانییەکە، ئەم حاڵەتەش زۆرجاران دووبارە دەبێتەوە.

ب ـ نەبوونی هاوواتا لە پێکهاتە زمانەوانی و پێکهاتە ڕێزمانییەکاندا لە نێوان دوو زماندا، کە خوازیارین وەریانبگێڕین، لێرەدا زۆرجاران لارولەوێرەک لە بەکارهێنانی خوازەکان دروست دەبێت، کە حاڵەتێکە لە هەموو زمانەکاندا هەیەو دووبارە دەبێتەوە.

**٢. وەرگێڕانی واتایی**

وەرگێڕانـی واتـایی یـان بـە (وەرگێڕانـی ئـەدەبی) دەناسـرێت، یەکەمین توخم کە وەرگێڕ گرنگی پێدەدات، مانا و هزر و بیرەکانە، ئـەویش بـەبێ ئـەوەی تووشـی هەڵوەسـتە ببێـت لـەوەی هاوواتـای وشـەیەکی دیـاریکراو بدۆزێتـەوە، بەشـێوەیەک کاریگـەری لەسـەر بیرۆکە سەرەکییەکە یان گشتییەکە هەبێت، بۆ ئەو دەقەی خوازیاری وەرگێڕانیەتی. لەم ڕێگەیەدا پێویستە پارێزگاری لە دەقە سەرەکییەکە بکرێت و دەستکاری نەکرێت و وەرگێڕ گۆڕانی بەسەردا نەیەنێت و ئەمانەتی زانستی لە پرۆسەکەدا بپارێزێت.

ئـەم شـێوازە لـە پوختکردنی واتـای ڕسـتەکە و گوزارشـتکردن لێی بەرجەسـتە دەبێـت، بـە شـێوەیەک بـۆ چێـژ و سـەلیقەی مرۆڤـی عـەرەبی بگونجێت، ئـەم ڕێگەیـەش بـە باشـترین ڕێگـەکانی وەرگێڕان هـەژمار دەکرێـت، و لـە هـەموو ڕێگـەکانی دیکـەش بڵاوتـرە، چونکـە پرەنسیپەکانی ئەمانەتی زانستی تیادا دەپارێزرێت.

**٣. وەرگێڕانی لاساییکردنەوە و گواستنەوە**

لەم ڕێگەیەدا وەرگێڕێک پشـت بـە لاساییکردنەوە و گواستنەوە ببەسـتێت. لـەم شـێوازەدا وەرگێـڕ هـزرو بیروبۆچوونـەکان و ئـەو وێنانە دەگوازێتەوە، کە دەقەکە لە خۆیانی دەگرێت و هەوڵدەدات بۆ زمانـە سـەرەکییەکەی خـۆی بگوازێتـەوە، کەواتـە ئـەم وەرگێڕانـە بـە پرۆسەیەکی گواسـتنەوە یان وەرگـرتن هـەژمار دەکرێت، بـە زۆریش ئەم شێوازە لە وەرگێڕانی دەقە شیعرییەکاندا بەکاردەهێنرێت، چونکـە

دەقی شیعریی تایبەتمەندیی و خەسڵەتی جیاکاریی لەخۆگرتووە و پێویستی بەم شێوازە هەیە.

**٤. وەرگێڕانی لێکدانەوەیی یان شرۆڤەیی**

ئەم ڕێگەیەی وەرگێڕان پشت بە دەقە سەرەکییەکە دەبەستێت و هەوڵدەدات زیاتر ڕوونی بکاتەوە و شرۆڤەی بداتێ، ئەم شێوازە زیاتر لە وەرگێڕانی دەقە گران و قورسەکاندا پەیڕەودەکرێت، بۆ نموونە دەقە شیعرییە دێرینەکان و دەقە مێژووییە ئاڵۆزەکان.

**٥. وەرگێڕانی کورت یان پوخت**

وەرگێڕ لەم ڕێگەیەدا هەوڵدەدات ئەو دەقەی خوازیاری وەرگێڕانیەتی، کورتی بکاتەوە، لەهەمان کاتیشدا کرۆک و تایبەتمەندیی دەقە سەرەکییەکە بپارێزێت، دەشکرێ ئەم شێوازە (هەڵاوێرکارانە) پەیڕەوی لێبکرێت، ئەویش کاتێک وەرگێڕ هەست بەوە دەکات، زۆر لەو وردەکاریانەی لە دەقە سەرەکییەکەدا هەن، زیادەن و پێویست ناکات وەربگێڕدرێن، چونکە خوێنەر بێزار دەکەن.

**گرنگی و سوودەکانی وەرگێڕان**

وەرگێڕان چەندەها گرنگی و سوودی هەیە، لەبەر ئەو پێویستییانەی مرۆڤ بۆ ئەم پرۆسەیە هەیەتی، ئەویش لەبەر ئەو فرەییەی لەزماندا هەیە، بۆیە وەرگێڕان لە دێرزەمانەوە گرنگی خۆی هەیە، لەوکاتەوەش پێویستی بۆ ئەم چالاکییە زیادی کرد چ ڕاستەوخۆ چ ناڕاستەوخۆ، و هەمیشە مرۆڤ وەک ئامرازێک بۆ لەیەکترگەیشتنپێویستی پێ هەبووە، کە هەرگیز دەستبەرداری نابین

و بگره ئەم پرۆسەیە لە بواری پەیوەندیدا گرنگی خۆی هەیە، جا چ ئـەم پەیوەندیکردنـە تاکانـە یـاخود کۆمەڵیانـە بێـت، سـەرپێی یـان بەردەوام بن یان لە مامەڵەکردنی بازرگانییەوە سەرچاوەیان گرتبێت یـان بابـەتێک بـن، پەیوەسـتبن بـە یاسـاو پەیماننامـە و ڕێککەوتنـە نێودەوڵەتییەکانەوە، کەمجاریش وا ڕێکدەکەوێ کەمینەیەک پەیوەندی لەگەڵ کەمینەیەکی دیکە ببەستێت، کە بەزمانێکی دیکە قسە بکات، بەبێ پەنابردنەبەر وەرگێڕان، بۆیە فرەیی زمانەکان و جودابوونیان وایکردووە نیازمەندییەکی بێ وێنە بۆ ئەم پرۆسەیە لـە ئارادا هـەبێت، بەتایبـەت بـۆ ئەوانـەی دوو زمـان یـاخود زیـاتر بـەکاردەهێنن، بۆیـە بـەناچاری دەسـت دەدەنـە وەرگێڕان بە هـەردوو جـۆری زارەکـی و نووسراوەوە.

شـایانی باسـە گرنگـی وەرگێـڕان لـەو زانسـت و زانیاریانـەدا بەدەردەکـەوێت، کـە وەردەگێڕدرێنـە سـەر زمانـەکان، لەبـەر ئەوەشـە بزاڤی وەرگێڕان لە بەرایی هەموو ڕێنسانسێکی ژیاریدا دەردەکەوێت و چـالاک دەبێـت، کـە جیهـان بەخۆیـەوە دەبینێـت، لـە مێـژووی عەرەبیشـدا وەرگێـڕان پێشـکەوتنی بەخۆیـەوە بینیـوە، بەتایبـەتی لەسـەردەمی خەلیفـە(**مـەئموون**)دا، لـەم سەردەمەشـدا وەرگێـڕان ڕۆڵێکی گرنگی لە بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا هەیە، بە واتایـەکی پـڕ بـە پێسـت دەتـوانین بڵێـین: وەرگێـڕان کاردەکـات بـۆ دەوڵەمەندکردن و فراوانکردنـی ئاسـۆکانی ژیـاریی و ڕۆشـنبیری لای مرۆڤ لە هەموو ئان و زەمانێکدا.

جا لەبەر ئەوەی پێویستی مرۆڤ بە وەرگێڕان ئەنگێزە و پاڵنەرێکە بۆ دنەدان و چالاکبوونی ئەم بوارە، ئەوا لەم چەرخەدا زیاتر پێویستیمان بە وەرگێڕان هەیە، ئەویش لەبەر ئەو پێشڤەچوونە زانستییە خێرا و ئەو ئاڵوگۆڕی زانیاریی و شارەزاییانەی لەم چەرخەدا لەئارادان، و لەبەر هەموو ئەو فراوانیەی لە پرۆگرامەکانی هاریکاریی و هەماهەنگیدا هەیە، کە لە نێوان دەوڵەت و نەتەوەکانی جیهاندا لە هەموو بوارە زانستی و بازرگانییەکاندا ئەنجام دەدرێت.

هەروەها پێویستە ئاماژە بە گرنگی وەرگێڕان بکەین، ئەویش لە بواری گواستنەوەی ئەدەبی بەراوردکاری. وەرگێڕانی دەقی ڕۆمان و شیعر و شانۆ گرنگی خۆی هەیە، چونکە ئەم پرۆسەیە دەبێتە ڕەنگدانەوەیەک بۆ زۆر لە دیاردە ژیارییەکان و داب و نەریت و تێگەیشتن لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی لە ڕوانگەی ئەو دەقە ئەدەبیانەی وەردەگێڕدرێن. خوێنەری عەرەبیی و توێژەری عەرەبیی هەمیشە تامەزرۆن بۆ دۆزینەوە و زانینی زۆر لەو بیروبۆچوون و هزرانەی، کە پەیوەستن بەو پەرتووکانەی وەردەگێڕدرێنە سەر زمانەکەی خۆی، توێژەر لەم حاڵەتەدا چێژ لە دەقە وەرگێڕدراوەکە دەبینێت و بەشێوەیەکی وردتر و جوانتر هەڵیدەسەنگێنێت.

پرۆسەی وەرگێڕانی پەرتووکێک لە بواری ڕەخنەی ئەدەبیدا، دەرفەتێکی سەنگین و بەنرخ بۆ زانینی عەقڵیەتێکی دیکە دەستەبەر دەکات، لەم حاڵەتەدا بۆچوونی خوێنەر پشت بەو شتانە دەبەستێت، کە وەرگێڕ لە دەقە وەرگێڕدراوەکەی خۆیدا دەیگوازێتەوە، کەواتە لێرەدا وەرگێڕان دەبێتە ئەڵقەیەکی پەیوەندیکردن لەنێوان دەقی

ئەدەبی میللەتاندا. بەمشێوەیەش جۆرێک لە تەواوکاریی مەزن لە تێگەیشتن و بەراوردکاری نێوان دەقە ئەدەبییە بیانییەکان و دەقەکانی ئەدەبی عەرەبی (بۆ نموونە) دروست دەبێت. ئەوەی وترا دەربارەی دەقی ئەدەبی، هەرچەندە ئەدەب تایبەتمەندیی خۆی هەیە، کەچی بەهەمان شێوە ئەم یاسایە لەسەر بوارەکانی فەلسەفە و ئابووری و بازرگانیش پراکتیزە دەبێت، چونکە هەموو پسپۆڕییەتیەک، جیاکاریی و خەسڵەتی خۆی هەیە و وەرگێڕان ڕۆڵی گونجانی خۆی لەهەموو ئەم پسپۆڕێتیانەدا دەبینێت.

**گرفت و ئاستەنگەکانی پرۆسەی وەرگێڕان**

چەند ئاستەنگو کێشەیەک دێنە پێش پرۆسەکانی وەرگێڕان، بە باشمان زانی ئاماژەیان پێ بکەین، تاکو بەرچاو ڕوونییەکمان بۆ دروست بێت، پێش ئەوەی وەرگێڕانی هەر دەقێک ئەنجام بدەین، کە خوازیاری وەرگێڕانین.

لێرەدا دەتوانین ئەو لەمپەرانەیڕووبەڕووی وەرگێڕ دەبنەوە، بەم شێوەیەی خوارەوە پۆلێن بکەین:

**١. ئەو گرفتانەی پەیوەستن بە ڕێزمانەوە**

پێکهاتە ڕێزمانییەکان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دی دەگۆڕدرێن، بۆ نموونە لە زمانی عەرەبیدا هەمیشە **(کار)** پێش دەخرێت، کەچی **(بکەر)** لە زمانی فەرەنسیدا لە پێشەوەی ڕستەدادێت، بەهەمان شێوەش داڕشتنی کار و کاتەکان سەرتاپا لە پرۆسەکانی وەرگێڕاندا بە گرفت و لەمپەر هەژمار دەکرێن، بەتایبەتی گەر بزانین لە زمانی عەرەبیدا کارەکان بۆ **سێ** کاتی ڕێزمانی پۆلێن دەکرێن، کەچی لە

زمانی فەرەنسیدا کاتەکان بۆ **(دە)** کات دابەش دەبن، کە هەموویان پشت بە هەرسێ کاتی ڕابووردوو و ئێستا و داهاتوو.

**٢. ئەو گرفتانەی پەیوەستن بە وشە و واژەکانەوە**

مەسەلەیەکی ئاساییە ئەگەر زمانێک دەوڵەمەندبێت بە واژە و وشەی زۆرەوە، بەهەمان شێوە ئاساییە ئەگەر زمانێک خاوەن وشەی تایبەت بەخۆی بێت، بۆ نموونە زمانی عەرەبی جیاوازی دەکات لەنێوان هەردوو وشەی **(مام)** و **(خاڵ)**، کەچی ئەم پۆلێنکردنە لە زمانی فەرەنسیدا بەدی ناکرێت.

هەروەها لە زمانی فەرەنسیدا وشەی **(doigt)** بۆ پەنجەی دەست بەکاردەهێنرێت و **( orteil)** بۆ پەنجەی پێ بەکاردێت. وشەکان هەمیشە شێوەکان بەرجەستە دەکەن، کەچی بیروبۆچوونەکان لە کرۆکدا ڕەنگدەدەنەوە، ئایا لێرەدا دەکرێ هزر و بیرەکان لە وشە و واژەکان جیا بکەینەوە؟ بەشێوەیەکی گشتی هزرو بیرەکان بۆ لای نووسەرەکە یان وەرگێڕەکە دەگەڕێتەوە، جا ئەو وشانەی لە دەقە سەرەکییەکەداهاتوون، نووسەرەکە دایهێناون، کەچی وشە وەرگێڕدراوەکان بۆ وەرگێڕەکە دەگەڕێنەوە، واتە ئەو بیروبۆچوونانەی نووسەرەکە بەکاریان دەهێنێت، بۆ خۆی دەگەڕێنەوە، کەچی وشەکان سەر بە وەرگێڕەکەن، چونکە ئەو لە دەقە وەرگێڕدراوەکەیدا بەکاریان دەهێنێت، و دەشکرێ بڵێین وشەکان هەردوو نووسەر و وەرگێڕەکە خاوەنیانن، چونکە لە وەرگێڕاندا بیرۆکە پێش شتەکانی دی دەکەوێت، هەندێک جاریش وەرگێڕەکە وەرگێڕانی دەقی پەرتووکەکە بە هەموو وشە و

واژەکانیـەوە ئـەنجام دەدات، بـەڵام ئـەم وەرگێڕانـە هـیچ مانایـەک نابەخشـێت، شـیمانەی ئـەوەش هەیـە بیرۆکەکـە زۆر تـەومژاوی دەرچێت. واتە زۆربەی زۆری دەقەکە وەردەگێڕدرێت، بەشێوەیەک بیرۆکەیەک کە خاوەن مانایەکی وردە، وەردەگێڕدرێتە سەر زمانی دووەم، بەبێ ئەوەی هەموو وشەکانی وەربگێڕدرێن، ئایا هۆکاری دروستبوونی ئەم حاڵەتە چییە؟ هۆی سەرەکی دروستبوونی ئەم گرفتە بۆ جیاوازیی لە واتای واژە و وشەکاندا هەیە دەگەڕێتەوە، کە لە نێوان زمانەکاندا بەدی دەکرێت.

بەهەمان شێوەش هەروەکو وتمان، ئەم حاڵەتە لە پرۆسەی وەرگێڕاندا بە گرفتی سەخت و ئاڵۆز دادەنرێت، لێرەدا چەند نموونەیەک دەخەینەڕوو، کە ئەم ئاستەنگ و کێشانە ڕووندەکەنەوە:

1. M. Pottieraachetesept articles decemagasin.
2. M. Pottierecrittrois articles dans  lesjournaux.
3. L'article No. 214 de la loiconstitutionnelleinterdit aux enfants de moins de 18 ans de voter.

لەو سێ ڕستەیەدا وشەی (article) هاتووە، بەڵام وەرگێڕانەکەی جیاوازی تێدایە، چونکە ڕستەی یەکەم بەمشێوەیە وەرگێڕدراوە:(**بەڕێز پۆتییە حەوت جۆر کاڵایان ماددەی کڕی**)، لێرەدا وشەی (**article**) بۆ (**کاڵا**) وەرگێڕدراوە.

کەچی ڕستەی دووەم بەمشێوەیە وەرگێڕدراوە:(**بەڕێز پۆتییە سێ وتاری نووسیوە**)، لێرەدا وشەی (article) بۆ (وتار) وەرگێڕدراوە.

له ڕستەی سێیەمیشدا وشەی (article) بۆ ماددەی یاسایی وەرگێڕدراوە.

لەم جۆرە وشانەش زۆرن، لێرەدا هەندێکیان دەخەینەڕوو:

| | | |
|---|---|---|
| رسالة | نامە | letter |
| حرف | پیت | lettre |
| آداب | خوڕەوشت | lettre(s) |
| احتلال | داگیرکردن | occupation |
| مهنة، شغل | پیشە، کار | occupation |
| مظهر، هيئة | شێوە، ڕواڵەت | mine |
| منجم | کان | mine |
| لغم | مین | mine |
| علاقة | پەیوەندی | rapport |
| دخل، حاصل | داهات | rapport |
| تقرير | ڕاپۆرت | rapport |
| حاصة | هەست | sens |
| معنى | مانا | sens |
| إتجاه | ئاراستە، ڕووگە | sens |

ئەم خەسڵەتە زمانەوانییە بە(Polysemie) ناسراوە، کە **(فرەواتایی)** بۆ یەک وشە دەگەیەنێت، ئەمەش ئاماژە بە یەکێک لە سەختترین پرۆسەکانی وەرگێڕان هەژمار دەکرێت، گرفتی دیکەشی هەیە، کە لەوەدا بەرجەستە دەبێت، هەندێک وشە هەن، یەک مانای

ورد و دەستنیشـانکراویان هەیـە، ئەمـە لـە زمـانی فەرەنسـیدا وەک زاراوە بەم حاڵەتە دەوترێت (**monosemie**)، لەم حاڵەتەدا پێویستە بگەڕێینەوە بۆ فەرهـەنگی زمانەکە، بگرە دەبێ چاو بە فەرهـەنگێکی زانسـتی تایبـەت بخشـێنینەوە، تـاکو مانایـەکی دەستنیشـانکراوی وشـەکەمان دەسـتبکەویت، وەکـو نـاوی باڵنـدە و هەنـدێک درەختـی دەگمەن و هەندێک ڕووەک و گوڵ لە هەندێک وڵاتدا هەن،کەچی لـە هەندێک وڵاتانی دیکەدا دەستناکەون.

لـەو ئاسـتەنگانەی تووشـی وەرگێـڕ دەبێتـەوە، نـاوی تایبەتییـە، چونکە دۆزینەوەی ناوی هاوشێوەیان لە زمانێکی دیکەدا ئاسان نییـە، بەهەمان شـێوەش وەرگێڕانـی هێماکانی بازرگـانی و نـاوی ئۆتۆمبێلـە ناسراوەکانی، وەکو بۆ نموونە (**Peugot**).

پێویستە گوزارشتە زاراوەییەکانیش بەهـەمان شـێوە بـەو کێشـە و گرفتانـە هـەژمار بکـەین، کـە ڕووبـەڕووی وەرگێـڕ دەبنـەوە، بۆیـە دەبێ ئەو کەسـەی کاری وەرگێڕان ئـەنجام دەدات، نزیکترین واتـای گشـتی یـان زاراوەیـی لـە زمانەکەیـدا بدۆزێتـەوە، تـاکو سـانا بێـت و خوێنـەر لێـی تێبگـات، زۆریـش گرنگـە درک بـەوە بکـەین، کـە نـابێ وەرگێڕانـی وشـەیی لـە کـاتی وەرگێڕانـی زاراوەکانـدا بـەکاربهێنرێت، باشـترین نموونـەش بـۆ ئـەم حاڵەتـە ئـەم گوزارشـتەی زمـانی فەرەنسییە:

| | |
|---|---|
| **عەقڵی لەدەستدا (شێت بوو)** | **Ilperd la tete** |
| **ڕۆیشت (دەرچوو)** | **Il prends la porte** |

لەم حاڵەتەدا ناتوانین ئەم دوو زاراوەیە بەشێوەیەکی وشەیی وەربگێڕین، لەبەرئەوەی ماناکەی یەکەم لەدەستدەدات، چونکە گەر گوزارشتی یەکەم بە **(سەر لە دەستدەدات)** وەربگێڕدرێت، ئەوا مانا سەرەکییەکەی خۆی بزر دەکات، کەچی **(عەقڵی خۆی لەدەستدا)**، یاخود گوزارشتی **(شێت بوو)** دەگەیەنێت، بە هەمان شێوەش سەبارەت بە گوزارشتی دووەم مانای **(دەرگاکەی وەرگرت)** دەگەیەنێت، ئەویشلە حاڵەتێکدا گەر وشەییانە وەربگێڕدرێت، کەچی لەڕاستیدا مانای **(دەردەچێت)**یان**(دەڕوات)**دەگەیەنێت. هەروەها لەو گرفتانەی دیکە، کە ڕووبەڕووی وەرگێڕ دەبنەوە، ئەو لۆجیکەیە کە هەر زمانێک لە زمانەکان لە دووتوێیان گرتووە، ئەم دیاردەیەش پێویستە بە هەند وەربگیرێت، بۆ نموونە گەر بخوازین ئەم ڕستەیە بۆ زمانی فەرەنسی وەربگێڕین:

**(ئەم پیاوە لە ئاگرێکی سەر ئالآیەک ناودارترە).**

**Cethomemeestplus celebreguunincendiesurunecime.**

ئەمەش بێگومان لەڕووی لۆجیکەوە هیچ مانایەکی نییە و دەشکرێ بەمشێوازە وەربگێڕدرێت:

**(Cethomemeesttrescelebre).**

بەهەمان شێوەش هەمان بابەت دەتوانین لەسەر زمانی فەرەنسی جێبەجێی بکەین، ئەویش کاتێک دەڵێین:

**Ll y aanguille sous roche.**

واته **(لەژێر بەردەکەدا ئینگلیز هەیە)**.ئەمەش بێگومان لە زمانی عەرەبیدا هیچ مانایەکی نییە، بەڵام بەمشێوەیەی خوارەوە دەتوانین بۆ سەر زمانی عەرەبی وەریبگێڕین: **(مەسەلەکە نهێنییەکی لەخۆگرتووە)**، کەواتە تەنها لۆجیکێکی تایبەت ڕۆڵدەگێڕێت لە وەرگێڕانی ئەم جۆرە گوزارشتانە.

**٣. ئەو گرفتانەی پەیوەستن بە لایەنی ژیارییەوە**

لێرەدا سەختییەکی زۆر لەوەدا بەدیدەکرێت، کە گوزارشتێک هەڵگۆزیت و بە ڕەهایی بۆ زمانیکی دیکە وەریبگێڕیت،بۆیە دەبێ تۆکمەیی زمان بەهەند وەربگریت و پەیوەستبوونەکەی بەدەوروبەرە ژیاریەکەیەوە لێکبدەیتەوە، لێرەدا پێویستە تیۆری وەرگێڕانەکە بە تێڕوانینی گشتی توێژینەوەی دیاردە نیمچە زمانەوانییەکانی ئەنسرۆپۆلۆجیاوە ببەستییەوە، کەواتە دەبێ دەوروبەری گشتی و کەشەکانی دەوروبەری هەموو لە کاتی وەرگێڕانەکەدا ڕەنگبداتەوە، جگە لەمەش هەموو گوزارشتە دەروونییە تایبەتەکانی پەیوەست پێیەوەدەبێ لە وەرگێڕانەکەدا هەبن، بۆ نموونە لە وەرگێڕانی **(دیاردەی ژیاریی)** لە فەرەنسا پێویستە هەموو ئەم گوزارشتە نیمچە زمانەوانیانەی کە وابەستەگیان پێوە هەیە، لە وەرگێڕانەکەدا ڕەنگبدەنەوە.

جا لە بواری ئەم ڕوونکردنەوە تایبەتانەی پەیوەندیان بە گرفت و سەختییەکانەوە هەیە، کە لە کاتی ئەنجامدانی پرۆسەی وەرگێڕاندا ڕووبەڕووی وەرگێڕ دەبنەوە، ئەوەمان تێبینی کردووە، کە هەندێک لە دەقەکان، وەرگێڕانیان قەدەغەیە(تابۆیە)، ئەم حاڵەتەش لە زمانی

فەرەنسیدا بە زاراوەی (intraduisibilite) گوزارشتی لێدەکرێت.ئەم حاڵەتەش بۆ دوو بەش پۆلێن دەکرێن:

**یەکەمیان: ئاگاداربوونلە وەرگێڕانی زمانەوانی تەواو.**

**L'intraduisibilitelinguistique.**

**بەهەمان شێوەش ئاگاداربوون لە وەرگێڕانێک، کە خاوەن کرۆکێکی ژیاریی بێت.**

**L'intraduisibiliteCulturelle**

چارەسەکردنی کێشەو ئارێشەکانی پەیوەست بە وەرگێڕانەوە،تەنها زمانەوانی نییە،بەڵکو مۆرکێکی نەژاد و ڕەگەزی‌شی بەخۆوەگرتووە، بەهەمان شێوەش چەمکی زمانەوانی زمان بەشێوەیەک بڵاوکراوەتەوە، کە مۆرکە ژیاریەکەش بگرێتەوە و هەموو ئەو بارودۆخە ژیاریەش لە دووتوێ بگرێت، کە لە دەوروپشتیدان، بە هەمان شێوەش ئاوڕ لە حاڵەتی سیاسی زمانەکە بداتەوە، بەشێوەیەکی گشتی لەسەر ئەو ڕایەین، کە وەرگێڕان دارشتنێکی تایبەتە و لە واتای دەوروبەر بەرجەستە دەبێت، کە هەردوو ژینگەی درکاندن و هەڵوێستی گشتی لەخۆ دەگرێت، دەکرێ گوزارشتێکی دیکە بەکاربێنین و بڵێین هاوواتای زمانەوانی و هاوواتای ئەرکی تێدا بەرجەستە بووبێت، لێرەشدا ڕوونکردنەوەی سەرەکی و ڕوونکردنەوەی تازە هەمان مانایان دەبێت، مادام هەمان ئەرک دەکەن، پسپۆڕانی ئاماژەسازی ئەم حاڵەتە بە**(زمانی ئاخاوتن)** و **(تیۆری ڕەوانبێژی)** ناودەبەن.

جـا بەرانبــەر بــە دەقێکــی واژەئــامێز، وەرگێــڕ خوازیــاری وەرگێڕانیـــــەتی، واتـــــە وشـــــەیەک  وەرگێڕانـــــی یاســــاغ بێـــــت (**vocabulaireintraduisible**)، وەرگێڕ بۆی هەیە لـەم حاڵەتـەدا دەســـــتبەرێ بـــــۆ تاکـــــە چارەســــەریەک، کــــــە (**خواســــــتنی واژەکـــــان**)یـــان(**قـــــەرزکردنی زمانــــــەوانی**)یــــــە، واتــــــە (**Lempruntlinguistique**) گواستنەوەی گوزارەیەک لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دی بەشێوەیەکی وشەئامێز، دەکرێ بە دەربڕینێکی دیکە بڵێـــین گواســـتنەوەی (**هێمـــابۆکراو**) بـــەبێ (**هێمـــا**)، لـــە هـــەردوو حاڵەتەکەشدا وشـەکە گرنگییـەکی یەکسانی هەیە لەگەڵ خودی ئەو شـتەی لـە زمـانی وەرگێڕەکـەوە گوازراوەتـەوە، جا خواسـتنی واژە هەمەچەشنەکان بۆی هەیە بەهایەک یان مانایەکی شێوازانە بە پرسە خۆجێیەکە ببەخشێت، شیمانەی ئەوەش هەیەچەند گوزارەیـەک هـەبن لە حاڵەتی خواستنیاندا لە هاوواتا و لە شرۆڤەکانیان باشتربن، کە لـە زمـانی دووەمـدا بـەدی دەکـرێن، لەبـەر ئـەوە زمـانی فەرەنسـی بـۆ نموونـە وشـەیەک یـاخود زاراوەیـەکی تێـدا دەخوازرێـت، پاشـانیش بـەکاردەهێنرێت، خواسـتنی چەنـد وشـەیەکیش یـان گواسـتنەوەی بـۆ زمـانێکی دی بــە شــێوەیەکی وشــەئامێز بازدەداتــە ســەر مانایــەکی دیکـەی نـوێ و مانایـەکی دیکـە بـۆ زمـانی دووەمـی وەرگێڕانەکـە دەستەبەر دەکات، لەبەر ئەوە وا باشترە وشەکە یاخود واژەکە پاش بـەکارهێنان و وەرگێڕانـی، شـرۆڤەیەکی بدرێتی، جا ئـەو شـرۆڤەیە چ تێبینییەک بێت، کە لە پەراوێزدا نووسرابێت یان لە کاتی دەوروبـەری ڕستەکەدا ڕاڤە بکرێت.

**ئامۆژگاری و ڕێنمایی گشتی**

پێش ئەوەی کاری وەرگێڕان ئەنجام بدەین، پێویستە کۆمەڵە ڕێنمایی و ئامۆژگارییەکی گشتی بخەینەڕوو، تاکو قوتابی دەرفەتی وەرگێڕان و عەرەباندنی ئەو دەقانەی بۆ بڕەخسێت، کە خوازیاری وەرگێڕانیانە، بە هەمان شێوە بۆ ئەوەی قوتابی خاترجەم بێت ئەو کارەی ئەنجامی دەدات، ڕاست و دروستە، جا مادام لێرەدا باسی وەرگێڕان و عەرەباندن دەکەین، پێویستە هەردوو زاراوەکە ڕوونبکەینەوە، وەرگێڕان لە زمانی فەرەنسیدا بە وشەی (Theme) گوزارشتی لێ دەکرێت، مەبەستیش لێی وەرگێڕانی دەقەکانە لە زمانی عەرەبییەوە بۆ زمانی فەرەنسی، سەبارەت بە عەرەباندنیش وشەی (Version)ی بۆ بەکاردەهێنرێت و مانای وەرگێڕانی دەقەکانە لە زمانی فەرەنسییەوە بۆ زمانی عەرەبی. لێرەدا پێویستە جیاوازییەک بکەین لەنێوان هەردوو زاراوەکە، کە بە (**بەعەرەبیکردن**) ناسراون، یەکەمیان (Version)، کە پێشتووتر باسمان لێوەکرد، دووەمیش (Arabisation)، کە لە کاری (arabiser)ەوە داڕێژراوە، مانای بەعەرەبیکردن دەگەیەنێت، ئەویش وەک چەمکی بەخشینی خەسڵەتی عەرەبی لە هەردوو ڕووی کۆمەڵایەتی و ئەدەبییەوە، لەڕووی ئەدەبیشەوە وشەکە ئەو خەسڵەتە دەگەیەنێت، کە بەو واژە بیانییە دەگوترێت، کە چووەتە ناو زمانی عەرەبییەوە، ئەویش پاش ئەوەی گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە، چ بە زیادکردن و چ بە کەمکردنەوە یان بە سەراونخوونکردن، لێرەدا پێویستە وەرگێڕ چەند زانیارییەکی ڕاست و دروست و ورد

دەربارەی هەردوو زمانەکەی لەلابێ، کە کاری وەرگێڕانیان تێدا ئەنجام دەدات، واتە دەبێ شارەزاییەکی زۆری دەربارەی هەردوو زمانەکە هەبێت و زۆرجاریش پشت بە فەرهەنگی زمانەوانی ببەستێت، چونکە بەکارهێنانی فەرهەنگی زمانەوانی بۆ وەرگێڕ زۆر گرنگە و نابێ پشتگوێ بخرێت، ئەم زانینەش پێویستە هاوسەنگ بێت، واتە چەندێک لە زمانە وەرگێڕدراوەکە دەزانێت، ئەوەندەش دەربارەی زمانە سەرەکییەکە بزانێت، بەڵام لێرەدا بەکارهێنانی فەرهەنگ تەنها بۆ ئەو زمانەیە، کە لێوەی وەردەگێڕێت.

پێویستە سەرەتا لەو دەقە تێبگەین، کە خوازیاری وەرگێڕانین، لە ڕووی شیکردنەوەی ڕستە و گوزارشت و وشەکانەوە، واتە زۆر گرنگە مانای دەقەکە بزانین، چونکە ناسینی زمان بەتەواوەتی و بەوردی، مەرج نییە لەلایەن وەرگێڕەوە وەرگێڕانێکی پڕ بە پێست بۆ دەقەکە دابین بکات، جا لێرەدا پێویست ناکات وەرگێڕەکە لە هەموو زانستێکدا پسپۆڕبێت، چونکە ئەمە مەحاڵە، بەڵام گەیشتن بە وەرگێڕانێکی باش لە ئەنجامی خوێندنەوەیەکی شێنەیی و وردی دەقەکەوە پەیدا دەبێت، کە چەندەها جار دووبارە بێتەوە، بۆیە ناکرێ دەست بە وەرگێڕانی دەقەکە بکرێت، پێش ئەوەی بخوێنرێتەوە و درکی پێبکرێت و ئینجا وەرگێڕ هەست بەوە بکات، کە دەتوانێ کۆنترۆڵی پرۆسەکە بکات، وەرگێڕ لە نووسەرە سەرەکییەکە سەرکەوتووتر نابێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەموو کۆششی خۆی دەخاتەگەڕ لەپێناو ئەنجامدانی وەرگێڕانێکی پوخت و نایاب، بە

جۆرێک دەقە وەرگێڕدراوەکە وای بۆ بڕوانرێت، کە دەقێکی سەرەکی ڕەسەنە و نووسەرێک نووسیویەتی، لە بواری بابەتەکەیدا پسپۆڕە.

لەو هەڵە باوانەی لە پرۆسەکانی وەرگێڕان و بەعەرەبیکردن سەرهەڵدەدەن، ئەوەیە وەرگێڕ هەر لە بەرایی کارەکەیەوە دەستدەداتە گەڕان بەدوای مانای ئەو وشەو گوزارشت و دەربڕینانەی لە دەقەکەدا بەکارهێنراون، پێویستە وەرگێڕ دەقەکە چەند جارێک بخوێنێتەوە، بۆ ئەوەی مانای گشتی دەقەکە تێبگات، پاشانیش هێما بخاتە سەر ئەو وشانەی دیاریکردنی ماناکانیان سەخت و دژوارە، بۆ ئەوەی پاشان لە دووتوێی فەرهەنگیی زماندا بیاندۆزیتەوە و بە هەموو مانای دەوروبەر و دەقەکەیەوە وەریانبگێڕێت.

لە کاتی گەڕان بەدوای هەر وشەیەک لە فەرهەنگەکاندا، وەرگێڕ دەستی دەگاتە چەند مانایەکی جۆراوجۆر و چەند وشەیەکی هاوواتا، لەم حاڵەتەدا بژاردەکات و هەرەمەکی نابن، بەڵکو پێویستە وشە هاوواتاکان هەڵبسەنگێنرێن و ماناکان هەڵبژێردرێن و وشەی گونجاوی دەقەکە دیاری بکرێت، بەشێوەیەک بژاردەکان لەگەڵ مانای دەقەکە بگونجێت، بۆ نموونە (**la crainte**) واتای (**ترس**)ە، لەگەڵ وشەی (**Lapeur**)جودایە، کە هەر (**ترس**) دەگەیەنێت، بە هەمان شێوەش (**Lafatigue**)ماندوویێتی دەگەیەنێت، وەکو وشەی (**assoupissement**)نییە، کە مانای (**ئارامی**)دەداتبەدەستەوە، هەردوو وشەی (**نوزە**) و (**بێئاگایی**)یش وشەی (**la lethargie**) نین، کە مانای (**سستی**) دەگەیەنێت، نەک مانای

(La lassitude)ماندوویێتی. لەم حاڵەتەدا پێویستە دەستکەین بە هەڵبژاردنی ئەو وشەیەی لەگەڵ دەقە سەرەکییەکەدا دەگونجێت، چجا هەموو وشەیەک مانایەکی دەستنیشانکراو و تایبەتی خۆی هەیە، چجا چ لە زمانی عەرەبی یان لە زمانی فەرەنسیدا بێت.

کاتێ دەستدەکەین بە وەرگێڕان یان بەعەرەبیکردنی دەقێکی دیاریکراو، پێویستە بڕگە بڕگەدەستبکەین بە وەرگێڕان، پاش ئەوەش دەستدەکەین بە ڕێکخستنی مانا و گوزارشتەکان بە شێوازێکی ئەوتۆ، کە لەگەڵ زمانەکەدا بگونجێت، بەو مەرجەی پارێزگاریی لە وردی ماناو تۆکمەیی شێوازەکەی بکات، و ڕستە و گوزارەکان بەڕاستی و دروستی بەیەکەوە ببەستێتەوە و ڕەچاوی تایبەتمەندیی و خەسڵەتەکانی هەریەک لەو دووزمانە بکات، کە کاری وەرگێڕانیان تێدا ئەنجام دەدات.

لەو ئامۆژگارییانەی زۆر پێویست و گرنگن لە ئەداکردنی کاری وەرگێڕاندا، ئەمانەتە، پێویستە وەرگێڕ ڕاستگۆ و متمانەپێکراو بێت لە کاری وەرگێڕاندا، و هەمیشە پارێزگاری لە مانای جێ مەبەست بکات و هەردەم کار لەسەر ئەوە بکات لە کرۆک و جەوهەری دەقەکە دوور نەکەوێتەوە، بە گوزارشتێکی دی دەکرێ بڵێین پێویستە وەرگێڕ و نووسەری سەرەکی دەقەکە لە تێکەڵکێشییەکی کارا یەکبگرنەوە، واتە هەردوو دەقەکە یان نزیک و گونجاو بن، چ لە زنجیرەیبوونی هزرەکان و چ لە تۆکمەیی ڕستەکان و چ لە ڕیزبەندی لۆجیکیانەی دەقەکە.

پێویستە لەسەر وەرگێڕ شارەزاییەکی باشی لە بواری ژیاریی ئەو زمانەدا هەبێ، کە وەریدەگێڕێت، جا ئەگەر ڕەهەندە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئەدەبییەکانی زمان بەهەند وەرگرین، ئەوا بێگومان ئەو زمانە بە هەموو نەریت و داب و ڕێورەسمەکانی کۆمەڵگەوە گوزارشت لە ژین و ژیاری ئەو دەڤەرە دەکات.کەواتە پێویستە لەسەر وەرگێڕ بەرچاوڕوونییەکی هەبێت لەڕووی تایبەتمەندیی و خەسڵەتە ژیارییەکانی ئەو زمانەی کە کاری وەرگێڕانی تێدا ئەنجام دەدات، کاتێکیش وەرگێڕ بەرچاوڕوونی لە بواری زانستی و ئەدەبی زمانەکەدا دەبێت، ئەوا بێگومان زانینی خەسڵەتە زمانەوانییەکان تەنها بەس نین بۆ وەرگێڕانی دەقێک، بەبێ ئەوەی تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی ئەو ژیارە بزانرێ، کە باکگراوندی دەقەکە پێکدەهێنن، کەواتە بە کورتی دەڵێین زمان بەهیچ شێوەیەک لە ژیاری کۆمەڵگە جیا ناکرێتەوە.

هەموو زمانێک زاراوەی تایبەت بەخۆی هەیە، جا بەعەرەبیکردن و وەرگێڕانی ئەم زاراوانە ناکرێ پیتئامێز بن، بەڵکو لەڕووی ماناوە وەردەگێڕدرێن، لەوانەشە بە زاراوەیەکی دی بۆ ئەو زمانە وەربگێڕدرێت، کە کاری وەرگێڕانی تێدا دەکات، ئەم حاڵەتەش لە وەرگێڕانی پەندی پێشیناندا زیاتر بەدەردەکەوێت، بۆ نموونە وەرگێڕانی:

**Vieux comme le temps**

بەم مانایە دێت: **ڕۆژگار لێی خوارد و خواردییەوە.**

هەروەها ئەم ڕستەیە:

**Unfleuve ne remonte pas vers la source.**

وەرگێڕانەکـــەی بەمشـــێوەیەیە: **خۆزگـــە ڕۆژێـــک لاوێتـــی دەگەڕێیەوە.**

هەروەها ڕستەی:

**Qui se ressemblesassemle.**

بەمشێوەیە وەردەگێڕدرێت: **باڵندەکان لەسەر شێوازی خۆیان دەنیشنەوە.**

لـــەمجۆرە زاراوانـــە یـــان پەنـــدە دێرینانـــەدا، تـــەنها ماناکـــان وەردەگێـــڕدرێن، چونکـــە وەرگێڕانـــی پیتئـــامێز و وشـــەیی، مانـــا سەرەکییەکە بزردەکەن.

هـەردوو ڕەگـەزی **(نێر)** و **(مـێ)** لـە زمـانی فەرەنسیدا گرفتـی گـەورە دەخوڵقێنن،ئـەویش کاتێـک قوتابییـە عەرەبـەکان خوازیـاری فێربوونی دەبن، چونکە زۆرجار وشەیەک لە زمانی فەرەنسیدا نێرە، کـەچی لـە زمـانی عەرەبیـدا بـە **(مـێ)** هـەژمار دەکرێـت، باشـترین نموونەش بۆ ئەمە مانگە **(lalune)**, کە بە زمانی فەرەنسـی (مێ)یە و بـە زمـانی عـەرەبی (نێـر)ە، هـەروەها خـۆر**(Lesoleil)**,بـەزمانی فەرەنسی (نێر)ە و بە زمانی عەرەبی (مێ)یە، لـەم حاڵـەتـەدا پێویستە بـە یاسـاو ڕێزمـانی عـەرەبی بنووسـرێن و وەربگێـڕدرێن، کەواتـە پێویســتە لـــە پرۆســـەی وەرگێـــڕان و بەعەرەبیکردنـــدا،گونجان و تەباییەکی بێ وێنە هەبێت.

پێویستە وەرگێڕ گرنگییەکی زۆر بە **خاڵبەندی** بدات، **وەکو وێرگوڵ و خاڵ و دوو خاڵی لەسەر یەک و هێماکانی پرسیار و سەرسوڕمان...هتد**، چونکە هەموو هێمایەک ئاماژەیەکی زمانەوانی تایبەت لەخۆ دەگرێت و ئەرکێکی دیاریکراو جێبەجێ دەکات، جا گەر بێتو ئەو هێمایانە پەراوێز بخرێن، یاخود لە شوێنێکی دیکە بەکاربهێنرێن، بێگومان ئەم هەڵەیە بۆ لاربوونی تەرازووی هاوسەنگی ڕستەکە پەلدەکێشێت و شیمانەی ئەوەش هەیە، هەموو ماناکە بگۆڕێت یان دووچاری کەلێنێکی گەورەی بکات، لێرەدا چەند نموونەیەک دەهێنینەوە:

Le directeur, ditLouvrier, ne fait pas son devoir.

لەم ڕستەیەدا بۆمان دەردەکەوێت، کە کرێکارەکە وتویەتی: **بەڕێوەبەرەکە ئەرکی خۆی جێبەجێ ناکات.**

کەچی لەم حاڵەتەی خوارەوەدا وتراوە:

Le directeurdit:louvrier ne fait pas son devoir.

بەڕێوەبەر وتی: **کرێکارەکە ئەرکی خۆی جێەجێ ناکات.**

لەم نموونەیەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە، کە دانانی هێماکانی خاڵبەندی گرنگی خۆی هەیە، بۆ ئەوەی ڕستەکەمان تەمومژاوی نەبێت و بەڕاستی و دروستی مانای خۆی بدات بەدەستەوە.

پێویستە گرنگی بە ڕێکخستنی**جێناو** و ماناکانیان بدرێت، لە زمانی فەرەنسیدا زۆرجار دەوترێت (**تۆ و من**) (**Vous etmoi**)، لە جیاتی (من و تۆ)، بە هەمان شێوە (**جێناوی بەرکار**) لە ناوەڕاستی ڕستەدا دادەنرێت، بۆ نموونە:

**دەیبینم.Je le vois.**

یان لە کۆتایی ڕستەدا:

**تەماشای بکەن**.Regardez-le.

بە هەمان شێوەش (**جێناوی بکەر**) لەسەرەتای ڕستەدا دادەنرێت:

Ilecritunelettre a son ami.

**نامەیەک بۆ هاوەڵەکەی خۆی دەنووسێت.**

پێشبەندەکان لە زمانی عەرەبیدا گرنگییەکی تایبەتیان هەیە، لەبەر ئەوە پێویستە لە کاتی وەرگێڕانیاندا ئاگاداری ئەمجۆرە ئامرازانە بین، چونکە زۆرجار ماناکە دەگۆڕن، بە تایبەتی کاتێک لەگەڵ (**کار**)دا بەکاربهێنرێت، وەکو: (**یرغب في الشيء**)، واتە: **دەیەوێت**، بەڵام(**یرغب عنه**) واتە: **ڕەتی دەکاتەوە.**

فرەجۆری پێکهاتەی کارەکان لە زمانی فەرەنسیدا بە خەسڵەتێکی جیاکار لەم زمانەدا هەژمار دەکرێت، بۆ نموونە داڕشتنەکانی ڕابوردوو لە زمانی فەرەنسیدا فرەن، هەر داڕشتنێکیش مانایەکی تایبەت دەبەخشێت، بۆ نموونە لەم دوو ڕستەیەدا (**ڕابووردووی ناتەواو**) و (**ڕابووردووی تەواو**) بەکاردەهێنرێت.

1. Quandvousetes arrives, la fete avait lieu.
2. Quandvousetes arrives, la fete avaiteu lieu.

ڕستەی یەکەم ئەمە ماناکەیەتی:

**شاییەکە هەر بەردەوام بوو، کاتێک گەیشتمە ئەوێ.**

بەڵام ڕستەی دووەم ئەمە ماناکەیەتی:

**کاتێک گەیشتم، شاییەکە تەواو ببوو.**

بە هەمان شێوە تایبەتمەندیی کارەکان لە زمانی عەرەبیدا هەیە، چونکە زۆرجار (کاری ڕابووردوو) وەک ئاماژەیەک بۆ ئێستا و ئایندە بەکاردەهێنرێت، ئەم حاڵەتەش لە ڕستەی مەرجی و داواکردن و پروپاگەندە و سوێندخواردن پراکتیزە دەبێت، بۆ نموونە وەکو:

**گەر بخوێنی، سەردەکەویت.**

**خودا نەکات.**

**خودا تەندروستی و عافیەتت پێ ببەخشێت.**

ئەوەی باسمان کرد کۆمەڵە ئامۆژگاریی و ڕێنماییەکی گشتی بوون،دەکرێ قوتابی پشتیان پێببەستێت و ناوەرۆک و کرۆکەکانیان بۆ خۆی بکاتە مەشخەڵ، چونکە چەندەها سوود لەخۆ دەگرن، کە لەوانەیە زۆر لە وەرگێڕەکان لەکاتی ئەنجامدانی پرۆسەی وەرگێڕاندا پشتگوێیان بخەن و فەرامۆشیان بکەن، جا بۆیە ئاواتەخوازین ئەم ڕێنماییانە بەهەند وەربگرن، تاکو ئاستی زانستیی قوتابیانمان بە گشتی بەرزبێتەوە و بەرەو باشتر هەنگاو بنێت.

ئەم نووسینە لەم کتێبە وەرگێڕدراوە

**توفيق عزيز عبدالله (د) و حسيب الياس حديد (د)، مبادىء الترجمة ـ لطلبة المرحلة الثالثة قسم اللغة الفرنسية، مديرية دار الكتب للطباعة و النشر، الموصل، ١٩٨٩، ص ١٣ ـ ٢٦.**

# تیۆرەکانی ئێستای وەرگێڕان

# تیۆرەکانی ئێستای وەرگێڕان

بێگومان پرۆسەی وەرگێڕان ـ زارەکی یان نووسراو بێت ـ لە هەردوو حاڵەتدا پرۆسەیەکە بەقەد ئاخاوتن و بەقەد نووسین کۆن و دێرینە، بەڵام زانستی ڕەچەڵەکناسی باس لەو خێڵ و هۆزە دابڕاوانە بۆ نەکردووین، کە زمانەکانیان هەمەجۆر و جیاوازن، کەچی ئەندامی وایان تێدا نەبوو بێت، کە بە زمانی هەردوو هۆزەکە قسەیان کردبێت. لێرەدا دەتوانین ئاماژە بۆ ئەو پەیماننامانە بکەین، کە لەنێوان حیسییەکان و فیرعەونەکاندا مۆرکراوە، ئەم پەیماننامانە تەمەنیان بۆ پێش سێ هەزار ساڵ دەگەڕێتەوە، لە هەمان ئەم قۆناغەشدا سەردەمی فیرعەونەکان پڕ بوو لەو وەرگێڕانەی پرۆسەکانی وەرگێڕانیان بەبێ نووسین و لەڕێگای ئاخاوتنەوە ئەنجام دەدا، ئەو وەرگێڕانە وەرگێڕی سەرپێی و ئاسایی بوون و لە باو و باپیرانەوە ئەم پیشەیەیان بۆ مابۆوە و لەسەر کردە و پێشەواکانیانەوە فێری ببوون، ئەو وەرگێڕانە گەورە نووسەری وا بوون، کە هزر و بیری خۆیان خستبووە گەڕ، بۆ ئەنجامدانی پرۆسەکانی وەرگێڕان، کە لە دەیەها کەسایەتی پێکهاتبوون، وەک: (شیشرۆن Cicèron) و (سان جیرۆم Sainet – Jèrôme) و (میمۆنید Maimonide) و (دانتی Dante) و (ئۆریسم Oresme) و (ڕیڤارۆل Rivarol) و (لیۆپاردی Leopardi) و (گۆتە Goethe) و (پۆپ Pope) و (شاتۆبریان Chateaubriand) و (گۆگۆل Gogol) و (لوکۆنت دولیسل Leconte de Lisle)،

هــەروەها (گیـد Gide) پێگەیــەکی گرنگــی لــەنێو ئــەم نووســەرانەدا هەبوو، کە لە سەدەی شازدەوە نووسـەری دیکـەیان لەگەڵدا هـەبوو، کـە لــە هونــەری وەرگێڕانــدا بــەناوبانگ و ناســراو نــەبوون، وەک: (لوســیور دولســتان Le sieur de Lestang) و (باشــیە دومیزیریاک Bachet de mèziriac) و (پیرۆت دبلنکۆرت Perrot dablancourt) و (مــەدام داســییەر تیلــەر Madame dacier tyler) و سەدانی دیکە.

تا هەنووکە ئەم کلتوورە هەر بەردەوامە، گۆڤارەکانی ئێستای کۆمەڵە ئەهلییەکانی وەرگێڕەکان، کە ژمارەیان نزیکەی (٤٠) گۆڤارە، هەڵدەسـتن بـە بڵاوکردنـەوەی تێبینیـەکان بـە شـێوەیەکی ڕێکوپێک، تیایاندا بە شێوەیەکی بێکۆتا شارەزاییە تایبەتییەکانی هەر یەکێک لەو وەرگێڕانە کۆدەبێتـەوە، بێگومـان ئـەم شـارەزاییانە پشـت بـە چەنـدەها نموونــەی ئــەزموونی و پیشــەیی دەبەســتن، جگــە لەمانــەش ئــەم ئەزموونانـە لـە هەوڵدان بـۆ ئـەوەی بەرزببنـەوە و ببنـە هـزر و بیـری گشــتی، هەرچەنــدە هەمیشــە پشــت بــە وێناکردنــە کــۆن و بەســەرچووەکانی وەک فەلســەفەی زمــان دەبەســتن، و هەمیشــە دوورن لە بنەمای تیۆری پتەو و ڕاستەقینە.

**ویلبور مارشاڵ ئۆربان** (١٩٣٩) Wilbur Marshall Urban

شتێکی نامۆیە بۆ ماوەیەکی درێژ فەلسـەفەکانی زمان شـارەزا نەبیت، ئەم پرۆسـەیەی ئەم فەلسەفانەی وەک ئامرازێکی باش بە لای خۆیـدا ڕاکێشـاوە، بـۆ تـاوتوێکردن و توێژینـەوەی ئـەم گرفتـە تەمومژاویـە دەربـارەی پەیوەندییـەکانی نێـوان زمـان و هـزر، ئینجـا

لەمبارەیەوە فەرهەنگ و ئینسکلۆپیدیاکان بێدەنگیان لە فەلسـەفەکانی زمـان کـەمتر بـووە، چونکـە ئـەو وتـارەی ناونیشـانی (وەرگێـڕان)ی هــەڵگرتبوو، لــە (بەڕێوەبەرایــەتی زانیارییــەکانی بــەریتانیا) بــە دەرنەکەوت، مەگەر لە چاپەمەنییەکانی پاش ساڵی (١٩٥٠)دا نەبێت.

هـەروەها وەرگێـڕان شـوێنی گرفتـی فەلسـەفەی سـەربەخۆی گرتۆتـەوە، ئـەویش لـە پـەرتوکێکی فەیلەسـوفی ئەمـەریکی ئوربـان (Urban) بە ناونیشانی (Language and Thougt) (زمـان و هـزر) (چـاپی یەکـەم سـاڵی ١٩٣٩، چـاپی دووەمـیش لـە لەنـدن، لـە بڵاوکراوەکـانی (Allen and Unwin) سـاڵی (١٩٦١)، ئـەم فەیلەسوفە سێ لاپـەڕەی (٢٣٦ ـ ٢٣٨) بـۆ گفتوگـۆکردنێکی تایبـەت دەربـارەی وەرگێـڕان دەستنیشـانکرد، هـەروەها پاشـکۆیەکی پێـنج لاپەڕەشـی بـۆ ئـەم مەبەسـتە تـەرخان کـرد (بەشـی دووەم (٧٣٦ ـ ٧٤٠).

لـەو کاتەشـدا سـەبارەت بـەم مەسـەلەیە بـۆ زمانـەوانانی گەڕانـــدەوە: (گاردینـــەر Gardiner) (جیسپرســـن ڤۆســـلێرن Jespersen vosseler) بە تایبـەتی (ساپیر Sapir). هـەروەها: (برۆنسلوو مالینۆڤسکی Bronislaw Malinovski)، کە لـە سـاڵی (١٩٢٣)دا پاشـکۆیەکی بـە ناونیشـانی (گرفتـی واتـا لـە زمانـە دێرینەکاندا) بە زمانی ئینگلیزی نووسی، کـە لـە پەرتووکێکدا بـوو بـە ناونیشانی (ئاماژەکانی واتا)، کە ئـەویش بـە هـەمان شـێوە بـە زمـانی ئینگلیزی بوو، هی(ئۆگدن و ڕیچـادز Ogden et Richards) (٢٩٦ ـ ٢٣٦) نووسیبوی، کە چاپی هەشتەمی لە ساڵی ١٩٦٤ لە چاپدرابوو،

ئەو مەسەلە سەرەكییانەی لەم پەرتوكانەدا هاتبوون، ئەمانە بوون: توانا و ئەگەری وەرگێڕانی هەمەكی یان نەبوونی ئەگەری وەرگێڕانی هەمەكی (یان بەشەكی)، ئەم مەسەلانە لەو لایەنەوە باسكران، بەو حیسابەی یان بە بونیادە هەمەچەشنەكانی زمانەوە پەیوەستن (كە ئەمەش ئاستەنگێكی زمانەوانییە)، یان پەیوەستن بە ڕاستەقینە دەروونی و كۆمەڵایەتی و بنەچەییەكانەوە، كە ئەمەش بێگومان لەمپەرێكی ڕۆشنبیرییە.

**یۆجین ئە. نیدا** Eugene A. Nida

توێژینەوەی زانستی لەمەڕ كێشە و ئاریشەكانی وەرگێڕان، یەكەم هەڵمەتی گەورەی پاش جەنگی جیهانی دووەم بەخۆوە بینی، ئەویش لە ئەنجامی پێویستی بۆ وەرگێڕانی پەرتووكی پیرۆز، لە ڕاستیدا وەرگێڕانی پەرتووكی پیرۆز بۆ نزیكەی ٨٠٠ تا ١٠٠٠ زمان كراوە، كە كۆمەڵەی بەهێز ناوی كۆمەڵەی ئەمەریكی پەرتووكی پیرۆزی گرتبووە ئەستۆی خۆی لەگەڵ بەڕێوەبەری كاروباری وەرگێڕان، كە زمانەوانێكی ڕاستەقینەیە و ناوی نیدا (E.A.Nida) لە ساڵی (١٩٥١)ەوە نووسینەكانی دیكەی چ وتارەكانی و چ پەرتووكەكانی لە كۆمەڵە كێشە و چارەسەریەك پێكدێن، كە لە ڕووی زمانەوانییەوە دەخرێنەڕوو، لەم بارەیەوە دەتوانین بۆ پەرتووكی (بەرەو زانستی وەرگێڕان) بگەڕێینەوە، (لید Leyde، چاپی بریل Brill ساڵی (١٩٦٣) ئەم پەرتووكە بە فەرهەنگی زانستیی سەدەی خۆی هەژمار دەكرێت.

## ڤینیه و دار بلنیت (١٩٥٨) Vinay et Darbelnet

له هەمان چەرخیشدا یەکەم شێوازی وەرگێڕان لە پێویستییە کردەییەکانی زمانەوانانەوە سەری هەڵدا، کە شێوازێکە پشت بە شیکردنەوەی زانستیی دەبەستێت: (شێوازناسی بەراوردکاری لەنێوان هەردوو زمانی ئینگلیزی و فەڕەنسیدا دەکات)، کە چاپخانەی دیدییەر Didier لە پاریس بڵاوی کردووەتەوە)، ئینجا لەژێر سایەی ئەم ناونیشانەدا هەردوو نووسەرەکە هەستان بە کۆکردنەوەی ئەنجامی شیکردنەوەکان و ئەزموونە پڕ بەهاکان، بۆ دابینکردنی پێویستییەکانی کەنەدا، ئەویش لەبەر ئەو بارودۆخە زمانەوانییەی پێیدا تێدەپەڕێت، لەم وڵاتەدا نووسەران هەستان بە بڵاوکردنەوەی دەقە شەرعی و یاسایی و فەرمییەکان بە دوو زمانی فەرمی، کە لە ڕووی دەستوورییەوە وەک یەکدین و لە یەک ئاستدان، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی نووسینگەی وەرگێڕەکان بەرەوپێش بچێت، ئەویش بەو حیسابەی دەستەیەکی سەر بە یەکێتییەکەیە و نزیکەی هەزار پسپۆڕی ئاستی باڵایان هەیە و کاری تیادا دەکەن.

ئینجا بۆ ئامادەکردنی چەند وەرگێڕێکی پسپۆڕ (ڤینیە Vinay) و و (دار بلنیت Darbelnet) هەستان بە هەڵهێنجانی کۆمەڵە یاسایەک، کە توانای ڕوونکردنەوەی ئەو هەنگاوانەیان هەیە، کە پێویستە بگرێنە بەر، بۆ ئەنجامدانی وەرگێڕانێکی باش و پوخت، لە کاتێکدا هەموو تێبینییەکانی پێشوو تەنها کۆمەڵە نموونەیەک بوون(بۆ ئەو کارانەی نابێ لە پرۆسەی وەرگێڕاندا ئەنجام بدرێن)، بەرانبەر وەرگێڕانی وشە بە وشە، کە هەمیشە مەحکومکراوە و

ڕەتکراوەتـــەوە، ئـــەویش لـــەڕێگای ســـەلیقە و چێـــژەوە . لێـــرەدا وەرگێڕەکان مەسەلەی یەکانگیری . یەکێتی وەرگێڕانیان خستەڕوو، واتـە ئـەو کۆمەڵـە و ئـەو کۆڵەکانـەی وەرگێـڕان تیایانـدا بـە کۆمـەڵ ئەنجام دەدرێن، چونکە بە یەکەی ڕاستەقینە و خاوەن مانا هەژمار دەکرێن.

(ڤینیـە) و (دار بلنیـت) پـۆلێنکردنی حـەوت چارەسـەری بـۆ سەرجەم کێشەکانی وەرگێڕانیان ئەنجامدا:

١ـــ خواســـتن یـــان وەرگـــرتن لـــە ڕووی زمانەوانییـــەوە (L'emprunt) چارەسەرییەکی بێسوودە، بەڵام هەرچی چۆنێک بێت هـەر بـە چـارەکردن هـەژمار دەکرێـت، کـە جـەخت دەکاتـەوە سـەر وەرنـەگێڕانی وشـەکە لـە زمانـە سـەرەکییەکەوە(زمانی یەکـەم، کـە لێوەی وەردەگێڕێت)، بەتایبەتی ئەگەر پەیوەست بوو بە شتێک، کە لە کلتوور و ڕۆشنبیری زمانەکەدا بۆی وەردەگێڕێت بوونی نەبێت، واتە (زمانی دووەم یان زمانی بێگانە، کە فێری دەبین) لەگەڵ بوونی ئەگەری شرۆڤەی وشـەکە لـە بوارەکـەدا، ئـەویش لـەڕێگای نووسینی تێبینییەکـــەوە، بـــەم شـــێوەیە ئیـــدی ژمارەیـــەکی زۆر لـــە وشـــەی هەمەچەشـــنە چووەتـــە نـــاو زمـــانی فەڕەنســـییەوە، وەک: Sauna (سونە: گەرماوێکی هەڵاوکردوو بە شێوازی فنلندی) و ( – chiche Kebab) (کەباب) یان: (merguez)، (سجق) ئـەم وشـانەش کرانـە وشەیەکی فەڕەنسی، کێن ئەوانەی وا گومان دەبەن هـەردوو وشـەی (redingote) (پاڵتۆیـەکی ئافرەتانـە) و (dètective) (هـەواڵگرێک یان ئەفسەرێکی پۆلیسە) وشەگەلێکی ئینگلیزین؟

٢ـ بـه قـاڵبکردن یـان لاسـایی زمانـەوانی: (Le calqve) شێوازێکه له وەرگێڕانی شێوەی زمانه بێگانەکەدا بەرجەسته دەبێت: (rouleaux de printemps) (جـــــــۆرێکی خۆراکـــــــــه) (لاسـاییکردنەوەیەکی واژەییانـەی وشـەیەکی چینییـە)، ( vous... pensez cadeaux pensez Mikado si)، کـه ئەمـەش لاساییکردنەوەی ڕێزمانی کاری ئینگلیزییه.

٣ـ هەرچی سەبارەت بە وەرگێڕانـی پیتئامێزە(حـەرفی) ( mot á mot)، واته وشه به وشه، که حاڵەتێکی نموونەییه، بـەڵام تەنانـەت دەگمەنە بۆ زمانه نزیکەکانیش هەروایه، بۆ نموونه له زمانی ئیتالیدا:

(L'opinione pubblica non crede que l'invasori possano trionfare)

بەرانبەرەکەی به زمانی فەڕەنسی بەم شێوەیەیه:

U'opinion publique ne croit pas que les envahisseurs puissent triompher.

ماناکەشی به زمانی عەرەبی ئەمەیه (ڕای گشتی پێی وا نییه داگیرکەران دەتوانن سەرکەوتن بەدەستبهێنن).

٤ـ هـەروەها گواسـتنەوه و جێگـۆڕکێ (Le transposition) بەشێک له وتارەکه به بەشێکی دیکه جێبەجێ دەکات، بۆ نموونـه ئـەم ڕستەیەی زمانی فەڕەنسی دەڵێت:

l art de la traduction هونـەری وەرگێڕانـه، کـه بەرانبەرەکەی له زمانی ئیتالیدا ئەمەیه:

l'arte del tradurre بـه ئینگلیـزیش: ( the science of translating)، واتـه: زانسـتی وەرگێـڕان، لێـرەدا هـەردوو زمـانی

ئینگلیــزی و ئیتــاڵی شــێوازی کــاری چاوگیــان لــەجیاتی نــاوە فەرەنســییەکە (traduction) بــەکارهێناوە، بــە هــەمان شــێوەش شێوازە ئینگلیزییەکە (to jump across)، کە بەرانبەرەکەی بە زمانی فەڕەنسی ئەمەیە: (franchir d'un bond)، کە ماناکەی ئەمەیە: بە بازدان تێپەڕی.

هەرچی هەموارکردن و تازەکردنەوەیە، ئەوا تیایاندا خودی ڕاستەقینە نازمانەوانییەکە وەردەگێڕدرێت، بەڵام لە ڕوانگەیەکی دیکەوە، بۆ نموونە لە زمانی ئینگلیزیدا دەوترێت (do not enter) **(چوونە ژوورەوە قەدەغەیە)**، کە بەرانبەرەکەی بە زمانی فەڕەنسی ئەمەیە: sens interdit ، کە دەکاتە ئەم گوزارشتە بە زمانی عەرەبی واتە: (ڕۆیشتن بەم ڕێڕەوەدا قەدەغەیە).

٦- سەبارەت بە یەکسانی یان هاوکوف (L'èquivalence) ، لەم پرۆسەیەدا کرۆک و ناوەرۆکی ڕاستەقینەکە وەسف دەکرێت، کە نازمانەوانییە، ئەویش بەبێ ئەوەی پەنا ببرێتە بەر پێوەرە زمانەوانییەکان: لە زمانی ئینگلیزیدا بۆ نموونە دەوترێت: (a far – fetched hypothe – sis)، کە بە زمانی فەڕەنسی یەکسانە بەم مانایە: (une hypothèse tirèe par les cheveux)، مانای ئەم ڕستەیەش بە زمانی عەرەبی ئەمەیە: (گریمانەیەکی زۆرەملێ یان سپێردراو).

٧- لە کۆتایشدا خواستن (L'adaptation) دێت، کە گوزارشت لە هەڵوێستێکی بنەچەیی نەناسراوی زمانی مەبەستەکە دەکات، ئەویش بە شێوازی گەڕانەوە بۆ هەڵوێستێکی هاوشێوە: بۆ

نموونە ئەم ڕستە ڕووسیەی ماناکەی ئەمەیە: (گوندێک لە پۆتیمکین Potemkine)، بەرانبەرەکەشی بە زمانی فەڕەنسی ئەمەیە: ((un village d'opèrette un village en, carton – pate))، و ڕستە ڕووسییەکە ئەم مانایە دەگەیەنێت (Martyhnov) (شێتە وەک ماردتینۆڤ)، کە کەسایەتییەکی ڕۆمانتیکی ناسراوە و بە زمانی فەڕەنسی ئەمە بەرانبەرەکەیەتی (fou á lier).

## فیدۆرۆڤ Fedorov (١٩٥٠) و کاری Cary(١٩٥٦)

لە هەمان قۆناغیشدا بەرەوپێشچوونی پەیوەندییەکان و دەزگا نێودەوڵەتییەکان بووە هۆی بەرەوپێشبردنی قوتابخانەکانی وەرگێڕان و وەرگێڕە ڕاستەوخۆکان، ئەم پێشڤەچوونەش بووە هۆی دەرکەوتنی کۆمەڵە ئەهلییەکانیان، بەم جۆرە هەندێک لە وەرگێڕەکان دەستیانکرد بە وەسف و پۆلێنکردنی جۆرەکانی وەرگێڕان.

هەروەها منیار ـ بیلۆروشیف Mignard– Bielorucev ڕوونکردنەوەیەکی باشیان خستەڕوو، بۆ ئەو جیاوازییانەی لە نێوان وەرگێڕانی نووسراو و وەرگێڕانی زارەکی یان ڕاستەوخۆدا هەیە، جگە لەمەش ئەو جیاوازییانەی خستەڕوو، کە پێشتر (جان هیربیرت ـ Jean Herbert) هەستا بوو بە چارەسەرکردنێکی باش و لێهاتووانە بۆیان، چونکە ئەو توانی وەرگێڕانی بەدوایەک و وەرگێڕانی ڕاستەوخۆی چڕپەکراو پۆلێن بکات: (وەرگێڕانی بەدوایەکی بینراو لە کاتێکدایە، کە وەرگێڕ دەقێکی نووسراوی پێ بێت، کە پێشوتر خرا بێتە بەردەستی). ئەندریە ڤ. فیدۆرۆڤ Andrei v. Fedorov (لە پەرتووکەکەی: تایبەتمەندییەکانی تیۆری

وەرگێڕان  - بە زمانی ڕووسی، مۆسکو (١٩٥٤)، چاپی دووەم (١٩٥٨) و (ئەدمۆند کاری) (Edmond Cary) لە پەرتووکەکەیدا (وەرگێڕان لە جیهانی نوێدا)، (جنێف)، چاپی جۆرج (Georg) (١٩٥٦)، توێژینەوەیان بۆ ئەو پێداویستیانە کرد، کە تایبەتن بە وەرگێڕان، ئەویش بەپێی ئەو بوارانەی تیایدا بەکاردەهێنرێت، لێرەدا وەرگێڕانی جیاواز لە ئارادا هەیە، وەک وەرگێڕانی دیبلۆماسی و پەرلەمانی و یاسایی و کارگێڕیی و زانستیی و تەکنیکی و ڕۆژنامەوانی و ئەدەبی و شیعری و شانۆیی و ئایینی و سینەمایی (چەند گۆڕانێکی جیاواز پەیوەست بە گفتوگۆوە دەگرێتەخۆ)، جگە لە وەرگێڕانی تایبەت بە ئەدەبی منداڵ، کە بە هەمان شێوە دەبێ باس بکرێت.

### جۆن ک. کاتفۆرد (١٩٦٥) (1965) John C. Catford

نوێترین هەوڵدانی گشتگیر لەم بوارەدا ئەوەیە، کە کاتفۆرد Catford کتێبێکی بە ناونیشانی (تیۆری زمانەوانیی وەرگێڕان - توێژینەوەیەک دەربارەی زمانەوانیی کارەکی) نووسیویەتی، چاپی دووەم (١٩٦٧). لەوانەیە ئەم توێژەرە شتێکی تازەی لە ڕووی زمانەوانییەوە باس نەکردبێت، کەچی تابلۆیەکی ڕێکی ڕووداوە وەرگێڕاوەکانی لە ڕووی زمانەوانییەوە و لە بواری وەرگێڕاندا باسکردووە، ناشکرێ یەکسانی دەق لەڕێگەی هاوشێوەیی ڕواڵەتی و شێوەییەوە دەستەبەر بکرێت، ئینجا ئەم هاوشێوەییە لە وشەکان یان لە پێکهاتەکاندا بێت (ئەمەش واتای مەحکومکردنی وەرگێڕانی وشە بە وشەیە)، ئەم یەکسانییەش پەیوەندی بە چەند پارچەیەکی

جیاوازەوە هەیە، کە بەهۆی پرۆسەی جێگۆڕکێوە دەستنیشان دەکرێت (کە لە بیرۆکەی یەکەکانی وەرگێڕان پێکدێت) و جیاوازییەکانی دابەشبوونی ڕاستەقینەکە بەپێی زمانەکان ئەنجام دەدات. ئینجا چ لەلایەنی واژەیی یان لایەنی ڕێزمانییەوە بێت. تا دەبێتە ئەو پەیوەندییە شێوەیی و مەعنەویەی لە نێوان هەردوو وشەی livre (کتێب/ کتاب) و (livres) (کتێبەکان/ کتب)دا هەیە، لە زمانی فەڕەنسیدا جیاوازی لەگەڵ ئەو پەیوەندییەی لە زمانی عەرەبیدا لە نێوان وشەی (کتاب) (تاک) و بەرانبەرەکەی (کتب) و (وشەی پەرتووک) (هەردوو پەرتووک)دا هەیە. هەروەها پەیوەندییە مەعنەوییەکانی نێوان وشەکانیش لە گۆڕاندان Fraise (فراولە)، (Framboise) شاتوو یان تووی فەرەنگی (ترێی دیب groseille á maquereau) و (Canneberge) (قمام المنافع: ڕووەکێکە لە شوێنە شێدارەکاندا دەڕوێت) و (Prunelle بەرهەمی برقوق یان خۆخی دڕکاوی و (múrier de) múre (توی درەختی توو) و (grenettes)( نبق) و وشە ئینگلیزییەکانیش (فراولەStrawberry) و ( raspberry) (تووی زەوی) و (Gooseberry) (کشمیش) و (dogberry) بەرهەمی قەرەنییە یان (Logan berry) توی علیق و (Cranberry)( جۆرێکە لە تووی کێوی) و(Sloeberry) (برقوق) و (mulberry) (توو) و (bilberry) (عنبیە)، یان (Wortleberry) و (Frenchberry)، لێرەدا بوارەکە یان بەشەکەی (Berry) ئەم وشانە لەیەک نزیک دەکاتەوە.

شتێکی ئاسان نییە لە زمانی فەڕەنسیدا جێناوی کەسێتی لە (بەهازا)(bahasa) وەربگێڕدرێت، کە زمانێکە لە (ئەندەنوسیا) بەکاردەهێنرێت، چونکە ئەم زمانە شێوەی بەکارهێنراو لە بەکارنەهێنراوەکە جودا دەکاتەوە، ئەویش لەو بەشانەی پەیوەستن بە (جێناوی کەسی)ی یەکەم و سێیەمی تاک، هەروەها ئەم زمانە (بەهازا) سەبارەت بە (جێناوی کەسی یەکەمی کۆ) هەردوو شێوەی (تێخزاوەیی)(ئێمە = تۆ یان ئێوە + من) و شێوەی دوورخستنەوەیی (ئێمە = من + ئەو) جودا دەکاتەوە، ئەویش لەگەڵ (تۆ + ئێوە)، هەروەها زمانی (بەهازا) گروپی جۆری وشەسازی جودا ناکاتەوە، واتە نێر و مێ لەیەک جودا ناکاتەوە: (هو = هی ، هم = هن)، لەگەڵ ئەوەشدا (کاتفۆرد) (Catford) و غەیری ئەویش گەیشتنە ئەو ئەنجامەی ئەگەر یەکەکانی زمانی چاوگ و یەکەکانی زمانی جێ مەبەست لە ڕووی ماناوە یەکانگیر بن و یەک مانا بن، ئەوا ئەم یەکانە دەتوانن لە هەمان هەڵوێستدا کار بکەن (پەرتووکی ناوبراو، لاپەڕە ٤٩).

هەرچەندە وەرگێڕانی ئامێر گوڕێکی بەخشییە توێژینەوە زمانەوانییەکان لە ساڵی (١٩٥٠)ەوە تا ساڵی (١٩٦٥)، کەچی هیچ بەرهەمێکی ئەوتۆی لە بواری وەرگێڕانی ڕاستەقینەدا نەبوو، لەدوای ساڵی (١٩٦٥)یشەوە بڵاوکراوەکانی ئەم بوارە دایان لە کەمی.

هەروەها ئە. د. بوث (A. D. Booth) لە یەکێک لە دواهەمین بڵاوکراوەکانیدا بە ناونیشانی (ئامێری وەرگێڕان) بە زمانی ئینگلیزی نووسیبووی، (ئەمستردام، کۆمپانیای باکووری هۆڵەندا بۆ

بڵاوکردنــــەوە، ١٩٦٧)، ئــــەم پەرتووکــــە ڕوونکردنەوەیــــەک و شیکردنەوەیەکی بۆ هەندێ کۆمەڵە توێژینەوەی ماوە: لەم بوارەدا نووسیویەتی و دەڵێت: ((هیوا و ئامانجەکانی وەرگێڕانی ڕاست و دروست، تەنها لە ڕووی تیۆرییەوە ناواقیعی نەبوو، بەڵکو لە ڕووی نرخی تێچووشەوە لەوپەڕی ناواقیعیدا بوو))(پەرتووکی ناوبراو لاپەڕە ١١١).

لە هەمان کاتدا ئەم نووسەرە بەرگری لە توێژینەوەی پرسی وەرگێڕان دەکرد، کە مرۆڤ ئامێری ژمێریاری تیادا بەکاردەهێنێت، بێگومان ئەمڕۆ (هەرچەندە ئەم مەسەلەیە زۆر ڕوون نییە لە مێشکی خەڵکیدا) گرفتەکانی وەرگێڕان بۆ دوو هۆکار دەگەڕێتەوە: یەکەمیان ڕۆشنبیرییە و پەیوەندی بە گواستنەوەی چەند ڕاستەقینەیەکی نازمانەوانییەوە هەیە لە ڕۆشنبیرییەکەوە بۆ چوارچێوەیەکی ڕۆشنبیری دیکە)، دووەمیشیان هۆکارێکی زمانەوانی ڕووت و ڕەهایە (کە لە گواستنەوەی هەندێک شێوازی تایبەت پێکدێت، لە زمانێکی خاوەن بڕگەی جیاوازەوە بۆ زمانێکی دی).

ئینجا حاڵەتی وەرگێڕانی دەقە دێرینەکان تەنها بەشێکی جودایە لە گرفتە ڕۆشنبیرییەکە، لەم حاڵەتەدا خوێنەر لە کاتدا، واتە لە کاتدا گەشت دەکات نەک لە شوێن، ئینجا فیقهی زمان حاڵەتێکی تایبەتی زانستی ڕەچەڵەکناسی یان زانستی ڕەگەزناسی مرۆییە.

بۆ نموونە لێرەدا لەمپەرێکی ڕۆشنبیری هەیە ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە، کە زۆر سەخت و دژوارە، هەندێک بابەتی ڕەگەزی لە هۆزەکانی (میلانیزیا Mèlanèsie) وەربگێڕدرێت (ڕەگەزی ڕەش

لـە گینیـای تـازە نیشـتەجێن) بـەبێ بـوونی دەزگایـەکی مـەزن بـۆ وەسـفکردنی ڕەگـەز، بـەبێ تێبینـی و تـوانجی ئـەوتۆ، کـە جیـاوازی هەڵوێسـت و ئاکارەکـان بـۆ ئێمـە ڕوون بکاتـەوە و بـە هەنـدیان وەربگرێـت، هـەروەها ڕەگەزناس(مالینۆڤسـکی Malinovski) ئـەم ڕاستییەی سەلماند، بە پێچەوانەشەوە تێبینی ئەوە دەکەین، کە لەگەڵ ئەم سەختییەدا وەرگێڕان بۆی هەیە وەک پرۆسەیەک ئەنجام بدرێت، ئـەوەش تێدەگـەین کـە دەتـوانین هەمیشـە لایـەنی کـەم دەسـت بـە وەرگێڕانی بەشێک لـە دەقەکە بکـەین، چونکە لـە ڕاستیدا گشتبوونی ڕۆشـنبیری لـە ئـارادا هەیـە، کـە دەکـرێ هەسـتیان پـێ بکـەین و بیانگوازینـەوە. لێـرەدا چینـی بـایۆلۆجی گشـتییە، کـە لـە هـەموو کردەیـەکی ڕەگەزیانـەدا بەرجەسـتە دەبێـت. ئینجـا کاتێـک یـەکێک لـە میسرییە کۆنەکان پێش سێ هەزار ساڵ بە خۆشەویستەکەی دەڵێت ((**دەخوازم وات لێبکەم تەماشـای جوانییەکـەم لـەناو جلکە باریک و پاکژەکەمدا بکەیت، ئەویش لە کاتێکدا تەڕ بێت، دەچمە ناو ئاوەکەوە و لەگەڵتـدا بـە ماسـییەکی سـوور و جـوان دەردەچـم، کـە لـە نێـوان پەنجەکانمدایـە**))، ئـەوا لـەم حاڵەتـەدا هـیچ پێویسـتیمان بـەوە نییـە زانایـانی بابـەت و توێژینـەوەی میسـری کـۆن شـرۆڤەی ئـەم کۆنـەمان بدەنێ، بە هەمان شـێوەش پێویستمان بـەوە نییـە (سـاد Sade) یـان (فرۆیـد Freud) یـان (جـۆرج باتـای Georges Bataille) بانـگ بکەین، بۆ ئەوەی ئەم مانایانەمان بۆ لێکبدەنـەوە. بە دەرکـەوتنی ئـەم هەمەکییـە سـەرەکییانە لـە هـەموو دەقێکـی پـڕ بـەها، دەبێتـە ڕوونکردنەوەیـەک بـۆ ڕاسـتەقینەیەکی گرنـگ، کـە ئەمەیـە: (ئەوانـەی

هــــۆمیرۆس Homère یــــان دانتــــی Dante یــــان لێرمۆنتــــۆڤ Lermontov یان ئیلوار (Eluard) یان لـه دەقـی وەرگێڕاوەکانـدا خوێندۆتەوە، بەشێکی زۆری دەقە سەرەکییەکە تێگەیشتوون.

گرفتـی زمانـەوانیی تـەواو - وەک دەیبیـنن - دەکـرێ بـە سەرکەوتوویی بە حەوت ڕێگای جۆراوجۆر پراکتیزە بکرێت، لەبەر ئەوەی زمانـەکان هەمـەجۆرن - هـەروەک جاکۆبسـن (Jakobson) ئامـاژەی پێـدەکات، ئـەویش بـە پلەیـەکی کـەمتر و نزمتـر، چونکـە زمانەکە دەتوانێت گوزارشت بکات و هـەموو زمـانێکیش دەتوانێت بە ئاسانی لە هەموو شتێک گوزارشت بکات، بەڵام بە پلەیەکی کـەمتر و نزمتـر لـە تواناکـەی خـۆی (دەتوانرێت پـەرتووکێک وەربگێڕدرێت - لەگەڵ دیاریکردنی دیارییەکی زمانـەوانی بۆ ئـەم کـارە - لـە بـواری سروشـتی نـاوەکی بـۆ سـەر زمـانی (پـۆل peul) یـان بـۆ زمـانی (بابمبـارا Bambare) هـەردوو زمانەکـەش لـە کیشـوەری ئەفـەریقا بەکاردەهێنرێن.

گرفتی ڕاستەقینەش لە وەرگێڕانی ئـەم پەیامـە زۆر تایبەتانـەدا بەرجەستە دەبێت، کە پەیامـەکانی ئـەدەب و شیعرن، دەکرێ پێکهاتـە زمانەوانییەکان ورەبگێڕدرێن، بـەڵام چـۆن دەکرێ پێکهاتـەکانی کێش و شێوازی شیعری وەربگێڕدرێن؟ لێرەدا زمانـەوانی ئێسـتا دەتوانێت سـەرەتای وەڵامدانەوەیەکی ئەرینی پێشکەش بکات، چونکـە پێکهاتـە و بونیادنان هیچ سوودێکیان نییە، مەگەر بەپێی ئەو ئەرکـە نـەبێت، کـە جێبەجێی دەکەن، واتە ئەگەر ئەرکەکەی گونجاو یان نەگونجاو بێت.

مەســـەلەیەکی ئاســـاییە گرفتـــی وەرگێڕانـــی هەڵبەســـتێک لـــە وەرگێڕانـــی بونیـــاد و ڕواڵـــەتی ئـــەو هەڵبەســـتەدا بەرجەســـتە نابێـــت، چونکـــە ئـــەو مانایـــەی دەبـــێ ورەبگێڕدرێـــت، ئەرکـــە شـــیعرییەکەی دەقەکەیـــە، بـــەو مانایـــەی دەبێ ئـــەو شـــوێنەوارانە وەربگێڕدرێت، کـــە دەقەکە دایدەمەزرێنێت، واتە شاعیریەتی دەقەکە دەبێ وەربگێڕدرێت نەک شێوەی دەقەکە وەربگێڕدرێت و وابەستەگییەکانی نێوان شێوە و ئـــەو کاریگەریـــەی بـــەجێی دەهێڵێـــت، دەبێ ڕوون بکرێتـــەوە، نـــەک مەســـەلەی پاشخســـتن و پێشخســـتن یـــان (ســـەراونخوونکردن) یـــان هاوشێوەبوون (بەستنەوەی مانای سەرواکە لە دێرێکدا بە دێرەکەی دوای خـــۆی) و کارکردنـــە شـــیعرییەکان و سیســـتەمی دەریـــای ئەسکەندری(کە تیایدا هـەر دێرێک لـە (١٢) بڕگـە پێکدێت، لـەڕووی جوانناسییەوە مەرج نییە گونجاو یان نەگونجاو بێت).

بۆ وەرگێڕان ئەوەی مەسەلەکان زیاتر بەرەو ئاڵۆزی دەبات، شـــێوە پێوەرییەکانـــە وەک (دێرەکـــانی شـــیعرەکە حـــەوت بڕگـــەن، هـــەروەها هەڵبەســـت و پارچـــە شـــیعرییەکان لـــە چـــوار دێـــر پێکـــدێن و خـــاوەن کـــێش و ســـەروای بەیەکـــداچوون، و ئـــەو هەڵبەســـتانەی کۆتاییـــەکانیان لـــە شـــەش دێـــر پێکهـــاتوون...)، هـــەموو ئەمانـــە ڕەنگدانەوەیەکی ڕۆشنبیریان هەیە و بە بەشێک لـە جوانی هەڵبەسـت دادەنرێـت، بێگومـان لـە کـاتی خوێندنـەوەی جـوانترین شـیعرەکانی (ڤالێری) چێژ لـە (لافۆتین) و (ڕاسـین)یش وەردەگرین، جاری واش هەیە چێژ لە (بۆدلێر) و (مالارمیە) وەردەگرین.

لەوانەیە نەکرێ ئەم مانا ڕۆشنبیرییە یەکانگیرانە وەربگێڕین، یان زۆرجاران هەر ناکرێ وەریان بگێڕین، هەموو ئەمانەش ئەوە ڕوون دەکەنەوە، کە وەرگێڕان پرۆسەیەکی پەنهانئامێز یان ڕەها نییە، بەڵکو پرۆسەیەکی مرۆییە بە هەموو سنوورو کۆشش و سەرکەوتنەکان و بە هەموو مێژوویەکەیەوە (کە بە مێژووی فرەبوونی ئەگەر و تواناکانی وەرگێڕان هەژمار دەکریت).

بەم شێوەیە دەبینین وەرگێڕان سەر بۆ یاسای هەمەکی یان نەبوون دانەوێنێت، بەڵکو توێژینەوەیەکی بەردەوامە دەربارەی نزیکترین یەکسانی بەرانبەر پەیامی پەیوەندی، کە خوازیارین لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دی بیگوازینەوە، لەم بارەیەشەوە وەرگێڕان بە یەکێک لە جوانترین سەرکەوتنەکان هەژمار دەکرێت، بۆ بەدەستهێنانی پەیوەندییەکی دژوار و سەخت لە نێوان مرۆڤەکاندا.

بڕوانە: **جورج مونان(٢٠٠٢)، علم اللغة و الترجمة، المجلس الاعلى للثقافة، القاهرة، ص ٦٧ ـ ٧٤.**